# تیۆرەکانی سیستەمە سیاسییەکان

**د. کەمال مەنوفی**

**ئوستادی زانستە سیاسییەکان**

**لە هەردوو زانکۆی قاهیرەو کوێت**

**وەرگێڕانی**

**ئاوات ئەحمەد**

**٢٠٠٧**

**ناونیشانی ئەسڵی کتێبەکە:**
نظريات النظم السياسية
د. كمال المنوفي
١٩٨٥


- ناوی کتێب : تیۆرەکانی سیستمە سیاسییەکان
- ناوی نووسەر : د. کەمال مەنوفی
- ناوی وەرگێڕ : ئاوات ئەحمەد
- ساڵی چاپ : ٢٠٠٧
- نۆرەی چاپ : یەکەم
- بەرگ: جەبار سابیر
- ژمارەی سپاردن (٨٤٧) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی دراوەتێ .
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- چاپخانەی: یاد


- هەموو مافەکان پارێزراون بۆ وەرگێڕ

# پێشەکی کتێبەکە

هەتا دەوروبەری جەنگی دووهەمی جیهان، سیستمی سیاسی بە هاوواتای سیستمی فەرمانڕەوایی لەقەڵەمدەدرا، کە یاسای بنەڕەتی دەوڵەت روونیدەکردەوە. لێرەشەوە، مۆرکی یاسایی – شێوەیی بەسەر لێکۆڵینەوەی سیستمە سیاسییەکانەوە دیار بوو. بەڵگەی ئەمەش بایەخدانی ئەو لێکۆڵینەوانەیە بە شێوەی دەوڵەتو دەسەڵاتە گشتییەکانی یاسادانانو جێبەجێکردن، لە رووی پێکهاتەو تایبەتمەندێتییانەوە بەوشێوەیەی لە سیستمی دەستوورییدا دیاریکراون. بەڵام، بایەخدانی بە کاریگەرییەکانی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی گشتگیر لەسەر پێکهاتەو رەفتاری دەزگا حکومییەکانو کاریگەریی ئەویش لەسەر کۆمەڵگا لەگۆڕێ نەبوو، ئەمەش وێڕای پشتگوێخستنی رۆڵی پارتەکانو گروپەکانی بەرژەوەندی بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە راوەستاوو چەقبەستوو بوو زیاتر لەوەی جووڵاوو گۆڕاو بێت.

وەلێ لە دوای جەنگی دووهەمی جیهانەوە، زانستی سیاسی وەکو میتۆدو وەکو بابەتیش پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەوەش ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ سیستمی سیاسی گۆڕانی بەسەردا هات. چیتر سیستمی سیاسی بە بونیادی دەستوورییەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو پێکهاتە سیاسییە نارەسمییەکانیش دەگرێتەوە، وەك کۆمەڵە سیاسییەکانو بە بەشێك لە سیستمی کۆمەڵایەتی لەقەڵەمیاندەدات، بە واتای بایەخدان بە کارلێکە ئاڵوگۆڕەکان لە نێوان سیستمی سیاسیو سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا. پاشان چەندین تیوری یان پێڕەوی نوێ شانبەشانی ئەم تێڕوانینە دەرکەوتن، کە بە شێوەیەکی واقیعییانەی جولاّو لێکۆڵینەوە لە سیستمی سیاسی دەکەن، وەك: تیوری گروپ، دەستەبژێر،



پێڕەوی چینی فەرمانڕەوا، تیوری سیستمەکان، شیکردنەوەی بونیادی–وەزیفی، پێڕەوی دروستکردنی بڕیار، تیوری پەیوەندی، پێڕەوەکانی کەلتوری سیاسی، ئەمە جگە لە چەندین داڕشتەی زۆر کە باس لە مەسەلەکانی دیموکراسیو نوێکردنەوەو گەشەپێدانی سیاسی دەکەن•.

ئەوەندەی ئێمە بزانین کتێبخانەی عەرەبی کتێبێکی تێدا نیە باس لەو شەپۆلە تیورانە، بە کۆنو تازەیانەوە، بکات، ئەوانەی دەربارەی لێکۆڵینەوەی سیستمە سیاسییەکانن. بایەخی کتێبەکەی ئێمەش لەوەدایە کە دەخوازین ناتەواوییەك پڕبکاتەوە. کتێبەکە دە نەسکی گرتۆتە خۆی، کە یەك لەدوای یەك باس لە پێڕەوی دەزگایی–یاسایی، شیکردنەوەی گروپ، تیوری دەستەبژێر، تێڕوانینی چینایەتی، تیوری سیستمەکان، تیوری بونیادی – وەزیفی، پێڕەوی دروستکردنی بڕیار، پێڕەوی پەیوەندی، پێڕەوی کەلتوری سیاسی، پاشان نمونەی دیموکراسی هەروەزی دەکەن.

هیوادارم ئەم کتێبە ئامانجی خۆی بپێکێتو ئەوانەی بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن سوودی لێوەربگرن، ئەم کارە هەوڵێکی سەرەتاییەوە پێویستی بە رەنجی زیاتر هەیە بۆ پاکژکردنو لێزیادکردن.

**کەمال مەنوفی**

• لەم کتێبەدا زاراوەکانی تیوریو پێڕەو و شیکردنەوەو دەستبۆبردن وەك هاومانا بەکارهاتوون.

## بەشی یەکەم

# پێڕەوی دەزگایی .. یاسایی

## Legal – Intuitional Approach

## ڕێخۆشکردن

ئەم پێڕەوە یەکێکە لە دێرینترینی ئەو پێڕەوانەی بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسییەکان بەکارهێنراون. بەپێی ئەم پێڕەوە، سیستمی سیاسی بە هاومانای سیستمی فەرمانڕەواییە، یاخود هی سەرجەمی دامودەزگاکانی سیستمی فەرمانڕەوایی‌و شێوازەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات‌و سروشتی دەسەڵاتە. سیستمی سیاسی ئەوەیە کە دەستوری دەوڵەت دەستیشانی دەکات، چ ئەگەر دەستورێکی عورفی بێت یان نوسراو. بەوەش لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەیەکی یاسایی شکڵیدا قەتیس دەبێت‌و بایەخدەدات بە پێناسەکردنی دەوڵەت‌و پایەکانی‌و شکڵەکەی (یەکخراوە یان فیدراڵی)، شێوەی حکومەتەکەی (پادشاییە یان کۆماری)، هەروەها جۆری حکومەتەکان بەپێی سروشتی پەیوەندیی نێوان سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی))، لەگەڵ شێوازەکانی دەسەڵاتوەرگرتن (پشتاوپشت، دامەزراندن، هەڵبژاردن).

ئێستا ئەم پێڕەوە لەبەردەمی شەپۆلە هاوچەرخەکانی ناو کایەی سیاسەتی بەراوردکاردا پاشەکشەی کردووە، ئەوانەی زۆر بایەخنادەن بە لێکۆڵینەوەی دەستورییانەی سیستمی سیاسی، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بایەخی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە دامەزراوە سیاسییەکان. بەڵام هێشتاش لایەنگیری خۆی هەر ماوە، بە تایبەتی لە بەشەکانی یاسای گشتیدا لە لقەکانی کۆلێجی یاسا، کە تائێستاش بە پلەی یەکەم لە دەروازەی دەستورەوە سیستمە سیاسییەکان هەڵدەسەنگێنن. شایانی باسە مۆرکی دەستوری بەسەر بەشێکی زۆری نوسراوەکانی قوتابخانەی فەرەنسیدا زاڵەو لەوێوە لێکۆڵینەوە لە سیستمی سیاسی دەکەن. ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بەهای بڵندی لێکۆڵینەوە یاساییەکان لە زانکۆکانی فەرەنسادا، لەگەڵ ئالودەبوونی زۆری فەرەنسییەکان بە حوکمی



یاساوەو خەریکبوونیان بە شتە روونە دیاریکراوەکانەوە، وێڕای ئەوەی ئەوان یاسا بە مەسەلەیەك دادەنێن کە هەمووان دەگرێتەوە، بە پسپۆڕو ناپسپۆڕەوە، بەو سیفەتەی ئامڕازێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی[١].

[١] F.F. Ridley, The Study of government: Political Science and Public Administration (London: George Aleen and Uawin Ltd. ١٩٧٥). P. ٤٤.

## باسی یەکەم

## دیوەکانی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەیی لە سیستمی سیاسی

ئەم لێکۆڵینەوەیە گەلێك لایەنی هەیە. لەخوارەوە ئاماژە بۆ گرنگترینیان دەکەین[٢]:

یەکەم: ئامانجی دروستکردنی دامەزراوە. بێگومان دامەزراوە سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گشتی یان تایبەتی دروستدەکرێن، لەوانەیە دروستکردنی پەرلەمان بە ئامانجی ئەوە بێت کە نوێنەرانی گەل بتوانن بەشداریی بکەن لە گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی و دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵگا. لەوانەشە بۆ رازیکردنی تاقمێکی دیاریکراو دروستبکرێت، یاخود بۆ ئەوەی سیمایەکی دیموکراسییانە ببەخشێت بە سیستمێکی سیاسی وەها کە لەسەر بنەمای فەرمانڕەواییکردنی تاك دامەزرابێت.

دووهەم: چۆنێتی بەرکارخستنی ئەندامان بۆ دامەزراوە. لەناو دەوڵەتێکی دیاریکراودا، شێوازەکانی بەرکارخستنی ئەندام لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر دەگۆڕێت، بگرە لەناو هەمان دامەزراوەشدا، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. هەرچۆنێك بێت شێوازەکانی وەرگرتنی ئەندام لەم چوار شێوازە تێناپەڕێت: هەڵبژاردنی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، پشتاوپشتو دامەزراندن. لەوانەیە یەك دامەزراوە لە هەمانکاتدا زیاتر لە شێوازێك پێڕەو بکات.

[٢] Allan Larson, Comparative Political Analysis, (Chicago: Nelson Hall, ١٩٨٠), pp. ١٨-٢٠.



سێهەم: پێکهاتەی دامەزراوەکە، واتە ئەو یەکە جیاجیایانەی لێیان پێکهاتووە. دەشێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەرۆکایەتی دەوڵەتو سەرۆکایەتی حکومەتو ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکان بگرێتەوە. لەوانەیە پەرلەمان لە یەك ئەنجومەن یان دووان پێکبێت. هەریەکێکیش لەو دوو ئەنجومەنە لەپاڵ بەشە ئیداریی و تەکنیکییەکانیدا، چەند لیژنەیەکی کاتی و هەمیشەییشی هەبێت.

چوارەم: پەیوەندی دامەزراوەکە بە دامەزراوەکانی ترەوە. ئەم خاڵە مەسەلەی هاوکاریی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن، هەروەها مەسەلەی سەربەخۆیی و بێلایەنی دەسەڵاتی دادوەریی دەگرێتەوە.

پێنجەم: تایبەتمەندێتییەکانی دامەزراوە بەوجۆرەی دەستوری دەوڵەت یان یاسای دامەزرێنەر دیارییان دەکات. بۆ نمونە، لەوانەیە دەستور قودرەتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی بدات بە سەرۆکی دەوڵەت.

شەشەم: قورسایی رێژەیی دامەزراوەکان، لە رووی قەبارەی ئەو دەسەڵاتەی دەدرێت بە دامەزراوەکانەوە دەگۆڕێن. رەنگە لە سیستمێکدا پەرلەمان بەهێز بێتو لە سیستمێکی دیکەدا پەرلەمان لاواز بێت، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهێزبێت، لەوانەشە لە سیستمێکی سێهەمدا سەربازەکان کۆنترۆڵی وڵاتیان کردبێت. لە کایەی سیاسەتی بەراوردکاردا، لێکۆڵینەوەی زۆر دەربارەی دیاردەی کەمی و زۆریی هێزی دامەزراوەکانی ناو سیستمی سیاسی بەئەنجام دەگەیەنرێت، ئەو لێکۆڵینەوانە دەریانخستووە کە هێزی پەرلەمان لەوەدایە سەنتەری میدیای سیاسی بێت، هێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەوەدایە کە ئامڕازەکانی تۆقاندنو سەرکوتکردن بۆ خۆی قۆرخ بکاتو بە لێهاتوویی بتوانێت سامانەکانی

بەردەستی بەکارهێنێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان. هێزی دادگاکانیش لەسەر سومعەی پیاوانی دادو مەودای باڵکێشانی کەش و هەوای شەرعییەتی دەستوری راوەستاوە.

حەوتەم: دابەشکردنی رۆڵ لەناو دامەزراوەکاندا. هەموو دامەزراوەیەك کۆمەڵێك ئەندامی هەیە، هەریەکەیان رۆڵی خۆی هەیە. ئەم رۆڵانە یەکتریی تەواو دەکەن، وەگەڕکەوتنی دامەزراوەکە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو رۆڵانە دامەزراوە. جێگای سەرنجە، بەنیسبەتی کاری دامەزراوەکەوە، هەندێك لە رۆڵەکان بایەخێکی تایبەتییان هەیە، وەك رۆڵی سەرۆك یان جێگری سەرۆك کە بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی بەسەر باقی ئەندامەکانی دیکەدا هەیە.

هەشتەم: گۆڕانکاریی دامەزراوەیی. هەموو دامەزراوەکان دووچاری گۆڕانکاریی دەبن. رەنگە ئەو گۆڕانە مانای پەرەسەندنی دامەزراوەکە بێت، یاخود رووخاندنی، یان ئاوێتەکردنی لە دامەزراوەیەکی دیکەدا، یا دابەشبوونی بۆ دوو دامەزراوە یان زیاتر، یاخود هەر وەك خۆی بمێنێتەوە بەڵام ناوەکەی بگۆڕێت و هەر هەمان وەزیفەی جارانی هەبێت. هەندێك ئەم دیاردەیە ناودەنێن ئەندازەی دامەزراوەیی. هەموو دەوڵەتەکان ئەم گۆڕانکارییانە بەخۆیانەوە دەبینن، گۆڕانکارییەکان بەشی زۆری یان هەندێك یاخود یەکێك لە بەشەکانی حکومەت دەگرنەوە. گۆڕانکاریی ریشەیی و گشتگیر لە سیستمی فەرمانڕەواییدا شتێکی باو نیە، بە تەنها دوابەدوای شۆڕش یان کودێتایەکی سەربازیی یاخود بەزینێکی سەربازیی پشتشکێن ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە روودەدەن[٣]. لەوانەیە گۆڕانکاریی دەزگایی دەرەنجامی پرۆسەی پێگەیشتن یان پەرەسەندنی دامەزراوەکە بێت،

[٣] F. Ridley, op. cit... pp. ٦٢ج٨٣.



هەروەها لەوانەشە وەڵامدانەوەی فاکتەرە ئابوریی یان کۆمەڵایەتی یاخود کەلتورییەکان بێت.

نۆهەم: سنوری کاریگەریی دامەزراوەکان. ئەو رۆڵەی دامەزراوە حکومییەکان دەیگێڕن، رۆڵێکی گەورەو گرنگە. لە کۆمەڵگای نوێدا حکومەت بەهێزترین دامەزراوەیە. کاریگەریی حکومەت درێژ دەبێتەوە بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێت ئەوەش لەپێشچاو بگرین کە پانتایی و پلەی ئەو کاریگەرییە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت.

باسی دووهەم

## شێوازی سامویێل هانتینگتۆن بۆ دامەزراوەی یاسایی

مەبەست لە دامەزراوەی یاسایی بوونی چەند دەزگایەکی کارایە کە بڕێکی بەرچاو بەهاو سەقامگیرییان هەبێت، بەوەش بتوانن شەرعییەت بدەن بە خۆیان. بەڕای زۆرێك لە زانایانی سیاسەت، ئەمە کرۆکی پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەتە، بگرە لە رووی سیاسییەوە، یەکێك لە جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان کۆمەڵگای پێشکەوتوو و کۆمەڵگای دواکەوتوو ئەوەیە یەکەمیان دامەزراوەی جێگیر فەرمانڕەوایی دەکات، لە کاتێکدا تاکەکان فەرمانڕەوایی ئەوەی دووهەمیان دەکەن. هانتینگتۆن بۆ پێوانی ئاستی دامەزراوە چوار پێوەری پێشنیارکردووە[٤] کە ئەمانەن:

یەکەم: سازان Adaptation: واتە توانای دامەزراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان، چ ئەگەر ناوەکی بن یان دەرەکی، سازانیش لە گۆڕانی کەسەکان یان وەزیفەکاندا وێنا دەبێت. دەشێت ئەم توانایە بە بەکارهێنانی ئەم پێوەرانەی خوارەوە پێوانە بکرێت:

١. کاتە تەمەن Chronological age : هەتا تەمەنی دامەزراوە درێژتربێت، نیشانەی ئەوەیە توانای خۆسازاندنی بەرزە. پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوە

[٤] Samuel Huntington, Political Order in changing Societies, (New Haven: Yale University Press, ١٩٦٦) pp. ١٢-٢٣.



راستە، دامەزراوەی تەمەن درێژ لە دامەزراوەی تەمەن کورت توانای سازانی زیاترە.

٢. نەوە تەمەن Generational age: ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرکردایەتی باڵای دامەزراوەکەدا دەکرێن، گوزارشت لە گۆڕانکارییەکی نەوەیی دەکەن؟ واتە ئایا سەرکردایەتی بەشێوەیەکی ئاشتییانە لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر؟ یان گۆڕانکارییەکان لەناو هەمان نەوەدا روودەدەن. ئەو دامەزراوەیەی سەرکردایەتییەکەی بەشێوەیەکی هێمنو بەپێی رێساو رێ‌و شوێنە بڕیارلەسەردراوەکان دەگوێزرێتەوە، توانایەکی بەرزتری سازانی هەیە، لەو دامەزراوەیەی تێیدا گوێزانەوەی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی توندوتیژو خوێناوی دەبێت.

٣. گۆڕینی وەزیفە: ئایا دامەزراوەکە گۆڕانکاریی لە ئەرکە سەرەکییەکانیدا دەکات؟ چونکە ئەو دامەزراوەیەی گۆڕانکاریی لە وەزیفەکانیدا دەکات توانای سازانی زیاترە لەوەی ناتوانێت گۆڕانکاریی بکات.

دووهەم: ئاڵۆزی Complexity: ئاڵۆزی مانای ئەوەیە دامەزراوەکە زیاتر لە وەزیفەیەکی هەبێت، هەروەها ژمارەیەك یەکەی ناوەکی لەخۆگرتبێت، پاشان بڕێکی باشیش تایبەتمەندێتی هەبێت. ئەم ئاڵۆزییە بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوە پێویستە، چونکە ئەگەر دامەزراوە بتوانێت چەند وەزیفەیەکی جیاجیا ئەنجامبدات، ئەوا ئەگەر بارودۆخ ناچاری کرد بۆ ماوەیەك ئەنجامدانی ئەم یان ئەو وەزیفەیە رابگرێت، ئەو هەر دەتوانێت بەردەوام ببێت.

هانتینگتۆن دوو پێوەر بەکاردەهێنێت بۆ پێوانەکردنی پلەی ئاڵۆزیی دامەزراوە:

١. پلەی فرەیی و هەمەچەشنی یەکەکانی دامەزراوە.

٢. پلەی فرەیی و هەمەچەشنی وەزیفەکانی دامەزراوە.

سێهەم: سەربەخۆیی Autonomy : دامەزراوەکە لە کارکردنیدا تا چ رادەیەك سەربەخۆیەو خۆبەخۆ کارەکانی دەکات. سەربەخۆیی بەم رێگایانەی خوارەوە دەپێورێت:

١. بۆدجە: ئایا دامەزراوەکە بۆدجەیەکی سەربەخۆی هەیە؟ ئایا لە بەکارهێنانی بۆدجەکەیدا ئازادە؟

٢. پڕکردنەوەی پۆستەکان: تا چ ئاستێك دامەزراوەکە لە بەرکارخستنی ئەندامەکانیدا سەربەخۆیە.

چوارەم: یەکانگیریی Coherence: واتە ئاستی رەزامەندی یان رێکەوتنی نێوان ئەندامان لە دامەزراوەدا. ئەمەش بەم پێوەرانەی خوارەوە پێوانە دەکرێت:

١. ئەندامان تا چ رادەیەك سەر بە دامەزراوەکەن.

٢. بوونی باڵو بارستە لەناو دامەزراوەکەدا، بە تایبەتی لە ساتەکانی گۆڕینی سەرکردایەتییەکەیدا.

٣. بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی دامەزراوەکەدا، ئایا ناکۆییەکان پەیوەندییان بە پرەنسیپو ئامانجەکانی دامەزراوەکەوە هەیە، یان بە شتی لاوەکییەوە.

باسی سێیەم

## شیکردنەوەی دامەزراوەی یاسایی
## لە نێوان یاران و نەیاراندا

سەرجەمی نەیارەکانی ئەم پێڕەوە سەر بە قوتابخانەی ڕەفتاریین، چەند ڕەخنەیەکیان لێگرتووە، کە گرنگترینیان[٥]:

١. بەکەڵکی لێکۆڵینەوەی سیستمەکانی فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا بەراییەکان نایەت، ئەوانەی دامەزراوەی سیاسی نوێیان تێدا نیە. دامەزراوەی سیاسی نوێ بەرهەمی شارستانێتی خۆراوایە، مرۆڤی خۆراوایی دروستکەری دامەزراوەکانە. مانای ئەمەش ئەوەیە کە شیکردنەوەی یاسایی سیستمەکانی فەرمانڕەوایی تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە دەگونجێت کە گەیشتونەتە ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی سیاسی. بەمەش بەهاو سوودی پێڕەوەکە کەمدەبێتەوە، بە تایبەتی لە ڕووی بەراوردکردنی سیستمەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی گشتاندنەکان.

٢. پێویستە لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەو جدییانەی سیستمی فەرمانڕەوایی ڕووکاری دامەزراوەیی یاسایی ببەزێنێت و هەوڵ بدات بزانێت لە واقیعدا سیستم چۆن پێکدێت و چۆن کاردەکات. دیارە لێکۆڵینەوەی دەستورییانە خۆی لەخۆیدا مۆرکێکی ستاتیکییانە (ڕاوەستاو)ی هەیە، ناتوانێت دیدێکی واقیعییانە یان

[٥] Mary Kweit and Robert Kweit. Concepts and Methods for Political Analysis (New Jersey: Prentice – Hall Inc, ١٩٨١) pp. ١٦ع٤٢: Heinz Eulau, “Political Behavior” in: International Encyclopedia of the Social Science, Vol. ١٩٦٨. pp. ٢٠٣لع٢١٢: and Allan Larson, op. cit, pp. ٢٣لع٢٤.



دینامییانە بۆ سیستمی فەرمانڕەوایی بخاتە ڕوو. پێڕەوێکی پەتی و سنوردارە، سنوردارە بە واتای ئەوەی تەرکیز دەکاتە سەر خاسیەتە یاسایی یان دەستورییەکانی حکومەت، پەتیشە بە مانای ئەوەی وەها مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا دەکات کە شتێکی دابڕاو بێت لە ژینگە یان چوارچێوەی کۆمەڵایەتی. شێوازی دامەزراوەیی وەسفی دامەزراوەکان دەکات بێ ئەوەی تەرزەکانی کارلێککردن لەناو هەر دامەزراوەیەکدا بەجیاو لەگەڵ یەکترییشدا بپۆلێنێت. ئەو گریمانە دەکات کە دەشێت بەراورد لە نێوان دامەزراوەکانی فەرمانڕەواییدا بکرێت، ئەوانەی هەمان ناویان هەیە، گەرچی کارکردی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت.

٣. میتۆدی دامەزراوەیی خۆی لەو ڕاستییە گێلدەکات کە ناشێت لە ڕووی مادییەوە دامەزراوەکان لەو کەسانە جیابنەوە کە کاریان تێدا دەکەن. بۆیە وەها لێکۆڵینەوە لە دامەزراوەکان دەکات کە جیا لە ئەندامەکانیان بوونی سەربەخۆی خۆیانیان هەبێت. ئەمە سادەکردنەوەی واقیعە، چونکە واتە هەر دامەزراوەیەك وەربگرین، دەبینین جگە لە چەند تاکێك کە بەپێی چوارچێوەیەکی دیاریکراو کار دەکەن شتێکی تر نیە. بۆیە کاتێك باسی پەرلەمان وەك دامەزراوەیەك دەکەین، مەبەستمان لەو یاسادانەرانەیە کە ڕاسپێردراون چەند وەزیفەیەکی دیاریکراو بەجێبگەیەنن، دیارە پەرلەمان خاوەنی چەند سیمایەکی بونیادییەو وەزیفەی تایبەت بەخۆی هەیە. بەڵام بایەخ و مانای پەرلەمان لە ڕەفتاری ئەندامە یاسادانەرو سانسۆرەکانییەوە وەردەگرێت. پەیوەندی نێوان دامەزراوەو ڕەفتار پەیوەندییەکی تەواوکارە، جیاکردنەوەیان لە یەکتریی، شێواندنی واقیعە.

وەلێ یارانی میتۆدەکە ئەم قسانە ڕەتدەکەنەوە. لە بۆچوونی ئەواندا پێویستە سیاسەتی بەراوردکارو بگرە زانستی سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی

بایەخبدات بە دەوڵەت لە رووی سروشتو رێکخستنییەوە. پێویستە زانای سیاسەت وەزیفەکەی خۆی تەرخانبکات بۆ پێشنیارکردنی رێگاکانی رێکخستنی دەوڵەت بەشێوەیەك کە سەرەنجام بتوانێت کۆمەڵگای نمونەیی بینابکات. ئەوان دەڵێن زەحمەتە بتوانین دوور لە یاسای دەستوریو ئیداریی لە سیستمی فەرمانڕەوایی تێبگەین، وەك چۆن زەحمەتە دوور لە تێگەیشتنی میراتە مێژووییەکەی دەوڵەت لێی تێبگەین. لە بۆچوونی ئەواندا، وەرگرتنی چالاکی یان رەفتاری سیاسی تاکەکان یان گروپەکان وەك یەکەیەکی شیکردنەوە لەجیاتی دەوڵەت یان حکومەت، مەترسی رەوینەوەی خودێتی زانستی سیاسەتی تێدایەو هیچ بابەتێکی بۆ نامێنێتەوە تا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیای بکاتەوە، چونکە بایەخدان بە چالاکی مرۆیی کۆلکەی هاوبەشی نێوان هەموو لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتییە.

لایەنگیرانی دامەزراوەیی لەوباوەڕەدانین لێکۆڵینەوەی مرۆڤەکان سودمەند بێت. بە بۆچوونی ئەوان، ئەو زانیارییانەی تۆژەر لە پیاوی ئاسایی یان ئیدارییو سیاسەتمەدارە بچووکەکانەوە بەدەستیان دەهێنێت، بۆ زانینی چۆنێتی دانی بڕیارە گرنگەکان لە لایەنی حکومەتەوە، بێسودن. ناشتوانین ئەندێشەی ئەوە بکەین کە سەرکردەکان زانیاری بەهادارو متمانەپێکراومان بۆ دابین بکەن تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین. وێڕای ئەوەی رابورد، لە دیدی لایەنگیرانی پێڕەوی دامەزراوەیی یاساییەوە، دامەزراوەکان لەوە زیاتر نین کە ئامادەکاریی یاسایی بن کە ئامانجیان پێکهێنانی رەفتارە. ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەیی پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لەو ئامادەکارییانەدا هەیە. یاسا حوکمی تاکەکان دەکات، حکومەتیش لە رێگای



چەند دامەزراوەیەکەوە ئەرکەکانی خۆی بەجێدەگەیەنێت کە بە پێی دەستور یان یاسا دروستبوونو کاردەکەن[٦].

ناکۆکیو کێشەی نێوان هەردوو تیمەکە هەرچەندێك بێت، ئێمە پێمانوایە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی دەستورییانەی سیستمی سیاسی هەردوو رەهەندی ستاتیکیو دینامی بگرێتە خۆی. هیچ داناییەك لە پشتگوێخستنی چوارچێوەی دەستوریی سیستمی سیاسیدا نیە. بەڵام پێویستە بەوەندە رانەوەستین، بەڵکو لێی تێبپەڕین بەرەو زانینی واقیعو جوڵەی سیستمەکە، وێڕای ئەوەی ئێمە قەناعەتمان وایە کە لایەنی واقیعی جووڵەیی بە پلەیەکی بەرز دەکەوێتە سەرووی لایەنی یاساییەوە، وەلێ هەردوکیان یەکتریی تەواودەکەن.

٦ Ridley, op. cit. pp. ١٥ـ٢٧.

## بەشی دووەم

# شیکردنەوەی گرووپ

# Group Analysis Approach

## ڕێخۆشکردن

ئەم پێڕەوە وەك كاردانەوەیەكی ڕاستەوخۆ دژی شیكردنەوەی یاسایی دامەزراوەیی بۆ سیستمە سیاسییەكان هاتە ئاراوە. یەكێكیشە لە لایەنەكانی جوڵانەوەیەكی بەهێز كە ئامانجی وەرچەرخاندنی زانستی سیاسەتە لە شیكردنەوەی پێوانەییەوە بۆ شیكردنەوەی مەیدانی.

وێڕای ئەوەی پێڕەوی گروپەكان نوێیە، بەڵام زووتریش ژمارەیەك بیرمەندی سیاسی، دەستیان بردووە بۆ چەند ڕەهەندێكی شیكردنەوەی گروپ. بۆ نمونە بیرمەندی عەرەبی ئیبن خەلدون لە گۆشەنیگای دینامیزمەكانی هاریكاریی دەستەجەمی لەسەر بناغەی بنو بنەچە دروستكراو (واتە پەیوەندی خوێن كە ئەندامانی یەك بنەچە پێكەوە كۆدەكاتەوە) دەركەوتنو هەرەسهێنانی دەوڵەتە ئیسلامییەكانی ڕاڤەكردووە. هەروەها جەیمس مادیسۆن لە توێی ململانێو هاوكاریی نێوان گروپەكانەوە، لێكۆڵینەوەی لەسەر پرۆسەی سیاسی ناو كۆمەڵگای ئەمەریكی كردووە.

ئارسەر بێنتلی یەكەمین كەسە خۆی دابێت لە پێڕەوی گروپ، لە كتێبەكەیدا (پرۆسەی فەرمانڕەوایی) لە ساڵی ١٩٠٨ دا بڵاوكراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ شدا، دەیڤید ترومان كتێبی (پرۆسەی حكومی) بڵاوكردەوەو ئەویش هەمان پێڕەوی گرتە بەر. ئیتر لەوكاتەوە چەندین زیادەی گرنگ خراوەتە سەر شیكردنەوەی گروپ، ئەویش لە لایەنی ئیریل لاتام (١٩٥٢)، چارلس هاگن (١٩٥٨)، گابریل



ئەلمۆند (١٩٥٨،١٩٦٦)، مانكور ئۆلسۆن (١٩٦٥)، لا پالومپارا (١٩٦١،١٩٦٤)، میرون وینەر (١٩٦٢)، فرێد ریگز (١٩٦٣)، جان بلۆندەل (١٩٦٩)، هاری ئەگشتین (١٩٦٣)، ئۆران یۆنگ (١٩٦٨).

لێكۆڵینەوەكانی گروپ، تەركیز دەكەنە سەر كۆمەڵەی تاكەكان، ئەوانەی لە نێوان خۆیاندا بەرەو چەند ئەنجامێكی سیاسی هاوبەش كارلێكدەكەن. واتە بایەخدانی بنەڕەتی بە گروپە نەك تاك مادام گریمانەی ئەوە دەكرێت كە گروپ لە تاك زیاتر كاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی هەیە. بۆیە گروپ بە یەكەی شیكردنەوە دادەنێن[٧].

[٧] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit. ٩٤.

باسی یەکەم

## وتەزاکانی پێڕەوی گروپ

یەکەم: سیستمی سیاسی تۆڕێکی ئاڵۆزی گروپەکانەو بەردەوام لە نێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن. کارلێکیش بریتیە لە فشارو دژە فشار، کە حاڵەتی سیستمی سیاسی لە کاتێکی دیاریکراودا دیاریدەکاتو بڕیاردەدات کێ فەرمانڕەوایی دەکات. گۆڕانکارییەکانی ناوسیستمی سیاسی لەسەر گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی گروپەکاندا راوەستاوە[8].

دووهەم: گروپ کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەو رەفتاری ئەندامەکانی هەیە. لێکۆڵینەوەکانی بواری گەشەپێدانی سیاسی دەریانخستووە کە گروپە چاوگییەکان Reference Groups کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئەندامەکانیان هەیە، وەك گروپەکانی: خێزان، گروپی برادەران، قوتابخانە، حیزب...هتد. ئەم گروپانە چەندین چەمكو بۆچوون لە مێشکی مرۆدا دەچێنن، هەندێك لەو چەمكو بۆچوونانە سیاسیینو هەندێکیشیان کۆمەڵایەتین بەڵام ئاماژەی سیاسییان تێدایە. پلەی کاریگەریی پەروەردەییانەی گروپ لەسەر رادەی پێوەستی تاك پێیەوە راوەستاوە. هەتا پێوەستی تاك بە گروپەوە پتەوتربێت، کاریگەریی گروپ لەسەری زیاترە. هەروەها ئەگەر گروپەکە

[8] Oran Young, Systems of Political Science, (New Jersey: Prentice – Hall, Inc. ١٩٦٨), p ٨٢.



پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە پرۆسەی سیاسییەوە هەبێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەی سیاسییانەی ئەندامەکانی زیاتر دەبێت[9].

سێهەم: گروپەکان کاریگەرییان لەسەر سیستمی سیاسی هەیە. لەم بارەیەشەوە، تۆژەران بایەخیانداوە بە رۆڵی سیاسییانەی گروپەکانی بەرژەوەندی Interest groups ئەو گروپانەی هەوڵدەدەن کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی گشتی هەبێتو ناشیانەوێت هیچ بەرپرسیارێتییەکی راستەوخۆیان لە فەرمانڕەواییکردندا هەبێت. کارایی و کاریگەریی گروپ لەسەر چەند فاکتەرێك راوەستاوە، لەوانە خاسییەتە خودییەکانی گروپ لە رووی قەبارەی ئەندامێتی و رادەی یەکانگیریی ئەندامەکانی و قەبارەی داهاتە داراییەکانی، هەروەها ئەو چوارچێوە سیاسییە باوەی تێیدا هەڵدەسوڕێت، لەگەڵ سروشتی ئەو مەسەلە گشتییانەی دەوروژێنرێن...هتد[10].

گروپەکانی بەرژەوەندی لە مومارەسەکردنی چالاکییەکانیاندا چەند تەکنیکێك بەکاردەهێنن، وەك دانوساندنی نهێنیو پروپاگەندەو پشتیوانی هەڵبژاردنو دروستکردنی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ حیزبەکانو توندوتیژیو ...هتد. لێکۆڵینەوەکان بایەخیانداوە بە سودی ئەم شێوازانەو گەیشتونەتە ئەوەی کە کاریگەرترینیان بریتیە لە دروستکردنی پەیوەندی تایبەتو بەتین لەگەڵ دەستەبژێرەکانی ناو وەزارەتەکانو پەرلەمانو بەڕێوەبردندا[11].

[9] Alan Isaac, Scope and Methods of Political Science, (Homewood, III: Dorsey Press, ١٩٧٥), p. ٢١١.

[10] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit. p. ٩٧.

[11] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit. p. ٩٨.

ویڕای ئـەوەی گروپـەکان گوزارشـت لـە بەرژەوەنـدی دەکـەن، بەشـێوەیەکی گـشتییش، یارمەتیـدەری زیـادبوونی بەشـداریی و کـارایی تاکەکانیـشن و بەشدارییدەکەن لە بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسییدا.

باسی دووهەم

## پێڕەوی گروپ و شیکردنەوەی بەراوردکار

شیکردنەوەکانەی تۆژەرانی سەر بە تیوری گروپ لایەنگیرییەکی تەواویان بۆ کەلتوری خۆراوایی خستۆتە روو، چونکە تەرکیزیان کردوەتە سەر گروپەکانی بەرژەوەندی، بە تایبەتی گروپە فەرمییەکانی وەك سەندیکای کرێکاران و رێکخراوەکانی پیاوانی کارگوزارو کەنیسەو بیرۆکراسی ناو کۆمەڵگای ئەمەریکی و دەوڵەتەکانی ئەوروپای خۆراوا. ئەم گروپانە شەرعی و رێکخراون، هۆکاریان لەبەردەستدایە بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا چەند زانایەك لێکۆڵینەوەیان لەسەر گروپەکانی بەرژەوەندی ناو چەند وڵاتێکی جیهانی سێهەم کردووە، وەك مێرۆن وینەر (هیندستان)، لیۆنارد بایندەر (ئێران) بەڵام ئەوانیش هەر پێوەستبوون بە هەمان چوارچێوەی شیکردنەوەوە کە بایەخدەدات بە گروپە فەرمییەکان و گروپە نافەرمییەکان پشتگوێ دەخات، لە نمونە گروپی خزمایەتی و ئەتنی و هەرێمی و دەستەو تاقمەکان. گەرچی لە کۆمەڵگا ناخۆراواییەکاندا ئەم گروپانە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، کەچی زانایانی سیاسەت شیکردنەوەی قووڵ و جدییان بۆ نەکردوون، ئەویش لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە[12]:

---

[12] James Bill and Robert Hardgrave, Comparative Politics; The Quest for theory, (Columbus: Charles E. Merrill Publishing Comp. ١٩٧٣) p. ١٢٩.



١. دەستیشانکردنی شوێن و بگرە تەنانەت تێبینیکردنی ئەو گروپانە زۆر زەحمەتە. ئەوانە رێکخستێکی فەرمی و ئاشکرایان نیە، شێوازی راشکاوانەیان نیە بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکانیان.

٢. گەرچی زانایانی سیاسەت حەزیان لە پێوانەو شیکردنەوەی چەندێتییە، بەڵام هێشتا بەتەواوی ئارەزووی ئەوە ناکەن دەست ببەن بۆ کایەیەك کە نزیکبوونەوە لێی زەحمەتەو لە رووی زانستیشەوە زەحمەتە بتوانرێت پێوانەکاریی وردی تێدا بکرێت.

هەرچۆنێك بێت، بەدەستهێنانی گشتاندن دەربارەی سیستمە سیاسییە جیاجیاکان بێ لێکۆڵینەوەیەکی جدییانەی گروپە نارەسمییەکان، شتێکی نیمچە مەحاڵە. چونکە بەبێ دەسبردن بۆ ئەم چەشنە گروپانە، قسەکردن دەربارەی ناوچەکانی دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا گشتگیرو سودمەند نابێت. ئەوەش پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە هەیە:

– پەیوەندی نێوان گروپە فەرمییەکان و گروپە نافەرمییەکان چیە؟ ئەم پەیوەندییانە چۆن کاردەکەنە سەر سیستمی سیاسی؟

– بناغەی پێکهاتنی ئەم گروپە نافەرمییانە چیە؟ پەیوەندی خزمایەتییە یان لێکنزیکی جوگرافی، یاخود پابەندبوونی ئایدیۆلۆجی، یا لێکچوونی رەوشی چینایەتی، یاخود هاوڕێیەتی خوێندن؟ یان هەموو ئەم فاکتەرانەیە بەسەریەکەوە؟

– توانای ئەم گروپە نافەرمییانە بۆ بەردەوامبوون چەندە؟ کاریگەریی ئەو توانایە لەسەر سیستمی سیاسی چیە؟

– ئایا بوونی ئەو جۆرە گروپانە یاریدەدەری پرۆسەکانی گەشەپێدان و نوێکردنەوەیە؟ یاخود قۆرتە لەبەردەمیدا؟

باسی سێیەم

## پێڕەوی گروپ‌و تیوری کاڵا دەستەجەمییەکان

لەم ساڵانەی دواییدا، زانستی کۆمەڵایەتی بایەخێکی تایبەتی داوە بە بیرۆکەی کاڵا یان بەرژەوەندییە دەستەجەمییەکان، لایەنگیرانی ئەم پێڕەوە بانگە دەکەن پێڕەوەکەیان بۆ هەموو کۆمەڵگایەک‌و هەموو سەردەمێك دەبێت. کورتەی ئەم بیرۆکەیە بە سادەیی بریتیە لەوەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێك سودی گشتی هەیە کە هەموو ئەندامانی گروپ لێی سودمەندن (وەك داکۆکی بۆ نمونە). گومان لەوەدا نیە کە لە کایەی سیاسەتی بەراوردکاردا، تیوری کاڵا دەستەجەمییەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە. کتێبەکەی مانکەر ئۆلسون بە ناونیشانی (لۆجیکی کاری دەستەجەمی: بەرژەوەندییە گشتییەکان‌و تیوری گروپەکان – ١٩٦٨) دیارترین کارە لەمبارەیەوە. ئۆلسون رەخنەی لە هەندێك لایەنی شێوازی کۆنینەی شیکردنەوەی گروپەکان گرت، ئەو وتەیەی رەتکردەوە کە دەڵێت ئەندامانی هەر گروپێك بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەیەو پێیانوایە گروپ باشترین ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییە. ئەو لە گریمانەی ئەقڵانیبوونی تاکەوە دەستیپێکرد، پێیوابوو تاك لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا کاردەکات، گەیشتیشە ئەوەی تاکەکانی ناو گروپە گەورەکان ناتوانن لە پێناوی بەرژەوەندی گروپدا کاربکەن. بە بۆچوونی ئەو تێکۆشانی ئەندامی گروپ



لە پێناوی بەرژەوەندی گروپدا شتێکی گێلانەیە[١٣]، ئۆلسون "چەند حاڵەتێکی ئاوارتە کردووە کە دەشێت تێیاندا بەرژەوەندی گشتی بێتە دی":

أ. گروپە بچووکەکان لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیاندا، توانایان زیاترە، ئەویش لەبەر سێ هۆ:

– لەگەڵ بچووکی گروپدا، پشکی ڕێژەیی هەر تاکێك لەو بەرژەوەندییە زیاتر دەبێت کە دەیانەوێت بەدییبهێنن.

– لە گروپی بچوکدا، تاکەکان زیاتر زیاتر درك بەوە دەکەن کە چاکەی گشتی ئەوانیش دەگرێتەوە.

– لە گروپی بچوکدا، هەموو ئەندامێك ئەندامەکانی تر دەناسێت‌و ئاگادار دەبێت لەو کارانەی ئەندامان لەپێناوی بەرژەوەندی هاوبەشدا دەیکەن، ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت لە پێناوی هەمان ئامانجدا کاربکات.

ب. ئەگەر گروپی گەورە بتوانێت ئەندامەکانی ناچار بکات کاری هەرەوەزیی پێکەوەیی بکەن، ئەوا رەنگە لە بەدیهێنانی سودی گشتیدا سەرکەوتوو ببێت.

زیادکردنەکەی ئۆلسون گەرچی کێبڕکێی لێکۆڵینەوەی سوننەتییانەی گروپەکان دەکات. هەندێك لە زانایانی سیاسەت کردوویانە بە پاساوێك بۆ هێرشکردنە سەر بەکارهێنانی میتۆدی گروپ لە شیکردنەوەی سیستمە سیاسییەکاندا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك تا ئێستا ئەم میتۆدە متمانەی تەواوەتی خۆی نەدۆڕاندووە[١٤].

---

[١٣] Mancur Olsen, The Logic of collective Action, Public goods and the Theory of groups (New York: Schocken, ١٩٦٨) p. ٢.

[١٤] Norman Frohlick et al, Political Leadership and Collective goods, (New Jersey: Princeton University Press, ١٩٧١). ٢٣.

یەکەم: سۆن تیورەکی بۆ هەموو تەرزەکانی گروپەکان پێشکەشنەکردووە، بەڵکو بۆ کەرتێکی دیاریکراو پێشکەشیکردووە (گروپە گەورەکان). بەڵام میتۆدی گروپ بە گروپە گەورەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بواریش بۆ شیکردنەوەی گروپە بچوکەکان یان نافەرمییەکان دەهێڵێتەوە، کە لە زۆر وڵاتی جیهاندا بە یەکێك لە پێگەکانی دروستکردنی بڕیار دادەنرێت.

دووهەم: زیادکردنەکەی سۆن بە یەکێك لە رووەکانی شیکردنەوەی گروپ دادەنرێت، چونکە رۆشنایی دەخاتە سەر شێوازی کارلێکی تاکەکان لەناو گروپداو گروپیش بە یەکەی بنەڕەتی شیکردنەوە دادەنێت.

سێهەم: شتێکی لۆجیکییە بوترێت کە ئەگەر ئەندامی گروپ پێشینی ئەوە بکات ئەوانیتریش وەك ئەو بەشدارییدەکەن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیدا، ئەوا ئەویش دەیکات. بۆ ئەندامی تاك باشتر وایە لە پێناوی سودمەندبوونی دەستەجەمیدا، هاوکاریی ئەوانیتر بکات، نەك بڕیاربدات هاوکاری نەکات. بۆ ئەوەی تاك لە پێناوی بەرژەوەندی ئەو گروپەدا کاربکات کە پەیوەندی پێوە کردووە، پێویستە چەند میکانیزمێك هەبێت بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان خواستەکانی ئەو و خواستەکانی ئەوانیتردا، سەرکردەی سیاسییش گرنگترینی ئەو میکانیزمانەیە.

باسی چوارەم

## جۆرەکانی گرووپ

لەناو ئەدەبیاتی گروپدا چەندین هەوڵ هەیە بۆ پۆلاندنی گروپەکان، دەیڤید ترومان چوار جۆر گروپی دیاریکردووە[١٥]:

- **گروپی دەستەیی** Categorical group: ئەندامانی ئەم گروپە لە سیفەتێکی دیاریکراودا هاوبەشن، جا چ خاسیەتێکی دیمۆگرافی بێت یان سروشتی، وەك ئەوەی باس لە گروپێك بکەین کە خاوەن پلەوپایە ئابوری – کۆمەڵایەتییە بەرزەکان، یان رەنگاوڕەنگەکان یان رەشپێستەکانی ناو کۆمەڵگایەك بگرێتە خۆی.
- **گروپی کارلێکی** Interaction group: ئەندامانی ئەم گروپە گەرچی لە سیفەتێکی دیاریکراویشدا هاوبەشن‌و ئەو سیفەتە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ کۆبوونەوەو پێکەوەبوون، بەڵام رێکخستنێکی فەرمی دانپێدانراویان نیە.
- **گروپی دامەزراوەیی** Institutional group: ئەم گروپە رێکخستێکی دانپێدانراوی فەرمی هەیە، وەك خێزان، پەرلەمان، رێکخراوی هەرێمی‌و نێودەوڵەتی.
- **گروپی پەنهان**• Potentional group: لەم گروپەدا، دەشێت چەند تاکێك بە حوکمی سیفەتە هاوبەشەکانی نێوانیان، لە ساتێك لە ساتەکاندا کارلێکبکەن‌و خۆیان رێکبخەن‌و دەربکەون، وەك گروپی بەکاربەران (مستهلكين).

---

[١٥] David Truman, the governmental Process, Political Interests and Public Opinion (New York: Kopf, ١٩٧١) pp. ٢٣الج٣٥.

• مەنوفی پێشنیاری زاراوەی (محتمل)ی کردووە لە بەرامبەری potentioal دا، کە پێشنیارێکی هەڵە نیە، بەڵام لەوێداو بە حوکمی سروشتی ئەو جۆرە گروپە، کە بە شاراوەیی بوونی هەیە، واتە بەشێوەیەکی ماتریاڵی گروپ نیە، وەلێ لەبەرئەوەی خاوەنی سیفەتێك یان زیاتری



بەپێی پێوەری رێکخستنی فەرمی، نێوان گروپە فەرمییەکانی بەرژەوەندی، ئەوانەی رێکخستنێکی دانپیانراویان هەیە وەك سەندیکاکان، جیادەکرێنەوە لە گروپگەلێکی دیکەی بەرژەوەندی کە خاوەنی ئەمجۆرە رێکخستنە فەرمیە نین وەك چەتەکانی ئەڵمانیا. دەتوانرێت بەپێی پلەی رێکخستن، قسە لەسەر گروپی رێکخراو (سەندیکاو کۆمەڵەکان)، لەگەڵ گروپی نیمچە رێکخراو (پیاوانی ئایین)، پاشان گروپی ناڕێکخراو (خۆپیشاندانەکان) بکرێت.

هەروەها بەپێی پێوەری هەمیشەیی‌و کاتی، دەتوانین گروپەکانی بەرژەوەندی کاتی، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی مەبەستێکی دیاریکراو دروستدەبن‌و دواتر هەڵدەوەشێنەوە، جیابکەینەوە لە گروپی بەرژەوەندی هەمیشەیی، ئەوانەی بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەك یان مەسەلەیەکی بەردەوام پێکدەهێنرێن.

پاشان بەپێی جۆری بەرژەوەندییەکە، دەتوانین گروپە ئابورییەکان، وەك سەندیکا کرێکارییەکان‌و ژوورەکانی بازرگانی‌و پیشەسازی، جیابکەینەوە لە گروپە پیشەییەکان، وەك یەکێتییەکانی پزیشکان‌و ئەندازیاران‌و رۆژنامەنوسان‌و پارێزەران‌و گروپە خێرخوازەکان، ئەوانەی بایەخدەدەن بە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌و گوزەرانییەکان وەك یارمەتی هەژاران‌و یارمەتیدان لە کاتی نەخۆشی یان مردندا[١٦].

---

هاوبەشن، ئەوانە گروپن، بەڵام گروپێکی پەنهان، لەکاتی رەخسانی هەلومەرجی پێویستدا، دەکەونە روو. بۆیە رەنگە بۆ تێکستە عەرەبییەکەش وا باشتربوایە کە بنوسرایە (جماعات كامنة).

[١٦] Michael Curtis, Comparative government and Politics, (New York: Harper and Row Publishers, ١٩٦٨) pp. ١٢٥الج١٢٦

وەلێ باوترین پۆلێنکردن بۆ گروپەکانی بەرژەوەندی، ئەوەیە کە گابریل ئەلمۆند خستویەتیە روو، ئەلمۆند چوار جۆر گروپی دەستنیشانکردووە[17]:

١. گروپەکانی بەرژەوەندی هاوکارێتی Associational interest groups: ئەم گروپانە بۆ ئەوە دروستدەبن کە داکۆکی لە بەرژەوەندی ئەندامەکانیان بکەن، وەك سەندیکای کرێکاران، یەکێتی وەرزێرەکان، کۆمەڵە پیشەییەکان، ژوورەکانی بازرگانی و پشەسازی.

٢. گروپە بەرژوەندی دامەزراوەیی Institutional interest groups: ئەم گروپانە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی یاخود کارکردنە سەر سیاسەتی گشتی لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەندامەکانیاندا دانامەزرێن، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە سیاسەتی گشتی دابنێن و جێبەجێی بکەن. نمونەشیان سوپاو بیرۆکراسی مەدەنیە. واقیعی کرداری شایەتی ئەوەیە کە ئەو گروپانە بەرەو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ملدەنێن. هەندێجار سوپا وەك گروپێکی بەرژەوەندی کاردەکات و هەوڵدەدات کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتی هەبێت و هەڕەشەی ئاشکرا یان پەنهان ئاڕاستەی سیستمی فەرمانڕەوایی بکات.

٣. گروپەکانی بەرژەوەندی ناهاوکارێتی Non-Associational interest groups: بریتین لە کۆمەڵێك تاك کە خاسیەتێك یان زیاتر پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، وەك ئینتیمای جوگرافی یان چینایەتی یا ئاینی یان رەچەڵەکی یاخود زمانی...هتد. لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقیادا، ئەم جۆرە گروپانە باون، لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشدا هەن: کەنەدییەکان و فەرەنسییەکان، زنجییە ئەمەریکییەکان.

[17] Gabriel Almond and Bingham Powell, Comparative Politics, A Developmental Approach, (Boston: Little Brown and Co. ١٩٦٦) pp. ٧٤ـ٧٩.



٤. گروپەکانی بەرژەوەندی هەڕەمەکی Anomic interest groups: ئەمانە گروپی ناڕێکوپێکن، رەنگە داواکارییەکانیشیان ناکۆك بن. ئەم گروپانە لەپڕێکداو لەکاتی سەرهەڵدانی گرفتێکدا یان کاتێك تاکەکان تووشی ناکامبوونێکی زۆر دەبن، دەردەکەون و زۆرجاریش هانا دەبەنە بەر توندوتیژی. نمونەی ئەم گروپانە خۆپیشاندانەکان و کاروباری گێرەشێوێنی و مانگرتنن.

باسی پێنجەم

## هەڵسەنگاندنی میتۆدی گروپ

**ڕەنگە گرنگترین لایەنی بەهێزی میتۆدی گروپ ئەوە بێت کە پەردە لەسەر ئەو هێـزە کردەییانـە لادەدات کـە سیـستمی سیاسـی دەبـزوێنن. لـە سیـستمە ناخۆراواییەکاندا کە دامەزراوە یاساییەکان (واتە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی بە دەستوریـشەوە) کاریگـەرییان سـنوردارە، شـیکردنەوەی گـروپ بەشـێوەیەکی تایبـەتی سەرنجڕاکێشە، چونکە یارمـەتی تـوێژەر دەدات دەسـت بخاتـە سـەر ئـەو گروپانـەی کۆنترۆڵی پرۆسـەی دروستکردنی بڕیـار دەکـەن. ئەم میتۆدە بەکـەڵکی ئـەوە دێت بەسـەر هـەموو سیستمە سیاسییەکاندا پیادەبکرێت، لەبەر هۆیـەکی سادە: هیچ سیستمێکی سیاسی لەئارادا نیە گروپی تێدا نەبێت. زۆربەی زانایانی سیاسـەت ئـەم میتۆدەیـان بۆ شیکردنەوەی سیستمە خۆراواییەکان بەکارهێناوە، بـەڵام ئەمـە بـە ڕەخنەیـەك دژی میتۆدەکـە لەقەڵـەم نادرێـت، بـەڵکو ڕەخنەیـە دژی ئەوانەی ئاواهی بەکاریانهێناوە.**

**لـە لایـەکی تریـشەوە، میتـۆدی گـروپ دەسـت دەبـات بـۆ کرۆکـی پرۆسـەی سیاسـی، دینامیزمـەکانی دروسـتکردنی بڕیـارو چـۆنێتی دابەشـکردنی کـاڵاو خزمەتگوزارییەکان، دەخاتە بەر پرسیار. لەسەر مەسەلەکانی ململانێ‌و هاوکاری رادەوەسـتێت‌و چـەندین پرسـیاری جۆراوجـۆر بەرزدەکاتـەوە، وەك: تـەرزە جیاجیاکانی گروپەکان کامانەن، چۆن پەیوەندی بە سیستمی سیاسیەوە دەگرن؟ شێوەکانی کارلێکی نێوان گروپەکان‌و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی چین؟ کامانـەن شـێوەکانی ململانـێ‌و هاوکـاری بـاو لـەناو هـەر گروپێکـدا بـەجیاو لـە نێـوان**



**گروپەکانیـشدا؟ تـا چ مەودایـەك قـەبارەو ڕێکخـستنی گـروپ بەسـتراوە بـە توانـای بەدیهێنانی ئامانجەکانیەوە؟**

**ئـەم میتـۆدە چـەند ناتەواوییەکیـشی تێدایـە، مەترسـیدارترینیان ئەوەیـە کـە نـەیتوانیوە گـشتاندن یـان دەرەنجامـە گـشتییەکان بەدەسـتبهێنێت. بەشـێوەیەکی گشتی، هـەتا ئێستا لایـەنگیرەکانی نەیانتوانیوە لە قۆناغی داڕشتنی چوارچێوە تیورەکـانو پۆلێنکردنـەکان تێبپـەڕن‌و لـە پانتاییـە کەلتورییـە جیاجیاکانـدا گریمانەکانی خۆیان دەستنیشان بکـەن. بۆیـە دەبێت بەلامانـەوە سـەیر نـەبێت کـە دەبیـنین گـاری ئەکشتین دەڵێـت پێـڕەوی گـروپ "هـیچ گۆڕاوێـك نابەسـتێتەوە بـە گۆڕاوێکی ترەوە، هیچ پەیوەندییـەکی شـیاو لـە نێـوان گۆڕاوەکانـدا نادۆزێتـەوەو هیچ شتێك ڕاڤە ناکات"[١٨].**

[١٨] Mary Kweit and Robert Kweit. op. cit, p. ٩٩, James Bill and Robert Hardgrave, op, cit. pp. ١٣٧الج١٣٨; and Oran Young, op. cit, pp. ٨٧الج٩١.

## بەشی سێیەم

# تیۆری دەستەبژێر

# Elite theory

## ڕێخۆشکردن

تیوری دەستەبژێر لە لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا زۆر باوە، چونکە شیکردنەوەی بەراوردکارانە بۆ دەستەبژێرەکان بەپێی کات و شوێن یەکێکە لە سەرقاڵییەکانی لێکۆڵەرانی بواری سیاسەتی بەراوردکار. شیکردنەوەی دەستەبژێریی کێبڕکێ (تەحەدا)ی میتۆدی یاسایی دەکات، چونکە تەرکیز دەکاتە سەر ژمارەیەکی تا رادەیەك کەم لە دروستکەرانی بڕیار نەك دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی. هەروەها کێبڕکێی میتۆدی گروپیش دەکات لەو رووەوە کە دەستڕۆیی و کاریگەریی یەك گروپ دەخاتە روو (واتە ئەو گروپەی بڕیارەکان دروست دەکات). لایەنگیرانی ئەم میتۆدە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەڵتەرناتیڤی شیکردنەوەی چینایەتییە، چونکە توێژێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێتەوەو تایبەتی دەکات بە لێکۆڵینەوەو بە کرۆکی سەرکردایەتی سیاسی دادەنێت.

وتەزای بنەڕەتی لە شیکردنەوەی دەستەبژێردا ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگایە دابەش دەبێت بۆ دوو توێژ: فەرمانڕەواکان و فەرمانڕەواییکراوەکان. فەرمانڕەواکان کەمینەیەکن دەستیانگرتووە بەسەر هێزی سیاسیداو ئەو بڕیارە گرنگانە دەدەن کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵگا هەیە. ئەمانە گروپێکی یەکانگیرو هوشیارن، کۆنترۆڵ لەدەستی ئەواندایە، ئیتر چ بەهۆی ئینتیمای خێزانییەوە بێت یان کۆنترۆڵکردنی مادەکانی بەرهەمهێنان یاخود بەرجەستەکردنی بەها ئاینی یان کۆمەڵایەتییە باوەکان یا بەرزی ئاستی خوێندنیان یان شارەزایی و کارامەییان ...هتد. ئەگەر تۆژەر رۆشنایی بخاتە سەر ئەو گروپە، دەتوانێت باشتر لە تەرزەکانی کارلێکی سیاسی ناو کۆمەڵگا تێبگات. فەرمانڕەواییکراوەکانیش، ئەوانە ئەو زۆرینەیەن کە بەشداریی ناکەن و



کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار نیەو تەنها گوێڕایەڵی و ملکەچییان لەسەرە[١٩].

لایەنگیرانی ئەم میتۆدە، بە گونجاوترین میتۆدی دادەنێن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی بەراوردکار. چونکە هەر سیستمێکی سیاسی بگریت، بەتاڵ نیە لە دەستەبژێرێکی سیاسی، بەوەش دەشێت لە توێی لێکۆڵینەوەی پێکهاتەو چالاکی دەستەبژێرەکانەوە، بەراورد بکەین لە نێوان سیستمە سیاسییەکاندا.

---

[١٩] Geraint Barry, Political Elites, (London: George Allen and Unwin Ltd. ١٩٧١) pp. ٣٠ـ٣١

باسی یەکەم

## بنچینەو ئاڕاستەکانی شیکردنەوەی دەستەبژێری

رەگوڕیشەی لێکۆڵینەوەی دەستەبژێر دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ، وەلێ هەتا سەردەمی نوێ میتۆدی دەستەبژێریی بەتەواویی خۆی نەگرت و کامڵ نەبوو، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارو ماندووبوونی چەند بیرمەندو نوسەرێکی بوارەکە.

سان سیمۆن یەکەمین کەسە کە هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی دەستەبژێری داڕشتووە، ئەو کۆمەڵگای وەك هەرەمێك دەبینی کە لە لوتکەکەیدا دەستەبژێری سیاسی هەیە. لەبەرئەوەی دەستەبژێر واقیعێکی حاشاهەڵنەگرەو لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، بۆیە سان سیمۆن پێیوابوو کە ئەنجامدانی چاکسازیی لە سیستمی فەرمانڕەواییدا تەنها بە گۆڕینی دەستەبژێرەکەی دەبێت. بەبۆچوونی ئەو، پێویستە ئەرکی فەرمانڕەواییکردن بسپێردرێت بە زانایان و هونەرمەندان و گەورەپیاوانی پیشەسازی. ئەو لەوبڕوایەدا بوو کە پێویستە دەستەبژێری سیاسی بەپێی لێهاتوویی بێت نەك ئینتیمای خێزانی. هیبۆلتیش لە گۆشەنیگای دەستەبژێرەوە کە ناوی چینی فەرمانڕەوا یان چینی نایابی لێناوە "کە لە پادشاو خانەدانان و کاهینەکان پێکهاتووە". حاڵەتی سیستمی سیاسی فەرەنسی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ شیکردۆتەوە. لای ئەو لە بنەڕەتدا کردەوەی ئەوانە بەرپرسە لە روودانی شۆڕش. لۆدڤیگ جیمبلۆکسیش دەڵێت دەوڵەت کۆنترۆڵی کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا. ئەو کەمینەیە وەك دەستەبژێرێکی سیاسی



وەهایە کە پشت بە فاکتەرێکی بایۆلۆجی دەبەستێت، لەچاو تاکەکانی کۆمەڵگادا، خاوەنی ژیرییەکی زیاترە[٢٠].

ئەو هزرانەی ئەو سێ نوسەرە خستویانەتە روو، بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر نوسینی نوسەرە نێودارەکانی بواری شیکردنەوەی دەستەبژێر هەبووە: مۆسکا، باریتۆ، رۆبێرت میشیلز، بیرنهام وایت میلزو هی تریش. ئەوانە کۆکن لەسەر ئەوەی دەستەبژێر فەرمانڕەوای هەموو کۆمەڵگایەکە. بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە ناکۆکن کە دەستەبژێر لەسەری راوەستاوە. لەم بارەیەشەوە دەتوانین ئەم ئاڕاستانەی خوارەوە جیابکەینەوە:

یەکەم: ئاڕاستەی رێکخستن

کرۆکی ئەم ئاڕاستەیە دەڵێت باڵادەستی دەستەبژێر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی رێکخستنێکی تۆکمە، مۆسکاو میشیلز دەرکەوتووترین بانگەشەکەری ئەم ئاڕاستەیەن.

مۆسکا[٢١] لە کتێبی (چینی فەرمانڕەوا)دا دەڵێت لە هەموو سیستمێکی سیاسیدا (پادشایەتی، ئۆلیگارکی، دیموکراسی) دوو چین هەیە: دەستەبژێر یان چینی فەرمانڕەوە، ئەم چینە ژمارەی کەمەو دەسەڵاتی قۆرخکردووەو هەموو وەزیفە سیاسییەکان رادەپەڕێنێت، لەگەڵ چینێکی فەرمانڕەواییکراو کە ژمارەی زۆرەو هۆیەکانی ژیانی مادی بۆ چینی یەکەم دابین دەکات و هەموو ئەو شتانە بۆ

[٢٠] James Bill and Robert Hardgrave, op. cit. pp. ١٤٥-١٤٦.

[٢١] G. Mosca, The Ruling class, (New York: Mcgarw Hill, ١٩٣٩) ch. ١١. p. ٥٠.

کۆمەڵگا فەراهەم دەکات کە پێویستن بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی. بەردەوامی سیستمی سیاسی لەسەر توانای چینی فەرمانڕەوا بۆ نوێکردنەوەی هێمنانەی خۆی راوەستاوە بەوەی وردە وردە ئەندامە بەهرەمەندەکانی ناو کۆمەڵگا بباتە ناو خۆیەوە.

ئەم رەوشە لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە ئەندامانی دەستەبژێر خاوەنی شتێکن کە کۆمەڵگا بەلایەوە بەنرخە: سامان، پلەوپایەی ئاینی....هتد، بەڵام فەزڵی هێزو باڵادەستی دەستەبژێر بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانستانەی هەیەتی بۆ خۆڕێکخستن، واتە توانای یەکانگیریی لە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگادا. مۆسکا پێیوایە بچکۆلەیی قەبارەی دەستەبژێرو بوونی هۆیەکانی پەیوەندی لەبەردەستیدا، ئەم توانستەی بەرزەی رێکخستنی بۆ دابین دەکەن. لەبەرئەوەشە کە دەتوانێت سیاسەتەکان دابنێت و بەخێرایی بڕیارەکان بدات، بەپەلە وەڵامی بارودۆخە گوڕاوەکان بداتەوەو سازانی تەواو لە نێوان کردەکانی و تەکانیدا هەبێت. بەڵام زۆرینە، رێکنەخراوە، ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان دەگرێتە خۆی کە ئامانجێکی هاوبەش یان سیستمێکی پەیوەندی یاخود سیاسەتی وەهایان نیە کە لەسەری رێکەوتبن.

بەڵام مۆسکا وێڕای باوەڕی بەوەی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەستەبژێرێکی فەرمانڕەوا هەیە، بەڵام دانی بەوەشدا ناوە کە چەند کێشەیەکی جەوهەریی لە نێوانی سیستمە سیاسییەکاندا هەیە، هۆی ئەو کێشانەشی گەڕاندۆتەوە بۆ دوو فاکتەر: چۆنێتی وەگەڕخستنی دەسەڵات و شێوەکانی بەرکارخستنی ئەندام بۆ



چینی فەرمانڕەوا. دوو پرەنسیپیشی بۆ وەگەڕخستنی دەسەڵات و پەیداکردنی ئەندامانی دەستەبژێر دیاریکردووە[٢٢].

سەبارەت بە وەگەڕخستنی دەسەڵات، ئەوە یان بەپێی پرەنسیپی ئۆتۆکراسی دەبێت (لەسەرەوە بەرەو خوارەوە)، واتە خودی فەرمانڕەوا بەرپرسەکان دیاریدەکات. یاخود بەپێی پرەنسیپی لیبراڵی (لەخوارەوە بۆ سەرەوە)، لەمەیاندا لە رێگای هەڵبژاردنەوە فەرمانڕەوا دیاریدەکرێت. بەڵام هەردوو پرەنسیپی ئۆتۆکراسی و لیبراڵی دوو پرەنسیپی نمونەیین، چونکە لە واقیعی کردارییدا سیستمێکی ئۆتۆکراسی یان لیبراڵی پەتی دەستناکەوێت، بەڵکو سیستمەکان یان مەیلەو ئۆتۆکراسیین یاخود مەیلەو لیبراڵیین.

بەنیسبەت بەرکارخستنی ئەندامانەوە، مۆسکا دوو ئاڕاستەی دیاریکردووە: یەکەم ئەریستۆکراسی کە تێیدا (ئەندامانی دەستەبژێری نوێ لە نەوەی دەستەبژێری کۆن دەبن). ئاڕاستەی دووهەمیشیان دیموکراسیە، کە تێیدا (لەناو چینی فەرمانڕەواییکراوەوە ئەندامی نوێ بۆ فەرمانڕەواییکردن هەڵدەبژێردرێت).

مۆسکا دەڵێت زێدەڕۆییکردن بە هەردوو ئاڕاستەکەدا مەترسیدارە، چونکە ئەگەر زێدەڕۆیی لە ئەریستۆکراسیدا کرا، ئەوا چینی فەرمانڕەوا ئاگای لە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا نامێنێت. هەروەها زێدەڕۆییکردن لە دیموکراسیشدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی تارمایی شۆڕش، چونکە مادام هەمیشە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دەچێت، ئەوا لەئارادابوونی چینێکی فەرمانڕەوای یەکانگیر مەحاڵ دەبێت.

٢٢ Ibid, pp. ٣٨ـ٤٠.

لەبەرئەوە مۆسکا هەردوو پرەنسیپەکە پێکەوە کۆدەکاتەوەو لە ئەنجامدا چوار جۆری دیاریکراو لە سیستمی فەرمانڕەواییمان پێشکەشدەکات:

١.سیستمی ئۆتۆکراسی – ئەریستۆکراسی: زۆرجار تەرزی ئەریستۆکراسی ڕێگایەکی ئەریستۆکراسییانە دەگرێتە بەر بۆ پەیداکردنی سیاسەتمەدارەکانی. بۆ نمونە لە سیستمی پادشایەتیدا، پادشا لەناو خانەدانەکاندا بەرپرسەکان دیاریدەکات.

٢.سیستمی ئۆتۆکراسی – دیموکراسی: لە هەندێك لە سیستمە ئۆتۆکراسییەکاندا، فەرمانڕەوا بەپێی پێوەری لێهاتوویی بەرپرسەکان دیاریدەکات بێ ئەوەی گوێبداتە ئەسڵو فەسڵی کۆمەڵایەتی یان دەوڵەمەندیو هەژاری.

٣. سیستمی لیبراڵی – ئەریستۆکراسی: لەم سیستمەدا هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام تەنها لەناو نەوەکانی چینی ئەریستۆکراسیدا.

٤.سیستمی لیبراڵی – دیموکراسی: ئەمەیان سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی نوێیە کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ تاکەکانی هەموو چینەکان تا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە پلەکانی دەسەڵات بەدەستبهێنن. بەڵام لای مۆسکا ئەم سیستمە، گەرچی دەرگای بۆ هەموو چینەکان ئاوەڵاکردووە تا بگەن بە دەسەڵات، بەڵام ناتوانێت زامنی ئەوە بکات کە هەمیشە هەڵبژاردنەکان خاوێن بن، زۆرجار دەستەبژێری سیاسی گزیو ساختەکاریی دەکاتو بەو کارەش ئەو دەستەبژێرە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی هەرچییەك بێت، دەگۆڕێت بۆ چینێکی فەرمانڕەوای پشتاوپشت.



بەمجۆرە ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە بۆچوونی مۆسکادا، پێویستە ئاڕاستەی گشتی سیستمە سیاسییەکان بەرەو تەرزی ئۆتۆکراسی – ئەریستۆکراسی، یان لیبراڵی – ئەریستۆکراسی بێت.

ڕۆبێرت میشێلیش[٢٢] لە کتێبی "پارتە سیاسییەکان"دا کە لە ساڵی ١٩١١ دا بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، دەڵێت یاسای ئاسنینی "ئۆلیگارکی" جڵەوی هەموو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت، واتە هەموویان ملکەچن بۆ دەستەبژێرێك کە هێزی خۆی لە لێوەشاوەیی ئەندامەکانی لەبواری ڕێکخستنەوە وەردەگرێت، بۆ میشێل تاقیکردنەوەی دروستی ئەم گریمانەیە، سەرەتا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە کرد کە لە یەکەمین تێڕوانیندا وادێنە پێشچاو یاسا ئاسنینی ئۆلیگارکی بەسەریاندا پیادە نابێت. ئەو ڕێکخراوانەش بریتین لە پارتە سوسیالیستە ئەوروپاییەکانی پێش جەنگی یەکەمی جیهان، بەتایبەتی پارتی سوسیالیستی ئەڵمانی. دوای کۆکردنەوەو تاوتوێکردنی زانیارییەکان، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- هەموو ڕێکخراوێك، گەورە بێت یان بچووك، پێویستی بە سەرکردایەتی هەیە، بۆ ئەوەی کاربکاتو بوونی خۆی بپارێزێت. ڕێکخراو بەشێوەیەکی سروشتی هێزو تایبەتمەندێتی دەبەخشێت بە سەرکردەکانی، بەشێوەیەك کە چیتر شوێنکەوتووانیان ناتوانن چاودێرییان بکەن یان لێیان بپرسنەوە، چونکە بەهۆی زانیارییەکانیانەوە لە بواری کێشانی سیاسەتی ئیداریو تەکنیکی پارتەکەدا، سەرکردایەتی لە دەستی سەرکردە سیاسیو ئیدارییەکانیدا قەتیس دەبێت، واتە بەهۆی ئەزمونیانەوە لە ئاڕاستەکردنی چالاکییە جیاجیاکانی پارتەکەدا، وەك

[٢٢] Robert Michels, Political Parties, (Glencoe: Free Press, ١٩١٥), pp. ٢٨٨ج٢٨٩ and Geraint Barry, op. cit, pp. ٤٢ج٤٥.

کێشکردنی لایەنگیران و بەدەستهێنانی پیتاک و دیاریکردنی هێڵێکی سیاسی جێگیر بۆ پارتەکە.

• هەمان ئەنجامی پێشوو بۆ هەموو پارتە سوسیالیستییەکان دروستە. لەناو هەریەکێکیاندا دەستەبژێرێکی پرۆلیتاری هەیە کە تەنها لە رەسەنیاندا لەگەڵ پرۆلیتاریادا کۆکن، ئیتر لە هەموو شتێکی تردا لەوان جیاوازن. ئەم دەستەبژێرە لەبری کاری ماسولکەیی، کاری نوسینگەیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لەبری کرێ مووچەی هەیە، مۆرکی ژیانی بۆرجوازییانەی لەخۆی داوە، کاری حیزبی کردووە بە پیشەیەك کە داهاتی زیاتری بۆ دابین دەکات و پایەی کۆمەڵایەتیشی بەرزدەکاتەوە.

• یاسای ئاسنینی ئۆلیگارکی یاسایەکی گشتییە و تەنها بەسەر پارتەکاندا پیادە نابێت و بەس، بەڵکو باقی رێکخراوەکانی تر بە دەوڵەتیشەوە دەگرێتەوە، بۆیە لە گۆشەنیگای ئەوەوە دیموکراسی بە مانای فەرمانڕەوایی گەل یان زۆرینەی تاکەکانی گەل، شتێکی مەحاڵە. زۆرینە ناتوانێت فەرمانڕەوایی بکات، وێڕای ئەوەی کە دەشڵێن مافی دەنگدان مافێکی گشتییە، چونکە هەر سیستمێکی دیموکراسی وەربگریت دەبینیت بڕیارە گرنگەکان لە لایەنی ئۆلیگارکییەك یان کەمینەیەکی بەهێزەوە دەدرێن. وەلێ میشێل نکولی لە راستی ئەوە ناکات کە دیموکراسی بواردەدات بە ئەگەری کاریگەریی ناڕاستەوخۆ لەسەر پارتەکان. پێیوایە کە دیموکراسی کەمێك دەستی ئۆلیگارکی دەبەستێت، بەڵام ناتوانێت بەتەواویی خۆی لێ قوتار بکات.

دووهەم: ئاڕاستەی سایکۆلۆجی

باریتۆ لە کتێبی (ئەقڵ و کۆمەڵگا) دا گوزارشتی لەم ئاڕاستەیە کردووە. بە بۆچوونی ئەو دەستەبژێر لەو کەسانە پێکدێت کە لە هەموو بوارەکانی چالاکی



مرۆییدا دەرکەوتوون، تێگەیشتنی باریتۆ لە دەستەبژێر لە هی مۆسکا بەرینترو گشتگیرترە. باریتۆ بە پێچەوانەی مۆسکاوە دەڵێت دەستەبژێر بەرهەمی لێهاتوویی رێکخراوەییەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك سیفەتی مرۆیی یان فاکتەری دەروونی دیاریکراوە[٢٤].

باریتۆ دەستەبژێر "بەواتای ئەوانەی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا پۆستە سەرکردایەتییەکانیان بەدەستەوەیە" جیادەکاتەوە لە نا-دەستەبژێر. دەستەبژێریش دەکات بە دوو بەشەوە:

• دەستەبژێری فەرمانڕەوە کە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی فەرمانڕەواییدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

• دەستەبژێری نا- فەرمانڕەوا کە کەسە بڵندەکانی ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە کاری سیاسییەوە نییە، واتە ئەوانەی کە چالاکییەکانیان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پرۆسەی سیاسی نییە، وەك پاڵەوانەکانی وەرزش یان هونەر.

بەڵام دواتر باریتۆ دەسبەرداری ئەم دابەشکردنە بوو، چونکە لەگەڵ واقیعی کرداریدا نایەتەوە. لەبەرئەوەی تیوری کێبڕکێی تەواو گریمانەی ئەوەی تیایە کە ئەوانەی لە بواری کارەکانیاندا خاوەنی توانستی بەرزن، تەنها ئەوان بگەنە لوتکە. بەڵام ئەزمون پیشانیداوین کە جاری وا هەیە کۆمەڵێك رەچاوکاریی وەك سامان و خێزان و ژن و ژنخوازیی، بوار بۆ هەندێك تاك دەڕەخسێنن بگەنە پلە سەرکردایەتییەکان، گەرچی خاوەنی توانستەکانیان مامناوەندیش بن.

[٢٤] بۆ خستنەڕوو و گوێزانەوەی هزرەکانی باریتۆ پشت بەستراوە بە: Geraint Barry, op. cit, pp. ٩٤ج٤٥

بۆیە لەجیاتی ئەو دابەشکردنە، هات دەستەبژێر (فەرمانڕەواو غەیری فەرمانڕەوا)ی جیاکردەوە لە نا-دەستەبژێر. پێشتر کارل مارکس مێژووی مرۆڤایەتی لە دیدی ململانێی چینایەتییەوە شیکردۆتەوە، بەڵام باریتۆ لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی نێوان دەستەبژێر و نا-دەستەبژێردا شیکردۆتەوە، هەروەها باسی لە پێکهاتەی دەروونییانەی خودی دەستەبژێریش کردووە.

باریتۆ بۆ لێکدانەوەی باڵادەستی دەستەبژێرو خولی دەستەبژێرەکان (دەرکەوتنی دەستەبژێرێکی نوێو دیارنەمانی دەستەبژێرێکی کۆن) چەمکی جێکەوتەکان (رواسب)ی بەکارهێنا کە پەرچکردنەوەی مەیلە نەژادییەکانی مرۆڤن، ئەو جێکەوتانەشی کرد بە جۆرەوە:

– ئەو جێکەوتانەی مەیلی بەرەو تێڕامانو بیرکردنەوە پەردەکەنەوە.
– ئەو جێکەوتانەی مەیلی مانەوەو ریزبەندی پەرچدەکەنەوە.

ڕەنگە جێکەوتەی یەکەم لای هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا هەبێت، ئەوانە ئەهلی زیرەکیو فرتو فێڵن، لەکاتێکدا جۆرەکەی تریان لای هەندێك تاکی دیکە هەن، ئەوانە ئەهلی هێزو ریبەندین. سیاسەت پێویستی بە هەردوو جۆرە جێکەوتەکە هەیە، بەشێکی مەسەلەی قایلکردنەو بەشێکیشی مەسەلەی هێزە. لە هەر سەردەمێکدا سیستمی فەرمانڕەوایی لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە ئایا دەستەبژێری فەرمانڕەوا ئەو تاکانەی گرتۆتە خۆ کە جێکەوتەی یەکەمیان تێدا هەیە، یان هی دووهەم. لە حاڵەتی یەکەمدا دەستەبژێر لە ڕێگای قایلکردنو ڕاکێشانەوە فەرمانڕەوایی دەکات، ئایدیۆلۆجیاو بیرو بۆچوون دادەهێنێت بۆ کێشکردنی جەماوەر بەرەو خۆی، جۆرەها سیاسەت دەگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانو وەڵامدانەوەی داواکارییەکان. بەڵام لە ڕێگای دووهەمدا، دەستەبژێر لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە فەرمانڕەوایی دەکات،



ئۆپۆزیسیۆنو ناڕەزایی سەرکوتدەکاتو فەرمانڕەواییکراوەکان دەتۆقێنێتو پاراستنی سستمی لای ئەو دەبێت بە ئامانجی سەرەکی فەرمانڕەوایی.

باریتۆ لە پۆلێنکردنی سیستمە سیاسییەکاندا باس لەوە دەکات کە هەموو سیستمەکان سیستمی ئۆلیگارکیین، دابەشیشیان دەکات بۆ دوو تەرزی نمونەیی:

– ئەو سیستمانەی دەستەبژێرە فەرمانڕەواکانی تاکانێکن جێماوەکانیان لە چەشنی یەکەمە.
– ئەو سیستمانەی دەستەبژێرە فەرمانڕەواکانی تاکانێکن جێماوەکانیان لە چەشنی دووهەمە.

باریتۆ ئاماژەشیکردووە بۆ ئەگەری بوونی سیستمی تێکەڵ کە بەرەو هەریەکە لەو دوو چەشنە نمونەییە ملدەنێن. سیستمی تێکەڵ دەستەبژێرێك کۆنترۆڵی کردووە کە لە ریزەکانیدا خەڵکانی زیرەكو بەهێزی هەیە، شێرو ڕێوی پێکەوە کۆکردۆتەوە.

شیکردنەوەکەی باریتۆ چەندین ڕەخنەی لێگیراوە. ئەو لە شیکردنەوەکەیدا تەرکیزی کردووەتە سەر ڕووەکانی لێکچوونی سیستمە سیاسییەکانو لایەنەکانی جیاوازیی پشتگوێخستووە. باوەڕبوون بە هێزو تینی نەگۆڕە مرۆییەکان وایلێکردووە کە دیموکراسی ئەسیناو دیموکراسییە ئەوروپاییە نوێیەکان لە هەمان خانەدا دابنێت، گوایە هەردووکیان لە یەك خاسییەتی بنەڕەتیدا هاوبەشن، ئەویش بریتیە لە فەرمانڕەوایی ئەو دەستەبژێرانەی خاوەنی بەهرەکانی بیرکردنەوەو داهێنانن. بەوەش ئەو جیاوازییانەی پشتگوێخستووە کە لە نێوان دیموکراسی ئەسینایی و دیموکراسی نوێدا هەیە لە ڕووی پلەی

دامەزراوەیی سیاسیو جوغزی وەزیفە سیاسییەکانو بیرۆکراسیو بونیادی ئابوری.

له لایەکی تریشەوە، بانگەشەکەی باریتۆ بۆ هاوشێوەبوون لەسەر بنەمایەکی لاواز دامەزراوە، مانای جێماوە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیو لە چوارچێوەیەکی هزرییەوە بۆ چوارچێوەیەکی دی دەگۆڕێت. وتەی ئەوەی کە سەرکرایەتی ئەسیناو سەرکردایەتی کۆمەڵگا نوێیەکان، زرنگیو لێزانی پیشاندەدەن، سودێکی ئەوتۆی نیە بۆ زانینی ئەو سیاسەتانەی هەرێکییان پێڕەوی کردووە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە مێژوویيو سۆسیۆلۆجیو ئەنترۆپۆلۆجییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە دەریانخستووە کە گۆڕانی رەوشە کۆمەڵایەتییەکانو بارودۆخە ژینگەییەکان کاریگەریی خۆی هەیە لە گۆڕینی وەڵامدانەوەکانی مرۆڤدا. لە پاڵ ئەوەشدا کە وترا، جێکەوتەکان خۆیان هیچ شیکردنەوەیەکی تۆکمەیان بۆ نەکراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە سوودیان هەیە بۆ ناسینەوەی چەند تەرزێکی سیاسی دیاریکراو، بەڵام پشتبەستن پێیان بۆ لێکدانەوەی رەفتاری سیاسی تا رادەیەکی زۆر لێکدانەوەیەکی ساختەو تەژم دەبێت. ئایا جەختکردنی دەستەبژێر لەسەر ماناکانی دیسپلینو سیستم لە کاتی قەیراندا بەڵگەیە بۆ ئەوەی هێزی هەیە یان زرنگی هەیە بۆ داهێنانی شێوازێك تا بەهێمنی جەماوەر قایل بکات؟

سێهەم: ئاڕاستەی ئابوری

بیرنهام لە کتێبی "شۆڕشی ئیداری" دا کە لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاوکرایەوە، نمونەیەك دەخاتە روو کە ئاوێتەی هەردوو تیوری دەستەبژێرو تیوری



مارکسیزمە[٢٥]. ئەویش وەك مۆسکاو میشێلو باریتۆ دەڵێت سیاسەت ململانێی نێوان گروپەکانە لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵاتدا، هەموو کۆمەڵگاکان گروپێکی بچووکیان هەیە کە باڵیانکێشاوە بە سەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، هەروەها گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دەستەبژێردا (بەمانای گۆڕینی دەستەبژێرێکی کۆن بە دەستەبژێرێکی نوێ) سەرچاوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە.

لە لایەکی تریشەوە، لە مارکسیزمیشەوە وتەزای کۆنترۆڵکردنی هۆیە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان سەرچاوەی هێزی دەستەبژێرە، دەخوازێتەوە. دەستەبژێر بەهۆی ئەم کۆنترۆڵەوە دەتوانێت رێگە لەوانیتر بگرێت کە ببن بە خاوەنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، لەپاڵ ئەوەشدا خۆیان مامەڵەیەکی پەسەندتریان پێدەبڕێت لە دابەشکردنی بەرهەمدا، چ ئەگەر بەرهەمەکە شێوەی دراو یان کاڵای هەبێت. لەبەرئەوەی مۆرکی کەڵەکەبوونی هێز، دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانو ئەویش دەبێتە هێزێکی سیاسیو دەستڕۆییيەکی کۆمەڵایەتیو سامان. یاساکانی دەوڵەتیش زامنی پاراستنی پەیوەندییەکانی موڵکایەتی دەکەن، ئەوانەی ئێستا باون، ئەمەش مانای ئەوەیە پارێزگاریی لە کۆنترۆڵی خاوەنەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەکات. لە سایەی سیستمی سەرمایەدارێتیدا، دەوڵەت چوارچێوەیەکی یاسایی دادەنێت کە زامنی سەرکەوتنی ئابوری ئازاد بکات. وەلێ هەژموونکردن بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بە تەنها لەسەر داڕشتە یاساییەکان راناوەستێت، بەڵکو لەسەر سروشتی سیستمی یاسایی راوەستاوە. سەرکەوتن یان نوشوستیهێنانی دەستەبژێر لە پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا پابەندی مەودای قۆرخکردنی

[٢٥] James Burnham, the Managerial Revolution (London: Putnam, ١٩٤٢), pp. لج٥٦
٥٧.

هۆیەکانی بەرهەمهێنانە. ئەگەر دەستەبژێرێکی دیکە توانی کۆنترۆڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بکات، یان هونەرێکی نوێی بەرهەمهێنان پێشبخات، هێزی دەستەبژێری کۆن تەفروتونا دەبێت.

بیرنهام لە لێکدانەوەی قەیرانی سیستمی سەرمایەداریدا بۆ ئەوە دەچێت کە خاوەنەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، واتە سەرمایەدارەکان، دەستیانکردووە بە دوورکەوتنەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی خۆیان سنوردار دەکەن بۆ دابینکردنی دارایی و چالاکی بەرهەمهێنان دەخەنە ئەستۆی خەڵکە ئیداری و هونەرییەکان. پاشان پرۆسەی بەرهەمهێنان گوێزرایەوە بۆ دەستی دەستەبژێرێکی شارەزا کە وای لێهاتووە خۆی کۆنترۆڵی دەستگەیشتن بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکات. ئەم کۆنترۆڵکردنە دەگۆڕێت بۆ کۆنترۆڵی تەواوەتی و لەگەڵیشیدا مامەڵەیەکی پەسەندکراویان دەکرێت. بەمجۆرەش چینی سەرمایەداری بزردەبێت نەك بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی خاڵی لە چین جێگەی بگرێتەوە، بەڵکو دەستەبژێرێکی ئیداری تەکنۆکرات کە کۆنترۆڵی ئابوری و سیاسی بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە.

چوارەم: ئاڕاستەی دامەزراوەیی

ئەم ئاڕاستەیە بەستراوە بە سی رایت میلزی زانای سۆسیۆلۆجیای ئەمەریکی نەژادەوە کە لەگەڵ بیرنهامدا کۆکە لەسەر تێگەیشتنی پێکهاتەی دەستەبژێر لەبەر رۆشنایی بونیادی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا، نەك لەبەر رۆشنایی شارەزایی رێکخستن یان خاسییەتە دەروونییەکانی تاکەکاندا. لەکاتێکدا بیرنهام باوەڕی وابوو کە هێز لە کۆنترۆڵکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێناندایە، میلز پێوایە بەستراوە بە کۆمەڵێك دامەزراوەوە کە دامەزراوەی سەربازیی و کۆمپانیا گەورەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەناو کۆمەڵگای ئەمەریکیدا. بەوەش



دەستەبژێر لەوانە پێکدێت کە لەناو دامەزراوە ستراتیژییەکاندا، پۆستە سەرۆکایەتییەکانیان هەیە.

یەکانگیریی دەستەبژێر تا رادەیەکی زۆر پشتدەبەستێت بە مەودای بەتینی پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکان. نزیکیی نێوان سەرکردەی دامەزراوەکان پێویستە بۆ بوونی دەستەبژێر لەسەر ئاستی نەتەوەیی. ئەم لێکنزیکبوونەوەیە کاتێك دەگاتە ترۆپك کە ئاڵوگۆڕ لە پایەی سەرۆکی دامەزراوە بە هەژمونەکاندا روودەدات. لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا، سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیا گەورەکان لە نێوان ئەوانەدان کە پۆستە گرنگەکانیان هەیە. میلز پێیوایە کە هەتا پلەی لێکنزیکبوونەوەی دامەزراوەیی و ئاڵوگۆڕی رۆڵەکان زیادبکات، دەستەبژێر یەکگرتووترەو پێچەوانەکەشی دروستە.

میلز تێبینی بوونی دەستەبژێرێکی بەهێزی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا کردووە کە سەرکردە سیاسی و سەربازیی و سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکان دەگرێتەوە، ئەو دەستەبژێرە کۆنترۆڵی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکات. بوونی ئەم دەستەبژێرە بەڵگەیە بۆ ساختەیی بانگەشەی هەندێك لە زانایانی سیاسەتی ئەمەریکی لەمەڕ بوونی چەندین دەستەبژێر کە لە نێوان خۆیاندا کێبڕکێ دەکەن لە پێناوی بردنەوەی لایەنگیریی گەل و بەوەش پارێزگاریی لە بەها دیموکراسییەکان دەکەن[٢٦].

[٢٦] C. Wright Mills, The Power Elites (London: Oxford University Press, ١٩٥٩), pp. ٤٨٩, ٢٨٨.

ئـەم ئاڕاسـتانەی پێـشوو، وێـڕای ئـەو جیاوازییانـەی لـە نێوانیانـدا هەیـە دەربارەی سەرچاوەی هێزی دەستەبژێر، بەڵام لەسەر ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە کۆکن:

- لـە هەرکۆمەڵگایـەك یـان رێکخراوێکـدا، هێـزی سیاسـیش وەك بـاقی کاڵاکۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەشدەکرێت.
- خـەڵك دابەشـدەبن بـۆ تـەنها دوو گـروپ: ئەوانـەی هێـزی سیاسـییان هەیـە، ئەوانەش هیچ هێزێکی سیاسییان نیە.
- دەستەبژێر، هارمۆنییە، یەکگرتووەو هوشیارە، ئەندامەکانی بە باشی یەکتریی دەناسن و پێکەوە خاوەنی یەك کۆمەڵە بەهاو بەرژەوەندیو دڵبەندی (ولاء) ن.
- دەستەبژێر خاسیەتی پاراستنی خودی خۆی تێدا هەیە.

باسی دووهەم

## رەهەندەکانی شیکردنەوەی دەستەبژێریی

لە ساڵی ١٩٣٥ دا، هارۆڵد لاسویل کتێبی سیاسەتی جیهانیو نەبوونی ئاسایشی تایبەتی بڵاوکردەوەو لە یەکێك لە لاپەڕەکانی سەرەتایدا ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی کە دەستەبژێر بریتییە لەو کەمینەیەی کە زۆرترین بڕی بەهای پێدەبڕێت، باقی تاکەکانی تر هەموویان پێکەوە بنکە پێکدەهێنن. لاسویل باسی ئەوەی کردووە کە لێکۆڵینەوەی سیاسی پێویستی بە شیکردنەوەی دەستەبژێرەکانی وڵاتان هەیە لە گۆشەکانی رەسەنی کۆمەڵایەتیو سیفەتە شەخسییەکانو شارەزاییە تایبەتییەکانو ئاڕاستەکانو ئامرازەکانی پاراستنی بوونی خۆیان (قایلکردنو تۆقاندن).

لاسویل ژمارەیەکی زۆر چەمكو هزری نوسەرە کلاسیکییەکانی هێناوەتە ناو زانستی سیاسەتەوە. لەوکاتەوەی لێکۆڵینەوەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئیتر زانستی کۆمەڵناسی دەستیکردووە بە بایەخدان بە رۆڵی دەستەبژێر لە کۆمەڵگادا، لەمڕووەشەوە چەندین زیادەکاریی بە قەڵەمی بۆتۆمۆر (دەستەبژێرو کۆمەڵگا)، ولیەم کۆرنهاوزەر (سیاسەتی کۆمەڵگای جەماوەری)، جیریانت باری (دەستەبژێرە سیاسییەکان) کەوتنە روو. هاوکات چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر کۆمەڵگای ئەمەریکایی ئەنجامدراون بۆ تاقیکردنەوەی دروستی ئەو گریمانانەی لە ئەدەبی دەستەبژێرییدا هاتوون، گرنگترینیان کارەکانی رایت میلزو هینتەر فلۆید داڵن. هەروەها هەندێك لە تۆژەران لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەستەبژێرانی ناو کۆمەڵگاکانی دیکەش کردووە: فریدریك فرای (تورکیا) مارڤین



زۆنیس (ئێران)، ولیام کۆنت (جەزائیر)، کارل بێك (دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرهەڵات).

بەپێی ئەم کارە تیوریو مەیدانییانە، دەتوانین بڵێین کە لێکۆڵینەوەی دەستەبژێر لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یان زیاتردا، پێویستی بە دەسبردن بۆ ئەم مەسەلانەی خوارەوە هەیە:

یەکەم: شێوازەکانی ناسینەوەی دەستەبژێر. لەمبارەیەوە، سێ شێواز لە ئارادان[٢٧]:

١. شێوازی پۆستەکان: لێرەدا پۆستە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەوانەی لەو پۆستانەدان بە دەستەبژێر لەقەڵەمدەدرێن، ناتەواویی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە مەرج نیە ئەندامێتی دەستەبژێر بە زەرورەت بریتی بێت لە وەرگرتنی پۆستە رەسمییە باڵاکان.

٢. شێوازی دروستکردنی بڕیار: پێیوایە تۆژەر دەتوانێت لەتوێی شیکردنەوەی پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیاری کۆمەڵێك مەسەلەی سەرەکییەوە، ئەندامانی دەستەبژێر دیاریبکات. ناتەواویی ئەم شێوازە لەوەدایە کە رەنگە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە لایەنی رەسمییەوە لەگەڵ پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا لە لایەنی کردارییەوە وێك نەیەنەوە.

وەك بڵێیت تەکنیکی پۆستەکانو تەکنیکی دروستکردنی بڕیار، زۆر بە کەڵکی لێکۆڵینەوەی دەستەبژێرانی وڵاتە ناخۆراواییەکان نایەن، کە تێیاندا دەستڕۆیشتوان لەپشتی پەردەوە کاردەکەنو گرنگترینی بڕیارەکان لەچوارچێوەیەکی ناڕەسمیدا دەدەن.

---

[٢٧] Bill and R. Hardrave, op. cit, pp. ١٦٥ـ١٦٧.

٣. شێوازی نێوداریی: ئەمە باوترین میتۆدی بەکارهێنراوە لە لێکۆڵینەوەکانی دەستەبژێردا، تۆژەر چەند کەسێك لە وانەی لە کۆمەڵگادا زۆر دەرکەوتوون و قسەیان لەسەر دەکرێت، وەردەگرێت و داوایان لێدەکات باسی ئەوانەی بۆ بکەن کە لەو کۆمەڵگایەدا دەستیان دەڕوات و بەوەش دەستەبژێر دیارییدەکات. ناتەواویی ئەم شێوازە لەوەدایە کە ڕەنگە ئەو کەسە دەرکەوتووانە لایەنگیریی تەرەفێك بکەن، هەروەها ئەگەر راوبۆچوونەکانیشیان ناتەبا بوون، بە زەحمەت پێکەوە دەسازێنرێن.

لەوانەش تۆژەر بە کۆکردنەوەی ئەم شێوازانە بەیەکەوە، بتوانێت بەشێوەیەکی دروستتر دەستەبژێری ناو کۆمەڵگا دیاریبکات.

دووهەم: پێکهاتەی دەستەبژێر. لێرەدا ڕەنگە دەرفەتی بەردەمی هەر هاوڵاتییەك بۆ ئەوەی بچێتە ناو دەستەبژێرەوە، پەیوەندی نەبێت بە پیشە، خوێندن، رەسەنی خێزانی، تەمەن، چەشن، ئایین، یان ڕەچەڵەك...هتدەوە نەبێت، بەوەش هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتی لە دەستەبژێردا نوێنەری دەبێت. بەپێچەوانەشەوە لەوانەیە پەیوەندیکردن بە دەستەبژێرەوە لەسەر هەموو ئەو فاکتەرانە راوەستابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی لە لایەنی ئەوانەی لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پایەی بەرزیان هەیە قۆرخکراوە. ئەنجامەکانی چەندین لێکۆڵینەوە دەربارەی ریشە کۆمەڵایەتییەکانی دەستەبژێرە سیاسییەکان، پشتیوانی لە ئەگەری دووهەم دەکەن.

سێهەم: وەرگرتنی ئەندام لە دەستەبژێردا. ئەمەیان پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسانەی خوارەوە هەیە: کامانەن ئەو ڕێچکەو کەناڵانەی کە ئەوانەی هیوای سەرکردایەتییان هەیە بەکاریاندەهێنن بۆ گەیشتن بە لوتکەی



هەرەمی سیاسی؟ ئایا پارتی سیاسییە یان بیرۆکراسی یاخود فەرمانڕەوایی ناوخۆ یا سەندیکاکان یان سەندیکاکان یاخود ڕێکخستنە ئایینییەکان...هتدن؟

کامانەن تەکنیك یان میکانیزمەکانی هەڵبژاردن لەنێوان ئەوانەدا کە چاویان بڕیوەتە سەرکردایەتی (سیستمی پێشبڕکێ، بنەمای لەپێشبوون، دامەزراندن، هەڵبژاردن...هتد؟) کامانەن ئەو مەرچانەی پێویستە لەو کەسانەدا هەبن کە چاویانبڕیوەتە سەرکردایەتی؟ ئایا بریتین لە بەهرەو دەسکەوتەکانی تاك یاخود خێزان و ڕەچەڵەك و ئایین؟ دووبارەبوونەوەی گۆڕینی ئەندامانی دەستەبژێر تا چەندە؟

چوارەم: ڕۆشنبیریی سیاسی دەستەبژێر، ئەوەش لێکۆڵینەوەی ئەو پاڵنەرانە لەخۆدەگرێت کە پاڵیان ناوە بە ئەندامانی دەستەبژێرەوە بۆ تێکۆشان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لێکۆڵینەوەی ئاڕاستەکانیان و بۆچوونەکانیان و بەها سیاسییەکانیان، لەگەڵ مەودای گونجانیان لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا کە لە کۆمەڵگادا پیادە کراون.

پێنجەم: کامڵیی دەستەبژێر. تۆژەر دەتوانێت پێوانەی پلەی یەکانگیریی یان تەواوکاریی نێوان ئەندامانی دەستەبژێر بکات، ئەویش بەبەکارهێنانی چەند پێوەرێك کە گرنگترینیان هارمۆنی کۆمەڵایەتی، مەودای کۆکردنەوەی هەمان کۆمەڵە ئەندام لە پۆستە هەستیارەکانی زیاتر لە ڕێکخراوێك یان کەرتێکدا، کارلێکی شەخسی بە واتای تۆڕەکانی پەیوەندی و هاوڕێیەتی و کاریگەریی، پلەی ڕێکەوتن لە نێوان سەرکردەکاندا لەسەر ئامانجەکان و سیاسەتەکان، پاشان پشتیوانی بە مانای هەستکردنی ئاڵوگۆڕ بە متمانە لە نێوان ئەندامانی دەستەبژێردا.

شەشەم: پەیوەندی نێوان دەستەبژێرو جەماوەر. ئەمەیان لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی کاریگەریی دەستەبژێر لەسەر جەماوەرو چۆنێتی کاریگەریی جەماوەر لەسەر دەستەبژێر دەگرێتەوە. پەیوەندی نێوان سەرکردەکانو شوێنکەوتووان دوو لایەنی هەیە. دەستەبژێر جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەو جەماوەر ئاڕاستە دەکات بەرەو ئامانجە گشتییەکان، بەڵام تەنانەت لە سیستمە دیکتاتۆرییەکانیشدا، ملکەچە بۆ هەندێك کۆتو پێوەند لە لایەنی جەماوەرەوە. دەستەبژێر لە تویێی ناچارکردنو بەدەستهێنانی شەرعییەت، (ڕێزگرتن لە نەریتە باوەکان، کارێزما، پێوەستبوون بە پرەنسیپە یاساییەکانەوە، ئەدای کارا، تەڵقینکردنی مەزهەبییانە)وە دەتوانێت باڵ بەسەر جەماوەردا بکێشێتو کاری تێبکات. میکانیزمەکانی جەماوەریش بۆ کارکردنە سەر دەستەبژێر بریتین لە هەڵبژاردنو پشتیوانیو توندوتیژی.

حەوتەم: گۆڕان لە پێکهاتەی دەستەبژێردا. لەوانەیە لە ئەنجامی شۆڕش، داگیرکرن، رزگارکردن، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، یان فاکتەرە سیاسییەکانی وەك دەنگدانی گشتیو هەڵبژاردنەکان، بێت. بۆ نمونە لە ماوەی هەفتاکاندا (سەدەی رابردوو - و) ئەمانە یاریدەی دەرکەوتنی دەستەبژێری سیاسی زنجییان داوە لە ویلایەتە باشورییەکانی ئەمەریکا.

باسی سێیەم

## دەستەبژێر لەنێوان یەکێتیو فرەییدا

بینیمان تیۆری دەستەبژێر لە وێنە کلاسیکییەکەیدا باس لە بوونی یەك دەستەبژێری یەکانگیر لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دەکات، کە جڵەوی کاروبارەکان دەگرێتە دەستو ئەو بڕیارە سیاسییانە دەدات کە پەیوەندییان بە کاروباری ناوخۆو دەرەوە هەیە.

وەلێ هەندێ نوسەری دیکە دەڵێن لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا چەندین دەستەبژێر هەیە: دەستەبژێری سەربازی، دەستەبژێری رۆشنبیر، دەستەبژێری گەورە موڵکداران، دەستەبژێری پیاوانی کارگوزار...هتد. بۆ نمونە، رۆبێرت داڵ لە کتێبی "کێ فەرمانڕەوایی دەکات؟" بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە شاری نیوهاڤنی ئەمەریکی، باس لەوە دەکات کە لەو شارەدا یەك گروپی نەدۆزیوەتەوە کە لە مەسەلە جیاجیاکاندا بڕیار بدات، بەڵکو چەندین گروپی سەرکرایەتی جیاجیای بینیوە کە هەریەکەیان لە بوارێکی دیاریکراودا بڕیاری بەدەستە. گروپێکیان بڕیارە پەروەردەییەکان دەدات، گروپێکی دیکە بڕیارە تەندروستییەکان دەدات، گروپێکی دیش لە بواری کشتوکاڵدا بڕیاردەدات...هتد، ئەمە لەگەڵ بەناویەکدانەچوونی ئەندامێتی لە نێوان ئەو گروپە سەرکردایەتییانەدا. بە لەپێشچاوگرتنی ئەو هەمەچەشنییە کۆمەڵایەتیو ئابورییەدا کە لەبواری پیشەسازیو گەشەکردنی کەرتی کاروبارەکاندا بەسەر شارەکەدا هاتووە، ئیتر هیچ گروپێك ناتوانێت بە تەنها باڵ کاروبارەکان بگرێتە ئەستۆ. ئیتر وای لێهاتووە کە چەند گروپێك لە ململانێدا دەبن بۆ گەیشتنی



سەرکردەکانیان بە دەسەڵات. بەمجۆرە هەمەچەشنی گروپەکانی بەرژەوەندی بوونە هۆی فرەیی بونیادی دەسەڵات. بەڵام فرەیی مانای هاوشانی ناگەیەنێت. چونکە هەندێك لە گروپەکان کاریگەرییان لەوانیتر زیاترە. بەڵام هێشتاش هەر چەند گروپێك هەن کە هەریەکەیان بازنەیەکی بڕیاریی دیاریکراوی هەیە[٢٨].

بەکورتی بەلای هاوەڵانی فرەییەوە بڕیارە سیاسییەکان لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا لە لایەنی یەك دەستەبژێرەوە نادرێن، بەڵکو لە لایەنی چەندین دەستەبژێرەوە، واتە چەند گروپێکی سەرکردایەتی تایبەتمەندەوە ئەو بڕیارانە دەدرێن.

ئەگەر لای هەندێك وتەزای فەرمانڕەوایی دەستەبژێر بەڵگە بێت بۆ قەیرانی هزری دیموکراسی لیبراڵی، لە رووی ناکۆکبوونی لەگەڵ وتەزای فەرمانڕەوایی گەل یان زۆرینە، بەڵام لە رای بانگەشەکەرانی فرەییدا، لەگەڵ دیموکراسیدا دەسازێت. جۆزێف شۆمیتەر لە کتێبی "سەرمایەدارێتیو سوسیالیزمو دیموکراسی" دا کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا دەرچووە، بۆچوونێکی دیموکراسییانە دەخاتە روو کە رۆڵی گرنگو ناوەندی سەرکردایەتی سیاسی لە ئاڕاستەکردنی کاروباری کۆمەڵگادا دەخاتە روو، رۆڵی هاوڵاتی کورت دەکاتەوە بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی سەرکرایەتییە سیاسییەکان. هەروەها باس لەوەش دەکات کە پێویستە دەنگدەران رێز بگرن لە دابەشبوونی کار لە نێوان خۆیانو ئەوانەدا کە هەڵیاندەبژێرن. بۆیە دەبێت بواریان بدەن مومارەسەی دەسەڵات بکەنو بڕیار بدەن بێ ئەوەی دەست بخەنە کاروباریانەوە. راستە هاوڵاتی لە رێگای دەنگدان

٢٨ Robert Dahl, Who governs? (New Haven: Yale University Press, ١٩٦١), pp. ١٨١الج١٨٩.

یان ئەندامێتی حیزب یاخود گروپی بەرژەوەندییەوە مافی بەشداریکردنی هەیە. بەڵام بە رای شۆمپیتەر، مافی ئەوەی نیە هەوڵبدات دەستبات بۆ ئازادی بەرپرسان لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا، لە ڕێگای سەپاندنی فشاری بەردەوامەوە بەسەریاندا، چ بە پێشکەشکردنی سکاڵا بێت یان بە داواکاریی، یاخود بە هانابردنە بەر ناڕەزایی توندوتیژ[٢٩].

ولیەم کۆرینهاوەرز، خاوەنی کتێبی "سیاسەتو کۆمەڵگای جەماوەری" باس لە ڕۆڵی گروپە نێوەندەکان دەکات لە پاراستنی دیموکراسی لیبراڵو پاراستنیشی. ئەم گروپانە بواری راستەقینەی بەشدارییکردن بۆ تاك دەڕەخسێنن، ئەویش لە ڕێگای ئەو زانیارییانەوە کە بۆی دابین دەکەنو شێوازەکانی فەراهەمکردنی پەیوەندی بەوانیترەوە. هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە تاك دەتوانێت بایەخدانەکانی خۆی گەشەپێبکاتو زۆرێك لە پێداویستییەکانی خۆی تێربکات. ئیتر بەمەش ڕێگا دەگرێت لەوەی دەستەبژێرە فەرمانڕەواکان دووچاری فشاریی میللی راستەوخۆ ببن. کۆرزینهاوزەر کێبڕکێی نێوان دەستەبژێرەکانی ئەو گروپە نێوەندانە بە پایەی ئازادی سیاسی دادەنێت لەبەر ڕۆشنایی ئینتیمای تاك بۆ زیاتر لە یەك گروپ لە یەك کاتدا. چونکە فرەیی گروپەکان بۆی هەیە ڕێگر بێت لەوەی دەستەبژێری فەرمانڕەوا دووچاری فشاری راستەوخۆی جەماوەر ببێت. فرەیی ئینتیماکان دەتوانێت ڕێگربێت لەبەردەمی ئەوەدا کە گروپێك بتوانێت گروپەکانی دی قووت بدات یان بیانڕمێنێت[٣٠].

[٢٩] Joseph Schumpeter, Capitalism, Socialism and Democracy, (London: Allen and Unwin Ltd. ١٩٥٤) pp. ٢٩٥ـ٢٩٦.
[٣٠] William Korhauser, The Politics of Mars Society, (London: Rutledge and Kegan Paul, ١٩٦٠) pp. ٧٧, ١١٧ـ١١٨.



جیۆڤانی سارتۆری پێیوایە کە دیموکراسی بریتیە لە کێبڕکێی هەڵبژاردن لە نێوانی سەرکردەکاندا لە پێناوی بردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا. بانگهێشتی هاوڵاتییان دەکات دانبنێن بە ڕۆڵی میحوەرییانەی سەرکردایەتی لەناو کۆمەڵگادا. بەرای ئەو دیموکراسی وەك هەر سیستمێکی دیکە، پشتدەبەستێت بە جۆری فەرمانڕەواکان. جەخت دەکات کە دەستەبژێرەکان پارێزگاریی لە دیموکراسی دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر ڕەفتاریان سروشتێکی دیموکراسییانەی هەبوو. ڕۆڵی جەماوەریش بریتیە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا کە ئامانجەکەی بریتی نیە لە پێشکەشکردنی پشتیوانی میللی، بەڵکو هەڵبژاردنی سەرکردەکان[٣١].

لەوەی تێپەڕی ڕووندەبێتەوە کە تیوری فرەیی دەستەبژێرەکان یان تیوری دیموکراسی دەستەبژێریی بایەخێکی ئەوتۆ نادات بە بەشداریکردنی تاك لە ژیانی گشتیدا. ئەو پێیوایە کە بەشدارە راستەقینەکان، ئەندامانی دەستەبژێرە سیاسیەکانن لەناو بونیادی دەسەڵاتو پارتەکانو گروپە نێوەندەکاندا.

هاوەڵانی ئەم تیوریە لەگەڵ هاوەڵانی تیوری یەك دەستەبژێرییدا کۆکن لەسەر ئەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی یان لۆکاڵدا، بەشێوەیەکی نایەکسانە، چونکە هەمیشە دەستەبژێرو جەماوەر هەیە. بۆ دڵنیابوون لە بوونی دەستەبژێرێك یان زیاتر، دەتوانین هانا ببەینە بەر چەند پێوەرێك کە گرنگترینیان پلەی گونجانی نێوان سەرکردەکان، مەودای

[٣١] G. Sartori, Democratic Theory, (Detroit: Wayne State University Press, ١٩٦٢) pp. ١١٨ـ١١٩, ١٢٤ـ١٢٧.

پشتبەستنیان بە هەمان کۆمەڵە پایەی هێز، لەگەڵ مەودای سازانی ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا.

باسی چوارەم

# دەستەبژێرگەرایی مارکسی

دەستەبژێرگەرا کلاسیکەکان لاڤ ئەوە لێدەدەن کە مارکسیزم ئایدیۆلۆجیای چینی کرێکارانی ناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانە، زیاتر لەوەی زانستی کۆمەڵگاو رێنمای کاربێت. بەرای ئەوان هەتا دیمەنەکانی نایەکسانی لەئارادا مابن ئەو ئایدیا لیبرالانەش لەناوناچن کە مارکس ویستی بیانڕمێنێت. ئەمەش دەمانبات بەرەو رەتکردنەوەی پێشبینییەکەی مارکس لەمەڕ هاتنەکایەی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی بێ چین، کە پرەنسیپی یەکسانی باڵی بەسەرداکێشابێت، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە بونیادی هەڕەمییانەی هەموو کۆمەڵگایەك شتێکی حەتمییە.

هەروەها دژایەتی ئەو وتەزایەی مارکسیشیان کرد کە دەڵێت فاکتەری ئابوری پێکهاتەی هێزی سیاسی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات، سەرکردەی سیاسی بە زەرورەت نوێنەری ئەو چینەیە کە لە رووی ئابورییەوە باڵادەستە. وێڕای داننانیاندا بە بایەخی فاکتەرە ئابورییەکان، بەڵام باسیان لە توانای دەستەبژێر کردووە بۆ کۆنترۆڵکردن و بگرە تەحەداکردنی هێزە ئابورییەکان بە بەکارهێنانی شێوازە سیاسییەکان. مۆسکاو باریتۆ بۆ ئەوە چوون کە بیناکردنی هێز لە کۆمەڵگادا، سروشت و توانستەکانی سەرکردە سیاسییەکەی دیارییدەکەن. وادیارە ئەم جیاوازییە پەیوەندی هەیە بە تێڕوانینی مارکسەوە لە لایەك و بانگەشەکەرانی دەسەتبژێر لە لایەکی ترەوە، بۆ ململانێی رەگداکوتاوی ناو کۆمەڵگا. لەکاتێکدا مارکس بۆ ئەوە چوو کە ململانێی سەرەکی لە نێوان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کەمومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، لەگەڵ



ئەوانەدا کە هیچیان نیەو فەرمانڕەواییش ناکەن، نوسەرانی دەستەبژێر وتویانە کە ململانێکە لە نێوان دەستەبژێری سیاسی باڵادەست و هەر دەستەبژێرێکی دیکەی نەیاردایە کە تێدەکۆشێت گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی، بەڵام جەماوەر رێکخراو نیەو بایەخێکی سیاسی سنورداری هەیە[٣٢].

مارکسییەکان رەخنە لە تیوری دەستەبژێر دەگرن چونکە مەسەلەی پەیوەندییە سروشتییەکان گەورە دەکاتەوەو دەیباتە ئاستی یاسای ئەبەدییەوە کە بەپێی ئەو چینی فەرمانڕەوا بەهۆی بڵندیی هزریی خۆیەوە دەتوانێت باڵ بەسەر جەماوەردا بکێشێت و پێشڕەویی بکات. بەمەش دابەشبوونی چینایەتی دادەبەزێنێت بۆ ئاستی کێشە سروشتییەکان کە پێویستە قبوڵبکرێت و بە مەسەلەیەکی ئەزەلی لەقەڵەمبدرێت. مارکسیزم نکولی ناکات لە جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان مرۆڤەکان، بەڵام ئەوە رەتدەکاتەوە کە بەرپرس بێت لە پێکهاتەی چینایەتی. چونکە پێگەی هەرچینێك لە سیستمی بەرهەمهێنانی دەستەجەمیدا بە تواستە هزرییەکانی دیاریناکرێت، بەڵکو پێگەکەی لە هێزەکانی بەرهەمهێنان ئەو پایەیەی بۆ دیاریدەکات.

لە لایەکی تریشەوە، دەسەتگەرایی مەسەلەی پەیوەندی نێوانی کاری دەست و زەینی لەناو کۆمەڵگای چینایەتیدا پشتگوێ دەخات. ئەو گەلەی لەم کۆمەڵگایەدا کاردەکات، بێبەرییە لە دەرفەتەکانی گەشەکردنی بەهرەو تواناکانی تا ئەوپەڕی ئاستی شیاو بەهۆی ئەو رەتاندن و ستەمەوە کە لە لایەتی چینی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دووچاری دەبێت.

[٣٢] Geraint Parry, op. cit. pp. ٢٧ـ٢٩.

بەپێی مارکسیزم، دەستەبژێر جگە لە بەرهەمی موڵکایەتی تایبەتی شتێکی دی نیە. بوونی ئەو ناگەڕێتەوە بۆ بلیمەتی تاکەکانی، بەڵکو بۆ یاسا ئابورییە بابەتییەکانی سەرمایەدارێتی کە ئامرازو بەروبوومەکانی بەرهەمهێنان دەخاتە ناو چەند مشتێکی بچووکەوە.

لەپاڵ ئەوەدا کە رابورد، مارکسییەکان رەخنە لە وتەزای هەندێك لە دەستەبژێرگەراکان دەگرن لەمەڕ ئەوەی هێز لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا، بە یەکسانی لە نێوان چەند گروپێکی دەستەبژێردا دابەشکراوە (سیاسیو ئیداریو سەربازییو هزری) هەروەها بەوەی هاوسەنگی نێوانیان ناهێڵێت هیچکامیان باڵبکێشێت. لای مارکسییەکان هێز لە دەستی چینێکی باڵادایە کە بەشێوەیەکی بنچینەیی پیاوانی کارگوزار دەگرێتە خۆی[٣٣].

[٣٣] G. Osipov, Sociology, (Moscow: Progress Publishers, ١٩٦٩).

باسی پێنجەم

## لایەنە چاك و خراپەكانی پێڕەوی دەستەبژێر

دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی باس لە چەند لایەنێكی چاكی پێڕەوی دەستەبژێر بكەین[٣٤].

١. پێڕەوی دەستەبژێر دەست دەبات بۆ بونیادی دەستەبژێرو ئامانجەكانی ئەندامەكانی و رۆشنبیرییە سیاسییەكەیان، بۆیە بەدیلی شیكردنەوەی یاسایی – شكلی دەژمێردرێت. لێكۆڵینەوەی رەفتاری خاوەن هێزەكان یاریدەمان دەدات بۆ تێگەیشتنێكی قووڵترو وردتری رەفتاری سیاسی. گەرچی شیكردنەوەی دەستەبژێریی زۆر بایەخدادات بە لایەنی دەرهاویشتەكان (سیاسەتەكان و بڕیارەكان) وەڵێ چەند پرسیارێك دەوروژێنێت و چەند وەڵامێكیش دەربارەی تێهاویشتەكانی دروستكردنی سیاسەت پێشكەشدەكات. تەركیز دەكاتە سەر بكەرە سیاسییەكان، واتە ئەوانەی ئەو دەزگایانە پێكدەهێنن و دەستورەكان دادەنێن، ئەوانەی نەخشە دەكێشن و بڕیاردەدەن.

٢. ئەم پێڕەوە تا ئاستێكی زۆر بواردەدات كۆنترۆڵی چەقی لێكۆڵینەوەكە بكرێت، لە رووی تەركیزكردنە سەر یەك گروپ لەناو سیستەمی سیاسیدا، ئەمەش وادەكات شیكردنەوەكە قووڵ بێت و پێوانەكردنەكەش لە سنوری شیاودا بێت.

٣. ئەگەری پیادەكردن لە ئاستێكی فراواندا، بە حوكمی بوونی دەستەبژێرەكان لە هەموو سیستەمە سیاسییەكاندا: دیموكراسی و نادیموكراسی، نوێ یان سوننەتی یان لە قۆناغی گوێزانەوەدا، ئاڵۆز یان سادە.

[٣٤] J. Bill and R. Hardgrave, op. cit. p. ١٦٨.



٤. بانگەشەكەرانی ئەم پێڕەوە رۆڵێكی گەورە دەدەنە پاڵی خوڵقاندنی زانستێكی بێلایەن و پۆزیتیڤی سیاسەت. ئەوانە ئەندێشە دەكەن كە شیكردنەوەی دەستەبژێرییانە بەشێكە لە شیكردنەوەیەكی زانستییانەی بەرینتری كۆمەڵگاو رۆڵی سیاسەت تێیدا، بە پێچەوانەی فەیلەسوفانی سیاسەتەوە كە دیدێكی فەلسەفی و ئاكارییان بۆ سیستەمی سیاسی خستۆتە روو بێ ئەوەی لە ناو كۆمەڵگا مرۆییەكاندا بەدوای نەگۆڕەكانیدا بگەڕێن، نوسەرانی دەستەبژێر لاف ئەوە لێدەدەن كە شیكردنەوەیەكی زانستییانە پێشكەشی سیستەمە سیاسییەكان دەكەن كە پشتدەبەستێت بە پێڕەوی مێژوویی و تێبینیكردن و رووماڵكردنی كۆمەڵایەتی، ئامانجەكەشی دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتییانەیە كە حوكمی ئەو سیستەمانە دەكەن وەك یاسای ئاسنینی ئۆلیگاركی كە میشێل دایڕشتووە. شایانی باسە ئەو یاسایانە بەهیچ جۆرێك بایەخ بە دادپەروەری یان ئاكارێتی سیستەمە سیاسییەكان نادەن. میشێل دەڵێت "یاسای ئۆلیگاركی، وەك هەر یاسایەكی كۆمەڵایەتی دیكە، لە مەسەلەكانی چاكەو خراپە تێدەپەڕێت..ئەركی زانست ئەوە نیە لەوە بكۆڵێتەوە ئایا دیاردەیەك چاكە یان خراپە".

وێڕای ئەم لایەنە بەهێزانەش، تێبینی دەكرێت كەمن ئەو لێكۆڵینەوە پراكتیكییانەی سیاسەت كە چوارچێوەی دەستەبژێریان بەكارهێناوە. رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو نارەحەتییانەی لە پێڕەوەكەدا هەیە، كە گرنگترینیان:

١. تەژمیی هزریی ئەدەبی دەستەبژێرییانە بەشێوەیەكی گشتی. چەمكە بنەڕەتییەكانی وەك دەستەبژێرو هێزو دەسترۆیی و دەسەلات، هێشتا پێناسەیەكی وردیان نیە، هێشتا بە وردی جیاوازییەكانی نێوانیان روون نەبۆتەوە تا بتوانرێت لە بیناكردنی تیوری دەستەبژێردا بەكاربهێنرێن. ئەوەی مایەی سەرسامییە ئەوەیە كە لێكۆڵەران لەسەر پێناسەی خودی دەستەبژێر كۆك نین. بۆ نمونە،

هارۆڵد لاسوێل سێ پێناسەی بۆ دەستەبژێر خستۆتە روو: "بریتیە لەو کەمینەیەی کە زۆرترین بەش لە هەر بەهایەك دەبات"، "ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زۆرترین بڕی هێزیان هەیە لەناو گروپدا"،"بە سادەیی کەسانی دەستڕۆیشتوو دەگرێتە خۆی"[٣٥]. رایت میلزیش باس لە دەستەبژێری هێز دەکاتو مەبەستی لێی ئەو بازنە ئابوریو سیاسیو سەربازییانەیە کە لەناو خۆیاندا بەناو یەکدا دەچنو بەشدارییەکەن لە دانی ئەو بڕیارانەدا کە لانیکەم کاریگەرییان لەسەر ئاستی نەتەوەیی دەبێت[٣٦]. جیریانت باری دەستەبژێر وەها پێناسە دەکات کە "کەمینەیەکی بچووکەو رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە کاروبارە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا هەیە"[٣٧]. مەبەستی سۆزان کیلۆ لە دەستەبژێر "کەمینەیەك لە تاکەکان کە خزمەتی گروپێك دەکەن بە شێوەیەك کە گروپەکە خۆی بەلایەوە پەسەند بێت"[٣٨]. رۆبێرت داڵ پێیوایە کە دەستەبژێر "کەمینەیەکە لە تاکەکان کە لە حاڵەتی ناکۆکی نێوان بۆچوونەکان لە مەسەلە گشتییەکانی کۆمەڵگادا، بۆچوونی ئەوان پەسەند دەکرێت"[٣٩].

٢. نارەحەتی دیاریکردنی ئەندامانی دەستەبژێرو بەوەش نارەحەتی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی تایبەتمەندێتییە کۆمەڵایەتیو کەسییەکانیان.

[٣٥] Harold Lasswell, World Politics and World Insecurity (New York: Free press, ١٩٦٥) p. ٣; Harold Lasswell and Abraham Kaplan, Power and Society (New Haven: Yale University Press, ١٩٥٠) p. ٢٠١; and Harold Lasswell and Daniel Lerner, eds, World Revolutionary Elites, (Cambridge, M. I. T. ١٩٦٥) p٤.

[٣٦] C. Mills, op. cit. p. ٥١

[٣٧] Geraint Barry, op. cit, p. ١٣.

[٣٨] Suzanne Keller, Beyond the Ruling Class: Strategic Elites in Modern Society (New York: Random House, ١٩٦٣) p. ٤.

[٣٩] Robert Dahl, A Critique of the Ruling Elite Model, American Political Science Review, Vol. ٥٢, June ١٩٥٦, p. ٤٦٤.



لێرەشەوە گرفتی لێکدانەوەی رەفتاری سیاسی دەستەبژێر دەکەوێتەوە. چونکە تۆژەر چۆن دەتوانێت پێشینەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی دەستەبژێر ببەستێتەوە بە ئەدای سیاسییانەوە؟ هەتا ئێستا بەڵگەی مادی بەدەستەوە نیە دەربارەی ئەوەی کە پێشینەی کۆمەڵایەتی رەفتاری سیاسی دیاریدەکات.

## نەسکی چوارەم

# شیکردنەوەی چینایەتی

# Class Analysis

## ڕێخۆشکردن

زۆرێك لە بیرمەندان لە نمونەی کارل مارکس‌و ئادام سمیس‌و بیتریم سوروکین بۆ لێکدانەوەی تەرزەکانی کێبڕکێی ئابوری‌و سیاسی‌و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پشتیان بە دابەشبوونی چینایەتی بەستووە. بەڵام زانستی سیاسی لە ئەمەریکا خۆی بە لە پێڕەوی چینایەتی‌و بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی بەراوردکاری سیستمە سیاسییەکاندا گێل کردووە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، کە گرنگترینیان[٤٠]:

١. دابونەریتی شیکردنەوەی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وا راهاتووە لە کۆمەڵگای خۆیاندا، کە تێیدا هێماو بانگەشە چینایەتییە راشکاوەکان دەگمەنن، چین بە گۆڕاوێکی بێبابەخ دابنێت. پارتی کرێکاران لە ئەمریکا نیە، لەویَ دیموکراسی لەسەر شانی چینێکی ناوەڕاستی گەورە دامەزراوە.

٢. پێوەستبوونی شیکردنەوەی چینایەتی بەستراوە بە زیادکردنەکانی کارل مارکسەوە. بۆیە لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا بۆچونێك باو بوو کە ئەوەی بە زمانی شیکردنەوەی چینایەتییەوە قسە بکات، کۆمۆنیست‌و خائینە بەرامبەری ئایدیۆلۆجیای لیبراڵی. زانایانی سیاسەتیش ترساون ئەو تۆمەتەیان بدرێتە پاڵ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لەبەکارهێنانی پێڕەوی چینایەتی بواردووە. راستە تیایاندا هەیە کە بەکاریهێناوە، بەڵام زاراوەی چینی بەکارنەهێناوە، بەڵکو زاراوەی دیکەی وەك توێژ یان کەرتی بەکارهێناوە.

٣. شۆڕشی رەفتاریی جوڵانەوەی دژایەتی شیکردنەوەی چینایەتی گەرمکردووە. لایەنگرانی رەفتاریی لە تێکۆشانیاندا بەرەو بابەتێتی‌و بێلایەنی زانستی‌و شیکردنەوەی چەندایەتی، دەیانووت پێڕەوی چینایەتی بەکەڵك نایەت،

---

٤٠ J. Billand R. Hardgrave, op. cit. p. ١٨٥.



گوایە چەمکی چین خۆی لەخۆیدا لایەنگیری‌و بەهای ئایدیۆلۆجی هەڵگرتووەو ملکەچنابێت بۆ پێوانەکردنی ورد.

٤. گرانی پیادەکردنی پێڕەوەکە بەسەر ئەو سیستمە دیموکراسییە خۆراواییانەدا کە لەسەر بنەمای کێبڕکێی نێوان گروپەکان نەك چینەکان دامەزراون، هەروەها ناڕەحەتی پیادەکردنی بەسەر ئەو دەوڵەتانەی جیهانی سێهەمدا، کە هێشتا بونیادە چینایەتییەکان تێیاندا بەشێوەیەکی تۆکمەو دیاریکراو نەڕسکاون. مانای ئەمەش وەك زانا ئەمریکییەکانی سیاسەت دەڵێت، بێتوانایی شیکردنەوەی چینایەتیە لەمامەڵەکردنی بەربڵاودا لەگەڵ سیستمە سیاسییەکان.

هەرچۆنێك بێت، لەم ساڵانەی دواییدا بایەخدانێکی زیاتر دراوە بە دەروازەی چینایەتی بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسییەکان، ئەمەش لەبەر پێویستبوونی نوێکردنەوەو گەشەکردن بە مەسەلەکانی چینەکان‌و بینای کۆمەڵایەتی. دەرکەوتنی چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیوری دەربارەی چین‌و ململانێی چینایەتی، شایەتی ئەمەن: (رالف داندهرۆف: چین‌و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا – ١٩٥٩، بۆتۆمۆر: چینەکان لە کۆمەڵگای نوێدا – ١٩٦٦) هەروەها ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەربارەی ژمارەیەك وڵاتی جیهانی سێهەم (کینیس گریندی: ململانێی چینایەتی لە ئەفریقیا، گۆڤاری لێکۆڵینەوە ئەفریقاییە نوێیەکان، نۆڤێمبەری ١٩٦٤، جەیمس بێڵ: شیکردنەوەی چینایەتی‌و مشتومڕی نوێکردنەوە لە خۆرەڵاتی ناوەڕاست، گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆرەڵاتی ناوەڕاست، ئۆکتۆبەری ١٩٧٢، جەیمس بیتراس: بینای چینایەتی‌و کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەکردنی سیاسی، گۆڤاری لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان، هاوینی ١٩٦٩).

بەپێی پێڕەوی چینایەتی، وەها سەیری چینەکان‌و ململانێی نێوانیان دەکرێت کە تەوەری بوونی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بێت. چین بریتیە لە کۆمەڵێك تاك کە چەند جێگایەکی هاوشێوە بە نیسبەتی موڵکایەتی سامان یان هێز یان دەسەڵات یان دەستڕۆییەوە داگیردەکەن. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، چەند چینێك هەیە کە لە نێوان خۆیاندا بە پەیوەندییەکانی کۆنترۆڵ‌و ملکەچبوون پێوەست دەبن. ئەم پەیوەندییە چینایەتییانە لە بنەڕەتدا مۆرکێکی ململانێیان هەیە. لە ململانێشەوە ئەو جوڵانەوەیە دروست دەبێت کە گۆڕانی کۆمەلایەتی‌و سیاسی لێدەکەوێتەوە.

شیکردنەوەی چینایەتی ئەم پرسانەی خوارەوە دەوروژێنێت: کامانەن ئەو چینانەی کۆمەڵگا کە دەخرێنە بەر لێکۆڵینەوە؟ خەسڵەتەکانیان چین؟ لەسەر چ بنەمایەك ئینتیمای تاك بۆ چینێکی دیاریکراو دیاریدەکرێت؟ کامانەن تەرزەکانی پەیوەندییەکانی نێوان چینەکان‌و کاریگەرییان چیە لەسەر بینای کۆمەڵایەتی؟ پەیوەندی نێوان بینای چینایەتی‌و سیستمی سیاسی چیە؟ کامانەن تەرزەکانی ململانێ‌و هاوکاری نێوان چینەکان؟ چۆن‌و کەی ململانێی چینایەتی دەبێتە هۆی شۆڕش؟

باسی یەکەم

## شیکردنەوەی مارکسییانەی چینەکان

زاراوەی چین ڕاستەوخۆ بەستراوە بە کارەکانی کارل مارکسەوە، ئەو مانا قووڵی و سەرنجڕاکێشی پێبەخشیوە. بەپێی ئەو، بینای چینایەتی لەسەر بناغەی هەڵوێستوەرگرتن لە موڵکایەتی هێزەکان یان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دیاریدەکرێت. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دوو چینی سەرەکی بەگژیەکداچوو هەن، یەکێکیان موڵکدارەو کارناکات، ئەویتریان کاردەکات‌و موڵکی نیە. ناکۆکی‌و ململانێ شتێکی حەتمییە لە نێوانیاندا. ئەم ململانێیە دیامیزمەکانی گۆڕان لەتوێی مێژووەوە لێکدەداتەوە، واتە گوێزانەوەی موڵکایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووتر: کۆمۆنە – کۆیلایەتی – دەرەبەگایەتی – سەرمایەداری – سوسیالیزم.

لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا، ململانێکە لەنێوان ئاغاو کۆیلەدا بووە، لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا لە نێوان خاوەن زەوی‌و وەرزێری بێ زەویدا بووە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا لە نێوان سەرمایەدارو پرۆلیتاریادایە. سەرەنجامی ئەم ململانێیە کۆمەڵگایەکی بێ چین دەبێت، واتە کۆمەڵگایەك کە چین‌و ململانێی چینایەتی تێدا نیە[41]. مارکس لە پێشەکی کتێبی "ڕەخنەگرتن لە ئابوری

[41] V. Afanasyev, Marxist Philosophy, (Moscow: Progress Publishers, ١٩٦٥), op. ٣٢٨لج٣٣٠.



سیاسی" دا دەڵێت: "خەڵك دەچنە ناو بەرهەمهێنانی دەستەجەمییەوە کە لە چەند پەیوەندییەکی دیاریکراوی وەهادا دروستی دەکەن کە ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن‌و ملکەچیش نیە بۆ ئیرادەی تایبەتییان، ئەم جۆرەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەرامبەری قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی هێزە مادییەکانی بەرهەمهێنانە. سەرجەمی ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان، بونیادی ئابوریی کۆمەڵگا پێکدەهێنن. ئەم بینایە وەك ئەو بناغە واقیعییە وەهایە کە بونیادە ژووروەوە سیاسی‌و یاساییەکان لەسەری دادەمەزرێن"[42].

گومان لەوەدا نیە کە شیکردنەوەی مارکسییانە بۆ چینەکان، چوارچێوەیەکی نوێی گشتگیری پێشکەشکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی‌و تێڕوانینێکی تا ڕادەیەکی زۆر بابەتییانەشە بۆ دابەشکردنی هێزی سیاسی‌و ململانێی سیاسی‌و ئاڕاستە گشتییەکانی سیاسەت. لە هەمانکاتیشدا، چەند چەمك‌و هزرێکی هێناوەتە ئاراوە کە یاریدەیەکی زۆرمان دەدەن لە تێگەیشتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا.

وەلێ چوارچێوەی شیکردنەوەی مارکسی دووچاری چەندین ڕەخنە بووە، لە لایەکەوە مارکس لە بیناکردنی ئەم چوارچێوەیەدا لەژێر کاریگەریی ئەو کات‌و شوێنەدا بووە کە تێیاندا ژیاوە (ئەوروپای سەدەی ١٨ لە ماوەی پێشکەوتنی پیشەسازی خێرادا) بۆیە بەکەڵکی ئەوە نایەت بەسەر جیهانی دواکەوتودا پیادە بکرێت. بۆ نمونە لە کۆمەڵگا ئاسیایی‌و خۆرهەڵاتناوەڕاستیەکاندا، ڕەوشی چینایەتی تەنها بە سامان دیارناکرێت، بەڵکو بە فاکتەرەکانی خزمایەتی‌و

[42] نقلا عن د. محمد الجوهري، علم الإجتماع و قضايا التنمية في العالم الثالث، القاهرة، دار المعارف، ١٩٧٨، ص ٢١١,

دەستڕۆیی سیاسیو فێرکردنیش. لە لایەکی ترەوە، شیکردنەوەی مارکسی زێدەڕۆیی دەکات لە سادەکردنەوەی بونیادی چینایەتیدا، چونکە خۆی لەو چینانە گێل دەکات کە لە تیورەکەیدا بە بەشێکی بنەڕەتی دانانرێن، هەروەهاش دیاردەی جولانی کۆمەلایەتی (واتە گوێزانەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی بالاتر) پشتگوێ دەخات. ئەمە وێڕای ئەو جولانەوە یان رێکخستنانەی کە زیاتر لە چینێك لەخۆدەگرن[٤٣]، مارکس ئەندێشەی ئەوەی کردووە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی نوێدا چینی ناوەڕاست دەپوکێتەوە وەك رێخۆشکەرێك بۆ زیادبوونی کرژیی جەمسەرگیریی لەنێوان هەردوو چینە گەورەکەدا، واتە بۆرجوازیو پرۆلیتاریا. دەشبینین ئەم پێشبینییە نەهاتە دی. لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا، چینی ناوەڕاست گەورەتر بووەو یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی[٤٤]. هەروەها گروپی جوتیارانیشی پشتگوێ خستووە، گوایە ئەوانە دەستەیەکی کۆمەلایەتی ناشۆڕشگێڕنو ژیانی جوتیاریی بە گەمژەیی لادێییانە لەقەڵەمدەدات. بەلام جوتیاران بەشدارییان کرد لە هەردوو شۆڕشی روسیادا لە سالانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ دا، هەروەها لە شۆڕشی مەکسیکدا لە ساڵی ١٩١٠، لە شۆڕشی چینیشدا بە سەرکردایەتی ماوتسی تۆنگ لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە تا ساڵی ١٩٤٩. هەروەها شۆڕشەکانی ڤێتنامو جەزائیر، پاشان شۆڕشی کوبا. بەمەش تێڕوانین بەرامبەر جوتیاران گۆڕا. لینین جەختیکردووە کە جوتیارە هەژارەکان لە هەر چینێکی دیکەی ناو کۆمەڵگای سەرمایەداریی لە کرێکارانی شارەکانەوە نزیکن، چونکە لە رەگوڕیشەو پلەوپایەیاندا یەکێکن. چینی کرێکاران لە سەرەتادا لەو جوتیارە لە رەگهەڵکەنراوانە پێکهاتووە کە بۆ کارکردن روویانکردووتە شارەکان. کرێکارانو جوتیاران لە بنکەی هەرەمی کۆمەلایەتیدانو رووبەڕووی

---

[٤٣] J. Bill and R. Hardgrave, op. cit. p. ١٨٩.

[٤٤] د. محمد الجوهري، مرجع سابق، ص ٢١٤.



یەك دوژمنی چینایەتی بوونەتەوە کە سەرمایەدارێتییە. بەلام لینین ئەوەشی وتووە کە ئەگەر چوتیاران لەگەڵ پرۆلیتاریادا هاوپەیمانێتی نەبەستن مەحاڵە بتوانن خۆیان نیری گەورە موڵکدارانی زەویو سووخۆرانو بازرگانان لە ئەستۆی خۆیان دابڕنن، ، چونکە پرۆلیتاریا باشتر رێکخراوەو هوشیارترە بەرامبەر هونەرەکانی قەلاچۆکردنی چینە رەتێنەرەکان. ماوتسی تۆنگیش بۆ ئەوە چووە کە جوتیاران هێزێکن دەتوانن بێسنور بەخششی شۆڕشگێڕانەیان هەبێت. پرۆلیتاریای پیشەسازی لە چین ژمارەیان کەمەو ناتوانێت بەبێ جوتیاران لە شەڕی دژ بە سەرمایەدارییدا سەربکەوێت، چونکە ئەوان هاوپەیمانێکی بەهێزنو ژمارەشیان زۆرە. فیدیل کاسترۆش پێیوابوو کە رزگارییو گەشەپێدان لە کوبا بێ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ جوتیاراندا بەئەنجام ناگەیەنرێت. فرانز فانونیش لە کتێبە نێودارەکەیدا "ئەشکەنجەخواردووانی سەرزەمین" جەختیکردووە کە جوتیاران تاکە هێزی شۆڕشگێڕی ناو کۆڵۆنییەکانن، چونکە ئەوان شتێکیان نیە بترسن لە دەستیان بچێت، بەلام لە رێگای توندوتیژییەوە هەموو شتێك بەدەستدەهێنن[٤٥].

لە لایەکی تریشەوە مارکس پێشبینی بەرینبوونەوەی بۆشاییو خەستبوونەوەی ناکۆکی نێوان بۆرجوازیو پرۆلیتاریای کردووە. بەلام ئەم پێشبینییەش نەهاتە دی، چونکە مەسەلەکان بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکسەوە گوزەران. بۆشاییەکە بەرین نەبۆوە. دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی لە بەرژوەندی پرۆلیتاریادا گۆڕا. ئەو سامانە زۆرەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەیانە، بوار بە دەستەبژێرە سیاسییەکان دەدەن لە بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتیدا سەرف بکەن، ئەمەش سەرجەمی هاولاتییان بە کرێکارانیشەوە لێی سودمەند دەبن[٤٦]. لەپاڵ ئەوەدا کە وترا، هەندێك رەخنەی ئەوە لە مارکس دەگرن

---

[٤٥] أنظر مؤلفنا: الثقافة السياسي للفلاحين المصريين، بيروت، دار إبن خلدون، ١٩٨٠، ص ٦-٧.

[٤٦] د. محمد الجوهري، مرجع سابق، ص ٢١٤.

که تەنها لە گۆشەنیگای چینایەتییەوە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لێکداوەتەوە، چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی ناچینایەتیش هەن کە بایەخی زۆریان هەیە، وەك ئەو کارلێکانەی پەیوەندییان بە نەتەوەو ئایین‌و ململانێی نێوان گەلان یان تایفەکان یان نەتەوەکانی ناو یەك کۆمەڵگاوە هەیە.

باسی دووهەم

## چینەکان لە شیکردنەوەی بۆرجوازیدا

لە سەرەتای ئەم نەسکەدا ئاماژەمان کرد بۆ پەرەسەندنی بایەخدانی زانستی سیاسەتی بۆرجوازیو بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە دەروازەی چینایەتی. زانا کۆمەڵناسەکانی خۆراوا دەستیاندایە دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند توێژێك یان چەند چینێکی پلە بەپلە: چینی باڵای سەروو، چینی باڵای خوارو، چینی ناوەڕاستی سەروو، چینی ناوەڕاستی خواروو، چینی خوارەوەی سەروو، چینی خوارەوەی خواروو. ئەم پۆلێنکردنە پشتی بە چەند پێوەرێکی نابابەتییانە بەستووە وەك پلەی پیشەیی و دەسەڵات، وەك دواتر دەیبینین.

یەکەم: چینو پلەو پایە

لوید وارنەر بۆ ئەوە چووە کە چین پێوەستە بە پلەو پایەوە، بەوە دیاریدەکرێت کە ئەندامانی کۆمەڵگا دەیڵێن یان بۆی دەچن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بونیادی چینایەتی پشت نابەستێت بە پێوەرێکی بابەتییانە (سامان) بەڵکو چەند مەحەکێکی شەخسی دیارییدەکەن، واتە تێڕوانینی خەڵك بۆ ئەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە باڵاترە یان نزمترە. وارنەرو ئەو زانایانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە گەیشتنە ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە پەیژەیەکی چینایەتیدا دابنێن کە شەش پلەی هەیەو لە چینی باڵای سەرووەوە دەستپێدەکاتو شۆڕدەبێتەوە بۆ چینی خوارەوەی خواروو[٤٧].

[٤٧] J. Bill. Hardgrave, op. cit. p. ١٨٩.



ناتوانین نکولی لە فەزڵی ئەمانە بکەین لە بەرەوپێشبردنی شیکردنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیداو پێشکەشکردنی گۆشەنیگایەکی جیاواز لە تێڕوانینەکەی مارکس دەربارەی ئەو بناغەیەی بینای چینایەتی لەسەری دامەزراوە.

وەلێ زیادەکارییەکانی ئەوان بێ ناتەواویی نیە. گەرچی ئەوان لە بنچینەدا پشتدەبەستن بە گۆڕاوی پلەوپایە لە دیاریکردنی رەوشی چینایەتیدا، بەڵام فاکتەرەی بابەتییەکانیشیان پشتگوێ نەخستووە، وەك گۆڕاوی شۆڕش. لێرەشدا گرفتێك سەرهەڵدەدات پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی پێوەستبوونی ئەو فاکتەرە بابەتییانە بە گۆڕاوە رەسەنەکەوە (پلەوپایە). هەروەها وەسفکردن بەسەر بۆچوونەکانی قوتابخانەی وارنەردا زاڵە نەك شیکردنەوە. ئەوان ئەوپەڕی توانای خۆیان سەرفکردووە بۆ کۆکردنەوەو ریزکردنی زانیارییەکان بێ ئەوەی بابەخبدەن بە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان.

دووهەم: چینو دەسەڵات

زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی داهرێندۆف لە ساڵی ١٩٥٩دا وەك کاردانەوە بەرامبەری ئاڕاستەکەی پێشوو، لێکۆڵینەوە نێودارەکەی خۆی بڵاوکردەوە "چینو ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا" تێیدا بانگهێشتمان دەکات بۆ دیسانەوە داڕشتنەوەی چەمکی چین وەك مارکس بەکاریهێناوە تا ببێت بە ئامرازێکی گرنگ لە شیکردنەوەی بەراوردکاردا.

بەشداریی راستەقینەی داهرێندۆرف بریتیە لەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی خستە جێگای رەوشی ئابوری وەك فاکتەرێك کە بوونی چینایەتی دیاریدەکات.

ئەو چینەکانی وەها پێناسە کرد کە بریتی بن لە چەند گروپێك کە بە حوکمی بەرزی‌و نزمی لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا لە ململانێدان، ئەوەشی بە پەیوەندییەکی شەرعی دانا کە هەردوو رەهەندی کۆنترۆڵ‌و ملکەچی دەگرێتە خۆی کە هەردوکیان لەسەر چەند فاکتەرێك راوەستاون، یەکێکیان بریتیە لە موڵکایەتی یان تەرزی بەرهەمهێنان (واتە رەوشی ئابوری)[٤٨].

وەلێ زیادکردنەکەی داهرێندۆرف بێ خەوش نیە: ئەو وەکو گروپی بەرژەوندی سەیری چینی کرد، بەوەش چین‌و گروپ تێکەڵ دەکات.

هەروەها وتەزای ئەوەی دەسەڵات پەیوەندیی هێزەو ئەویش دیاریکەری بینای چینایەتییە، زۆر سودمەند نیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیاندا پەیوەندییە کردارییەکان بایەخیان زیاترە لە پەیوەندییە تایبەتییەکان‌و کەسەکان لە پۆستە رەسمییەکان بایەخیان زیاتر دەبێت.

لە نێوان چین‌و دەستەبژێردا:

شیکردنەوەی چینایەتی‌و شیکردنەوەی دەستەبژێریی لەسەر چەند پرەنسیپێك رێکدەکەون:

١. جەختکردن لەسەر چەمکی دابەشبوون‌و پلەپلەیی.

٢. راوەستانی ئەم دابەشبوونە لەسەر سامان، یان دەسەڵات، یان دەستڕۆیی، یان پلەوپایە.

[٤٨] Ralf Dahredorf, Class, and Class Conflict in Industrial Society, (Stanford: Stanford University Press, ١٩٥٩).



٣. جەختکردن لەسەر دیاردەی ململانێ کە لە نایەکسانییەوە سەرهەڵدەدات‌و دەبێت بە خۆراکی دینامیزمەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

بەڵام لە چەند روویەکیشەوە لە یەکتریی جیاوازن:

شیکردنەوەی دەستەبژێریی تەرکیز دەکاتە سەر یەك لایەنی پلەپلەیی (لایەنی دەستەبژێر)، بەڵام شیکردنەوەی چینایەتی زیاتر لە هێڵێك بۆ دیاریکردنی‌پلەپەیژەکە هەڵدەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هەموو کۆمەڵگایە، توێژەکانی خوارەوە بایەخی تویژەکانی سەرەوەیان پێدەدرێت.

١. دەستەبژێرییەکان وەها دەروانن فەرمانڕەواییکراوەکان کە جەماوەرێکی ناڕێکخراون‌و لە ژیانی سیاسیدا رۆڵێکی پەراوێزییان هەیە. بەڵام شیکردنەوەی چینایەتی پێیوایە فەرمانڕەوایان‌و فەرمانڕەواییکراوان هەردوکیان رۆڵێکی گرنگ‌و ئەرێیان لە ژیانی سیاسیدا هەیە.

٢. میتۆدی دەستەبژێر پرۆسەکانی نوێکردنەوەو گەشەپێدان لەسەرەوە وەردەگرێت واتە پێیوایە سەرکردە سیاسییەکان دەیخوڵقێنن‌و ئامادەی دەکەن. بەڵام پێڕەوی چینایەتی لەهەردوو ئاڕاستەی خوارەوە (جەماوەر)و لە سەرەوە ( فەرمانڕەکان)وە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات.

### باسی سێهەم

## هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەی چینایەتی

بایەخی ئەم پێڕەوە لە لێکۆڵینەوەی سیاسیدا، لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە[49]:

١. لێکۆڵینەوەی چینایەتی مامەڵە لەگەڵ ئاستێکی بنەڕەتی شیکردنەوەدا دەکات. چین لە هەموو یەکەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی گشتگیرترە. چونکە هەموو تاکێك سەر بە چینێکی دیاریکراوە بە پێچەوانەی گروپەکانی بەرژەوەندییەوە کە ئەندامێتی خۆیان بەپێی بەرژەوەندییەکە هەڵدەبژێرن. تاك دەتوانێت ئەندامی زیاتر لە گروپێکی بەرژەوەندی بێت لە کاتێکدا ناتوانێت سەر بە چینێك زیاتر بێت.

٢. پێڕەوی چینایەتی بواری شیکردنەوەی ئەو تەرزە کۆمەڵایەتیو سیاسییانە دەدات کە لە ململانێوە سەرهەڵدەدەن. بە گوزارشتێکی دیکە باشترین پێڕەوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی ململانێو توندوتیژی. لەبەرئەوە، لە شیکردنەوەی سیستمیو شیکردنەوەی وەزیفی باشترە کە هەردوکیان بەلای دیاردەی سەقامگیرییدا دەیشکێننەوە، وەك دواتر دەبینین.

٣. توانای پێڕەوەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە یان ڕادیکاڵانە یاخود گشتگیرانە. بەهۆی بەشداریکردنەکانی کارل مارکسەوە (ململانێی چینایەتی دەبێتە هۆی تێکشکاندنی بونیادی چینایەتی باو و دەرکەوتنی بونیادێکی چینایەتی نوێو سیستمێکی سیاسی نوێ) لە مێژوودا، پێڕەوەکە پێوەستبووە بەم دیاردەیەوە، لەبەرئەوەش کە لایەنگیرانی شیکردنەوەی

[49] J. Bill and R. Hardgrave, op. cit, pp. ١٩٥ـ١٩٧.



شینایەتی گریمانە دەکەن بونیادی چینایەتی پێوەستبێت بە سیستمی سیاسییەوە، بۆیە ڕوودانی شۆڕش لە یەکێکیاندا مانای شۆڕشە لەوەی تریشیاندا.

٤. بەگشتی لایەنگیرانی شیکردنەوەی چینایەتی لە ئاستی وەسفکردندا ڕاناوەستن، بەڵکو تێدەپەڕن بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوە.

٥. پێڕەوەکە قابیلی پیادەکردنە لە پانتاییەکی بەریندا، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەموو کۆمەڵگاکان دابەشدەبن بۆ چینەکان.

وێڕای ئەم لایەنە باشانە، پێڕەوی چینایەتی چەند لایەنێکی لاوازیشی هەیە، ڕەنگە گرنگترینیان ناڕوونی هزریی بێت بە نیسبەتی ئەو چەمکانەوە کە بەکاریان دەهێنێت، بۆ نمونە چەمکی چین خۆی هەندێجار وەك هاومانای چەمکەکانی گروپو دەستەبژێرو توێژ بەکاردەهێنرێت. وێڕای ئەوەش ئەو شێوازانەی تایبەتن بە شیکردنەوەی چینایەتی، هێشتا سەرەتایین لەبەر سێ هۆ[50]:

١. ئەو پشێوییە زۆرەی چوارچێوە هزرییەکەی داگرتووە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وردیی شێوازەکانی لێکۆڵینەوە.

٢. لایەنگیرانی ئەم پێڕەوە بانگەشە دەکەن کە چین پێوەستە بە چەمکەکانی پلەو پایەو دەسەڵاتو دەستڕۆییەوە، تا ئێستاش ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی کرداریی دیاریینەکراونو پێوانە نەکراون.

٣. بەکارهێنانی پێڕەوەکە پێویستی بە بڕێکی زۆر زانیاری هەیە، ئەمەش لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا دەستناکەوێت.

[50] J. Bill, class Analysis and the Challenge of Change, Comparative Political Studies, ٢, ١٩٦٩.

نەسکی پێنجەم

# تیۆریی سیستم

## System theory

## ڕێخۆشکردن

وەك ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەشبەشکردنی بێگیانی بوارە جیاجیاکانی زانین‌و ئەو لاوازییانەی لە پرۆسەکانی دان‌و وەرگرتنی نێوان ئەو بوارانەدا ڕوویداوە وێڕای دوفاقێتی‌و دووبارەکردنەوەی شتەکان، چەند ساڵێك لەمەوبەر جوڵانەوەیەکی هزریی‌و میتۆدی گشتی دەرکەوت کە هەردوکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. بناغەی ئەم جوڵانەوەیە لە تیوری گشتی سیستمدایە، کە ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ (ڤۆن بیرتا لانی) بایۆلۆجیست لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا. دوای جەنگی دووهەمی جیهان، چەند کۆنگرەیەك بەسترا‌و زانایانی پسپۆڕییە جیاجیاکان بەشدارییان تێدا کردو لەوێوە بیرکردنەوە لە تیوری سیستم وروژێنرا. لە ساڵی ١٩٥٦ دا کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە گشتییەکانی سیستم دامەزرا، کتێبی ساڵانەی یەکەمی خۆی دەرکرد، ئەوە وەك چوارچێوەی بنەڕەتی کارکردن لە بواری تیوری گشتی سیستمدا وەهابوو[٥١].

بانگەشەکەرانی ئەم تیورە لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە چەمکی سستم یەکەی سەرەکی شیکردنەوەیە. سیستمیشیان بەوە پێناسە کرد کە کۆمەڵێك ڕەگەزی پێوەستن‌و لەنێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن. بۆیە دەشێت هەموو دیاردەیەك وەك سیستم شیبکرێتەوە، واتە وەك گشتێکی پێکهاتوو لە چەند بەشێك کە هەریەکەیان بەوانیترەوە بەستراوەو کاریان تێدەکات‌و کاری تێدەکەن[٥٢].

[٥١] Oran Young, op. cit. pp. ١٤ـ١٥.

[٥٢] Robert Holt and John Richardson, “Competing Paradigms in Comparative Politics” in: Robert Holt and John Turner, eds. The Methodology of Comparative Research (New York: The Free Press, ١٩٧٠), pp. ٣٧ـ٣٨.



بانگەشەکەرانی ئەم میتۆدە، لەپاڵ چەمکی سیستمدا، چەند چەمکێکی دیکەشیان هەڵگرتەوە کە پەیوەندییان بە باقی سیستمە ئۆرگانی‌و سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی‌و...هتدەوە هەیە. دەتوانین ئەو چەمکانە لە سێ کۆمەڵەدا پۆلێن بکەین:

١. کۆمەڵێك چەمك کە لە بنچینەدا مۆرکێکی وەسفییانەیان هەیەو پێشنیاری چەند پۆلێنکارییەك بۆ سیستمەکان دەکەن‌و هێڵە درشتەکانی بونیادو جووڵەی سیستمەکان ڕوون دەکەنەوە. لە نمونەی ئەو چەمکانە:

أ. چەمکەکانی سیستمی داخراو و سیستمی کراوە، سیستمی ئۆرگانی‌و سیستمی نائۆرگانی.

ب. ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە ئاستە پلەپەیژەییەکانی سیستمەکانەوە هەیە، وەك لقە سیستم.

ج. ئەو چەمکانەی باس لە لایەنەکانی ڕێکخستنی ناوخۆیی سیستمەکان دەکەن، وەك چەمکەکانی تەواوکاری‌و پشتبەستنی ئاڵوگۆڕ.

د. ئەو چەمکانەی باس لە پێوەستبوونی سیستم بە ژینگەوە دەکەن، وەك سنور، تێهاویشتەو دەرهاویشتە.

٢. کۆمەڵێك چەمك کە تەرکیز دەکەنە سەر ڕەهەندی دینامییانەی سیستمەکان، واتە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سیستمدا دێن، ئەویش بەهۆی چەند پرۆسەیەکەوە کە لەناو خودی سیستمەکاندا ڕوودەدەن یان بەهۆی وەڵامدانەوە بۆ هەموارکردنی ڕەوشە ژینگەییەکان دەبن. نمونەی ئەم چەمکانە: سازان، فێربوون، گەشەکردن، پەککەوتن، قەیران، ئەرکی زیاتر، هەرەسهێنان.

باسی یەکەم

## تیوری سیستەم و شیکردنەوەی سیاسی

میتۆدی سیستەمی یەکێکە لە بەکارهێنراوترین میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی چالاکی سیاسی. چونکە زۆر زۆرن نوسینەکانی زانا ئەمریکییەکانی بواری زانستی سیاسی کە هەوڵیانداوە لە گۆشەنیگای سیستەمییەوە وەسفی ژیانی سیاسی بکەن و راڤەی بکەن. لەپاڵ ئەوەشدا هەندێك لە میتۆدە بەکارهێنراوەکانی بواری شیکردنەوەی سیاسی وەك میتۆدی بونیادی– وەزیفی، هەروەها میتۆدی پەیوەندی، ئەوانیش پشت دەبەستن بە هەندێك لەو وتەزایانەی لە تیوری سیستەمدا هەن، وەك دواتر دەیبینین.

بەپێی تیوری سیستەمەکان، چەمکی سیستەم بە یەکەی شیکردنەوە دادەنرێت. مەبەستیش لە سیستەم بریتیە لە کۆمەڵەی ئەو توخم یان بەشانەی لە رووی وەزیفییەوە لەنێوان خۆیانداو بەشێوەیەکی رێکوپێك پێوەستن بەیەکترییەوە، ئەویش بەو کارلێك و پشتبەیەکتریبەستنە ئاڵوگۆڕەی لەنێوانیاندا هەیە (گۆڕانکاریی لە توخمێك یان بەشێکدا، کاردەکاتە سەر باقی توخمەکان یان بەشەکانی تر) بەم مانایە دەشێت لێکۆڵینەوە لە ژیانی سیاسی بکرێت وەك ئەوەی سیستەمێك بێت، چونکە ئەو کارلێکە سیاسییانەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا روودەدەن، سیستەمێکی رەفتار پێکدەهێنن.



ئەم تێڕوانینە بۆ چەمکی سیستەمی سیاسی، پێویستی بە خستنەڕووی ئەم خاڵانەی خوارەوە هەیە[٥٣]:

١. سنورەکانی سیستەم: مانای ئەمە ئەوەیە کە هەموو سیستەمێکی سیاسی لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات و لە خاڵێکی تردا کۆتایی دێت. سیستەم لە بۆشاییدا نیە، بەڵکو لەناو ژینگەیەکی (جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییدایە). چەند سنورێك هەیە لەنێوان سیستەمی سیاسی و ژینگەدا، بە لایەنە جیاجیاکانییەوە. بەڵام دەشێت باس لە بوونی چەند سنورێك بکرێت کە داننان بە بوونی کارتێکردن و کارتێکران رەتناکەنەوە.

٢. مانەوەی سیستەم: یەکێك لە بایەخدانە بنەڕەتییەکانی میتۆدی سیستەم بریتیە لە لێکدانەوەی ئەوەی لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا سیستەمی سیاسی چۆن پارێزگاریی مانەوەی خۆی دەکات. لێرەدا تەرکیز دەکرێتە سەر هۆیەکانی سەقامگیری یان ناسەقامگیری سیستەمی سیاسی. هەموو سیستەمێکی سیاسی رووبەڕووی داواکاریی و هەڕەشە دەبێتەوە، پێویستە لەسەر بەشێوەك وەڵامیان بداتەوە کە بەردەوامبوون و مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات.

٣. ریزبەندی: سیستەمی سیاسی بەستراوە بە توانای گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی کە زامنی ئەوە دەکەن داهات و سەرچاوەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەك دابەشبکرێت کە فەرمانڕەواییکراوەکان رازی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی حاڵەتی پشێویی و شڵەقانی رەوشەکە روونەدات.

٤. سازان: بەواتای توانستی سیستەمی سیاسی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە کردەیی و پێشبینیکراوەکانی ناو ژینگەدا.

---

[٥٣] William Welsh, Studying Politics, (New York: Praeger Publishers, Inc. ١٩٧٣) pp. ٦٥-٨٧.

٥. بەدیهێنانی ئامانجەکان: یەکێك لە دیارترین بایەخدانەکانی شیکردنەوەی سیستمی، بریتیە لە پیشاندانی ئەوەی سیستمی سیاسی چۆن ئامانجەکانی خۆی دیاریدەکات و چۆن تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانیان.

باسی دووهەم

## دەیڤید ئیستۆن‌و نمونەی تێهاویشتەو دەرهاویشتەکان

ئیستۆن بە پێشەنگی شیکردنەوەی سیستەمی دادەنرێت، ئەو پێناسەی سیستەمی سیاسی کردووە بەوەی بریتیە لەو کارلێکانەی لەناو کۆمەڵگادا روودەدەن‌و لە توێیانەوە سامانە دەگمەنەکان (بەهاکان) بەشێوەیەکی دەسەڵاتییانە دابەشدەکرێن. وەزیفەی سەرەکی سیستەمی سیاسی بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵاتیانەی بەهاکان لە کۆمەڵگادا، واتە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە پابەندکەرەکان، ئەو بڕیارانەی کە شتێك دەبەخشن‌و شتێکی دیکە قەدەغە دەکەن، ئەمەش پێیدەوترێت تەرخانکردن. تەرخانکردنیش دەسەڵاتییانە دەبێت ئەگەر پاڵنەری ترس لە دەسەڵات یان بەرژەوەندی تایبەت یاخود باوەڕبوون بە شەرعییەتی سیستەم، هۆی گوێڕایەڵی تاکەکان بێت بۆ بڕیارەکان.

ئیستۆن چوارچێوەیەکی بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی پێشکەشکرد، تێیدا بازنەیەکی تەواو هەیە کە مۆرکێکی دینامییانەی هەیەو بە تێهاویشتەکان دەستپێدەکات‌و بە دەرهاویشتەکان کۆتایی دێت، لەگەڵ پرۆسەی فید باك کە تێهاویشتەو دەرهاویشتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.



بەمجۆرە سیستەمی سیاسی لای ئیستۆن لەم توخمانەی خوارەوە پێکدێت[٥٤]:

١. تێهاویشتەکان: بریتین لەو فشارو کاریگەرییانەی کە سیستەمی سیاسی رووبەڕوویان دەبێتەوەو پاڵی پێوە دەنێن بۆ چالاکی‌و جووڵە. ئەم تێهاویشتانە لە ژینگەو ناو خودی سیستەمەکەشەوە هەڵدەقوڵێن. هەموو سیستەمێك کراوەیە بۆ وەرگرتنی کاریگەرییەکانی ئەو ژینگەیەی تێیدا دامەزراوە. رودانی قەیرانێکی ئابوری یان وەرچەرخانێك لە بونیادی چینایەتی یاخود گۆڕانکاریی لە بەها کەلتورییەکاندا کاردەکەنە سەر سیستەمی سیاسی. لەپاڵ ئەو کاریگەریانەدا کە لە ژینگەی ناوەکییەوە هەڵدەقوڵێن، چەند کاریگەرییەکیش هەیە کە لە ژینگەی دەرەکییەوە دێن (گەمارۆی ئابوری، داگیرکردنی سەربازی، یارمەتی...هتد).

ئیستۆن تێهاویشتەکانی کردووە بە دوو بەشەوە:

أ. داواکارییەکان: رەنگە داواکاریی تایبەت بن یان گشتی. لە بەرنامەیەکی سادەداو لە رێگای گروپەکانی بەرژەوەندی‌و پارتە سیاسییەکان‌و سەرکردەکانی رای گشتی‌و میدیاوە کریستاڵە دەکرێن‌و گوزارشتیان لێدەکرێت. کە ئەمەش کرا، ئەوسا سیستەمی سیاسی دەتوانێت بەشێوەیەکی کاراتر وەڵامیان بداتەوە. چەند شتێك کاردەکەنە سەر قەبارەو چەشنی داواکارییەکان، وەك بەرزی‌و نزمی توانستەکانی هاوڵاتییان لە گەیشتنیاندا بە دەزگای دروستکردنی بڕیار، ئەمەش پێوەستە بە سامان‌و دەسترۆیی‌و پلەو پایەوە. سیستم ناتوانێت وەڵامی هەموو داواکارییەکان بداتەوە، چونکە ئەو داهاتانەی لەبەردەستیدایە دەگمەنن، بەڵام بە

٥٤ David Easton, A systems Analysis of Political life (New York: John Wiley and Sons, ١٩٦٥).

زۆریی وەڵامی داواکاریی دەوڵەمەندان‌و دەستڕۆیشتووەکان دەداتەوە، ئەوانەی کە سەرچاوەیەکی گرنگی لایەنگیریکردنی سیستمن.

ب. پشتیوانی: بەردەوامیی سیستم پشتدەبەستێت بە زامنکردنی نزمترین ئاستی دڵبەندی‌و پشتیوانی. ئەگەر پشتیوانی لە نزمترین ئاست دابەزی، ئەوا سیستمەکە دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئیستۆن باس لە دوو جۆر پشتیوانی دەکات:

- هەموو سیستمێك تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرزی لایەنگیری گشتی بەدەستبهێنێت، بەشێوەیەك ئەوانە بەردەوام بن لەسەر دڵبەندی بۆ سیستمەکە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو سوودە مادی‌و مینۆکییانەی لێی وەردەگرن. ئەم دڵبەندییە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردەکردنی سیاسییە کە جەختدەکاتە سەر ماناکانی نیشتمانپەروەرێتی‌و دڵبەندی بۆ سەرکردایەتی‌و دەستورو دەوڵەت. لایەنگیریی گشتی وەك چەند بناغەیەك وەهان کە سیستم پشتیان پێدەبەستێت بۆ ئەندامدانی پرۆسەی تەرخانکردنی دەسەڵاتییانەی بەهاکان.

- پشتیوانی تایبەتی: بریتیە لەو پشتیوانییەی سیستم بەدەستیدەهێنێت لە بەرامبەری ئەو کەڵکانە تایبەتییانەدا کە پێشکەشی ئەندامەکانی خۆی دەکات. ئەویش بریتیە لەو ڕەزامەندییەی کە تاك هەستیپێدەکات کاتێك هەستدەکات داواکارییەکانی جێبەجێکراون.

٢. پرۆسەی گۆڕین: ئاماژە دەکات بۆ جێکردنەوەی داواکارییەکان لە بونیادەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردندا. پێش ئەوەی داواکارییەکان لە شێوەی دەرهاویشتەکاندا بکەونەوە روو، لە ناو بونیادەکانی سیستمدا بە پرۆسەیەکی گۆڕانی دوورو درێژدا تێدەپەڕن. وەرچەرخاندن وەکو پرۆسەی لەبێژینگدان



وەهایە. بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لە گەلێك داواکاریی دەکرێت، بەڵام تەنها ژمارەیەکی کەمیان دەگۆڕێن بۆ بڕیار.

٣. دەرهاویشتەکان: ئەمانە بریتین لە وەڵامدانەوەی سیستم بۆ داواکارییە کردەییەکان یان پێشبینیکراوەکان. بە واتایەکی تر بریتین لەو سیاسەت‌و بڕیارانەی کە پەیوەندییان هەیە بە دابەشکردنی دەسەڵاتییانەی سامانەکانەوە. لەوانەیە دەرهاویشتەکان بە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە بن:

- ئەرێ: دەسەڵات لە ڕێگەی جێبەجێکردنی داواکارییەکانەوە هەوڵ دەدات ژینگە یان سیستمی سیاسی هەموار بکات.
- هێمایی: وەکو بەڵێنەکان‌و مانۆڕە سەربازییەکان‌و بڵاوکردنەوەی هەستی ترس لە بوونی هەڕەشەیەکی دەرەکی یان دابەشبوونێکی ناوەکی.
- نەرێ: دەسەڵات پەنا دەباتە بەر تۆقاندن‌و ناچارکردن بۆ ئەوەی بتوانێت سیستمی سیاسی بپارێزێت.

٤. فیدباك (دانەوە): ئاماژەیە بۆ بەرێکەوتنی زانیارییەکان لە ژینگەوە بۆ سیستمی سیاسی دەربارەی ئەنجامی کردەوەکانی (واتە ئەو شوێنەوارانەی بڕیارو سیاسەتەکانی جێیانهێشتووە). بەم مانایە فید باك لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا تێهاویشتەکان دەبەستێتەوە بە دەرهاویشتەکانەوە: دەرهاویشتەکان وەك کاردانەوەی تێهاویشتەکان وەهان، دەشکەونە ژێر کاریگەریی تێهاویشتەکانەوە.

گرنگیی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە کە بۆ مانەوەی سیستم پێویستە. چونکە لەسەر بنەمای ئاگاداربوون لەوەی بە نیسبەتی تێهاویشتەکانەوە روویداوەو روودەدات، دەسەڵات دەتوانێت وەڵامبداتەوە، جا چ بە بەردەوامبوون لەسەر ڕەفتاری پێشووی، یاخود هەموارکردنی، یان دەسبەرداربوونی. فیدباکی کارا ئەوەیە کە هەتا بڵێیت وردەو کەمترین دواکەوتنی تێدایەو زامنی وەڵامدانەوەی

کارا دەکات... لە حاڵەتی نەبوونی فیدباکدا، بوونی سیستمەکە دەکەوێتە مەترسییەوە.

باسی سێهەم

## هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەی سیستمی

لایەنگیرانی ئەم میتۆدە چەندین خاسیەتی باش دەدەنە پاڵی، گرنگترینیان[٥٥]:

١. هێنانی چەندین چەمکی نوێ بۆ ناو نەریتەکانی شیکردنەوەی سیاسی.

٢. دەرخستنی سروشتی دینامییانە یان جوڵەییانەی سیستمی سیاسی، ئەویش لەتوێی جەختکردنە سەر کارلێکی نێوان سیستمو ژینگە، هەروەها کارلێکی نێوان بەشە جیاجیاکانی سیستم.

٣. یارمەتیدانی لێکۆڵەر لە کۆکردنەوەو پۆلاندنی زانیارییەکانو خستنەڕووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان.

٤. سەرنجڕاکێشان بۆ چەند گرفتێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە، وەك: ئامانجەکانی سیستمی سیاسی چین؟ ئەو یەکانە کامانەن کە سیستم پێکدەهێنن؟ سیستم چۆن لەگەڵ ژینگەدا کارلێك دەکات؟ یەکەکانی سیستم چۆن لەگەڵ یەکترییدا کارلێك دەکەن؟ سیستم چۆن پارێزگاریی لەخۆی دەکات؟

لەبەرامبەری ئەم خەسڵەتانەدا، ئەم ڕەخنانەی خوارەوەشی لێدەگیرێت[٥٦]:

١. بایەخدانێکی زێدەڕۆ دەدات بە سەقامگیریی سیستم. سەقامگیریی بەهای باڵا یان نمونەی باڵای ڕەفتاری سیستمە. ئەم سەقامگیرییە مانای چەقبەستنو ڕاوەستان نیە، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانی ڕێکوپێك هەیە کە بەسەر ژینگە یان

[٥٥] Oran Young, op. cit, pp. ٢٠ـ٢٤.

[٥٦] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit, pp. ١١٢ـ١١٣ and Oran Young, op. cit, pp. ٢٤ـ٢٦.



خودی سیستمەکەدا دێت وەك وەڵامدانەوەی داواکارییەکان، بەڵام گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە کە گۆڕانی سەرانسەریی سیستمی سیاسی دەگرێتە خۆیو لە تیوری سیستمەکاندا جێگەی نەکراوەتەوە. کەواتە تیورەکە بە سروشتی خۆی تیورەکی پارێزکارەو لایەنگیری ئەو ڕەوشەیە کە ئێستا هەیە، بەوەش بەکەڵکی ئەوە نایەت لە کاتی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەدا سیستمی سیاسی پێ بخوێندرێتەوە.

٢. چوارچێوەکەی ئیستۆن ئاستێکی بەرزی ئەبستراکتکردنی تێدایە، توخمەکانی زۆر بە جوانی دیارینەکراون، ئەمەش دەرفەتەکانی بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوەی سیاسی بەراوردکاردا کەمدەکاتەوە. ئەوەش بەستراوە بە ناڕەحەتی دانانی گریمانەکان، ئەوانەی قابیلی تاقیکردنەوەن. بۆ نمونە لەوانەیە گریمانە بکەین کە تێهاویشتەکان کاردەکەنە سەر دەرهاویشتەکان، بەڵام ئەم گریمانەیە ئەوەندە کاڵوکرچو تەژمە، کە مەحاڵە بتوانین لە دروستییەکەی دڵنیا ببین.

٣. هەروەها ڕەخنەی ئەوەش لە نمونەکەی ئیستۆن دەگیرێت کە بە پەلەو بەشێوەیەکی تەژم توخمی "گۆڕان" ی وەرگرتووە، ئەوە بەوەندەوە وەستاوە کە بڵێت ئەم پرۆسەیە لەناو بونیادەکانی سیستمدا ڕوودەدات بێ ئەوەی چییەتی ئەو بونیادانەو قورسایی ڕێژەیی هەریەکێکیانو ئەو کارلێکانەش ڕوونبکاتەوە کە لەناویاندا ڕوودەدات. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت کە پاڵی بە هەندێکەوە ناوە نمونەکەی ئیستۆن ناوبنێت سندوقە تاریکەکە یان ڕەشەکە.

## بەشی شەشەم

# تیۆری بونیادی .. وەزیفی

## Structural-Functional Theory

# ڕێخۆشکردن

زانایانی کۆمەڵناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی واقیعێکی بابەتییەو قابیلی درکپێکردنە، ئەگەرچی لەسەر سەرچاوەکانو شێوەکانی درکپێکردنی کۆك نین. دان بەوەشدا دەنێن کە پێویستە ڕەوتێکی گشتی زانین هەبێت تا هانای بۆ بەرن بۆ تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی لایەنە جیاجیاکانی واقیعی کۆمەڵایەتی. کەواتە شتێکی سەیر نیەکە لەناو ئەوانەدا کەسانێك ببینین کە خۆیان خەریك کردووە بە کێشانی چوارچێوە تیورە گشتییەکان، کە بەراستی چوارچێوەی وەزیفیینو لە هەموو چوارچێوەکانی دیکەش زیاتر تەشەنەیان کردووە.

ئەم نەسکە بە ڕانانی ڕیشەو زتەزاکانی وەزیفییەت دەستپێدەکات، بەوشێوەیەی لایەنگیرەکانی لە هەردوو بواری ئەنترۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسیدا خستویانەتە ڕوو. پاشان نەسکەکە بە گفتوگۆکردنێکی ڕەخنەیی دەربارەی وەزیفییەت کۆتایی دێت، لە ڕووی سازگاریی تیورەوە، بە تایبەتی لە گۆشەی بەکەڵکهاتووییەوە وەك چوارچێوەیەکی میتۆدی بۆ دەستبردن بۆ سیاسەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم.

باسی یەکەم

## ڕەگوڕیشەو وتەزاکانی وەزیفییەت

لە ئەسڵدا گۆشەنیگای وەزیفی، سەر بە زانستی بایۆلۆجیایە کە وەها لە وەزیفە تێگەیشتووە کە پرۆسەیەکە یان چالاکییەکە بەشدارییدەکات لە مانەوەی بوونەوەری زیندوودا. چەمکی وەزیفە لەسەر دەستی هەندێك لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا، بە تایبەتی رادکلیف براونو مالینۆفسکی، هاتۆتە ناو بازنەی کۆمەڵناسییەوە. ئەوانە خۆیان تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا عەشایەرییەکانو لە ڕۆڵی سروتەکانو ئەفسونو ئایین لە تەواوکارییو ئاوێتەکردنی ئەو کۆمەڵگایانەدا وردبوونەتەوە. پێیانوابووە مرۆڤەکان بە تۆڕێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە پەیوەستن، هەر چالاکییەکیش وەزیفەیەك یان ڕۆڵێکی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەواتای ئەوەی لەپاڵ چالاکییەکانی دیکەدا، بەشدارییدەکات لە بەردەوامبوونی جەستەی کۆمەڵایەتیدا[٥٧].

زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی، پارسۆنز، چوارچێوەیەکی وەزیفییانەی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای مرۆیی. خاڵی دەسپێکی ئەو ئەوەیە هەر بەشێکی کۆمەڵگا وەربگرین، دەتوانین لە ڕەوتی گشتدا لێی تێبگەین. ئەم شتە وەك کۆنتێکست یان سیستم وەهایە. ئەو وەها سەیری کۆمەڵگای کردووە کە یەك کۆنتێکستی بەناویەکداچووەو لەرووی وەزیفییەوە پاڵپشتی یەکتریی دەکەن.

[٥٧] Radcliffe Brown. Structure and Function in Primitive Society, London, Cohen and West, ١٩٥٢, p. ١٧٨. and Robert Merton, Social Theory and Social Structure, New York, Free Press, ١٩٥٧, p. ٢٢.



سەقامگیریی و بەردەوامبوونی لەسەر تێرکردنی پێداویستییەکانی لە تویێی دامەزراوەکانی ناوییەوە راوەستاوە. پارسۆنز پێداویستییە وەزیفییەکانی کۆمەڵگاشی دیاریکردووە بە سازان، بەدیهێنانی ئامانج، پاراستنی تەرزو تەواوکاریی[٥٨].

مەبەستیشی لە سازان بریتییە لە زیادبوونی توانستی کۆنتێکستەکە بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ژینگە. ئەم وەزیفەیە ئابوری رایدەپەڕێنێت بەو حسێبەی لقە کۆنتێکستێکە لەناو کۆمەڵگادا. بەدیهێنانی ئامانجیش بریتییە لە ڕێکخستنی کردەی ئەندامانو یەکەکانی کۆمەڵگا بۆ هێنانەکایەی پەیوەندی ئارەزووکراو لەنێوان کۆنتێکستو ژینگەدا کە سەرەنجام بەرەو ئەنجامدانی ئەو ئامانجانە بڕوات کە کۆنتێکستەکە بۆخۆی دیاریی کردوون. دەزگای دەوڵەت ئەم وەزیفەیە دەبینێت، چونکە ئەو خاوەنی دەسەڵاتی ئامادەکردنی سامانە مادییەکانی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. بەڵام مەبەست لە وەزیفەی پاراستنی تەرز، ئەوەیە ئەندامانی کۆنتێکستەکە پرەنسیپەکانیو بەهاکانی پەسەند بکەنو ئەو ڕۆڵانە ببینن کە پێیان سپێردراوە، ئەویش لەچوارچێوەی پابەندبوون بەو ئایدیاو بەهایانەوە. خێزان بە یەکەمین لقە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە ئەم وەزیفەیە بە ئەنجام بگەیەنێت. مەبەستی پارسۆنز لە ئاوێتەبوون بریتییە لە خوڵقاندنی ئاستێك لە هاوکاری لە نێوان یەکەکانی کۆنتێکستەکەدا کە بواری کارکردنی بۆ بڕەخسێنێت. ئەم هاوکارییەش لە ڕێگای میکانیزمەکانی ناچارکردنەوە بەدیدێت کە لەبەردەستی دەوڵەتدا هەن، هەروەها میکانیزمەکانی قایلکردن کە لای کەنیسەو خێزانن، ئەمانە کۆمەڵێك میکانیزمن کە بەو بەهاو باوەڕانەی لایانە تەواوکاریی کۆمەڵایەتی دەچەسپێنن.

[٥٨] بۆ گەڕانەوە بۆ سەر وردەکارییەکانی هزری پارسۆنز، دەتوانن سەیری کتێبی Parsons, The Social System, Glencoe, Free Press, ١٩٥١ بکەن.

پارسۆنز لەپاڵ ئەوەدا کە وەسفی وەزیفەکانی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی دەکات، باسی ئەو شتەش دەکات کە خۆی ناویناوە "گۆڕاوەکانی تەرز" کە پشتی پێیان بەستووە بۆ وەسفکردنو پۆلێنکردنو بەراوردکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان: لەمبارەیەشەوە باس لە پێنج جووت لە گۆڕاوەکان دەکات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرنە خۆیانو ئاڕاستەیان دەکەن:

(سۆزداریی/ بێلایەنی)، (داگیرکردن/ ئەنجامدان)، (تایبەتمەندێتی / گشتێتی)، (سنوردارکردن / بڵاوبوونەوە)، (ئاڕاستەی بەرەو خود/ ئاڕاستەی دەستەجەمی). پارسۆنز لاف ئەوە لێدەدات کە سەقامگیریی سیستمی کۆمەڵایەتی – کە ئایدیای باڵای ئەوە – بەستراوە بە بوونی سیستمێك لە بەها هاوبەشەکانەوە یان زەمینەیەك لە کۆکبوونی بەهایی لەنێوان بەشەکانیدا.

وەلێ گەرچی مەسەلەی مانەوەو بەردەوامبوونی سیستمی کۆمەڵایەتی، بایەخی سەرەکی پارسۆنزە، بەڵام لە مەسەلەی گۆڕان دووری نەخستۆتەوە. چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی نە راوەستانی بەخۆیەوە بینیوەو نە دەشیبینێت. بەڵکو هەمیشە لە هەڵکشانو داکشاندایەو دووچاری کرژیو ململانێ دەبێت. بەڵام تێڕوانینی پارسۆنز بۆ گۆڕان جیا نیە لە بایەخدانی بە سەقامگیریی کۆنتێکستەکە. پاشان دەیبنین باس لە "گۆڕانی رێکخراو" دەکات.

هەندێك زۆر بە توندی رەخنەیان لەم داڕشتە پارسۆنزییە بۆ زەیفەیی گرتووەو تۆمەتی پارێزکاریو ئیستاتیکیو ناواقیعیبوونیان دایە پاڵی. ئەمەش وای لە رۆبێرت میرتۆن، کرد، کە تیوریستێکی وەزیفی دیکەیە، لە هەوڵێکی نوێدا بۆ خۆڕزگارکردن لە تۆمەتی "چەسپاندنی رەوشی ئێستا" دژی تیوری وەزیفەیی،



پێشنیاری چەند رێچکەیەکی نوێ بکات. بەشداریکردنەکەی میرتۆن لە دوو مەسەلەدا کورت دەبێتەوە[٥٩]:

یەکەم: جیاکاریی لە نێوان وەزیفە بەرچاوەکان (واتە ئەو کاریگەرییە راستەوخۆیانەی تاکەکان پێشبینی دەکەن رووبدەن)و وەزیفە شاراوەکاندا (واتە ئەنجامە رووکەشییەکان) بکرێت.

دووهەم: جیاکارییکردن لە نێوان وەزیفەکان (ئەو ئەنجامانەی هاوسەنگیو سازانی کۆنتێکستەکە بەدیدەهێنن) لەگەڵ قۆرتە وەزیفییەکاندا (ئەو ئەنجامانەی لە سازانو هاوسەنگی کۆنتێکستەکە کەمدەکەنەوە) ئەمیش یان دیار دەبێت یان شاراوە.

ئەم رانانەی پێشەوە – کە زۆر چڕو پڕیشە– بۆ دیدو هزرەکانی نێودارترین بانگەشەکەرانی شیکردنەوەی وەزیفی لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا، دەستمان دەخاتە سەر وتەزاکانی تیوری وەزیفی[٦٠]:

١. کرۆکی لێکدانەوەی وەزیفی بریتیە لە لێکۆڵینەوەی چالاکی یان کۆمەڵەی ئەو چالاکییانەی پێویستن بۆ بەردەوامبوونی ئەو سیستمەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. جەستەی مرۆیی پێهاتووە لە کۆمەڵێك دەزگا کە هەموویان پێکەوە هاوکاری دەکەن لە ئەنجامدانی ئەو وەزیفانەدا کە بۆ مانەوەی پێویستن، ئەگەر یەکێکیان نەیتوانی رۆڵی خۆی ببینێت، ئەوە جەستەی مرۆ لاسەنگ دەبێتو مانای ئەمەش بە سادەیی ئەوەیە کە هیچ دەزگایەك بە تەنها بایەخێکی ئەوتۆی نیە، بەڵکو بایەخی خۆی لە بەجێگەیاندنی وەزیفەیەك یان چەند وەزیفەیەکی

---

[٥٩] Robert Merton, op. cit, p. ١٠٥.

[٦٠] Radcliffe Brown, "On the Concept of Function in Social Science" American Anthropologist, ٣٧, ١٩٣٥, pp. ٣٩٥–٣٩٧; Robert Merton, op. cit, pp. ٢٥–٢٦, ٣٠–٨. and Carl Hempel, "The Logic of Functional Analysis" in Liewellyn Gross, ed. Symposium on Sociological Theory, New York, Harper and Row, ١٩٥٩, p. ٢٧٨.

پێویستەوە بۆ ژیانی مرۆڤ وەردەگرێت. هەمان لۆجیك بەسەر كۆمەڵگاشدا پیادە دەبێت، ئەویش نەسەقێكی كۆمەڵایەتییەو چەند لقە نەسەقێكی تێدایەو هەریەكەیان وەزیفەیەك یان چەند وەزیفەیەكی دیاریكراو بەجێدەگەیەنێت. ئەم پێكهاتانە لە رووی وەزیفییەوە باوەشدەكەن بە یەكترییداو پشتیوانی یەكتریی دەكەن لە پێناوی پاراستنی هاوسەنگی "پێكهاتەی دایك" ئەو دەزگایانە پێكەوە كاردەكەن‌و هیچ كرژییەك یان ململانێیەكی توندی وەها ناخوڵقێنن كە چارەسەریان نەكرێت یان رێكنەخرێنەوە.

٢. هەمیشە سیستمە كۆمەڵایەتییەكان بەرەو هاوسەنگی‌و سەقامگیریی ملدەنێن، ئەویش لەتوێی میكانیزمەكانی سازانەوە كە تێیدا هەن. راستە سیستم لە كرژی‌و ململانێ بەدوور نیە. وەلێ خاوەنی چەند میكانیزمێكیشە بۆ چارەسەركردنی ململانێ‌و رزگاربوون لە كرژی‌و سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ حاڵەتی هاوسەنگی. ئەگەر گۆڕانكاریی بەسەر یەكێك لە دەزگاكانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا هات یان كاركردنی وەزیفییانە نەبوو، ئەوە حاڵەتێك لە هاوسەنگی بەسەردا دێت‌و هەوڵدەدات خۆی رزگار بكات لێی‌و بگەڕێتەوە بۆ رەوشی هاوسەنگی چ بە گۆڕینی تەرزی ئەداكەی یان هانابردن بۆ میكانیزمێكی رێكخستن. كەوایە، سەیر نیە وەزیفییەكان دان بە گۆڕانكاریی ناكاوی شۆڕگێڕانەدا نەنێن‌و گۆڕان لە بۆچوونی ئەواندا سروشتێكی پلەبەپلەی هەبێت‌و هاومانای خۆگونجاندن‌و راهاتن بێت. سەرچاوەی گۆڕان لای ئەوان جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەكان یان جەماوەرییەكان نیە، بەڵكو بریتیە لە نوێكردنەوەو داهێنان لە لایەنی تاكەكان یان گروپەكانی ناو كۆمەڵگاوە. بۆیە، ململانێی چینایەتی كە ئامانجی نەهێشتنی ناكۆكییە كۆمەڵایەتییەكان‌و گۆڕینی كۆمەڵگایە لە ریشەوە، لای وەزیفی بەهیچ شێوەیەك سەرچاوەیەكی گونجاوی گۆڕان نیە.



٣. كرۆكی تەواوكاریی كۆمەڵایەتی لە رێكەوتن یان رەزامەندی پێوانەییدایە، هەر پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی لەسەر كۆمەڵێك پرەنسیپ‌و ئامانج‌و ئایدیا دامەزراوە كە زۆربەی ئەندامەكانی پەسەندیان دەكەن‌و پابەندیان دەبن.

٤. وەزیفییەكان بانگەشە دەكەن كە بەردەوامیی هەر لقە پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی – تەنانەت ئەگەر لەسەر ستەم‌و رەتاندن‌و چەوساندنەوەش دامەزرابێت – بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆ كۆمەڵگا بەسودە. بۆ نمونە گەندەڵی، لقە پێكهاتەیەكی وەزیفییە بەشداریی دەكات لە سەقامگیریی سیستمە كۆمەڵایەتییە گەورەترەكەدا.

باسی دووهەم

## گابریل ئەلمۆندو شیکردنەوەی وەزیفییانەی سیستمە سیاسییەکان

زۆرێك لە زانا ئەمریکییەکانی سیاسەتو لە پێشیانەوە گابریل ئەلمۆند، لەژێر کاریگەریی پارسۆنزو ئەوانیتردا، چوارچێوەیەکی وەزیفییان پێشکەشکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی سیستمە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهاندا، ئیتر ئایدیۆلۆجیاکانیان هەرچی بێت یان چ رەوشێکی کۆمەڵایەتیو ئابوورییان هەبێت, ئەوان لە نمونەکەی پارسۆنزەوە دەستیانپێکردووەوە پەرەیان پێداوە، بەهۆی ئەوانەوە شەپۆلی وەزیفی بووە بە دەرکەوتووترین شەپۆلی تیوری نەك لەچوارچێوەی زانسی سیاسەتی بەراوردکاردا، بەڵکو لە چواچێوەی سیاسەتدا بەشێوەیەکی گشتی.

ئەلمۆند پێناسەی سیستمی سیاسی دەکات بەوەی "سیستمی کارلێکەکانی ناو هەموو کۆمەڵگا سەربەخۆکانە، کە پەیوەندی بە هەردوو وەزیفەی تەواوکاریو سازانی ناوخۆوە هەیە (واتە لەچوارچێوەی کۆمەڵگادا) هەروەها لە دەرەوەش (واتە لەنێوان کۆمەڵگاو کۆمەڵگاکانی تردا) لە رێگای بەکارهێنانی کردەییانە یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی ناچارکردنی ماددییانەی مەشروعەوە"[٦١].

ئەم پێناسەیە – کە کاریگەریی پارسۆنز راشکاوانە پەرچدەکاتەوە– ئەلمۆندی گەیاندە ئەندێشەکردنی چەند رەگەزێکی دیاریکراوی چەمکی سیستمی سیاسی:

[٦١] G. Almond, "A Functional Approach to Comparative Politics" in G. Almond and J. Coleman, eds. Politics of the Developing Areas, New Jersey, Princeton University Press, ١٩٦٠, p. ٧.



گشتگیری، پشتبەستی ئاڵوگۆڕ، سنورەکان. مەبەستی لە گشتگیریی ئەوەیە کە سیستمی سیاسی هەموو وەزیفە پێوەستەکان بۆ مانەوەی خۆی، ئەوانەی پەیوەندییان بە ناچارکردنی ماددییانەی مەشروعەوە هەیە، دەگرێتە خۆ. بونیادی سیستمەکە لە دەزگا سیاسییەکان تێدەپەڕێت (حکومەت بەهەرسێ لقەکە سوننەتییەکەیەوە، حیزبەکانو گروپەکانی بەرژەوەندی) بەرەو چەند بونیادێکی دیکە کە رۆڵێکیان هەیە لە ژیانی سیاسیدا، وەك پێکهاتە خزمایەتییەکان، پێکهاتەی ئابوری، پێکهاتەی بەهاو ئاڕاستەکان، چینەکان، تایفە ئاینییەکان...هتد. پشتبەستنی ئاڵوگۆڕیش مانای ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانەی بەشێك یان چەند بونیادێکی سیستمی سیاسی دەگرێتەوە کە لە ژێر کاریگەریی سیستمەکەدا وەك گشت. چەمکی سنوریش بەشێوەیەکی مەجازی بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو کارلێکانەی لە نێوان سیستمی سیاسیو سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەن. ئەمانە چەند خاڵێکی ئەندێشەیی یان گریمانەیین کە سیستمە ناسیاسییەکان لەوێدا کۆتاییان دێتو سیستمی سیاسی دەستپێدەکات. سیستمی سیاسی پێکهاتووە لەو هاوڵاتییانەی لەگەڵ یاسادانەرو ئیدارییەکانو دادوەرەکانو...هتدا کارێکدەکەن. هەمان ئەو تاکانەش کە لە سیستمی سیاسیدا رۆڵ دەبینن، ئەوانیش ئەندامن لە خێزانەکانو گروپە ئاینییەکانو رێکخراوە خۆبەخشە جیاجیاکاندا. کاتێك دەنگدەر دەڕوات بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بدات، ئەوە لە رۆڵێکی ناسیاسییەوە دەگوێزێتەوە بۆ رۆڵێکی سیاسی، واتە سنورەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی دەبڕێت بەرەو سیستمی کۆمەڵایەتی، بە مانایەکی بابەتی (جێهێشتنی ماڵ یان کێڵگە یان کارگە بەشێوەیەکی کاتیو رۆیشتن بەرەو سندوقی دەنگدان) بە مانایەکی خودیش (سیفەتە تایبەتییەکان کاریگەریی لەسەر بڕیار دادەنێن، ئەویش بە دەنگدان بۆ پاڵێوراوێکی دیاریکراو). ئەمەش واتە سنورەکان تەنها بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە دانراون، چونکە لە رووی کردارییەوە بوونیان نیە. چونکە واقعی

کۆمەڵایەتی جیاکردنەوەی بێسەروبەرەی نێوان سیستمی سیاسی و باقی سیستمە کۆمەڵگاییەکانی دیکە ناناسێت[٦٢].

ئەلمۆند پێیوایە بوونی چەندین خەسڵەتی خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو سیستمە سیاسییەکاندا هەیە. هەر سیستمێکی سیاسی بگرین، دەبینین چەندین بونیاد لەخۆ دەگرێت. دەشێت بەپێی مەودای ئاڵۆزیی بونیادی سیاسی و مەودای جیایی دەزگا سیاسییەکان، سیستمەکان بەراورد بکەین. هەموو سیستمە سیاسییەکان لایەنی دێرین و لایەنی مۆدێرنیان هەیە، بە واتای ئەوەی هیچ بونیادو کەلتورێك نیە بە تەواوەتی نوێ بێت، یاخود هیچ بونیادو کەلتورێك نیە بە تەواوەتی کۆنینە بێت. سیستمە سیاسییەکان بەپێی مەودای زاڵبوونی رەگەزە مۆدێرنەکان یان کۆنینەکانی ناویان لە یەکتریی جیادەکرێنەوە. بە نزیکەیی، وەزیفەی هەموو سیستمە سیاسییەکان هەر هەمان وەزیفەیە، گەرچی ئەو دەزگایانەی ئەو وەزیفانە وەئەستۆ دەگرن، بە پێی کات و شوێنەکان جیاوازیش بن. لەپاڵ ئەوەشدا بونیادە سیاسییەکان فرەوەزیفەن، چونکە هەمان بونیاد زیاتر لە وەزیفەیەکی هەیە. لە کۆتاییدا، هەموو سیستمە سیاسییەکان بەرەو پاراستنی خۆیان مل دەنێن، سیستم لە چەند دامەزراوەیەك پێکدێت و چەندین مومارەسەی هەیە، ئەمەش وای لێدەکات بتوانێت لە زەمانەدا بەردەوامی هەبێت[٦٣].

ئێستا دێینە سەر بەشداریکردنە راستەقینەکەی ئەلمۆند، واتە وەسفەکردنی سیستمی سیاسی، لەمبارەیەوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا دوو شێوەی جیای خستە روو، یەکەمیان بە ناونیشانی "شێوازی بونیادی وەزیفی"، ئەوەی تریشیان بە

[٦٢] Ibid, pp. ٧-٨.

[٦٣] Ibid, pp. ١١-٢٥.



ناونیشانی "شێوازی گەشەیی". لە خوارەوە گفتوگۆ لەسەر هەریەکێکیان بەجیا دەکەین.

یەکەم: میتۆدی بونیادی وەزیفی

ئەلمۆند لە وتاری پێشەکی کتێبی "سیاسەت لە ناوچە روو لەگەشەکاندا، ١٩٦١ دا باسی ئەمەی کردووە، ئەو کتێبەی بە هاوبەشی لەگەڵ جەیمس کۆلماندا نوسیوە. لەو تارەدا باس لەوە دەکات کە سیستمی سیاسی لەسەر ئاستی تێهاویشەکان چەند وەزیفەیەکی هەیەو لەسەر ئاستی دەرهاویشتەکانیش چەند وەزیفەیەکی دیکەی هەیە[٦٤].

١. وەزیفەکانی تێهاویشتەکان

أ. پەروەردەکردن و بەرکارخستنی سیاسی

مەبەست لە پەروەردەکردن پرۆسەی گوێزانەوەی کەلتوری کۆمەڵگایە بۆ نەوەکان لە رێگای خێزان، قوتابخانە، مزگەوت، یان کەنیسە، یان پەرستگا، حیزب، میدیا، سوپا...هتد. بەڵام بەرکارخستن، بریتیە لە سپاردنی رۆڵە سیاسییەکان بە تاکەکان بۆ ئەوەی ئەزمون و شارەزایی پێویست بەدەست بهێنن تا ئەو رۆڵانە بگرنە ئەستۆ. حیزب، سەندیکا، پەرلەمان، بیرۆکراسی بە هەردوو باڵی مەدەنی و سەربازییەوە، ئامرازی بەرکارخستنن.

ب. گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکان

واتە گوزارشتکردن لە داواکارییەکان، ئیتر هەرداواکارییەك بن. شتێکی شاراوەش نیە کە ئەگەر چەند کەناڵێکی دامەزراوەیی کاریگەر نەبوایە تا لەوێوە مومارەسەی ئەم چالاکییە بکرێت، ئەوە هاوڵاتییان ناچار دەبوون هانا ببەنە بەر

[٦٤] Ibid, pp. ٢٦-٧.

توندوتیژی، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیریی سیستمی سیاسی. ئەلمۆند پێیوایە کە گروپەکانی بەرژەوەندی بە جیاوازی چەشنەکانیانەوە، لەتوانایاندا هەیە وەزیفەی گوزارشتکردن بگرنە ئەستۆ. هەروەها میدیای جەماوەری نوسراو بیستراو و بینراویش دەتوانن ئەم وەزیفەیە بەجێبگەیەنن.

ج. کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان

بە واتای هەماهەنگیکردن‌و کریستاڵەکردنی داواکارییەکان. بەگشتی، پارتی سیاسی ئەم کارە ئەنجامدەدات، چونکە بەرژەوەندی گروپە جیاجیاکان دەگرێتە خۆی‌و لە کۆتاییدا بە چەند پێشنیارێکەوە دێتە دەرەوەو بەرزیاندەکاتەوە بۆ بڕیاردروستکەران. شتێکی ئاشکرایە کە ئەدای لێهاتووانەی ئەم وەزیفەیە ئەرکی سەر شانی دەزگای دروستکردنی بڕیار سووك دەکات‌و توانستی وەڵامدانەوەی سیستمی سیاسی زیاددەکات.

لە هەندێك سیستمدا لەوانەیە هەمان بونیاد ئەرکی ئەداکردنی هەردوو وەزیفەی گوزارشتکردن‌و کۆکردنەوە بگرێتە ئەستۆ. بۆ نمونە لە سیستمی خێڵەکیدا، شێخی خێڵەکە گوێ لە داوای تاکەکان دەگرێت‌و لە مێشکی خۆیدا هەڵیاندەسەنگێنێت‌و بڕیاریان لەسەر دەدات. لە سیستمە تۆتاڵیتارەکانی وەك یەکێتی سۆڤێتدا، حیزب دەستی زۆر کراوەیە لە ئەنجامدانی هەردوو وەزیفەکەدا. لە بەرامبەریشدا، گروپەکانی بەرژەوەندی لە دیموکراسییە خۆراواییەکاندا، چالاکی گوزارشتکردن ئەنجامدەدەن، بەڵام پارتەکان پرۆسەی کۆکردنەوە ئەنجامدەدەن.

د. پەیوەندی سیاسی بە مانای ڕێکردنی بەردەوامی زانیاری لە نێوان یەکەکانی سیستمی سیاسیدا، هەروەها لە نێوان سیستمەکەو سیستمەکانی دیکەدا لە ناوەوە دەرەوەی کۆمەڵگادا، بۆ ئەوەی بتوانرێت وەڵامی پێداویستییە



وەزیفییە جیاجیاکان لە هەردوو لایەنی تێهاویشتەکان‌و دەرهاویشتەکانەوە بدرێتەوە. ئەم وەزیفەیە لە توێی میدیاو پارتەکان‌و گروپەکانی بەرژەوەندی‌و بیرۆکراسی‌و سەرکردەکانی بیروڕاوە ئەنجامدەدرێت.

٢. وەزیفەی دەرهاویشتەکان.

أ. دروستکردنی بنەما

واتە دانانی سیاسەتەکان‌و دانی بڕیارەکان. هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن لەمەدا بەشداریی دەکەن. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکی وڵات یان ئەنجومەنی وەزیراندا وێنادەبێت، لە بڕۆژەی یاساکان دەکۆڵێتەوەو دوایی پێشنیاریان دەکات بۆ بەردەمی پەرلەمان، کە ئەو دەستڕۆیی ڕەزامەندیبەخشین یان ڕەتکردنەوەیانی هەیە. سیستمە دیموکراسی‌و تۆتالیتارە هاوچەرخەکان لەمەدا تا ڕادەیەك لە یەك دەچن‌و لە پلەدا جیاوازن. لە دیموکراسییەکاندا، دەزگاکانی یاسادانان بەراستی دەسەڵاتی ڕەتکردنەوە یان پەسەندکردنی پڕۆژەی ئەو یاسایانەیان هەیە کە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە خراونەتە بەردەمیان. بەڵام لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا، پەرلەمان ئامڕازێکە بۆ ڕەزامەندیبەخشین بەو یاسایانەو ڕاگەیاندنیان. لە سیستمە کۆنینەکاندا، لە نمونەی سیستمی خێڵەکی، زۆرجار یەك کەس (سەرەکخێڵ) بڕیاردەدات.

جێگای سەرنجە کە مەودای بەشداریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دراوە بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەموو حاڵەتەکاندا وەك یەك نیە، لە کاتی قەیرانەکان‌و کتوپڕییەکاندا (تەنانەت لە دیموکراسیترین سیستمیشدا) دەسەڵاتی جێبەجێکردن باڵادەستە، بەڵام لە کاتە ئاساییەکاندا وا نیە.

ب. جێبەجێکردنی بنەماکان

لە هەموو سیستمە سیاسییەکاندا ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی بیرۆکراسی.

### ج. داوەریکردن بەپێی بنەمای یاسایی

واتە دەرکردنی حوکمەکان بەشێوەیەکی یەکلایی و ناچارکردە لەو کێشانەدا کە لە نێوان تاکەکان دا دەکەونەوە، یان لە نێوان ئەوان و ئیدارەدا بەپێی ئەو بنەما یاساییانەی لەناو دەوڵەتدا کاریان پێدەکرێت، چ دانراو بن یان عورفی. بەزۆریی دادگاکان ئەم وەزیفەیە رادەپەڕێنن. لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا، ئەنجومەنە سوننەتییەکان یان ئەنجومەنەکانی ئاشتکردنەوە ئەو کارە دەکەن. لە سیستەمە تۆتالیتارەکانیشدا، پۆلیسی نهێنی لەگەڵ دەزگای داوەرییدا لە پرۆسەی داوەریکردندا بەشداریی دەکات، واتە هەر هاوڵاتییەك تۆمەتبار بکرێت بە شکاندنی یاسا بڕیاردەدەن کە تاوانبارەو سزای بەسەردا دەسەپێنن.

### دووهەم شێوازی گەشەپێدان

لای ئەلمۆند شاراوە نەبوو کە چوارچێوە شیکارییەکەی پارێزکارو بەرەو سەقامگیرییە. چونکە ڕێگەی پێنەدا – بەقسەی خۆی – تەرزەکانی گەشەکردن بدۆزێتەوەو لێکی بداتەوە بۆچی و چۆن سیستەمە سیاسییەکان دەگۆڕێن. بۆیە دەستیکرد بە پەرەپێدانی چوارچێوەکەی تا باشتر بگونجێت بۆ مەسەلەکانی پەرەسەندن و گۆڕانی سیاسی. سەرەتاکانی ئەو لێزیادکردنە نوێیە لە وتارێکدا دەرکەوت کە کانونی دووهەمی ١٩٦٥ دا لە گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بلاوی کردەوە، لەژێر ناونیشانی "شێوازی گەشەپێدان لە سیستەمە سیاسییەکاندا" پاشان مشتومالیکردو بە درێژیی لە کتێبێکدا خستییە روو کە بە هاوبەشی لەگەڵ بێنگام پاوڵدا نوسییان، بە ناونیشانی "سیاسەتی بەراوردکار: بەرەو میتۆدێکی گەشەیی" بۆ یەکەمینجاریش لە ساڵی ١٩٦٦ دا بلاوکرایەوە[٦٥].

[٦٥] بۆ وردەکاریی و ناواخنی ئەم چوارچێوە گەشەییە بڕوانە:
G. Almond "A Developmental Approach to Political Systems" World, Politics, ١٧, January ١٩٦٥, pp. ١٨٨ج٢١٨ and G. Almond and Bingham Powell,



بەپێی ئەم چوارچێوە تیورە، هەر سیستەمێکی سیاسی، سێ ئاست یان سێ لایەنی وەزیفی هەیە: وەزیفەکانی گۆڕین، وەزیفەکانی سازان و بەردەوامی، پاشان تواناکانی سیستەم.

یەکەمیان ئاماژە دەکات بۆ ئەو پرۆسانەی پەیوەندییان هەبە بە گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکان، کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان، دروستکردنی بنەما، پیادەکردنی بنەما، داوەری، ئینجا پەیوەندییەوە. لایەنی وەزیفی دووهەمیش دەربارەی پەروەردەکردن و بەرکارخستنی سیاسییە. ئەم دوو ئاستە شتێکی نوێ نەبوون، چونکە ئەلمۆند لە پرۆژە وەزیفییەکەی یەکەمیدا کە پێشتر بە درێژیی باسمان کردن، خۆی لێدابوون. بەلام ئەوەی نوێیە، ئەوەیە کە پەیوەندی بە توانستەکانەوە هەیە. پێش ئەوەی رۆشنایی بخەینە سەر ئەم رەهەندە نوێیە، پێویستە ئاماژە بکەین بۆ ئەو بەناو یەکداچوونەی کە ئەلمۆندو پاوڵ پێیانوایە لەنێوان هەرسێ ئاستە وەزیفییەکەدا هەیە، هەروەها کە تیوری سیستەمی سیاسی لە پەیوەندی نێوان ئەو ئاستانە پێکدێت، پاشان پەیوەندی نێوان وەزیفەکان لە هەر ئاستێکدا.

توانستەکان پەیوەندییان هەیە بە ئەدا یان رەفتاری سیستەمی سیاسیەوە لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگاییدا بە مانا گشتگیرەکەی، بە گوزارشتێکی تر، تۆمارکردنی ئەدای سیستەمی سیاسی و گۆڕانی ئەو ئەدایە بۆ باشترو خراپتر. هەروەها لەسەر بناغەی پێوانەکردنی تێکڕاکانی ئەدا، دەشێت بەراورد لە نێوان سیستەمێکی

Comparative Politics: A Developmental Approach, Boston, Little Brown and Company, ١٩٦٦, pp. ١٩٠ج٢١٣.

سیاسیو سیستمێکی دیکەدا بکەین، هەروەها لە نێوان ماوە جیاجیکانی هەمان سیستمی سیاسیشدا بەراورد بکەین.

ئەلمۆندو پاوڵ پێشنیاری پۆلاندنێکی پێنجلایەنەی ئەو توانستانە دەکەن :

١. توانستی دەرکردن بەواتای توانستی سیستمی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی داهاتە مادیو مرۆییەکانی ناو ژینگەی ناوخۆییو دەرەکی، دەشێت لە رووی چەندێتییەوە بە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی گوزارشتی لێبکرێت.

٢. توانستی رێکخستن واتە توانستی سیستم بۆ دیسپلینکردنو ئاڕاستەکردنی رەفتاری تاكو گروپەکان. دەشێت بۆ نمونە لە رێگای ژماردنی یاساکانو رێو شوێنەکانی رێکخستنی ژیانی تاکەکان لەناو کۆمەڵگاو بژاردنی حاڵەتەکانی سەرپێچییەوە، پێوانە بکرێت.

٣. توانستی دابەشکردن واتە دابەشکردنی بەهاکان یان سامانەکانی کۆمەڵگا (کالا، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، وەزیفەکان...هتد) بەسەر تاکەکانو گروپەکانو هەرێمەکانی ناو دەوڵەتدا بەشێوەیەکی پێوەری دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپێشچاو بگرێت. ئەم توانستە لە تویێ بونیادی باج، بودجەی بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیو چۆنێتی دابەشکردنی بەشێوەی کەرتیو بەشێوەی جوگرافی، قەبارەی سودمەندان لێیو پۆلە کۆمەڵایەتییەکانیان.

٤. توانستی هێمایی بە واتای توانستی بەکارهێنانی کارای هێماکان، واتە بەکارهێنانیان بەشێوەیەك کە لایەنگیریی هاوڵاتییان بۆ سیستمی سیاسی زامن بکات. لە نمونەی هێماکان: وتارەکان، لێدوانەکانو قسەی بەرپرسان، ئەو سەردانانەی لە بۆنە جیاجیاکاندا دەیکەن، مانۆڕە سەربازییەکان. پێوانەکردنی ئەم دەرهاویشتە هێماییانە سەختە، گەرچی هەندێك پێیانوایە دەشێت لە رێگای خەملاندنی کۆبوونەوەی جەماوەرەوە بۆ یەکێك لە بەرپرسەکان، تۆمارکردنی ژمارەی ئەو جارانە چەپڵەی بۆ لێدەدەنو ماوەی چەپڵەلێدانەکان، بژاردنی



بروسکەکانی لایەنگیریی یان پیرۆزباییکردن کە بۆی دەنێررێن، پێوانەی ئەوە بکرێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت، بەرای ئێمە ئەم پێوەرە لە سیستمە دەسەڵاتخوازەکاندا هیچ بەهایەکی نیە، لەبەر چەند هۆیەك کە لای کەس شاراوە نیە.

٥. توانستی وەڵامدانەوە: مەودای وەڵامدانەوەی دەرهاویشتەکان (سیاسەتەکانو بڕیارەکان) چ سیاسەتی دەرهێنانی مادەکان بن یا دابەشکردن یان رێکخستن، بۆ داواکارییەکانی تاکەکان. دەتوانین لە رێگای خەملاندنی رێژەی ئەو داواکارییانەوە کە سیستم وەڵامیداونەتەوە، لە سەرجەمی ئەو داواکارییانەی بۆی بەرزکراوەتەوە، ئەم توانستە پێوانە بکرێت. کەواتە توانستی وەڵامدانەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان تێهاویشتەکان، ئەوانەی لە ژینگەی ناوەکیو دەرەکییەوە هاتوون، بە دەرهاویشتەکانەوە، ئەوانەی لە سیستمەوە بۆ ئەوان گەڕاوەتەوە. ئەلمۆندو پاوڵ پێیانوایە ئەو توانساتانە پێداویستی وەزیفیین بۆ بەردەوامبوونی جیهان. پێویستە لەسەر هەموو سیستمێکی سیاسی سەرچاوەکان دەربهێنێت، رەفتارەکان رێکبخات، بەهاکان دابەش بکات، وەڵامی داواکارییەکان بداتەوە. لە نێوان توانستەکاندا بەناویەکداچوون، یان راستر پشتبەیەکبەستنێکی ئاڵوگۆڕ هەیە. بۆ نمونە، توانای دەرهێنان بڕێك لە رێکخستنو دابەشکردنی تێدایە (سەپاندنو وەرگرتنی باج)، هەروەها گەشەپێدانیشی پێویستی بە زیادکردنی توانستی رێکخستن هەیە (گوێزانەوە لە خزمەتی سەربازیی خۆبەخشەوە بۆ خزمەتی سەربازی زۆرەملێ). توانستی رێکخستنیش پێویستی بە بوونی هێزی دەرهێنان هەیە (پرۆسەی دیسپلینکردنی رەفتار پێویستی بە کۆکردنەوەی داهاتەکان هەیە بۆ ئامادەکردنی ئەو رەگەزانەی دەتوانن یاساکان دابنێنو ئاگایان لە جێبەجێکردنیان بێت). هەروەها (کەمتەرخەمیکردن لە پیادەکردنی سیاسەتەکانی دابەشکردندا بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەت لە دیسپلینکردنو سانسۆرو تێوەگلانی بەرپرسانی رێکخستن،

هەندێجار، لە مومارەسەی گەندەڵی و خزمدۆستیدا) کاردەکاتە سەر توانستی دابەشکردن. هەمانشتیش بۆ توانستی دابەشکردن کە پێویستە خاوەنی توانستی دەرهێنان و ڕێکخستن بێت (دابەشکردن گریمانەی بوونی داهاتەکان دەکات، لەگەڵ بوونی بنەماکانی دابەشکردن).

تێهاویشتە نا–وەزیفییەکان دەبنە هۆی گۆڕانی توانستەکانی سیستم، واتە کاردەکەنە سەر ئەداکەی لە هەردوو ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، بۆ نمونە ڕوودانی قەیرانێکی ئابوری بۆی هەیە توانستی دابەشکردنی سیستم لاواز بکات، بە هەمانشێوە توانستی وەڵامدانەوەو داواکاریی بەشداریکردنی سیاسی لە چوارچێوەی سیستمێکی نادیموکراسیدا بۆی هەیە گەشەکردنی توانستی ڕێکخستنی بەدوادا بێت بۆ سەرکوتکردنی ئەو داواکارییانە (زیادبوونی هێزەکانی پۆلیس و ڕێ و شوێنەکانی ئاسایش و سەرکوتکردن). کاتێك دەوڵەت تووشی گەمارۆی ئابوری دەبێت، توانستی سیستمەکە بۆ دەرهێنان کەمدەبێتەوە. هەروەها نا–وەزیفیبوونی پشتگیری (داڕمانی گیانی مینۆکی، خۆدزینەوە لە سەربازی، خۆدزینەوە لە باج، سوکایەتیکردن بە یاسا) هەموویان کاریگەریی نەرێیان لەسەر ئەدای سیستم هەیە، بەوەش کاریگەرییان لەسەر توانستەکانی هەیە.

ئەلمۆندو پاوڵ چەند خاسییەتێکی دیاریکراو دەدەنە پاڵی شیکردنەوەی توانستەکان، چونکە دەتوانرێت لە لێکۆڵینەوەی کارلێکی نێودەوڵەتیدا بەکاربهێنرێت. سیستمی سیاسی – لە پەیوەندیدا بە ژینگەی نێودەوڵەتییەوە – چەند توانستێکی دەرهێنانی هەیە (بەدەستهێنانی قەرز) و ڕێکخستنیش (بەشدارکردنی دەوڵەتێك لە پەیماننامە یان ڕێکەوتن یان ڕێکخراوێکدا بۆ دیسپلینکردنی ڕەفتاری دەرەکی دەوڵەتەکە) هەروەها دابەشکردنیش



(پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و تەکنیکی) هێماییش (خستنەڕووی هزرو چەمکەکان کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەدای سیستمەکانی تر هەبێت). لە لایەکی تریشەوە، ئەو شیکردنەوەیە سوودی هەیە بۆ ناسینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان توانستەکانی سیستمی سیاسی لە ئاستی لۆکاڵ و نێودەوڵەتیدا. ئەو گریمانەیەی دەڵێت کە پەیوەندییەکە هەیەو ئەرێشە لەسەر ئاستی هەموو توانستێك و دەبێت بشپارێزرێت، بەڵام ئەلمۆند دەڵێت مەسەلەکە پێویستی بە سەلماندن هەیە بە تاقیکردنەوە نەك بە تەنها لە ڕێگای لۆجیکەوە پەی پێببرێت. لەپاڵ ئەوەی رابورد، چەمکی توانستەکان یارمەتی بەستنەوەی سیستمی سیاسی بە خاسییەتە ناوخۆییەکانییەوە دەدات، چونکە ئەو ئەدایە – لە هەر ئاستێك لە ئاستەکانیدا – لەسەر ڕەوشی بونیادی و کەلتوریی دیاریکراو راوەستاوە. توانستی ستراتیجی پێویستی بە چەردەیەك لە تایبەتمەندێتی بونیادی و وەزیفی هەیە. توانستی ڕێکخستن پێویستی بە بیرۆکراسی و کەلتورێك هەیە کە جەخت لەسەر گوێڕایەڵی بکەن. توانستی دابەشکردن پێویستی بە زیاتر تەرخانکردنی بنونیادی و تەشەنەکردنی بەهاکانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە. توانستی هێمایی پێویستی بە بونی بونیادی سیاسی وەها هەیە کە ڕێزیان لێبگیرێت، هەروەها چەند ئاڕاستەیەکیشی هەبێت بۆ هاندانی ڕێزگرتنی سروتەکان و ڕۆڵە سیاسییەکان. تواستی وەڵامدانەوەش گریمانەی پێشخستنی چەند بونیادێکی تایبەتمەندو کەلتورێکی سیاسی هاوبەش دەکات.

باسی سێیەم

## چەند شێوازێکی وەزیفییانەی دی بۆ شیکردنەوەی سیستمە سیاسییەکان

ئەدەبی سیاسەتی بەراوردکار چەند نمونەیەکی وەزیفی دیکەشی تێدایە کە چەند زانایەکی دیکە دایانناون، گەرچی هەموویان بەشێوەیەك لە شێوەکان بە دەوری نمونەکەی ئەلمۆنددا دەخولێنەوە، لەوانە جان بلۆندل، جۆزێف لاپالومبارا. یەکەمیان دەلێت هەر سیستمێکی سیاسی مومارەسەی کۆمەلێك پرۆسە دەکات، هەندێکیان پەیوەندییان بە تێهاویشتەکانەوە هەیەو هەندێکی تریشیان پەیوەندییان بە دەرهاویشتەکانەوە هەیە. لەسەر ئاستی تێهاویشتەکان، دوو پرۆسە لە سیستمدا هەن:

١. هەلبژاردن بە واتای پالاوتنی داواکارییەکانی تاکەکان بۆ دیاریکردنی ئەو بەشەی کە دەشێت بخرێتە بەر دەستی حکومەت، چونکە مەحالە هەر هەموو داواکارییەکان بخرێنە بەردەستی. گروپەکانی بەرژەوەندی ئەم کارە بەئەنجام دەگەیەنن.

٢. رێکخستن، پارتە سیاسییەکان داواکارییە هەلبژاردەکان لە بەرنامەیەکدا دادەرێژنو سیستمێك بۆ ئەولەوییاتەکان دادەنێن.

لە دیوی دەرهاویشتەکانیشەوە، سیستمی سیاسی سێ پرۆسەی هەیە:

١. دەرکردنی دەرهاویشتە پێوانەییەکان، واتە ئامادەکردنی ئەو یاسایانەی کە بێ جیاوازی بەسەر هەمووا ندا پیادە دەبێت، ئەم کارەش بە پلەی یەکەم لە لایەن هەردوو دەسەلاتی یاسادانانو جێبەجێکردنەوە دەبێت.



٢. پیادەکردنی بنەماکان بەسەر تاکەکاندا لە تویێی بیرۆکراسییەوە، لێرەدا لەبەردەمی دەرهاویشتەی تایبەت یان تاکانەدا دەبین.

٣. ناوبژیکردن لە کێشەکاندا بەپێی یاسا. لەم حالەتیاندا لەبەردەمی دەرهاویشتە پێوانەییە تایبەتەکاندا دەبین.

بلۆندل چەند پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەنێوان پرۆسەکانو بونیادەکاندا دەستنیشانکردووەو هەر پرۆسەیەکی داوەتە پالی بونیادێك، بەلام سلکردنەوەی خۆشی دەردەبڕێتو جەخت دەکات کە مەسەلەکە بەو سادەییە نیە، چونکە واقیعی کرداری پێماندەلێت کە لەوانەیە زیاتر لە دامەزراوەیەك یەك پرۆسە بەئەنجام بگەیەنن، لەوانەشە هەمان دامەزراوە لە زیاتر لە پرۆسەیەکدا بەشداریی بکات. بگرە ئەو بونیادانەی لە هەردوو سیستمی بەریتانیو ئەمەریکیدا پرۆسەی دەرهاویشتەکانیان لە ئەستۆیە، هەمان پرۆسەکانی دەرهاویشتەکانی سیستمی سۆڤێتی ئەنجام دەدەن. بێشك ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازیی لە ئایدیۆلۆجیاو بونیادی ئابوریو پێکهاتەی کۆمەلایەتیو چوارچێوەی شارستانیدا[٦٦].

مەسەلەکە هەرچی بێت، زیادکردنەکەی بلۆندێل لەوە زیاتر نیە کە – لەبۆچوونی ئێمەدا– بە نزیکەیی هەمان دارشتە بونیادیی – وەزیفییەکەی ئەلمۆند بێت لەگەل جیاوازیی ناوەکانیاندا. پێنج پرۆسەکەی سیستمی سیاسی کە بلۆندێل ئەندێشەی کردوون، بەو ریزبەندییەی لەسەرەوە هاتووە، یەك لەدوای

[٦٦] Jean Blondel, An Introduction to Comparative Government, London Weidenleld and Nicolson, ١٩٦٩, pp. ١٥ـ٢٨.

یەك هاومانای وەزیفەكانی گوزارشتكردن و كۆكردنەوە، دروستكردنی بنەما، پیادەكردنی، داوەریكردن بەپێی بنەماكەی ئەلمۆندن.

لاپالومباراش سیستمی سیاسی بە چاوێكی وەزیفی دەبینێت و بە تۆڕێك لە پەیوەندی و كارلێك لەقەڵەمیدەدات كە پرۆسەی تایبەتكردنی دەسەڵاتییانەی بەهاكان دەگرێتە خۆی (واتە دیاریكردنی ئەوەی كێ چی دەستدەكەوێت و كەی و چۆن). ئەم تێڕوانینە كێشیكرد بۆ ئاخاوتن دەربارەی ئەو وەزیفانەی هەموو سیستمە سیاسییەكان ئەدایان دەكەن: پەروەردەی سیاسی، وەگەڕخستنی سیاسی، گوزارشتكردن لە بەرژەوەندییەكان و كۆكردنەوەیان، پاشان دروستكردنی بڕیار كە ئەویش خۆی لەخۆیدا چەند پرۆسەیەك دەگرێتە خۆی: دەركردنی یاساكان، جێبەجێكردن، داوەریكردن. شتێكی شاراوەش نیە كە ئەم بۆچوونە بە نزیكەیی دووبارەكردنەوەی هزرەكانی ئەلمۆندە دەربارەی بونیادی – وەزیفەیی[٦٧].

لە لایەكی تریشەوە، لاپالومبارا بۆ ئەوە چووە كە باشتر وایە لە دوو گۆشەوە دەستببەین بۆ هەر دەزگایەكی سیاسی: بونیادی و وەزیفی. بۆ نمونە پەرلەمان خاوەنی خەسڵەتی بونیادییە (ژمارەی ئەنجومەنەكان، ژمارەی كورسییەكان، لیژنەكان، تایبەتمەندێتی و پارێزراویی ئەندامان) هەروەها زیاتر لە وەزیفەیەكیشی هەیە: یاسادانان، نوێنەرایەتیكردن، كۆكردنەوەی بەرژەوەندییەكان، پەروەردەكردنی سیاسی، چاودێریكردنی كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن[٦٨].

---

[٦٧] Joseph Lapalombara, Politics within Nations, New Jersey, Prentice Hall Inc, ١٩٧٤, pp. ٢٥ـ٢٦.

[٦٨] Ibid, pp. ١٠٢-١٨٨

## باسی چوارەم

# وەزیفییەت لەنێوان لایەنگیران و نەیاراندا

لایەنگیرانی شیکردنەوەی وەزیفی دەڵێن ئەم میتۆدە زۆر پێشکەوتووە لە چەند روویەکەوە. لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە دەتوانین بەراورد بکەین لە نێوان سیستەمە سیاسییە نەتەوەییەکاندا لە توێی کات و شوێنەوە. هۆی ئەمەش بە سادەیی ئەوەیە کە هەرگیز سیستەمێکی سیاسی لە ئارادا نەبووەو نابێت کە هیچ وەزیفەیەکی نەبێت. لە لایەکی تریشەوە، بواردەرەخسێنێت بۆ ئەگەری لێکۆڵینەوەی سیاسەت نەک تەنها لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بەڵکو لەسەر هەردوو ئاستی لۆکاڵ و نێودەوڵەتیش، چونکە سیستەمە سیاسییە لۆکاڵ و نێودەوڵەتییەکان مومارەسەی پرۆسەکانی گوزارشتکردن لە بەرژەوەندی دەکەن، لەگەڵ گەیاندنی زانیاری و دارشتنی یاساکان و چارەسەرکردنی کێشەکان. جیاوازیی نێوان سیستەمی سیاسی نەتەوەیی و سیستەمی لۆکاڵ یان نێودەوڵەتیدا، زیاتر جیاوازییە لە پلەو جۆری ئەو بونیادانەدا کە وەزیفەکان رادەپەڕێنن. لە لایەکی دیکەشەوە، وەزیفە رۆڵی سیاسییانەی بونیادە سیاسییەکانی دەرخستووە، وەک خێزان و قوتابخانەو جێگاکانی خواپەرستی. زیاد لەوەش، وەزیفییەت تەرکیز دەکاتە سەر کردەوە یان چالاکی، نەک بەهاکان یان حوکمە فەلسەفییەکان، بەوەش شیکردنەوەی سیاسی دەیەوێت لە بەهاکان رزگاربێت و پۆشاکی بابەتێتی و بێلایەنی بپۆشێت[٦٩].

[٦٩] William Welsh, Studying Politics, New York, Praeger Publishers, Inc, ١٩٧٣, pp. ٦٨ـ٦٩.



نەیارەکانی وەزیفییەت چەندین رەخنەی ئاڕاستە دەکەن. ئەوان پێیانوایە ئەو میتۆدە یارمەتی تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵایەتی (بە ئاڵۆزیی و دینامیزمەکانییەوە) نادات. ئەو لای ئێستا دەوەستێت و چاونابڕێتە ئاینده، بەوەش ناتوانێت لە گۆشەنیگای کاتەوە هەقیقەتی کۆمەڵایەتی ببینێت. لێرەدا ماتریالیزمی دیالەکتیك بەسەریدا سەردەکەوێت لەو رووەوە کە پێیوایە کۆمەڵگا تۆوی لەناوچوونی خۆی لەهەناویدا هەڵگرتووە، ململانێی نێوان ئەوەی هەیەتی و ئەوەی نیەتی سەرچاوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگایە. ئەگەر وەزیفییەکان سەرمایەداریی بە لوتکەی پەرەسەندنەو هەموو بایەخدانی خۆیان لەوەدا چڕدەکەنەوە کە چۆن بیپارێزن، میتۆدی مارکسیزم سەرمایەداری بە سیستەمێکی زۆردار دەبینێت کە کرۆکەکەی بریتییە لە رەتاندنی کرێکار لە لایەن سەرمایەدارەوە، بەوەش هەر دەبێت بەهۆی ململانێی چینایەتییەوە رۆژێك لە رۆژان لەناو بچێت و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جێگەی بگرێتەوە کە رەتاندنی تێدا نیە[٧٠].

نەیارانی میتۆدی وەزیفی دەڵێن شیکردنەوەی وەزیفییانە بەرەو ئامانجێکی بنەڕەتی ئاڕاستەکراوە کە ئەویش مانەوەیە، لەو رووەوە کە گریمانە دەکات کە سیستەمی سیاسی ئەو وەزیفانە ئەدا دەکات کە بۆ مانەوەی پێویستن. میتۆدی وەزیفی بەردەوامیی حاڵی حازر وەك ئامانجێك لەقەڵەمدەدات و بەشوێن پرەنسیپەکانی ئەو بەردەوامییەدا دەگەڕێت. کاتێکیش لە گۆڕان دەکۆڵێتەوە لە گۆشەنیگای مانەوەی سیستەم و پارێزگاریلێکردنیەوە دەڕوانێت. ئەلمۆند – تەنانەت لە چوارچێوە گەشەییەکەشیدا– سەرقاڵی مەسەلەی خۆسازاندن و

[٧٠] C.P. Bhabhri, Functionalism in Politics, the Indian Journal of Political Science Vol. XXXIV October ١٩٧٣, pp. ٤٦٢ـ٤٦٣.

مانەوەی سیستم بووە. کەواتە میتۆدەکە بەلای سەقامگیرییدا دەیشکێنێتەوەو پاساو بۆ وەزعی ئێستا دەهێنێتەوە. بۆیە ناتوانێتو لەباریدا نیە دەست ببات بۆ جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان، ئەوانەی دەیانەوێت گۆڕانکاریی بنەڕەتیو چۆنیایەتی لە دامەزراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بکەن، بەوەش خۆی لە هەقیقەتێکی گرنگ دەبوێرێت، ئەویش ئەوەیە جەماوەر خۆی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر دەکات.

چەمکی "رێکەوتن" یان "رەزامەندی" کە نمونەکەی ئەلمۆند گریمانەی دەکات، ناتوانێت خۆی بدات لە رەوشی جەماوەری ئەو وڵاتانە لە رووی جیاوازیی بەهاکانیانو لاسەنگییەکی درێژ لە دابەشکردنی سامانو هێزی سیاسی لەنێوان کەمینەی زەنگینو زۆرینەی هەژاردا. ئەم رەوشە پێویستی بە چالاکییەکی سیاسی هەیە کە ئامانجەکەی گۆڕانکارییکردن بێت لە سیستمەکەدا، نەك پاراستنی وەك وەزیفییەکان دەیانەوێت[71]. لە هەمانکاتیشدا، وەزیفییەت، لەو رووەوە کە دەیەوێت پارێزگاریی لەوە بکات کە ئێستا هەیە، بیەوێت یان نەیەوێت داکۆکی لە پەیوەندییەکانی پاشکۆیەتیبوون دەکات، کە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەبەستنەوە بە جیهانی سەرمایەداری خۆراواییەوە، ئەوەی کە مانای دەستێوەردانی سیستمە خۆراواییەکانە لە کاروباری جیهانی سێهەمداو تالانکردنی سەروەتو سامانەکانیو چەسپاندنی دواکەوتوویی بە شێوە جیاجیاکانییەوە، هەروەها پاراستنی دەستەبژێرە فەرمانڕەواکان "نانیشتمانپەروەرەکان" بەشێوەیەکی سروشتی. لەبەرئەوەی هەڵتەکاندنی ئەم رەوشی پاشکۆیەتییە مەسەلەیەکی حەتمییە بۆ روودانی گەشەی راستەقینە، کە گەلانی جیهانی سێهەم دەیانەوێت، ئەوە مەودای پەککەوتوویی دارشتە

[71] Ibid. pp ٤٦٧ج٤٦٨, and James Bill and Robert Hardgrave, op. cit, p. ٢١٧.



وەزیفییەکە دەردەکەوێت کە ناتوانێت دینامیزمەکانی گۆڕانە کۆمەڵگاییە خواستراوەکان لەو وڵاتانەدا بگرێتە خۆی.

نەیارەکان رەخنە لە بۆچوونەکەی وەزیفییەت دەگرن کە دەڵێت وەزیفەکان پاساوی بوونی هەموو بونیادێك دەدەنەوە، ئیتر هەرچییەك بێت – وەزیفە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەردەوامبوونی سیستمدا. ئەوەش بەرەو مەترسی پاساودانی چەند دیاردەیەکی نەخۆشی وەك گەندەڵیو نەریتی سیاسی دەمانبات. وەزیفییەکان پێیانوایە گەندەڵی لە رووی وەزیفییەوە سوودمەندە. چونکە ئەڵتەرناتیڤی توندوتیژییەو مۆرکێکی مرۆییانە دەبەخشێت بە پەیوەندییەکانو کارلێکە سیاسییەکان، ئەوەندەی لە کۆتاییدا خزمەتی مەسەلەی سەقامگیری سیاسی بکات[72]. هەروەها بە هەمان لۆجیکیش پێیانوایە کە نەریتی سیاسی سودی هەیە بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی. چونکە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەریانخستووە، کە تەنانەت لە دیموکراسیترین سیستمی سیاسیشدا، کەرتێکی بەرینی دانیشتوان بایەخنادەن بە سیاسەت، ئەمەش بە پێوەرە وەزیفییەکان شتێکی تەندروستە، چونکە پشتیوانی لە سەقامگیریی سیستمی دیموکراسی دەکات. چونکە ئەگەر هەموو هاوڵاتییان بەشداریی لە ژیانی سیاسیدا بکەن، ئەوە کێبڕکێی سیاسی بڵێسە دەستێنێت، بەوەش سەقامگیریی سیستمەکە دەکەوێتە مەترسییەوە[73].

[72] D. H. Bayley, the Effects of Corruption, in a developing nation, Western Political Quarterly, ١٩ December ١٩٦٦, pp. ٧١٩ج٧٣٢, and Joseph Lapalombara, op. cit, p. ٤١٧.

[73] Marian Irish and James Prothro, The Politics of American Democracy, New Jersey, Prentice Hall, ١٩٥٦, p. ٦٩, ٧٨. and Graeme Duncan and Steven Lukes, The New Democracy political Studies, ١١, ١٩٦٣.

دواجار نەیارەکان پێیانوایە بانگەشەکەی وەزیفییەکان بۆ ڕزگاربوون لە بەهاکان هیچ بنچینەیەکی دروستی نیە، چونکە بانگەشەیەکی ئاوەها چۆن خۆی ڕادەگرێت لەبەردەمی ئەوەدا سەقامگیریی ئایدیای باڵای وەزیفییەکان بێت! ئەی بەردەوامبوونی سیستم خۆی لەخۆیدا بەهایەك نیە!

***

دوای ئەم ڕانانەی تیوری وەزیفی لە ڕووی بەڵگەنەویستو نمونەکانیەوە لە کایەی سیاسەتی بەراوردکاردا، لەگەڵ ئەو خاسییەتانەدا کە دەدرێنە پاڵی و ئەو ڕەخنانەش کە لێی دەگیرێت، هێشتا هەندێك سەرنجو تێرامانمان ماوە.

وەزیفییەت ئاڕاستەیەکی تیورە خۆی تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی سیستمەکانی فەرمانڕەوایی‌و سیاسەت. یەکێکە لە نیشانە دەرکەوتووەکانی ئەو پەرەسەندنە قەبەیەی لە دوای جەنگی دووهەمی جیهانەوە بەسەر بواری سیاسەتی بەراوردکاردا هاتووە. بەهۆی وەزیفییەتەوە چەندین چەمکی نوێ هاتونەتە بوارەکەوەو دەوڵەمەندتر بووە" گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکانو کۆکردنەوەیان، پەروەردەکردنی سیاسی، کەلتوری سیاسی، جیاکاریی بونیادیو تەرخانکردنی وەزیفی، توانستەکان، تێهاویشتەو دەرهاویشتەکان...هتد." هەر بەهۆی ئەویشەوە توانیمان لێکۆڵینەوە دەربارەی سیستمی فەرمانڕەوایی بکەین، وەك بەشێك لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر یان وەك نەسەقێك لە ژینگەیەکدا کە کاریتێدەکاتو لە لایەنی ئەویشەوەی کاری تێدەکرێت.

لەگەڵ داننانیشماندا بە ماقووڵی بەڵگەکانی ڕەخنەگران لە شیکردنەوەی وەزیفی، وەلێ – لە بۆچوونی ئێمەدا– پاساوی ئەوە بۆ لێکۆڵەر نادەنەوە کە لە



کاتی دەسبردن بۆ سیستمی سیاسیدا، لە هەر کۆمەڵگایەكو لە هەر ئاستێکدا، بە تەواویی دەسبەرداری ببێت. چ زیانێك لەو لێکۆڵەرە دەکەوێت – کە وەزیفییەت وەك میتۆد ڕەتدەکاتەوە، ئەگەر هەندێك لە چەمکەکانی بەکاربهێنێت ئایا شیکردنەوەی ئەدای سیاسی بەشێك نیە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی جدییانەی هەر سیستمێکی سیاسی.

ئەگەر وەزیفییەت وەك لایەنگیرەکانی دایانڕشتووەو کریستاڵەیان کردووە، نەتوانێت واقیعی سیاسی ڕاڤە بکاتو خواستەکانی گەلانی جیهانی سێهەم بگرێتە خۆی، ئەی بڵێیت نەتوانرێت پێشبخرێت تا ئەو ئەرکەش ڕابپەڕێنێت؟ بەبڕوای من زانایانی سیاسەتو کۆمەڵناسی لە جیهانی سێهەم لە هاوکارە خۆراواییەکانیان باشتر دەتوانن لەم بوارەدا بەشداریی بکەنو شتی تازە پێشکەش بکەن.

کەس ناتوانێت نکولی لەوە بکات کە سەقامگیریی سیاسی بەهایەكو ئامانجێکی هەموو سیستمێکی فەرمانڕەواییە. بەڵام، ئەوەی وەزیفییەکان ڕەچاویان نەکردووە، ئەوەیە کە جیاوازیی هەیە لە نێوان سەقامگیریی سیستمێکی سیاسی کە ئاستێکی بەرزی ئەدای هەیە: تێدەکۆشێت لە پێناوی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیداو ئازادیو کەرامەتی دەپارێزێت، لەگەڵ سەقامگیریی سیستمێکی سیاسی دیکەدا کە ئاستێکی نزمی ئەدای هەیەو سەرقاڵی ئەندامدانی سەرکوتکردنی سیاسیو هزرییە دژی فەرمانڕەواییکراوەکانی. لە حاڵەتی یەکەمدا سەقامگیریی خواستراوە بە پێچەوانەی حاڵەتی دووهەمەوە کە تێیدا سەقامگیریی بێزراوە. هەروەها دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە دەستەبژێرو جەماوەر لە سیستمە پێشکەوتووەکاندا ئارەزووی سەقامگیریی سیاسی دەکەنو بەتەنگییەوە هەن، بەڵام لە جیهانی سێهەمدا مەسەلەکە وەها نیە.

لـەوێ فـەرمانڕەوایان بـە رێگـای جیاجیـا تێدەکۆشـن بـۆ مانـەوەو بـەردەوامیی سیستمە سیاسییەکان. بەڵام تێڕوانینی جەماوەری میللی، ئەوە چەندین فاکتـەر کـاری تێدەکـەن، لـە پـێش هەموویانـەوە بـڕو چـۆنێتی هوشـیاری سیاسـیو کۆمەڵایـەتییان. ئەگـەر هوشیاری سنوردارو سـاختە بـوو، ئـەوە چاوەڕوانی ئـەوە دەکرێت کـە خـەڵك لـە ریـزی سـەقامگیریی سیـستمی سیاسـیدا بـن، وێـڕای ئـەوەی ئەدایەکی نزمیشی هەیە. پێچەوانەکەشی راستە.

نەسکی حەوتەم

# میتۆدی دروستکردنی بڕیار

# Decision – Making Approach

## ڕێخۆشکردن

ئەم میتۆدە بەکارهێنراوترین میتۆدە لە لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسییەکاندا، بەپێی ئەم میتۆدە، وەها سەیری سیستمی سیاسی دەکرێت کە میکانیزمێك بێت بۆ دروستکردنی بڕیارەکان. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار وەزیفەیەکە هەموو سیستمێکی سیاسی پێی ئاشنایە: چ سادەو ئاڵۆز، سوننەتیو نوێ، دیموکراسیو نادیموکراسی، بۆیە گشتیبوونی وەزیفەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، مەسەلەیەکە بوار دەدات لێکۆڵینەوەی بەراوردکار بۆ سیستمە سیاسییە جیاجیاکان بکرێت.

ریچارد شنایدەر یەکەمین زانای سیاسەتە لە بواری شیکردنەوەی دروستکردنی بڕیاردا. گەرچی ئەو لە بنەڕەتدا ئەم چوارچێوەیەی لە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی دەرەکیدا پیادە کردووە، بەڵام بەدوریشی نەزانیوە کە بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو دیاردە سیاسییەکان. ماکردیس یەکێکە لە یەکەمینی ئەو زانایانەی سیاسەتی بەراوردکار کە چەمکی دروستکردنی بڕیاریان خستۆتە ناو چوارچێوە شیکارییەکانیانەوە..

دروستکردنی بڕیار ئاماژەیە بۆ پرۆسەی کارلێککردن لە نێوان سەرجەمی بەشدارەکان لە دانانی سیاسەتی گشتیدا بە سیفەتە ڕەسمیو ناڕەسمییەکانیانەوە. ئامادەکردنی بڕیارەکان وەك بەشێکی سەرەکی ڕەفتاری دامەزراوە سیاسییەکان وەهایە. دامەزراوەکان لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنی



بۆچوونەکانو هەڵسەنگاندنو گفتوگۆ لەسەر کردنیان، یەکێکیان بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی خراونەتە روو[٧٤].

[٧٤] Richard Snyder, "A Decision – Making Approach the Study of Political Phenomena", in Roland Young, ed. Approach to the study of Politics, (Illinois: Northwestern University Press, ١٩٥٨), p. ١٩.

باسی یەکەم

## چوارچێوەی دروستکردنی بڕیار

ئەم باسە سێ مەسەلە دەگرێتە خۆی: دیاریکردنی دروستکەرانی بڕیار، شێوازەکانی هەڵبژاردنیان، پاشان ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان.

یەکەم: دیاریکردنی دروستکەرانی بڕیار:

یەکێك لە تەوەرەکانی میتۆدی دروستکردنی بڕیار بریتیە لە ڕۆشناییخستنە سەر توێژی ئەو بکەرە سیاسییانەی پێیاندەوترێت دروستکەرانی بڕیار. لە هەموو سیستمێکدا، چەند دامەزراوەیەك یان چەند کەسێك هەن کە بڕیارەکان دروستدەکەن. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتە یان پێشینە یان خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانی دروستکەرانی بڕیار هەیە، ئەو خاسییەتانەش وەك وەك چەند کلیلێکی گرنگ بۆ ڕەفتارەکانیان وەهان. دەشێت بەشێوەی مەیدانییانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بە کۆکردنەوەی داتای تایبەتی دەربارەی چەشن، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، ئایا تیورە یان کرداریی، ئایین، ئینتیمای هەرێمی، پۆستەکانی پێشوو، ئاراستەکانو بەهاکانو پاڵنەرە دەروونییەکان ...هتد.

ناشێت تەنها لە لێکۆڵینەوەی بونیادی یاساییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە: کێ بڕیارەکان دروستدەکات؟ پێویستە لە چوارچێوەی دەستوریی



شکڵی دەربچێن بەرەو ناسینەوەی ئەو کەسە ڕاستەقینانەی بەشدارییدەکەن لە دروستکردنی بڕیاردا[٧٥].

دووهەم: شێوازەکانی هەڵبژاردنی دروستکەرانی بڕیار

هەموو سیستمێکی سیاسی شێوازی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکانیدا. ئەم شێوازە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیکە دەگۆڕێت. لە کۆمەڵگاکانی وەك بەریتانیاو سویسراو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، جەماوەری دەنگدەران بەهێزو کاریگەرنو دەنگدان قۆرخنەکراوە بۆ کەرتێکی دیاریکراوی دانیشتوان. لە هەندێك کۆمەڵگای تریشدا، وەك باشوری ئەفریقیا، تەنها کەرتێکی دیاریکراوی دانیشتوان کە سپی پێستەکان دەگرێتەوە، بە دەنگدەران دادەنرێن•.

کۆمەڵگاکان لە بایەخدانیاندا بە هەردوو چەمکی دانان لەبەر ئەسڵو فەسڵ، لەگەڵ هەڵبژاردن لەبەر لێوەشاوەیی، جیاوازن مەبەست لە دانان بەپێی ئەسڵو فەسڵ ئەوەیە کۆمەڵگا کەسەکان لەسەر بنەمای ئەسڵی ڕەچەڵەکی یان ڕەنگ یان ئایین یان سامان هەڵدەبژێرێت، نەك لەسەر بنەمای توانستەکانیان. بەڵام دانان لەبەر لێوەشاوەیی ئەوەیە لەکاتی هەڵبژاردنی سەرکردەکاندا هانا ببرێتە بەر لێهاتوویی.

سێهەم: چوارچێوەی دروستکردنی بڕیار

دروستکەرانی بڕیار کاری خۆیان لە چوارچێوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا لە لایەك، واقیعێکی سیاسیو دامەزراوەیی لە لایەکی ترەوە، ئەنجام دەدەن. واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕاوەکان دەگرێتەوە، لە وێنەی ڕای گشتیو هێزە

---

[٧٥] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit, p. ١٢٥.

• لە ساڵی ١٩٩٤ یەدواوە دوای ئەوەی نیلسۆن ماندێلا بوو بە سەرۆکی وڵاتی باشوری ئەفریقیا، پرۆسەی دەنگدان بوو بە پرۆسەیەکی گشتگیرو هەموو هاوڵاتییەکانی وڵاتەکەی گرتەوە. و

کۆمەڵایەتییەکان‌و شەپۆلە مەزهەبییەکان دەگرێتەوە، چوارچێوەی سیاسیش کۆمەڵێك بنەماو ڕێکخراو دەگرێتەوە کە حکومەت پێکدەهێنن.

ئەم واقیعە بە هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە کاریگەریی لەسەر رەفتاری بڕیاردروستکەران هەیەو ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر واقیع هەیە، سەرکردایەتی سیاسی داواکارییەکانی فەرمانڕەواییکراوان دەگرێتە خۆی‌و لەشێوەی بڕیاریشدا وەڵامیان دەداتەوە، ئەو بڕیارانەش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەیە. هەر یەکەیەکی بڕیاریی (بۆ نمونە پەرلەمان) خۆی ڕێکخراوە، بەڵام بەشێکیشە لە بونیادی گشتی دروستکردنی بڕیار، بەوەش چالاکییەکانی کاریگەرییان لەسەر بەشەکان یان یەکەکانی بونیادەی دروستکردنی بڕیار هەیەو لە لایەنی ئەوانیشەوە کاریان تێدەکرێت[٧٦].

---

[٧٦] Ibid, pp. ١٢٦ــ١٣٠.

باسی دووهەم

## پرۆسەو هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار

**یەکەم: هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار**

لە هەموو سیستمێکی سیاسیدا، چەند ڕێوشوێنێك هەن بۆ بڕیاردان، دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە ئەم چالاکییانەی خوارەوە دەگرێتە خۆی[٧٧]:

١. دیاریکردنی گرفت، لە سیستمە دیموکراسییەکاندا ئەم کارە لە ڕێگای گفتوگۆو وتوێژەوە ئەنجامدەدرێت، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پارتەکان و سەندیکاکان و زانکۆکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو ...هتد بەشداریی تێدا دەکەن.

٢. بەدەستهێنانی بیروبۆچوونەکان: لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا دروستکەرانی بڕیار چەند بۆچوون و ئایدیایەك بەدەستدەهێنن دەربارەی ئەوەی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکە بکرێت. لە هەندێك سیستمدا، بیرۆکراسی ئامڕازێکی گرنگە لە دابینکردنی زانیاریدا بۆ دروستکەرانی بڕیار. بەڵام ڕەنگە لە هەندێك سیستمدا زانیارییەکان بشاررێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قۆرت بخرێتە بەردەم پرۆسەی دروستکردنی بڕیار.

٣. پۆلاندن و لێکدانەوەی زانیارییەکان و خەملاندنی هەموو چارەسەرە بەدیلەکان: پێویستە لەسەر دروستکەری بڕیار ئاگای لە هەموو ئیختیارە شیاوەکان بێت، پێویستیشە لە گۆشەنیگای ئەنجامە گریمانەکراوەکانیانەوە بیربکاتەوە. دەشبێت پلە پەیژەیەکی بۆ بەهاکان لابێت، تا بتوانێت شوێنەوارەکانی ئەو چارەسەرە هەڵبسەنگێنێت کە هەڵیبژاردووە.

[٧٧] Allan Larson, op. cit, pp. ٢٩-٣٢.



٤. جێبەجێکردنی بڕیار: دوای بڕیاردان، پرۆسەی جێبەجێکردن دەستپێدەکات، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو وەك پرۆسەی دروستکردنی بڕیار وردەکاریی زۆری تێدایە. جێبەجێکردن پێوستی بە زنجیرەیەك بڕیاری لاوەکی هەیە. پرۆسەی جێبەجێکردن لە بنەڕەتدا پشت بە دەزگای ئیداریی دەبەستێت. ئەم دەزگایەش هەندێجار بەرچاوی ڕوون نیەو ئامانجەکانی بڕیارەکە بە باشی نابینێت، بێشك ئەمەش دەبێتە هۆی بێسەرەوبەرەیی پرۆسەی جێبەجێکردن و شێواندنی ئامانجەکە یان ئامانجەکانی بڕیارەکە[٧٨].

٥. هەڵسەنگاندنی بڕیار: مەسەلەی هەڵسەنگاندنی بڕیارەکان پرۆسەیەکی گرنگەو پێویستە هەموو ئەوانەی پێڕەوی دروستکردنی بڕیار جێبەجێ دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی، ئاگایان لێی بێت، هەڵسەنگاندنیش چەند پێوەرێکی هەیە[٧٩]:

أ- حاڵەتی زانیارییەکان: ئایا ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی بڕیاردروستکەراندا هەن، تەواون یان ناتەواو، شێواون یان دروست؟

ب- پلەی ڕاوێژکردن لە دانی بڕیارەکەدا: ئایا بڕیارەکە دوای ڕاوێژکردن و لێکۆڵینەوە دراوە؟ ڕاوێژ لەگەڵ کێدا کراوە؟

ت- گرنگی یان پێوستی بڕیارەکە.

پ- شوێنەوارەکان و ئەنجامەکانی بڕیارەکە: لێکۆڵینەوە لەوەی ئایا مەبەستی بڕیارەکە هاتووەتە دی و بە چ پلەیەك.

**دووهەم: پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار**

[٧٨] Ibid, pp. ٣٢-٣٣.

[٧٩] Ibid, pp. ٣٣-٣٤

کارلێکردنەکانی کاتی ئامادەکردنی بڕیاری سیاسی، چەندین پرۆسەی تێدایە، گرنگترینیان ئەمانەن: دانوساندن، کێبڕکێ، ململانێ، هاوکاری.

١. دانوساندن: گەیشتن بە ئاڵوگۆڕی بەسوود بۆ هەردوولای دانوسانندنەکە. ژیانی سیاسی پڕێتی لە دانوساندن، لە نێوان سیاسەتکاران خۆیاندا، لەنێوان سیاسەتکاران و هاولاتییان، سیاسەتکاران و گروپەکانی بەرژەوەندی، سیاسەتکاران و بیرۆکراسییەکان، لە نێوان دەوڵەتاندا روودەدات. پێویستە دانوسانکەر بزانێت توانستەکانی خۆی و ئەوانیتریش چەندن، دەبێت لە چ بارودۆخێکدا کاربکات یان دەتوانێت کاربکات. هەروەها دەبێت ئاگای لە ستراتیجەکان و تەکتیکەکانی دانوساندنی کارا هەبێت.

لە هەموو رەوشێکدا دانوساندن روودەدات، هەدوولا وا هەستدەکەن رێکەوتن باشترە لە رێکەوتن. بەم مانایەش دانوساندن شتێکی زیادە نیە، بەڵکو پێویستییەکە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك کە هەمووان بەلایانەوە باش بێت. ئاشکراشە کە گەیشتن بە چارەسەری ئاواهی بۆ گرفتەکان، پێویستی بە ئامادەیی هەموو لایەك هەیە تا سازش بکەن و رازیببن بە دەسکەوتێکی کەمتر لەوەی لەسەرەتای دانوساندنەکەدا خستبوویانە دڵی خۆیانەوە[٨٠].

٢. کێبڕکێ: چالاکییەکە بەهۆیەوە دوو لایەن یان زیاتر تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی هەمان ئامانج بۆ خۆیان. رێژەی کێبڕکێ لە رووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بگرە لەناو هەمان کۆمەڵگاشدا دەگۆڕێت. لێرەدا بە پێچەوانەی حاڵەتی دانوساندنکەرەوە، کە هەوڵدەدات لایەنەکەی تر

[٨٠] Toyce Mitchell and William Mitchell, Political Analysis and Public Policy: An Introduction to Political Science, (Chicago: Rand McNally and Company, ١٩٦٩), pp. ٤٣٧عج٤٣٩; ٤٤٢.



رازیبکات رەوشێکی سودمەند بۆ هەردولا پەسەند بکات، ئەمجارەیان کێبڕکێکەر هەوڵدەدات بە ئامانجی خۆی بگات بێ ئەوەی هیچ سودێك بە نەیارەکەی بگەیەنێت. بەڵام هەندێجار روودەدات کە دوو لایەنە کێبڕکێکەرەکە بۆ پاراستنی بوونی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ حاڵەتی دانوساندن، وەك لە حاڵەتی رێکەوتنی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆندا لەسەر بڕیارێکی دیاریکراو[٨١].

٣. ململانێ: ئەمە کاتێك روودەدات کە ئامانجەکانی هەردوو بکەرە سیاسییەکە راستەوخۆ ناکۆك دەبێت، کە سەرکەوتنی لایەنێکی ململانێکە بە بەزینی راستەوخۆی ئەوەی تریان تەواو دەبێت. زۆرجار روودەدات ململانێکان وێرانکەر دەبن، بە تایبەتی ئەگەرلایەنەکان نکولییان لە ئامانجەکانی یەکتریی کرد یان پشتگوێیان خست. زۆرجاریش لەبەر ئەوەی باجی بەردەوامبوون لەسەر ململانێ زۆرە، لایەنەکان تێدەکۆشن بە دانوساندن گرفتی نێوانیان چارەسەر بکەن[٨٢].

٤. هاوکاری: هیچ سیستمێکی سیاسی ناتوانێت نکولیبکات لە راستی ئەوەی کە ئامانجەکانی لایەنە جیاجیاکان ناکۆکن، بەڵام ئەوە راستییەکە کە ئامانجێکی هاوبەشیش هەیەو هاولاتییان لە پێناویدا کاردەکەن. بۆ ئەوەی هاوکاری رووبدات، پێویستە بە لایەنی کەمەوە لایەکیان دان بەوەدا بنێت کە رێکەوتنێك لەسەر ئامانجەکان شیاوەو بەدیهێنانیان نابێتە هۆی زیان بۆ هیچ لایەنێکیان. ئەمەش پێویستی بە بڕێکی گونجاو لە هەماهەنگی و راوێژکردن هەیە[٨٣].

[٨١] Ibid. ٤٤٦عج٤٤٧.
[٨٢] Ibid. pp. ٤٦٠عج٤٦١; ٤٦٨.
[٨٣] Ibid. pp. ٤٧٠عج٤٧١.

## نەسکی هەشتەم

# پێڕەوی پەیوەندی

# Communication Approach

## ڕێخۆشکردن

پەیوەندی بناغەی هەموو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانە، مرۆش ئەگەر توانای پەیوەندی نەبێت، ناتوانێت کارلێك لەگەڵ ئەوانیتردا بکات، بەبۆچوونی وارین وارنەر، مەبەست لە پەیوەندی هەموو ئەو ڕێوشوێن و شێوازانەیە کە بەهۆیانەوە کەسێك کاردەکاتە سەر کەسێکی دیکە.. بەمەش ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگاکان و دەوڵەتەکان لە بوون و تەواوکاریی خۆیاندا تەرکیز دەکەنە سەر پەیوەندییەکان، واتە گۆڕینەوەی نامە لە نێوان تاکەکاندا. نامەش بە تەنها وتەی نوسراو یان زارەکی نیە، بەڵکو هەموو کردەوە یان ڕەفتارێکی مرۆییە. وارین وارنەر بەشداریکردووە بە پەرەپێدانی تیوری پەیوەندیدا، ئەو زاراوەی "سیبرناتیکس"ی بەکارهێناوە، بە مانای پەیوەندی و دیسپلین. کاتێك کەسێك پەیوەندی دەکات بە کەسێکی دیکەوە، ئەوە نامەیەکی ئاڕاستە دەکات. کاتێکیش دووهەم پەیوەندی دەکات بە یەکەمەوە، ئەوە نامەیەکی ئاڕاستە دەکات کە چەند زانیارییەکی تێدایە کە لەبەردەستی خۆیدا هەن نەك لەبەردەستی کەسەکەی یەکەمدا. کاتێکیش مرۆڤێك ڕەفتارەکانی مرۆڤێکی دیکە دیسپلین دەکات، ئەوە نامەیەکی بۆ دەگوێزێتەوە. شێوازی پەیوەندیکردن لە حاڵەتی فەرمانپێدانیشدا هەر وەك خۆیەتی و ناگۆڕێت.

بۆ ئەوەی کەسێك دڵنیا ببێت لە کارایی دیسپلینکردنی ڕەفتارەکانی کەسەکەی دی، پێویستە هەموو ئەو نامانەی لێ وەربگرێت کە نیشانەی تێگەیشتن و گوێڕایەڵییان تێدایە.

باسی یەکەم

## سیاسەت وەك رەوشی پەیوەندیکردن

ناتوانین بەبێ بوونی پەیوەندی ئەندێشەی پرۆسەی سیاسی بکەین. بێویستە هاولاّتییان لە توانایاندا هەبێت‌و بتوانن ئارەزوو و داواکارییەکانیان بگەیەنن بە حکومەت، پێویستە فەرمانڕەوایان بتوانن بڕیارەکانی خۆیان بگەیەنن بە هاولاّتییان‌و پاساویشیان بدەنەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەوان. بۆیە لە گۆشەنیگای پەیوەندییەوە، لێکۆڵینەوەی سیستمە سیاسییەکان بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ئەو کردەوەوەو رەفتارانەیە کە پەیوەندییان بە گۆڕینەوەی زانیاریی (نامە) ەوە هەیە لە نێوان بکەرە سیاسییەکاندا.

بەمجۆرە، پێڕەوی پەیوەندی رۆشنایی دەخاتە سەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە[٨٤]:

- ئەو کەنالانەی لێیانەوە زانیارییەکان (نامەکان) لە نێوان بکەرە سیاسییەکاندا دێن‌و دەچن.
- ئەو رێساو رێ‌و شوێنانەی لەناو سیستمی سیاسیدا کۆنترۆڵی پەیوەندییەکان دەکەن.
- تین‌و تاوی ئەو هەستوسۆزانەی پەیوەندییان بە هەندێك نامەی دیاریکراوەوە هەیە.
- جۆرەکانی وەلاّمدانەوە پێشبینیکراوەکانی ئەوانەی نامەکانیانە پێدەگات.

[٨٤] William Wekh, op. cit. p. ٦٩.



کرۆکی تیوری پەیوەندی بریتیە لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی گوێزانەوەی نامەکان، ئەمەش جێگای تێهاویشتەو دەرهاویشتەکانی نمونەکەی ئیستۆن دەگرێتەوە. نامە بریتی نیە لە رووداو، بەڵکو چەند زانیارییەکە دەربارەی رووداو. ئەم زانیارییانە قابیلی دیاریکردن‌و پێوانەکردنن. پەیوەندی سیاسی، واتە گوێزانەوەی نامەکان لە نێوان بەشەکانی سیستمی سیاسیدا، پاشان لە نێوان سیستمی سیاسی‌و سیستمی کۆمەلاّیەتیدا، بریتیە لە رەگەزی دینامیبوونی بوونی سیاسی.

سیستمی پەیوەندی لەم رەگەزانەی خوارەوە پێکدێت[٨٥]:

١. نێرەری نامەکە (واتە زانیارییەکان). رەنگە تاك بێت یان دامەزراوە.
٢. نامە، واتە ئەو زانیارییانەی نێرەر دەربارەی روداوێك یان داواکارییەك یاخود گرفتێك رەوانەیان دەکات.
٣. وەرگر. واتە ئەو لایەنەی نامەکەی پێدەگات.
٤. ئەو کەنالّەی لە رێیەوە نامەکە بەرەو وەرگر دەگوێزرێتەوە.
٥. وەلاّم. واتە هوشیاریی یان زانینی ئەنجامەکانی کردەوەکان.

ئەگەر سیستمێکی پەیوەندیی سەیری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین، دەتوانین بڵێین (نێرەر) کەسی پاڵێوراوە بۆ پۆستی سیاسی، (نامە) ئەو پێشنیارو بەڵێن‌و بەرنامانەیە کە دەیخاتە بەردەمی دەنگدەران، (کەناڵ)ی پەیوەندیش رادیۆ یان تەلەفیزیۆن یاخود رۆژنامەکان یان پەیوەندیکردنی راستەوخۆی رووبەڕوو دەبێت، (وەرگر)یش جەماوەری دەنگدەرانە، (وەلاّم)یش پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی پێشنیارەکانی پاڵێوراوەکەیە.

[٨٥] Michael Rush and Phillip Althoff, An Introduction to Political Sociology, (London: Thomas Nelson and Sons Ltd. ١٩٧١) pp. ١٦٠ج١٦١.

ئێستا دەچینە سەر وتەزاکانی تیوری پەیوەندی کە دەشێت لە چەند خاڵێکدا کورتیان بکەینەوە:

١. دەتوانین لە هەموو ئاستێکدا، وەك سیستمێکی پەیوەندی لە سیاسەت بکۆڵینەوە، چونکە بریتیە لە گوێزانەوەی زانیاری لە نێوانی بکەرە سیاسییەکاندا.

٢. لە حاڵەتی ناتەواویی یان شێواویی زانیارییەکانی بەردەستماندا، دەزگای بڕیاردروستکردن رووبەڕووی چەند گیروگرفتێك دەبێتەوە لە پرۆسەی وەڵامدانەوەدا.

٣. ئەو گروپانەی بێ چەواشەکردن لە گوێزانەوەی نامەکانیاندا بۆ دەزگای دروستکردنی بڕیار سەرکەوتوو دەبن، ئەوانە گروپی کاراو بەهێزن، واتە دەتوانن بگەن بەوەی دەیانەوێت. بە گوزارشتێکی تر، هەتا نێرەری نامەکە بەهێزتر بێت، ئەوە زیاتر پێشبینیدەکردێت کە سیستمی سیاسی وەڵامی بداتەوە.

٤. هەتا بایەخی گروپ لە دیدی تاکدا زیاد بکات، ئەوە زیاتر گوێ لە رێنماییەکانی دەگرێت. هەتا زیاتریش لەگەڵ ئەوانیتردا کارلێك بکات، زیاتر بە تەنگی هاوتاکردنەوەی بەهاکانی خۆی لەگەڵ بەهاکانی ئەواندا دەبێت.

٥. بە زۆریی نامەکانی خێزان لە بواری پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا، کاریگەرییان زیاترە لە نامەی دامەزراوەکانی دیکە، بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتای تەمەنی مرۆڤدا.

٦. تاکەکان جۆرە هەڵبژاردنێك لە وەرگرتنی نامەکاندا بەکاردەهێنن. واتە تاك ئەو نامانە رەتدەکاتەوە کە لەگەڵ بەها یان ئاڕاستە تایبەتییەکانی خۆیدا ناگونجێت، رەنگە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆی شێوانی زانیارییەکان‌و بەوەش بڕیار یان رەفتاری نادروستی لێبوەشێتەوە.



٧. تەرزەکانی پەیوەندی سوودمەندن بۆ ئەنجامدانی بەراورد لە نێوانی سیستمە سیاسییە جیاجیاکاندا. لەمبارەیەشەوە دەتوانین لەم روانەوە بەراوردیان بکەین:

- پێکەوەسازانی زانیارییە سیاسییەکان.
- قەبارەی زانیارییە سیاسییەکان.
- ئاڕاستەی زانیارییە سیاسییەکان

باسی دووهەم

## کارل دویچ و شیکردنەوەی پەیوەندییانەی سیستمە سیاسییەکان

لە شیکردنەوەی سیستمە سیاسییەکاندا، کارل دویچ بە ڕێبەری پێڕەوی پەیوەندی دادەنرێت. چەند کتێبێکی تەرخانکردووە بۆ خستنەڕووی هزرەکانی خۆی لەمبارەیەوە، نێودارترینیان "رایەڵی حکومی"و "سیاسەتو فەرمانڕەوایی: چۆن خەڵك چارەنوسی خۆیان دیاریدەکەن" بەرای ئەو پرۆسەی پەیوەندی وەك لایەنی تەوەریی ناو هەر سیستمێکی سیاسی وەهایە. وەك لە هێڵکاریی ژمارە (٢) وەوە ڕووندەبێتەوە، دەزگاکانی وەرگرتن لە شێوەی نامەدا زانیارییەکانیان پێدەگاتو دەیگوێزنەوە بۆ ناوەندی بڕیارو ئەویش پشت دەبەستێت بە یادەوەریی (ئەو زانیارییانەی لە ئەقڵ تۆمارەکانیدا عەمبارکراون) لەگەڵ بەهاکانی (پەسەندکردنی بڕیارێك بەسەر بڕیارێکی تردا) بۆ گەیشتن بە بڕیارێكو پاشان ڕەوانەی دەکات بۆ بونیادەکانی جێبەجێکردنو ئەوانیش ئەو کردەوەو ڕێو شوێنانە دەگرنە بەر کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی.



هێڵکاریی ژمارە (٢)




ئەم بڕیارو کردەوانە کاردانەوەی جیاجیایان دەبێتو دەزگاکانی وەرگرتنی زانیارییەکان کۆیاندەکەنەوە بۆ ئەوەی بیگەیەنن بە ناوەندی بڕیار، ئەم پرۆسەیەش پێیدەوترێت وەڵامدانەوە. ئەم چوارچێوە هزرییە چەند چەمکێکی لەخۆ گرتووەو پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە. دەتوانین ئەو چەمکانە پۆلێن بکەین بۆ چوار کۆمەڵە:

یەکەم: ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە بونیادە کاراکانەوە هەیە.

١. پەیوەندی: مەبەست لەو دەزگاو کەناڵانەیە کە زانیارییەکان لە ژینگەی ناوخۆییو دەرەکی سیستمی سیاسییەوە کۆدەکەنەوە.

٢. یادەوەریی: عەمبارەکانی کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە ڕەوشە ناوخۆییو دەرەکییەکانەوە.

٣. بەهاکان: واتە کۆمەڵەی ئەو بەهایانەی کە وا لە بڕیاردروستکەران دەکەن بڕیارێك پەسەند بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتێك.

٤. جێبەجێکردن: واتە ئەو دەزگایانەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە وەئەستۆ دەگرن.

دووهەم: چەمکەکانی هێنان‌و لێکۆڵینەوەی زانیارییەکان:

١. بار: مەبەست لێی سەرجەمی ئەو نامانەیە (زانیارییەکان) کە لە ساتێکی دیاریکراودا پێشوازییان لێکراوە.

٢. توانای بار: بە مانای توانستی وەرگرتن‌و لێکۆڵینەوەی هەموو زانیارییە هاتووەکان. ئەم توانستە لەسەر ژمارەو جۆرو حاڵەتەکانی کەناڵەکانی پەیوەندی ڕاوەستاوە. پێوەستێکی زۆر بەتینیشی هەیە بە ڕادەیی دوردەکاریکردن لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانداو مەودای ئەو شوێواندنەی بەسەر زانیارییەکاندا دێت، لە نێوان ساتەوەختی پێشوازیلێکردنیان‌و ساتەوەختی وەڵامدانەوەیاندا. هەتا وردی کۆکردنەوەی زانیارییەکان کەم ببێتەوە، بڕی شێواندن زیاتر دەبێت، ئیتر سیستمەکە ڕووبەڕووی ناڕەحەتی دەبێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەکەی (بڕیارەکەی) هی هەڵوێستە ڕاستەقینەکە نابێت، بەڵکو هی بۆچوونێکی درشتی شێواو دەبێت دەربارەی هەڵوێستەکە.

٣. بانگکردنەوە بە واتای توانای سیستمەکە بۆ هێنانەوەی ئەزمونی پێشوو کە ڕەنگە سوودی هەبێت لە شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەدا کە بۆی هاتوون.

سێهەم: ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە بڕیارەکان‌و شوێنەوارەکانیانەوە هەیە

١. دەرهاویشتەکان، واتە ئەو بڕیارانەی سیستمەکە دەیاندات وەك وەڵامدانەوەی ئەو زانیارییانەی بۆی هاتوون.



٢. ماوەی هێشتنەوە، واتە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان وەرگرتنی زانیارییەکان‌و وەڵامدانەوەیانەوە. هەتا ئەو ماوەیە کەمتر بێت، نیشانەی لێوەشاوەیی زیاتری سیستمەکەیە، واتە توانای وەڵامدانەوەی بۆ داواکارییەکانی ژینگە.

٣. دەسکەوت، واتە ئەو گۆڕانکارییەی سیستم لە ژینگەدا بەدیدەهێنێت بەهۆی ئەو بڕیارانەوە کە داوێنی‌و جێبەجێی کردوون. ئەگەر زانیارییەکان بەشێوەیەکی دروست چارەسەر بکرێن، ئەوا پێشبینیدەکرێت کە گۆڕانەکە لە ئاستی داواکارییەکانی ژینگەدا بێت.

٤. وەڵام پێدانەوە، بریتیە لە پرۆسەی هاتنی زانیارییەکان لە ژینگەوە بۆ سیستم دەربارەی ئەنجامەکانی بڕیارەکانی‌و ئەو کردەوانەوە کە پەیوەندییان بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانەوە هەیە.

وەڵامپێدانەوە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە وەردەگرێت:

- وەڵامپێدانەوەی ئەرێ، نیشانەیە بۆ هاتنەوەی جۆرە زانیارییەك دەربارەی ئەنجامەکانی بڕیارەکان بۆ سیستم، کە پاڵی پێوە دەنێن بەردەوام ببێت لەسەر ڕەفتارەکەی بۆ گەیشتن بە ئامانج.
- وەڵامپێدانەوەی نەرێ، نیشانەیە بۆ هاتنەوەی جۆرە زانیارییەك دەربارەی ئەنجامەکانی بڕیارەکان بۆ سیستم، کە پاڵی پێوە دەنێن بە ڕەفتاری خۆیدا بچێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج.
- وەڵامپێدانەوەیەك کە پێویستی بە گۆڕینی ئامانج هەیە، واتە هاتنەوەی جۆرە زانیارییەك دەربارەی بڕیارەکان بۆ سیستم، کە وای لێدەکەن ئامانجەکەی بگۆڕێت. لەوانەیە سیستم ببینێت ئامانجەکەی بەدیهاتووە، بۆیە ئامانجێکی نوێ بۆ خۆی دیاریدەکات، یاخودج ئەو ئامانجەی دایناوە بەدیهێنانی زەحمەتە، بۆیە ڕوودەکاتە ئامانجێکی دیکە.

گومان لەوەدا نیە کە گۆڕینی ئامانج گۆڕانکاریی لە وەزیفەو کارو بونیادی دروستکردنی بڕیارەکانیش دەگرێتەوە.

چوارەم: ئەو چەمکانەی پەیوەندییان هەیە بە نوێکردنەوەو سازانەوە

١. توانای فێربوون: مەبەست لێی توانای سیستمە بۆ راستکردنەوە یان پەرەپێدانی رەفتاری خۆی، بەجۆرێك لە کاتی دووبارەبوونەوەی هەڵوێستێکی کۆندا، رەفتارێکی تازەی لێبوەشێتەوە. بێشك پەیداکردنی ئەم توانایە پێویستی بە دەسبەرداربوونی چەندین خوو و نەریتو بۆچوونی کۆنی سەقامگیر هەیە لەگەڵ چەسپاندنی کۆمەڵێك نەریتو بۆچوونو رێوشوێنی نوێ.

٢. وەرچەرخانی خۆبەخۆ: واتە توانای سیستم تا لەزۆر لایەنییەوە خۆبەخۆ بگۆڕێتو زۆرێك لە ئامانجەکانی بگۆڕێت، بە گوزارشتێکی تر توانای سیستم بۆ نوێکردنەوەی دەزگاکانیو سیاسەتەکانی بەشێوەیەك کە تەواوکارییو سەقامگیریی کۆمەڵگا بپارێزێت.

* * *

لە کۆتایی ئەم رانانەدا، وتەیەکمان دەربارەی لایەنەکانی بەهێزیو لاوازیی میتۆدی پەیوەندیدا، ماوە.

سەرەتا تێبینی ئەوە دەکرێت کە وێڕای بوونی پەیوەندی بەتین لە نێوان شیکردنەوەی پەیوەندیو شیکردنەوەی سیستمدا، وەلێ یەکەمیان لەو رەخنانە رزگاری بووە کە ئاڕاستەی دووهەم دەکرێن، ئەویش لە نارەحەتی دۆزینەوەی پێوەرە واقیعییەکانی چەمکەکاندا وێنا دەبێت، پێکهاتەکانی سیستمی پەیوەندی واقیعیینو بە ئاسانی دیاریدەکرێنو دەپێورێن: نامەکە، نێرەرەکەی، وەرگرەکەی، ناوەرۆکەکەی...هتد. لە لایەکی تریشەوە، پێڕەوەکە یارمەتیمان دەدات لە بینینی



ئەو فاکتەرانەدا کە کاردەکەنە سەر پێشوازیکردنی تاكو سیستمە سیاسییەکان لە زانیارییەکانو چۆنێتی کاریگەریی پەیوەندی لەسەر ئەدای سیاسی[٨٦].

لەبەرامبەریشدا رەخنەی ئەوە لە میتۆدەکە دەگیرێت کە چەند چەمکێك بەکاردەهێنێت کە لە ئەندازەی پەیوەندییەوە وەردەگرێتو بەکاریدەهێنێت بۆ شیکردنەوەی ئەو چالاکییە سیاسییەی کە لە مرۆڤی خاوەن هەستو سۆز دەوشێتەوە، کە کۆنترۆڵکردنی زەحمەتە. هەروەها چەند توحمێکیش لە سیستمی پەیوەندیدا هەن کە پێوانەکردنیان زەحمەتە، وەك: مانای نامە، هێزی نامە، پەیوەندی لە نێوان سەرچاوەی نامەو کاریگەرییەکەیدا[٨٧].

[٨٦] Mary Kweit and Robert Kweit, op. cit. pp.١١٦-١١٧.

[٨٧] Oran Young, op. cit, pp. ٥٩-٦٢.

نەسکی نۆهەم

# میتۆدی کەلتوری سیاسی

# Political Culture Approach

## ڕێخۆشکردن

زانستی سیاسی هەر لە زووەوە بایەخیداوە بە لایەنە کەلتوورییەکانی سیاسەت. ئەوەتا لەسەدەی شەشەمی پێش زاییندا، کۆنفۆشیۆسی فەیلەسوفی چین لە سێ نوسراوەکەی خۆیدا "باوەڕی میانڕۆ"و "گەورەترین فێرکردن" و "گۆڕانییەکان" دا، پێدادەگرێت لەسەر چاندنی ماناکانی ڕاستیو دادپەروەریو خۆشەویستی لە دەرونی مرۆڤەکاندا، هەر لە منداڵییەوە، ئەویش لەڕێگای فێرکردنی جدییەوە، بۆ ئەوەی سیستمێکی سیاسی دروست بێتە ئاراوەو بتوانرێت فەرمانڕەواییەکی چاك بکرێت. دوای ئەوە بە نزیکەی دوو سەدە، ئەرەستۆ لە سەرەتای کتێبی پێنجەمی دەروازەی یەکەمی کتێبی "سیاسەت" دا ئاماژەیکردووە بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسی خاوەنی هەندێك ئاکاری دیاریکراوە کە زامنی سەقامگیرییو بەردەوامبوونی دەکەن. هەریەکە لە کۆمەڵگای ئۆلیگارکیو دیموکراسی، سیستەمو بەهای تایبەتی خۆیانیان هەیە، کە وێنەکەی دیاریدەکەنو زامنی مانەوەی دەکەن. لە سەدەی چواردەهەمی زاینیشدا، عەبدولڕەحمان ئیبن خەلدون، لە نەسکی بیستو چوارەمینی کتێبی یەکەمی "پێشەکی"یەکەیدا ڕەفتاری فەرمانڕەواو ئاکاری دەستوپێوەندەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر فەرمانڕەوا ڕێگای سەرکوتکردنو زۆرداریو گەڕان بەدوای شەرەفی خەڵکیدا بگرێتە بەر، ئەوە خەڵکەکە لێی دەترسنو زەلیل دەبنو بۆ خۆ قوتارکردن هانا دەبەنە بەر درۆکردنو فرتو فێڵو فریودانو لەوانەشە لەکاتی شەڕەکاندا پشتی بەربدەن. بەڵام ئەگەر لەگەڵیاندا نەرمو نیان بوو، لە هەڵە بچووکەکانیان خۆش بوو، ئەوانیش ئەمیان خۆشدەوێتو لەکاتی لێقەوماندا پشتیوانی لێدەکەن. ئەگەر بشگوێزینەوە بۆ سەردەمی نوێ، دەبینین فەیلەسوفەکانی دەستیانبردووە بۆ ڕەهەندی کەلتوورییانەی سیاسەت. ئەوەتا جان



جاك ڕۆسۆ کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە، لە هەردوو کتێبی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"و "ئیمیلی"دا ئاماژە دەکات بۆ گرنگی چاندنی هەستوسۆزی گشتی گونجاو بۆ دیموکراسی سیاسی. لە کتێبی "دیموکراسی لە ئەمریکا"ی ئەلیکسی دی تۆکیڤیلی فەرەنسیدا، کە لەسەدەی نۆزدەدا نوسراوە، جەخت دەکرێتە سەر ڕۆڵی بەها کەلتوورییەکان لە پرۆسەی سیاسی ناو کۆمەڵگای ئەمەریکیدا.

وەلێ بەشێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوە فەلسەفییانە مەیلی تێڕامانو وردبوونەوە بەسەریاندا زاڵ بووە، ئیتر وەك کاردانەوە دژی ئەم مەیلە لە لایەكو، کاردانەوە بۆ کاریگەریی ڕەفتاریی لەسەر لێکۆڵینەوە سیاسیەکاندا، لە لایەکی ترەوە، تیمێك لە زانایانی سیاسەت بایەخیاندا بە لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسی – لەڕووی تیوریو مەیدانیشەوە. لەوکاتەوەی بۆ یەکەمینجار زاراوەی کەلتوری سیاسی لە وتارە نێودارەکەی گابریل ئەلمۆنددا "سیستمە سیاسییە بەراوردکارەکان" هاتووە کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا بڵاوکراوەتەوە، ئیتر بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەشەنەی کردووە. ئەوەش جێگای سەرسوڕمان نیە، چونکە پێویستە تێڕوانینی گشتگیرانەی سیستمی سیاسی ژینگە کەلتوورییەکەی خۆی لەپێشچاو بگرێت، کە کاردەکاتە سەر ئەداکەی، چونکە بەشێك لە ڕەفتاری تاکەکان لەناو دەزگا سیاسییەکاندا دیاریی دەکرێتو بەهاو ئاڕاستە سیاسییەکانیانی پێدەدەن. داواکاریی فەرمانڕەواییکرداوەکان لە سیستەمو شێوازەکانی گوزارشتکردن لەو داواکارییانە – لە بەشێکیدا – لەژێر کاریگەریی کەلتوری سیاسی باودایە. بەمجۆرە، گۆڕانی سیاسی پێوەستێکی بەتینی بە کەلتوری سیاسییەوە هەیە، هەمیشە کەلتور پاڵنەرێك یان قۆرتێك دەبێت لەسەر ڕێگای گۆڕان.

ئەم نەسکە لە پێنج باسدا لە پێڕەوی کەلتوری سیاسی دەدوێت، سەرەتا کریستاڵەکردنی چەمکی کەلتوری سیاسی باسدەکات. باسی دووهەم قسە لەسەر

بونیادی کەلتوری سیاسی دەکات. سێهەمیش دەستدەبات بۆ ناوەڕۆك یان ڕەهەندەکانی.. باسی چوارەمیش خۆی دەدات لە دیاردەی گۆڕانی کەلتوری و دواجاریش لە باسی پێنجەمدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسی دەخرێتە روو.

باسی یەکەم

## بەرەو کریستاڵەکردنی چەمکی کەلتوری سیاسی

**یەکەم: پێناسەی چەمکەکە:**

**دیاریکردنی چەمکەکان یەکێکە لە گرفتەکانی زانستی سیاسەت، چونکە ڕێکەوتنێکی ئەوتۆ لەسەر هیچ چەمکێك لە نێوان کارمەندانی زانستەکەدا نیە. زاراوەی کەلتوری سیاسیش لەوە بەدەر نیە. بگرە زۆر ئاڵۆزترە، چونکە لایەکەوە زاراوەیەکی نوێیەو لە لایەکی دیکەشەوە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسی هەر لە بنەڕەتدا لەسەر وشەی کەلتور کۆك نین[٨٨]. ژمارەی پێناسەکانی کەلتوری سیاسی بەقەدەر ژمارەی ئەوانەی خۆیانداوە لە لێکۆڵینەوەو پشکنینی چەمکەکە دەبێت. بۆ نمونە، لوسیان پای پێیوایە کەلتوری سیاسی "سەرجەمی ئەو ئاڕاستەو باوەڕو هەستوسۆزانەیە کە مانا دەبەخشن بە پرۆسەی سیاسیی و ڕێکی دەخەن، ئەو ڕێسا سەقامگیرانەش پێشکەشدەکەن کە لەناو سیستمی سیاسیدا، کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی تاك دەکەن"[٨٩]. بەم مانایەو بە ڕای پای کەلتوری سیاسی بەسەر ئەو ئایدیاو پێوانە سیاسییانەدا پیادە دەبێت**

[٨٨] وەك بەڵگە بۆ ئەمە، لە ساڵی ١٩٥٢ دا هەردوو زانا کرۆبەرو کلۆکهون، کتێبێکیان بە ناونیشانی:
Culture, A Critical Review of Concepts and Definitions, Papers of the Peabody Museum of Archaeology and Ethnology, Cambridge Mass, No. ٤٧, ١٩٥٢.
لەو کتێبەدا زیاتر لە بیستو هەشت لاپەڕەیان تەرخانکردووە بۆ خستنەڕووی پێناسە جیاجیاکانی چەمکی کەلتور.

[٨٩] Lucian Pye, "Political Culture" in: International Encyclopedia of the Social Science, ١٩٦٨, Vol. ١٢, p. ٢١٨.



**کە ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی پێوەی پابەند دەبن. سیدنی فیربا لای خۆی یەوە بۆ ئەوە دەچێت کە کەلتوری سیاسی بریتیە لە "باوەڕە واقیعییەکانو هێما گوزارشتییەکانو ئەو بەهایانەی ئەو ڕەوشە دیاریدەکەن کە ڕەفتاری سیاسی لە چوارچێوەیدا ڕوودەدات"[٩٠]. پاشانیش لە بۆچوونی ڤێربادا کەلتوری سیاسی لە دەورەی ئەو بەهاو باوەڕانە دەسوڕێتەوە کە لە کۆمەڵگادا باونو کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەفتاری سیاسی ئەندامەکانی، بە فەرمانڕەواو فەرمانڕەواییکراوەکانەوە.**

**بە هەمانشێوە ئیرۆیك ڕۆی کەلتوری سیاسی وەها وەردەگرێت کە بریتی بێت لە "تەرزی بەهاو باوەڕو ئاڕاستە سۆزییە تاکانەییەکان". لای ئەو چەمکە تاکانەییەکان دەربارەی ڕاستو هەڵەو چاكو خراپ لە کاروباری سیاسیدا، پێکەوە تەرزی ئەو بەهایانە پێکدەهێنن کە پێوەستێکی بەتینیان بە باوەڕە تاکانەییکانەوە هەیە بەرەو ئەوەی لە جیهانی سیاسیدا ڕوودەدات. سۆزەکانیش بە ئاڕاستەی چەسپاندنی ئەو بەهاو باوەڕانەدا کاردەکەن[٩١].**

**ئەم سێ پێناسەیەمان بۆ چەمکی کەلتوری سیاسی بۆ نمونە هێنایەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەدا دەتوانین ئەم توخمانەی خوارەوە لەو چەمکانەدا دیاری بکەین:**

**أ. کرۆکی کەلتوری ڕۆشنبیریی لە بەهاو ئاڕاستەو ڕەفتارو زانینە سیاسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگادایە. واتە گوزارشت لە چەند توخمێکی مادی یان نامادی دەکات.**

[٩٠] Sidney Verba, Comparative Political Culture, in: N.J. Princeton U.P, ١٩٦٥, p. ٥١٣.

[٩١] Eric Row, Modern Politics: An Introduction to Behavior and Institutions, London, Rutledge and Kegan Paul, ١٩٦٩, p. ١٢.

ب. کەلتوری سیاسی لقە کەلتورە یان بەشێکە لە کەلتوری گشتی کۆمەڵگا. وێڕای ئەوەی پلەیەك سەربەخۆیی لە سیستمی کەلتوریی گشتی هەیە، بەڵام دەشکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە[٩٢]. چونکە گوێڕایەڵبوون بۆ دەسەڵاتی میری لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە پشت بە روبار بەستووەکاندا، جیاناکرێتەوە لە ملکەچکردنی باو بۆ هێزەکانی سروشت.

ت. لە تێڕوانینی مارکسیدا سیستمی کەلتوری بە یەکێك لە رەگەزەکانی سەرخان دادەنرێت کە ژێرخان "هێزو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" دروستیدەکات[٩٣]. بەپێی ئەم تێڕوانینە، کەلتوری سیاسی دەبێت بە بەرهەمی یەك فاکتەر کە ئەویش واقیعی ئابوری – کۆمەڵایەتییە. بەڵام لوسیان پای پێیوایە کەلتوری سیاسی بە بەرهەمی مێژووی کۆمەڵگا لە لایەكو ئەزمونی بەدەستهێنراوی تاکەکانی لە رێگای پرۆسەکانی پەروەردەکردنە لە لایەکی ترەوە[٩٤].

وەلێ فاکتەری مادیی – کاریگەرییەکەی هەرچەندێك بێت – بە تەنها ئەوە نیە کە کەلتوری سیاسی دەخولڨێنێت. لەپاڵ ئەوەدا چەندین فاکتەری دیکەش هەن لە نمونەی پەروەردەکردنو رەوشە سروشتییەکان، هەروەها لوسییان پای ئەو کاریگەرییە پشتگوێ دەخات کە دەشێت ژینگەی سروشتی لەسەر کەلتوری

٩٢ Peter Merkle, Modern Comparative Politics, New York, Holt Rinehart and Winston, Inc, ١٩٧٠, p. ١٤٩.

٩٣ V. Afanasyev, Marxist Philosophy: A Popular Outline, Moscow Progress Publishers, ١٩٦٥, pp. ٢١٤, ٢١٥.

٩٤ Lucia Pye, Political Culture and Political Development, in: Lucian Pye, and Sidney Verba eds.op. cit. p. ٨.



سیاسی هەیبێت. لێرەوە دەشێت بڵێین هەریەکە لە چوارچێوەی مێژوویی‌و چوارچێوەی سروشتی‌و پەروەردەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، بە پلەی جیاجیا بەشدارییەکەن لە پێکهێنانی رۆشنبیری سیاسیدا.

وەك چۆن کەلتوری سیاسی کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رەوشە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانییەوە، ئەوا بێشك، ئەویش کاریگەریی هەیە لەسەر ئەو رەوشانە، ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی هەیە لە نێوان ئەوەدا کە مادییەو ئەوەش کە مینۆکییە. ئیتر یان کاردەکات بۆ بەردەوامبوونی یان دەبێتە پاڵنەر بە ئاراستەی گۆڕینیدا.

د. لە هیچ کۆمەڵگایەکدا کەلتورێکی سیاسی تەواو سەقامگیر لەگۆڕێ نیە، بەڵکو دووچاری گۆڕانکاریی دەبێت، ئەگەر کەمیش بێت[٩٥]. قەبارەو رێژەی گۆڕانەکەش لەسەر چەند فاکتەرێك راوەستاوە، لەوانە: مەوداو تێکڕای گۆڕان لە بونیادە ئابوریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکاندا، پلەی بایەخدانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا بە مەسەلەی گۆڕانی کەلتوریی‌و رادەی وەبەرهێنانی گۆڕانەکان، مەودای چەسپاویی‌و رەگداکوتاویی هەندێك بەهای کەلتوریی دیاریکراو لە دەرونی تاکەکاندا.

ه. وتەی بوونی کەلتورێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا مانای ئەوە نیە کە بۆ هەموو ئەندامەکانی وەکو یەك وایە، بەڵکو پەراوێزێك هەیە بۆ جیاوازیی کەلتوریی کە چەند فاکتەرێك دەیسەپێنن وەك رەگەز، ئایین‌و شوێنی نیشتەجێبوون‌و پیشەو ئاستی ئابوری‌و ئاستی خوێندن.

٩٥ Michael Curtis, Comparative Government and Politics, New York, Harper and Row Publishers, ١٩٦٨, pp. ٢٥ـ٢٦.

**دووهەم: جیاکردنەوەی چەمکی کەلتوری سیاسی لە چەمکەکانی دیکە.**

**١. مۆرکی نەتەوەیی و کەلتوری سیاسی:**

مەبەست لە مۆرکی نەتەوەیی کۆمەڵێك خەسڵەتی ڕەفتارییە کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراویان پێدەناسرێتەوە، ئەوانەی سیستمێکی کەلتوریی هاوبەش باڵی بەسەریاندا کێشاوە[٩٦].

بەمجۆرە، هەر لە بنەڕەتەوە چەمکی مۆرکی نەتەوەیی ڕوودەکاتە سیما ڕەفتارییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا، ئیتر هەر سروشتێکی هەبێت: ئابوری بێت یان کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی. مۆرکی نەتەوەیی بەستراوە بە هاوڵاتییانی ئاساییەوە، بەوەش ئەو دەستەبژێرو گروپە کۆمەڵایەتییانە لە جوغزی خۆی دووردەخاتەوە کە لە خەسڵەتە ڕەفتارییەکانیاندا تاکڕەوانەن. چەمکی مۆرکی نەتەوەیی گریمانەی بڕێك لە سەقامگیریی دەکات، چونکە ئەگەر وانەبێت، قسەکردن دەربارەی مرۆکی نەتەوەیی هەرگەلێك دەبێت بە وڕێنە.

بەڵام لێکۆڵینەوەکانی مۆرکی نەتەوەیی دووچاری ڕەخنەی زۆر بوونەتەوە[٩٧]، پێش هەموویان، ئەوەیە بە بێ بوونی بەڵگەیەکی تەواوەتی و قایلکەر، شێوازی پەروەردەی منداڵان و سیفەتە ڕەفتارییەکانی گەلێکی دیاریکراو پێکەوە دەبەستێتەوە، نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە جۆڤری جۆریر دیاردەی ئەوەی گەلی ڕووس دەسەڵاتپەرستن دەباتەوە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی منداڵانی ڕووس،

---

٩٦ أنظر: د. حامد ربيع، مقدمة في العلوم السلوكية، القاهرة، كمتبلة القاهرة الحديثة، ١٩٧٢، ص ١٦٦.

٩٧ George A. Devas, National Character, in International Encyclopedia of the Social Science, ١٩٦٨, vol. ١١, p. ١٧.



چونکە زۆربەیان لە ماوەی قۆناغی منداڵێتیدا بۆ ماوەیەکی درێژ قومات دەکرێن. دووهەمیش ئەوەیە هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە چەند میکانیزمێکی دەرونی ڕاڤەی ڕەفتار بکات، کە وا گریمانە دەکات ئەو میکانیزمانە لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەبێت. لە ماوەی دووهەمین جەنگی جیهاندا، وترا ڕەفتاری نەتەوەیی ئەڵمانی بە جۆرێکە لە شێتیی چەوسانەوە، چونکە میکانیزمەکانی ئەو شێتییە لە گەلی ئەڵمانیدا هەیە. ڕەخنەی سێهەمیش ئەوەیە کە تەرزە ڕەفتارییە تایبەتەکانی هەندێك گروپی ناو کۆمەڵگای سیاسی پشتگوێ دەخات.

لەم ساڵانەی دواییدا، زانایانی سیاسەت دەسبەرداری زاراوەی مۆرکی نەتەوەیی بوون و لەبری ئەو چەمکی کەلتوری سیاسی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی کە ئەمەی دواییان لەم ڕووانەوە لە چەمکی مۆرکی نەتەوەیی باشترە:

أ. کایەی بایەخدانی کەلتوری سیاسی گشتگیرترو تایبەتمەندترە لە کایەی بایەخدانی مۆرکی نەتەوەیی، لە ڕووی گشتگیرییەوە، کەلتوری سیاسی، بەوەوە ناوەستێت کە بایەخ بدات بە سیفەتە ڕەفتارییەکان، وەك چۆن مۆرکی نەتەوەیی وا دەکات، بەڵکو بایەخیش دەدات بەو بەهاو باوەڕانەی کە ئەو سیفەتە ڕەفتارییانە دەهێننە بوون. لە ڕووی تایبەتمەندێتیشەوە، کەلتوری سیاسی بایەخنادات لە خاسییەتە ڕەفتارییە گشتییەکان، ئیتر هەر سروشتێکیان هەبێت، وەك مۆرکی نەتەوەیی دەیکات، بەڵکو ئەوەی لای ئەو گرنگە بریتیە لەو خاسییەتە ڕەفتارییانەی سروشتێکی سیاسییانەیان هەیە.

ب. چەمکی کەلتوری سیاسی – بەپێچەوانەی چەمکی مۆرکی نەتەوەییەوە – گریمانەی گۆڕان دەکات، چونکە مەرج نیە کەلتوری سیاسی هیچ کۆمەڵگایەك بەردەوام ببێت. بۆیە دەشێت لێکۆڵینەوەکانی کەلتوری سیاسی ئەو گۆڕانکارییانە ڕوونبکاتەوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەسەر بەها

**سیاسییەکانی تاکەکاندا دێن – ئەمەش شتێکە لێکۆڵینەوەکانی مۆرکی نەتەوەیی ناتوانن ئەنجامی بدەن.**

**ت. ڕەوتی کەلتوری سیاسی بە پێچەوانەی ڕەوتی مۆرکی نەتەوەییەوە، گریمانەی بڕێك لە ناهارمۆنیبونی کەلتوریی دەکات، بەوەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ زانینی ئەو لقە کەلتورییە سیاسییانەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە.**

**٢. لە نێوان تەرزی کۆمەڵایەتی کەسێتی و کەلتوری سیاسیدا:**

**تەرزی کۆمەڵایەتی کەسێتی[٩٨] ئاماژە دەکات بۆ خەسڵەتە باڵادەستەکان لە کەسێتی تاکەکان یان گروپی ئەو بەهاو ئاڕاستەو نمونانەی ڕەفتار کە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆیان تێدەکۆشن[٩٩].**

**بەم مانایەش، دەوترێت کە کەسێتی هیندستانی کەسێتییەکی نەرێیەو دیارترین سیمای هەستکردنە بە ناتەواوی‌و بزریی هەستکردن بە پابەندبوون، کە لە نەبوونی توانای تەواوکردنی ئەرکێکی دیاریکراودا یان وەڵامدانەوەی تەواوی ئەو بەڵێنانە یان پەرۆشبوون بۆ ئامانجە دەستەجەمییەکاندا وێنا دەبێت. بزریی ئەو هەستەش، لەسەر ئاستی سیاسی دەبێتە هۆی پشتبەستی ڕەها بە حکومەت‌و گومانکردنی ڕەها لە حکومەت[١٠٠].**

**چەندین لێکۆڵەرەوە هەوڵیانداوە تەرزی کۆمەڵایەتی کەسێتی میسری دیاریی بکەن. دیارترینی ئەوانەش، دکتۆر حامید عەممارە کە کەسێتی میسریی بە**

[٩٨] **تەرزی کۆمەڵایەتی کەسێتی بەرامبەری** Modal personality **ی ئینگلیزی دەوەستێتەوەو وەکو هاومانای زاراوەی کەسێتی بنەڕەتی** Basic personality **بەکاردەهێنرێت.**

[٩٩] د. حامد عمار، في بناء البشر، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٦٨، ص ٨٠-٨١.

[١٠٠] Dhirendra Nardin, Hindu Character, Bombay, University of Bombay, ١٩٥٧



**کەسێتییەکی قۆشمە داناوە، دەڵێت خاسییەتەکانی بریتین لە ڕاهاتنی خێرا لەگەڵ ڕەوشە جیاجیاکاندا، نوکتەبارزی، زێدەڕۆییکردن لە سەلماندنی خوددا، حەزکردن لەوەی بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی ئەوانیدی، پەسەندکردنی کاری تاکانە نەك کاری دەستەجەمی، تێڕوانینی ڕۆمانسییانە بۆ یەکسانی، گرتنەبەری کورتترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج[١٠١].**

**لەوەی ڕابورد، ڕووندەبێتەوە کە تەرزی کۆمەڵایەتی کەسێتی‌و کەلتوری سیاسی یەك شتن نین. وەلێ لێکۆڵینەوەی ئەم تەرزە لە کۆمەڵگایەکدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر پێکهێنەرەکانی کەلتورە سیاسییەکەی. چونکە دەشێت یاریدەدەربێت لە لێکدانەوەی ڕەفتاری پێشوو و ئاڕاستەکانی ئێستا، ئەمە وێڕای پێشبینیکردنی کاردانەوەکانی تاکەکان لە ئایندەدا[١٠٢].**

**٤. لە نێوان ئایدیۆلۆجیاو کەلتوری سیاسیدا**

**مەبەست لە ئایدیۆلۆجیا بریتیە لە بینایەکی هزرییانەی کامڵ‌و تەواو کە چەند باوەڕێکی تایبەتی دەگرێتە خۆی. هەروەها ئامانجێکی کۆتایی دیاریکراویش ڕادەگەیەنێت، پێکارەکانی گەیشتن پێیان دیاریدەکات[١٠٣].**

**بەمجۆرە دەشێت ئایدیۆلۆجیا ببێت بە بزوێنەری هەڵسوکەوتەکانی تاك، چ فەرمانڕەوا بێت یان فەرمانڕەواییکراو. بۆیە ئەگەر ویستمان لە ڕەفتاری**

[١٠١] د. حامد عماز، مرجع سابق، ص ٩٨-٩٩.

[١٠٢] Peter Merkle, op. cit, p. ٢١٠.

[١٠٣] Charles Andrain, Political life and Social Change: An Introduction to Political Science, California, Wadsworth Pub. Com. Inc. ١٩٧٤, pp. ٨١ـ٨٢.

سیاسییانەی ئەندامەکانی کۆمەڵگایەك تێبکەین، پێویستە ئاگاداریی ئایدیۆلۆجیاکەی بین.

تۆژەرێك دەڵێت "بێشك برێك لە زانینی باوەڕە بنەڕەتییەکانی سۆڤێت پێویستە بۆ لێکدانەوەی هەڵسوکەوتیان لە جیهانی واقیعدا.."[١٠٤].

ئایدیۆلۆجیا دوو وەزیفەی بنەڕەتی هەیە یەکێکیان لەسەر ئاستی هزری مایکرۆو ئەوەی تریان لەسەر ئاستی ماکرۆ[١٠٥]. وەزیفەی یەکەم لەوەدا وێنا دەبێت کە ئایدیۆلۆجیا دەکەوێتە چوارچێوەیەکەوە یاریدەی مرۆ دەدات شوناسی خۆی لەناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیو سیاسی باودا دیاریبکات، واتە پایەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی، رۆڵی گونجاوی خۆی لە ژیاندا، سروشتو ئامانجی بوونی خۆی دیاریبکات، هەربۆیەشە لاوەکان – لە گەڕانیاندا بەدوای شوناسدا– لە خەڵکی دیکە زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیاکانەوە

وەزیفەی دووهەمی ئایدیۆلۆجیا لە دەوری بەدیهێنانی هاوکاری کۆمەڵایەتی دەسوڕێتەوە. کارل مارکس یەکەمین کەس بووە کە ئەم وەزیفەیەی دیاریکردووە. لای ئەو گۆڕانکاریی لە رەوشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی ململانێی چینایەتی لە لایەك، سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیای وەها کە پشتیوانی لە رەوشە سروشتییەکان دەکەن، لە لایەکی ترەوە. پاشان بیرمەندی نێوداری فەرەنسا، جۆرج سورێل هاتو وتەکانی مارکسی دەربارەی وەزیفەی

---

[١٠٤] Alex Inkeles, Public Opinion in Soviet Russia: A Study in Mass Persuasion, Cambridge, Mass, Harvard U.P. ١٩٥٠, p. ٢١.

[١٠٥] David Apter, ed. (Ideology and Discontent London, The Free Press of Glencoe, ١٩٦٤, pp. ١٨,٢٤. & Edward Shills, Ideology, in: International Encyclopedia of the Social Sciences, ١٩٦٨, Vol. ٧, pp. ٧٢ـ٧٣.



هاوکارییانەی ئایدیۆلۆجیا تەواو کرد، بەڵام بە زمانێکی جیاواز. ئەو ئەفسانە – واتە ئایدیۆلۆجیا – دەکات بە ئامرازێکی بەستنەوەی تاك بە کۆمەڵگاوە، لەگەڵ ئاوێتەکردنی ئەوەی تاکییانەیە بەوەی گروپییانەیە. بۆیە ئەفسانەی یان ئایدیۆلۆجیای مانگرتنی پرۆلیتاریی گشتی ئەوەیە کە ململانێی چینایەتی چالاك دەکاتو بەرەوپێش پاڵی پێوەدەنێت، بێ ئەو، رەنگی شۆڕشی پرۆلیتاریا دژی سەرمایەدارێتی نوشوستی بهێنێت.

بەمجۆرە، مارکسو سۆرێل روونیانکردەوە – بەپلەی یەکەمیش ئێمە ئەمەمان بەلاوە گرنگە – کە ئاییۆلۆجیا رۆڵێکی هاوکارییانەی هەیە. ئایدیۆلۆجیا کەفالەتی یەکانگیریی ئەو گروپە دەکات کە پەسەندی دەکات. ئایدیۆلۆجیا سیستمێکی باوەڕیی بۆ ئەندامەکانی دابیندەکات کە لە دەوری کۆدەبنەوەو وەك ئایدیایەکی باڵا سەیری دەکەن کە دەیانەوێت بیگەنێ.

لەبەر رۆشنایی ئەمجۆرە دەسبردنەدا بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا، دەتوانین رووەکانی جیاکاریی لە نێوان ئایدیۆلۆجیاو کەلتوری سیاسیدا، بەمشێوەیەی خوارەوە دیاریبکەین:

أ. کەلتوری سیاسی لە ئایدیۆلۆجیا گشتگیرترو سەرانسەریترە، چونکە لەپاڵ ئەو چوارچێوە هزرییە رەسمییەشدا کە کۆنترۆڵی جوڵەی سیستمی سیاسی دەکات، بەهاکانو ئاراستەکانو تەرزەکانی رەفتاری سیاسی باو لە کۆمەڵگادا بە هەموو دەستەو گروپەکانییەوە، دەگرێتە خۆی. بۆ نمونە کەلتوری سیاسی سۆڤێتی لە دوو تەرزی کەلتوریی پێکهاتووە: یەکەمیان کەلتوری رەسمی رژێمی سۆڤێتی کە لە مارکسیزم – لینینیزمدا وێنا دەبێت وەك ئەوەی لە هەرکاتێکدا بێت حیزب دایدەڕێژێتو راڤەی دەکات. هاوڵاتی لە رێگای پارتی کۆمۆنیستو پەیمانگاکانی فێرکردنو هۆیەکانی راگەیاندنەوە ئەم کەلتورەی پێدەگات. بەڵام

تەرزی دووهەمیان ئاماژە دەکات بۆ کەلتوری نارەسمی کە لە دەوری ئاڕاستە سوننەتییەکان تەوەردەگرێت، ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی قەیسەریو ئەو ئاڕاستە بەرژەوەندییانەی کۆمەڵگا لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ وە تا ئێستا بەهۆیەوە بینیوێتی. ئاڕاستە سیاسیو ئاینییە سوننەتییەکان لە نێوان جوتیارو کرێکارە ناکارامەکاندا باوە. بەڵام ئاڕاستە بەرژەوەندییەکان لای کرێکارە کارامەو بیرۆکراتو تەکنۆکراتو ئەندازیارەکان باوە. ئەو ئاڕاستانە کاریگەرییان لەسەر دەرهاویشتەکان (سیاسەتو بڕیارەکان)ی سیستمی سیاسی هەیە[١٠٦].

ب. بەراستی ئایدیۆلۆجیا زۆرجار هەڵوێستی ڕەتکردنەوە لە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا وەردەگرێت، چونکە ئایدیۆلۆجیا خۆی دەبێت بە ئەڵتەرناتیڤێك کە دەستەبژێری فەرمانڕەوا بۆ ئەو بەهایانە پێشکەشیدەکات. بەڵام لەوانەشە لە پێکهاتەی خۆیدا هەندێك لەو بەهایانە هەبن، ئەویش وەك هەوڵێك بۆ بەخشینی شەرعییەت پێیانو بەدەسهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر بەرامبەریان. ئەم ڕاستییە ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە کە بۆ نمونە، کۆمۆنیزمی چینی ناتوانێت دەسبەرداری ئایدیالیزمە کۆنفۆشیۆسیۆسیەکان ببێت، هەروەها سوسیالیزمی عەرەبی ناتوانێت لە بەها ئیسلامییەکان بەدووربێت.

ت. مەرج نیە هارمۆنییەك هەبێت لەنێوان ئەو هزرە مەزهەبییانەدا کە مرۆ دوبارەیان دەکاتەوە لەگەڵ باوەڕەکانیو تەرزە کردەییەکانی ڕەفتاری. چونکە لەوانەیە تاك بچێتە ناو حیزبێکەوە نەك وەك وەڵامدانەوەی پەسەندکردنێکی ئایدیۆلۆجییانە، بەڵکو بۆ قازانجی تایبەت یان لەژێر کاریگەریی خێزان یان هاوڕێیان یاخود هاوەڵانی کاردا. بۆ نمونە، لە میسر، زۆرێك لە سەرکردەو ئەندامانی یەکێتی سوسیالیستی خاوەنی ڕەگەزی پێوەستبوونی ئایدیۆلۆجی نەبوون، پاڵنەری ئەوان بۆ ئەندامێتی بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی بووە.

---

[١٠٦] G. Almond and B. Powell, op. cit. p. ٢٧٧.



بەوجۆرەش شتێکی سەیر نیە کە هەڵسوکەوتیان ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو پرەنسیپە سوسیالیستییانەدا کە زۆرجار لەسەر زمانی خۆیان بووە.

بەمجۆرە، دەسبردن بۆ کەلتوری سیاسی، بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆجیاوە، یارمەتیدەرە لە ناسینەوەی ڕاستی ئەو شتانەی تاك باوەڕی پێیانەو پاڵنەرە ڕاستەفینەکانی ڕەفتاری سیاسیانەشی.

باسی دووهەم

## بونیادی کەلتوری سیاسی

کەلتوری سیاسی تەرزێکی بەهایی تاکانە نیە، بەڵکو سیستمێکە لە بەهاو باوەڕەکان کە پێوەستە بە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، کە هەموویان پێکەوە ئەزمون لە پەروەردەیەك وەردەگرن کە تا رادەیەك جیاوازیی تێدا هەیە. بۆیە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کەلتوری سیاسی هەر کۆمەڵگایەك بڕێك بەرزیو نزمیو ناسازیی تێدابێت، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جیایی ئینتیما نەوەییەکان یان هەرێمییەکان، یاخود زمانییەکان، یا ئاینییەکان، یان چینایەتیەکان، هەروەها پیشەییەکانیش[١٠٧].

بەوپێیەش، کەلتوری سیاسی هەر کۆمەڵگایەك ژمارەیەك لە لقە کەلتور دەگرێتە خۆی کە گرنگترینیان: کەلتوری دەستەبژێرو کەلتوری جەماوەر، کەلتوری گەورەکانو کەلتوری لاوەکان، پاشان کەلتوری گوندنشینانو کەلتوری شارنشینان.

١. لە نێوان کەلتوری دەستەبژێرو کەلتوری جەماوەردا:

هەموو کۆمەڵگاکان جیاکارییەکی بنەڕەتی دەکەن لە نێوان کەلتوری دەستەبژێرو کەلتوری جەماوەردا، مەودای هارمۆنی نێوان ئەو دوو کەلتورە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، وەك کۆمەڵگای بەریتانیو ئەمەریکی، هاومۆنییەکی تەواو هەیە. چونکە تاکەکان پێش

[١٠٧] Eric Row, op. cit. p. ١٣.



ئەوەی پۆستە سیاسییەکان وەربگرن، کەلتوری جەماوەر فێردەبن، بۆیە دەستەبژێر، وێڕای لێهاتووییو زانستە سیاسییە فراوانەکەی، بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا وەك گشت دەنرخێنێت[١٠٨]. بە پێچەوانەی ئەمانەوە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، بە دەستی بوونی بۆشاییەکی گەورەوە دەناڵێنن لە نێوان بەهاکانی دەستەبژێرو بەهاکانی جەماوەردا، چونکە کەناڵەکانی پەروەردەکردنی دەستەبژێر لە کەناڵەکانی پەروەردەکردنی جەماوەر جیادەبێتەوە[١٠٩].

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە، رەنگە هیچکام لەو دوو کەلتورە بەتەواویی هارمۆنی نەبێت، دەشێت لەناو کەلتوری دەستەبژێردا بەرزیو نزمی هەبێت – گەرچی بەشێوەیەکی سنورداریش بێت– لەنێوان بەهاکانی

[١٠٨] Dennis Cavanaugh. Political Culture, London, The Macmillan Press, Ltd. ١٩٧٢, pp. ٢٠ــ٢١.

[١٠٩] کۆمەڵگای هیندستان بە رادەیەکی بەرچاو ئەم جیاکارییەی تێدایە، میرۆن ڤاینەر لە لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسی ئەو کۆمەڵگایەدا، گەیشتە ئەوەی کە جیاییەکی ریشەیی هەیە لەنێوان کەلتوری دەستەبژێرو کەلتوری جەماوەردا. یەکەمیان لە نیودەلهی باڵادەستەو هەتا بەرەو پایتەختەکانی ویلایەتەکان بڕۆین، کاڵتر دەبێتەوەو خەریکە لە گوندەکان بەتەواوەتی بزر دەبێت. کەلتوری دەستەبژێری هیندی بەوە جیاجەکرێتەوە کە نوێیەو عەلمانییەو نەتەوەییە، بەڵام کەلتورەکەی تریان لە گوندەکانو شارە بچووکەکان باوەو سوننەتیو سوزدارو لۆکاڵە. ڤاینەر تێبینی ئەوەی کردووە کە هەریەکە لەو دوو کەلتورە پێوەستە بە شێوەیەکی دیاریکراوی پەروەردەکردنەوە، خێزانەکانی ناو دەستەبژێر نەوەکانیان لەسەر بەها نوێیەکان پەروەردە دەکەن، هەروەها دەشیاننێرن بۆ قوتابخانە بیانییەکان بۆ ئەوەی فێری شێوازەکانی ژیانی هاوچەرخ ببن، بەڵام نەوەکانی جەماوەر لەناو خێزانو گوندەکەیاندا فێری بەها سوننەتییەکان دەکرێن، بڕوانە:

Myron Winer, India: Two Political Cultures in: Lucian Pye and Sidney Vrba, eds, op. cit pp. ١٩٩ــ٢٤٥.

دەستەبژێرێك و بەهاكانی دەستەبژێرێكی دیكەدا[١١٠]، هەمانشتیش بۆ كەلتوری جەماوەر دروستە، چونكە بەشێوەیەكی گشتی كێشەی بنەڕەتی هەیە لەنێوان ئەو توێژەدا كە بایەخدانی سیاسییانەی هەیەو ئەوەش جۆرە بێباكییەكی بەرامبەری پرۆسەی سیاسی هەیە، هەروەها هەندێجاریش جیاوازییە چینایەتی و ڕەچەڵەكی و ئاینی و زمانییەكانیش بڕێك لە هەمەچەشنی كەلتوری سیاسییان لەگەڵدا دەبێت[١١١].

[١١٠] لوسییان پای لە لێكۆڵینەوەكەیدا دەربارەی كەلتوری دەستەبژێر لە كۆمەڵگای بۆرماییدا، جەختی لەسەر ئەم سەرنجە كردووە. سەرنجی جیاوازیی بەهاو ئاڕاستەكانی نێوان كارگێڕەكان و سیاسییەكانی داوە. ئەم بەشكردنەش لە كەلتوری سیاسی دەستەبژێردا، بووەتە ڕێگر لە بەردەمی ئەوەدا كە هەردوو لا بگەنە تێگەیشتنێكی ئاڵوگۆڕ بۆ ڕاستی ڕۆڵی هەردوولایان، ئیتر لەبری ئەوەی هەریەكێكیان ڕۆڵی تایبەتمەندو تەواوكاری خۆی هەبێت، هەر لایەنە لاف ئەوە لێدەدات كە قۆرخكردنی تەواوی پرۆسەی سیاسی مافی ئەوە. ئەم جیاییە بووەتە هۆی جیاوازبوونی تیورەكانیان و تەشەنەكردنی هەستێكی سەربەخۆ بە شوناسی بۆرمایی. بڕوانە:
Lucian Pye, Politics, Personality and Nation-Building, Burma's Search for Identity. N.Y. Yale U.P. ١٩٦٢. pp. ١٦٣الج١٦٦ and Chapters ١٥, ١٧.

[١١١] كۆمەڵگای هیندستان بە ڕوونی گوزارشت لەم دیاردەیە دەكات. ئەو كۆمەڵگایە بە دەستی هەمەجۆریی ڕەچەڵەكییەوە دەناڵێنێت لە نێوان دراڤیدییەكان (ئەمانە ڕەچەڵەكێكی ڕەشن و لە باشور نیشتەجێن) لەگەڵ هیندییە ئارییەكاندا (ئەمان ڕەچەڵەكێكی سپین و لە باكور دەژین). هەروەها لانیكەم چواردە ڕگوپی زمانی و حەوت گروپی ئاینیی تێدایە. هەروەها هەتا ئێستاش لەوێ پلەبەندی كۆمەڵایەتی تا ئاستێكی بەرچاو وابەستەی سیستمی چینی داخراوە كە خەڵكی بەپێی میرات دابەشدەكات بۆ ژمارەیەكی یەكجار زۆر چینی داخراو چینە لاوەكییەكان كە جوڵەی كۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا زۆر زەحمەتە. گومانیش لەوەدا نیە كە ئەو هەمەچەشنییە ئەتنی و زمانی و ئاینی و چینایەتییە داخراوە، بڕێك جیاوازیی بەهاو ئاڕاستەكانیشی لەگەڵدایە، بڕوانە:
Beatrice Lamb, India: A World in Transition, N. Y. Frederick A. Praeger, ١٩٦٣, pp. ١٣١الج١٣٢, ١٤١,١٤٢,٢٢٤الج٢٢٥,٣٢٧.
هەروەها: كمال المنوفي: النظام السياسي الهندي في عهد نهرو، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الإقتصاد و العلوم السياسي، جامعة القاهرة، مارس ١٩٧٤، ص ٥٧–٥٨، ١١٣–١٢٨.



٢ – لەنێوان كەلتوری لاوان و كەلتوری پیراندا

زۆرجار گۆڕینی كۆمەڵایەتی هاوشانی چەند بۆشاییەكی كەلتوریی لەنێوان نەوەكان دەبێت، نەوەی كۆن پارێزگاریی لە بەها دێرینەكان دەكات، بەڵام نەوەی نوێ خۆی دەبینێتەوە كەوتۆتە ژێر كاریگەریی هێزو فاكتەری كۆمەڵایەتی نوێوە، ئیتر ڕووبەڕووی بەها كۆنینەكان دەبێتەوەو بەرەو پەسەندكردنی بەها نوێیەكان مل دەنێت. دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازییەكی كەلتوری لە نێوان گەورەكان و لاوەكاندا.

كۆمەڵگا پێشكەوتوو و پاشكەوتووەكان وەكو یەك – بەڵام بە پلەی جیاجیا – دیاردەی جیاوازیی بەهایی نێوان نەوەكان. لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، ڕەتكردنەوەی كوڕان بۆ بەهاكانی باوان، تا ڕادەیەك لاوازە، بگرە جۆرێك لە هاوسۆزیی لە نێوانیاندا هەیە، چونكە لاوان شتێكی ئەوتۆ نابینن تا لێی یاخی ببن. لێكدانەوەی ئەم دیاردەیەش لە تەرزی پەروەردەكردنی ناو خێزاندایە، چونكە دایكوباوك بەتەنگی ئەوەوەن كە هەستكردنێك بە سەربەخۆیی و خودێتی لە دەرونیاندا بچێنن. هەربۆیەشە پانتایی سانسۆر لەسەریان تەسك ناكەنەوە، بگرە باوك وەك براو هاوڕێ مامەڵە لەگەڵ كوڕەكانیدا دەكات[١١٢].

لە كۆمەڵگای سۆڤێتیدا، جیایی نێوان بەهاكانی گەورەكان و بەهاكانی لاوەكان زۆر ڕوونە، ئەمەش بەپێی شیكردنەوەیەك كە پشت دەبەستێت بەو سەرچاوانەی یەكێك لە توێژەرە ئەمەریكییەكان پێشكەشیكردووە، لەوێدا سیستمی سیاسی دەیەوێت كۆمەڵێك بەهای سیاسی وەها فێری نەوەكان بكات كە جیان لەوانەی گەورەكان بەدەستیانهێناون، سەرجەمی ئەو بەهایانەش لە دەوری چۆنێتی

[١١٢] Robert Lane, Political life, why people get involved in Politics, N. Y. The Free Press of Glencoe, Inc. ١٩٦١, pp. ٢٠٤الج٢٠٧

بیناکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە جیهاندا، دەسوڕێنەوە، هەروەها چەمکەکانی پێشکەوتن و سروشت و گۆشەنیگای پەرەسەندنی مێژوویی، لەگەڵ ڕۆڵی یەکێتی سۆڤێت لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا، پاشان ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەکی[١١٣].

زۆرینەی دەوڵەتە تازە سەربەخۆبووەکان بەدەستی دابڕانێکی کەلتوریی زۆری نێوان نەوەکانەوە دەناڵێنن. ئەو دەوڵەتانە هەر لە سەربەخۆبوونیانەوە وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی و چەند هەوڵێکیان بەخۆیانەوە بینیوە بۆ هێنانی کەلتورێکی سیاسی نوێ بۆ جێگای کەلتورە سوننەتییەکەیان. بەگشتی پیرەکان ڕووەو ڕەتکردنەوەی بەها نوێیەکانن، چونکە ناکۆکن لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە ڕەگیان لە ناخی ئەواندا داکوتاوە. بەڵام لاوەکان، ئەوە زۆرجار باشتر وەڵامی بەها نوێیەکان دەدەنەوە، کە بەلای ئەوانەوە ڕێچکەیەکە بۆ خۆقوتارکردن لە شوێنەوارەکانی بەهاکانی پیران و چارەسەرێکە بۆ قەیرانی شوناسەکەیان کە ناکۆکی نێوان جیهانی هزرەکان و بەهادێرینەکان و جیهانی چەمک و بەها نوێیەکان دەیخوڵقێنێت. ڕەنگە ئەوە بەرەوپیرچوونی ئەوان بەرەو ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی دژی ڕەوشی ئێستان، ڕاڤە بکات[١١٤].

لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا، کە بەمدواییانە دەربارەی جوتیارانی یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی دەلتا لە میسر ئەنجامماندا، ئەم بۆشاییە کەلتورییەی نێوان

[١١٣] Hollander Gayle, Soviet Political Indoctrination: Developments in the Mass-Media and Propaganda since Stalin, N.Y. Fredrick, A. Praeger Publishers, ١٩٧٢, p. ٤.

[١١٤] David Apter, op. cit. pp. ٢٨ـ٢٩; Lucian Pye, The Non-Western Political process, in Harry Eckstein and David Apter, eds. Comparative Politics London, Free Press of Glencoe, ١٩٦٣, p. ٦٦.



نەوەکانمان بۆ دەرکەوت. بۆمان روون بۆوە کە کەلتوری سیاسی زۆربەی زۆری بەتەمەنەکان هێشتا هەر سوننەتییە، چونکە ئەوان بە زۆریی لە ترساندا لە دەسەڵاتی سیاسی دەسڵەمێنەوەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەبن، نەك لەبەرئەوەی پێی قایلن، ئەوان گیانی دەسپێشخەرییان تێدا نیە، گومانیان لە دەزگای دەوڵەت هەیە، پێگە سوننەتییەکانی دەسەڵات و پلەو پایەیان پێ قبووڵە، وەك سامان و تەمەن و ڕەگەزو ئەسڵ و فەسڵ، هەروەها جیاکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە پەیوەندییە ئاینییەکان ڕەتدەکەنەوە، لە دیدگایەکی نیشتمانییانەی بەرینەوە ناڕوانن، بەڵکو لە دیگایەکی ناوچەیی تەسکەوە دەبینن. لەبەرامبەریشدا، بۆمان روونبۆوە کە کەلتوری زۆرینەی لاوان زۆرێك لە توخمە نوێیەکانی گرتۆتە خۆ، وەك: هەستکردن بە توانای ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، بێ ترس، هەروەها باوەڕبوون بە بەشداریی سیاسی و متمانەکردن بە دەزگای دەوڵەت بە رادەیەکی پەسەند، ڕەتکردنەوەی سامان و تەمەن و ئەسڵ و فەسڵ وەك پێوەر بۆ پلەوپایەو دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، هەروەها جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت لە یەکتریی پەسەند دەدەن، هەستێکی بەهێزیشیان بۆ دڵخوایی (وەلا)ی نیشتمانی هەیە[١١٥].

٣. لەنێوان کەلتوری گوندنشینان و کەلتوری شارنشیناندا:

بەهۆی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەوە کە گوندی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەخۆیەوە بینیوێتی، بۆشایی کەلتوریی نێوان شارو لادێ تا ئاستێکی زۆر تەسکبۆتەوە، وەلێ لەو دەوڵەتانەدا کە تازە سەربەخۆییان وەرگرتووە، ئەم بۆشاییە روو لە بەرینبوونەوەیە، بە رادەی بوونی دوو جیهانی جیا کە بریتین لە جیهانی شارو جیهانی لادێ. زۆرینەی خەڵکی شار بەوە دەناسرێن کە

[١١٥] حول الإجراءات المنهجية و النتائج التفصيلية للدراسة، راجع: كمال المنوفي، الثقافة السياسية للفلاحين المصريين، تحليل نظري و دراسة ميدانية في قرية مصرية، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الإقتصاد و العلوم السياسية، ١٩٧٨، ص ٢٥٩–٣٨٨.

هوشیارترن‌و زیاتر بایەخدەدەن بە مەسەلە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگا، زیاتر مەیلیان لە پەسەندکردنی هزرە نوێیەکان هەیەو کەمتر تەسلیمی چارەنوس‌و غەیبانییات دەبن. بەڵام بەشی زۆری گوندنشینەکان، لەناو کۆمەڵگای ناوچەیی خۆیاندا نغرۆ بوون‌و شانازیی بە کۆنەوە دەکەن‌و لە سایەی غەیبانیاتدا خۆیان پەناداوە[١١٦].

بۆشاییەکی کەلتوریی گەورە هەیە لە نێوان شارو لادێی ئەو وڵاتانەدا کە تازە سەربەخۆ بوون، ئەمەش وێڕای ئەوەی کە شارەکان هەندێك لە سیماکانی ژیانی گوندیانەیان پێوە ماوەو گوندەکانیش هەندێك سیمای شارەکانیان گرتووە چونکە لەو دەوڵەتانەدا بەشارستانیبوون تا ئاستێکی زۆر بەشێوەیەکی هەڕەمەیی دەستپێکردووە. بەڵام ڕەنگە لە مەودای دووردا ئەم سیستەمە بەهاییە لادێییە بە تەواویی یان لە بەشێکیدا لەژێر فشارە شارییەکاندا، درز ببات. هەروەها لە لادێش کەمینەیەکی ڕۆشنبیریی شاریی هەن کە لەو فەرمانبەرانە پێکهاتووە کە لە دەزگا حکومییەکانی ئەوێدا کاردەکەن. وەلێ ئەوانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر سیستمی کەلتوریی گوند نیە، چونکە ژمارەیان سنوردارەو بە گشتیش تێکەڵاویی لەگەڵ جوتیارەکاندا ناکەن.

[١١٦] يراجع بوجه عام: د. محمد الجوهري و آخرون، دراسات في علم الإجتماع الريفي و الحضري، الفصول ٣، ٤، ٦، ١٠ القاهرة، دار الكتب الجامعية، ١٩٧٥، جير الدبريز، مجتمع المدينة في البلاد النامية، ترجمة، د, محمد الجوهرى، القاهرة دار النهضة، مصر، ١٩٧٢، ص ٩٤، ١٦٩-١٧١، ١٧٨-١٧٩.

باسی سێیەم

## ناوەڕۆکی کەلتوری سیاسی

لە میانی دیاریکردنی ناوەڕۆك یان ڕەهەندەکان یان پێکهێنەرەکانی کەلتوری سیاسیدا، زۆر شت زیاد کراوە، بەڵام زۆربەیان تیورن، کەمێکیان سروشتێکی کردارییان هەیە، لە خوارەوە گرنگترینی ئەو زێدەکارییانە دەخەینە روو و بەپێی بواریش کۆمێنتیان لەسەر دەدەین.

یەکەم: زیادەکارییە تیورەکان:

١. رۆبێرت دال[117]

رۆبێرت دال لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە دیموکراسییە خۆراواییەکاندا" کەلتوری سیاسی بە فاکتەرێکی راڤەکەری تەرزە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی داناوە. توخمەکانی کەلتوری سیاسیشی لەم رێنماییانەی[118] خوارەوەدا دیاریکردووە:

أ. ئاڕاستەی بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکان: دال لەمبارەیەوە دوو ئاڕاستە دیاریدەکات: ئاڕاستەی پراگماتی کردارییی کە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی گرفتەکەدا، رووبەرووی دەبێتەوە بێ ئەوەی پابەندی چوارچێوەیەکی هزریی وەهابێت کە پێشتر دانراوە، لەگەڵ ئاڕاستەی ئەقڵانی کە لە چوارچێوەیەکی زانستیی پێشوەختەوە دەستدەکات بە چارەسەرکردنی گرفتەکان لە چوارچێوەیەکی

[117] Robert Dahl, Political Opposition in Western Democracies, New Haven, Yale, U. P. ١٩٦٦, pp. ٣٥٢ـ٣٥٥.

[118]



زانستیدا کە لەسەر بنەمای پێکەوەبەستنەوەی لۆجیکییانەی هۆیەکان و ئەنجامەکان دامەزراوە.

ب. ئاڕاستەی بەرەو کاری دەستەجەمی: لەمبارەیەوە، دال جیاکاریی دەکات لە نێوان ئاڕاستەی هاریکارییدا کە گریمانەی باوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گرنگی کاری هاوبەش لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، دەکات، لەگەڵ ئاڕاستەی تاکانەدا کە مانای باڵادەستیی مەیلی تاکسالاریی و کۆنترۆڵکردنی رەفتاری تاکەکانە، بەجۆرێك هەریەکەیان بە بەرژەوەندی خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و بەس، بەدوای چارەسەری زاتییانەدا دەگەڕێت بۆ ئەو گرفتانەی رووبەڕوویان دەبێتەوەو گومانی هەیە لە سوودی هاریکارییکردن لەگەڵ ئەوانیتردا.

ت. ئاڕاستەی بەرەو سیستمی سیاسی: لەمبارەیەوە، دوو تەرز هەیە: یەکەمیان رووەدەکاتە دڵبەندی و پێوەستبوون بە سیستمەوە، دووهەمیشیان لە هەستکردن بە نامۆبوون و گۆشەگیریی دەرونی لە سیستم و هەستنەکردن بە هاوڵاتیبوونی بەرپرسیار بەپێی ماف و ئەرکەکانی.

پ. ئاڕاستەی بەرەو تاکەکانی دی: لێرەدا دال ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی مرۆ بەوانیترەوە یان گومانی ئاڵوگۆڕە یاخود متمانەی ئاڵوگۆڕ.

بەمجۆرە لە بۆچوونی دالدا، کەلتوری سیاسی چوار جووت ئاڕاستەی گرتۆتە خۆی کە هەریەکێکیان دوو ئاڕاستەی دژی هەیە. شاراوەش نیە کە هەموو جارێك ئەو جووتانە لەگەڵ واقیعدا نایەنەوە. بۆ نمونە، بە کردەوە شتێکی ماقووڵ نیە کە ئاڕاستەی تاك بەرەو چارەسەرکردنی گرفتێك یان پراگماتی بێت یان ئەقڵانی و هیچی تر. بەڵکو دەشێت ئەندێشەی تەرزی دیکە بۆ ئەم بۆچوونە بکەین: پراگماتییەکی کەمێك ئەقڵانی، ئەقڵانییەکی کەمێك پراگماتی.

٢. سیدنی ڤێربا[١١٩]:

ڤێربا ناوەرۆکی کەلتوری سیاسی لەم سێ ڕەهەندەی خوارەوەدا دیاریدەکات:

أ. هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی: بە گرنگترین باوەڕە سیاسییەکانی دادەنێت، چونکە هەستکردنی هەموو یان زۆرینەی تاکەکان بە دڵبەندیی بۆ سیستمی سیاسی نەتەوەیی یاریدەی بەشەرعیکردنی دەدات، زامنی پشتیوانیکردنی ئەوان بۆ سیستمەکە دەکات بێ گوێدانە ئەو داهاتانەی بەدەستیان دەهێنن. ئەم لایەنگیریکردنە بەردەوامە بۆی هەیە سیستم لە قەیرانە جیاجیاکان و ئەو ناڕەحەتییانە ڕزگار بکات کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، لە دەوڵەتە نوێیەکاندا، خوڵقاندنی هەستێکی گشتی بە شوناسی نەتەوەیی، بە جەوهەری پرۆسەی بیناکردنی گەل دادەنرێت. ئەم هەستە بریتییە لە وەلانانی تێڕوانینی ناوچەیی بەرتەسک، لەگەڵ ئامادەکاریی بۆ بەکارهێنانی مافەکان و جێبەجێکردنی ئەرکە گشتییەکان، کە شتێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەت، واتە دامەزراندنی دەزگاکان و پێکهاتە سیاسییەکان، وێڕای ئەنجامدانی وەزیفەکانی خۆی بە کارابییەکی ماقووڵەوە.

ب. دەرهاویشتە حکومییەکان: باوەڕی تاکەکان بە سیاسەتەکان و بڕیارەکانی سیستمی سیاسی بە جیاوازی تەرزی کەلتوری سیاسی دەگۆڕێت. لە هەرشوێنێك کەلتورێکی لۆکاڵ باو بێت، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆشاییەکی قووڵ لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی ناوەندیدا هەیە. چونکە تاك داواکارییەکانی خۆی پێشکەشی ئەو ناکات، پێشبینی چاکەشی لێناکات. لەبری ئەوە، پشت بە خێزانەکەی و گروپە ناوچەییەکەی خۆی دەبەستێت لە تێرکردنی پێداویستییە مادی و مینۆکییەکانیدا.

[١١٩] Sidney Berba, op, cit, ٥٢٩ص٣٣.



بە پێچەوانەوە کەلتوری نەتەوەیی چەند باوەڕێکی تێدایە پەیوەندییان بە چالاکی و ئەدای حکومەتەوە لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە تاك درك بەوە دەکات کە دەتوانێت گوزارشت لە داواکارییەکانی خۆی بکات و دەشێت حکومەتیش وەڵامی بداتەوە.

ئەوەش پەیوەندی بە خاڵێکی دیکەوە هەیە، ئەویش بریتییە لە مەودای باوەڕبوون بە شەرعییەتی حکومەتی وەك دەزگایەك کە مافی بڕیاردان و پابەندکردنی تاکەکان بە ڕێزگرتنی بڕیارەکانی، هەیە. هەتا ئەم مەودایە بەرینتر ببێتەوە، زیاتر چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە بەهای سیاسی وەها بڵاو ببێتەوە کە فشار دەخەنە سەر گوێڕایەڵبوون بۆ بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام تەسکبوونەوەی ئەو مەودایە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانین لە دەسەڵات وەك ئەوەی ئامرازێکی دەسەڵاتسەپێن و ڕەتێنەر بێت.

ج. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار: ئەو باوەڕانەی پێوەستن بە ڕەفتاری حکومەتەوە لە داڕشتنی بڕیاردا، بریتیە لە دوا سیمای کەلتوری سیاسی. ڕەنگە لە هەندێك کۆمەڵگادا تاکەکان بایەخنەدەن بە زانینی ڕێساو شێوازەکانی ئامادەکردنی بڕیار، بەڵکو بایەخبدەن بەو زیان یان سوودانەی لە بڕیارەکە دەکەونەوە. لەم حاڵەتەدا وەها سەیریان دەکرێت کە ئەوان زیاتر ڕەعیەت بن زیاتر لەوەی بەشداری ئەرێی ناو پرۆسەی سیاسی بن. بەڵام لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا، کەلتوری سیاسی جەخت دەکاتە سەر پێویستی بەشداریکردنی تاك لە دروستکردنی سیاسەتەکان و بڕیارەکاندا، نەك هەرئەوەندەی لەسەر بێت کە بڕیارەکان دران، ئیتر ئەو گوێڕایەڵیان ببێت.

بەڕای ڤێربا، ئەوەیە بنچینەکانی کەلتوری سیاسی، ئەو لە گۆشەنیگای پەیوەندی کەلتور بە سیستمی سیاسییەوە دیارییکردووە، چونکە تەرکیز کردنی لەسەر توخمی ئینتیمای نەتەوەیی، پشتبەستن بە حکومەتی ناوەندی لە وەڵامدانەوەی داواکاریەکاندا، لەگەڵ بەشداریکردن لە پرۆسەی دروستکردنی

بڕیاردا. له بواری لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسیدا، زەحمەتە بتوانین هانا ببەین بۆ دیارکردنەکەی ڤێربا تا سنورەکانی بکێشین. چونکە ئەو دیاریکردنە هەموو ئەو شتانە ناگرێتەوە کە دەشێت لەناو کەلتوردا هەبن.

### ٣- لوسییان پای[١٢٠]:

وێڕای باوەڕهێنانی پای بە جیاوازیی ناوەرۆکی کەلتوری سیاسی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، بەڵام چەند بابەتێکی گشتی خستۆتە بەرچاو کە پێویستە کەلتورە سیاسییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆیان لێبدەن.

أ. چێوەو وەزیفەی سیاسەت:

پێویستە لەسەر هەموو کەلتورێکی سیاسی چێوەی پەسەندی گشتی بۆ کاری سیاسی و سنورە شەرعییەکانی نێوان ژیانی رۆژانەو ژیانی تایبەت دیارییبکات.

چێوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو تاکانەی بۆیان هەیە بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن و وەزیفە سیاسییەکان وەربگرن، هەریەکەی بەجیا.

لە هەموو سیستمەکاندا، چێوەی بەشدارەکان بەشێویەکی رەسمی بەپێی پێداویستییەکانی هاوڵاتیبوون دیاریدەکرێت.

وەلێ هیچ سیستمێکی سیاسی لەگۆڕێ نیە کە چەند کۆت وپێوەندێکی رەسمی یان کرداریی نەبێت لەسەر بەشداریکردن کە پەیوەندییان بە فاکتەرەکانی تەمەن و رەگەزو پایەی کۆمەڵایەتی و رەوشی خێزانییەوە هەیە.

لە لایەکی تریشەوە زۆربەی کەلتورە سیاسییەکان دان بەوەدا دەنێن کە چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو ناچنە ناو تایبەتمەندێتی هەندێك لە بونیادە

---
[١٢٠] Lucian Pye, Political Culture, pp. ٢٢١ـ٢٢٤.



سیاسییەکانەوە. هەروەها دان بەوەشدا دەنێن کە هەندێك وەزیفەی دیاریکراو لە ئەستۆی چەند دەزگایەکی دیاریکراوی وەك پەرلەمان و بیرۆکراسی و داد.. بەمجۆرە کەلتوری دیموکراسی سنورە گونجاوەکانی چالاکی سیاسی دیاریدەکات، هەروا رێزیش دەگرێت لە تایبەتمەندێتی وەزیفی و دان بە سەربەخۆیی رێژەیی دەزگاکانی دروستکردنی بڕیاردا دەنێت. بەڵام کەلتوری گشتگیر، ئەوە رەتدەکاتەوە کە پرۆسەی سیاسی چێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت و پێیوایە دەتوانرێت هەموو مەسەلەکان سیاسەتاوی بکرێت، تا رادەیەکیش رێز لە تایبەتمەندێتی وەزیفی و سەربەخۆیی دامەزراوە سیاسییەکان دەگرێت. لە کەلتوری سیاسی باوی ناو کۆمەڵگاکانی گوێزانەوەدا، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت سنوری روون و دانپێدانراوی نیە. هەردەم پێشبینی ئەوە هەیە کە هەموو مەسەلەکان سیاسەتاویی ببن، بڕێکی کەم لە تایبەتمەندێتی وەزیفی و جیاوکی بونیادی هەیە.

ب. تەواوکاریی سیاسی:

مەسەلەی تەواوکاری سیاسی چەند مەسەلەیەك دەربارەی پەرەسەندنی کەلتوری سیاسی دەوروژێنێت:

یەکەم: پەیوەندی نێوان شوناسی شەخسی و شوناسی نەتەوەیی. هەستکردنی تاك شتێکی پێویستە بۆ هەستکردنی بە ئینتیما بۆ قەوارەی سیاسی نەتەوەیی. ئەوەش پێوەستە بە سروشتی ئەزمونەکانی پەروەردەکردنی سەرەتاییەوە. لەوانەیە بتوانێت هەستکردن بە دڵبەندیی لۆکاڵ یان هۆز یاخود گوند بخولقێنێت و پشتیوانی بکات، وەك لە کۆمەڵگا سوننەتیەکاندا وەهایە. بەڵام لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بەشدارییدەکات لە گەشەپێدانی ماناکانی هاونیشتمانێتی و دڵبەندیی نەتەوەیی.

دووهەم: پێوەستی نێوان بونیادە سیاسییە جیاجیاکان کە ئەویش گرفتی تایبەتمەندێتی وەزیفییانەی ئەو بونیادانە دەوروژێنێت.

سێهەم: پەیوەندی نێوان لقە کەلتورەکان, کەلتورە سیاسییەکان بەپێی رێگەدانیان بە گروپە جیاجیاکان بەوەی پارێزگاریی لە شوناسی خۆیان بکەن لەگەڵ موراعاتی پێوەرەکانی تەواوکارییدا، دەگۆڕێن.

ج. پایەی سیاسەت و سیاسەتکاران:

کەلتوری سوننەتی مەیلی لەوەیە هەیبەتێکی تایبەتی بدات بە دەستەبژێرچ ئەگەر ئاینی بێت یان سەربازیی یاخود بیرۆکراسی. لای ئەو کەلتورە سەرقاڵبوون بە سیاسەتەوە کارێکە هیچ کارێکی دیکەی ناگاتێ. بەڵام کەلتوری مۆدێرن، کە جۆرێک لە جۆرەکانی تایبەتمەندێتی وەزیفیی و پابەندبوون بە پێوەرە عەلمانییەکانەوەی تێدایە، ئەویان بەلایەوە سیاسەت یەکێکە لە پیشەکان و لە رۆڵی ئەو کەسانە کەمدەکاتەوە کە کاری تێدا دەکەن.

هەموو کەلتورێکی سیاسی چەند پێوەرێکی هەیە بۆ پاداشتدانەوەی سیاسییەکان. لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا، پایەی باڵای سەرکردەکان هاوشانە لەگەڵ ئەوەدا کە داهاتی دارایی بەرزیشیان پێببڕێت، بەڵام لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا وا نیە.

د. هێزو دەسەڵات[١٢١] :

[١٢١] زاراوەی هێز لە بەرامبەری Power و دەسەڵاتیش لە بەرامبەری Authority ی ئینگلیزیدا دانراوەو جیاوازیی نێوانیشیان ئەوەیە کە دەسەڵات بریتیە لەو هێزەی کە سیفەتێکی شەرعی وەرگرتووە.



کەلتورە سیاسییەکان بەپێی بنچینەی جیاکاری لە نێوان هێزو دەسەڵات و سنورو کارایی هێزو پایەکانی دەسەڵات (هێزی مادی) ، (لایەنگیریی جەماوەریی، پاساوی ئاکاریی) جیاوازییان هەیە.

ئەدای سیستمی سیاسی تا رادەیەکی زۆر لە لایەن پرۆسەی بەدەستهێنانی هێزی شەرعییەوە، واتە بە گۆڕانی هێز بۆ دەسەڵات، کاریتێدەکرێت. بەگشتی ئەم پرۆسەیە بریتیە لە سنوردارکردنی هەموو بەکارهێنانە شیاوەکانی هێزو مەودای رەفتاری خاوەنەکانی، وەك لە کەلتورە سیاسییە خۆراواییەکاندا دەردەکەوێت. لە بەرامبەریشدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە هەندێك کەلتوردا پرۆسەی بەدەستهێنانی هێزی شەرعی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا دەڕوات، لەوێدا شەرعییەت دەدرێت بەو کەسانەی کە هیچ قەیدو بەندێك بۆ هێزەکەیان نیەو بەو پەڕی کاراییەوە کاردەکەن. رەنگە ئەمە بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا پیادە ببێت کە چارەنوسیان وابووە بە ماوەیەك لە بێچارەییدا تێبپەڕن کە کەمی کاریگەرییان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی دەیسەپێنێت. بەمجۆرە ئەو شەرعییەتەی حکومەتی پەکین لە دیدی گەلی چیندا هەیەتی، یەکێك لە سەرچاوەکانی لە کارایی پارتی کۆمۆنیستدا بوو بە سەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ.

جێگای ئاماژە پێدانە کە هەردوو چەمکی هێزو دەسەڵات رەهەندی سایکۆلۆجییان هەیە چونکە ئەو ئەزمونانەی لە ئەنجامی مامەڵەکردندا لەگەڵ دەسەڵاتی ناو خێزاندا، لای منداڵ کۆدەبنەوە، بە پلەیەك لە پلەکان تەرزی مامەڵەکردنی دواتری لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دیاریدەکات. هەندێك لە کەلتورەکان دان دەنێن بە ئازادی کوڕ لە دەربڕینی رای خۆی و بەشداریکردن لە دانی ئەو بڕیارانەدا کە پەیوەندییان بە کاروباری خێزانەکەیانەوە هەیە، بەڵام هەندێك کەلتوری دیکە پێدادەگرن لەسەر ئەوەی دەبێت کوڕ بەشێوەیەکی رەها

گوێڕایەڵی دەسەڵاتی باوکی بێت. دیارە لە حاڵەتی یەکەمدا مرۆ لە دەسەڵاتی سیاسی ناترسێت و ئامادەیی تێدایە رەخنە لە هەر بەرپرسێك بگرێت کە هەڵە دە کات، بەڵام حاڵەتی دووهەم بە پێچەوانەوە.

هـ. هاوسەنگی لەنێوان هاوکاریو کێبڕکێدا:

کرۆکی سیاسەت لە کاری دەستەجەمی و کێبڕکێدایە. بۆ ئەوەی هاوکاریی رووبدات پێویستە متمانە هەبێت، هەروەها گومانیش پێویستە بۆ ئەوەی کێبڕکێ هەبێت. بۆیە بەڕێکردنی کارای پرۆسەی سیاسی، پێویستی بەوەیە کە کەلتوری سیاسی هاوسەنگییەکی ماقووڵ لەنێوان هاوکاریو ململانێدا، یان لەنێوان متمانەو گومانی ئاڵوگۆڕدا، ئەمەش هەر لەسەر سورشتی پەروەردەی کۆمەلایەتی و سیاسی راوەستاوە.

ئەگەر پەروەردەی سەرەتا گومان لە دەرونی تاکدا بچێنێت، ئەوا کاری هەرەوەزو هاوبەش زۆر زەحمەت دەبێت و ململانێ دەبێت بە سەرچاوەیەك بۆ هەرەسهێنان. لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگاکانی قۆناغی گوێزانەوەدا، ئەو هەستە لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکیدایە، بۆیە سەرکردایەتیە سیاسییەکان هەوڵدەدەن لە بواری سیاسیدا بەپێی توانا کاریگەرییەکەی کەم بکەنەوە، ئەویش بە کارکردن بۆ چاندنی هەستی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان.

بە پێچەوانەشەوە، رەنگە کەلتوری گشتی جەخت بکاتە سەر متمانەکردن لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا، بەڵام کەلتوری سیاسی گومان لە کاری دامەزراوەکان بکات، کۆمەڵگای ئەمەریکا نمونەیەکی زۆرباشی ئەمەیانە. لەوێ پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەیەوێت هەستوسۆزی متمانەی هاوبەش لە دەرونی هاوڵاتییاندا بچێنێت، لەکاتێکدا کە پەروەردەی سیاسی فشار دەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی گومان لە دامەزراوەکانی سیستمەکەداو ملکەچکردنیان بۆ سانسۆر.



٤. پیتەر مێرکڵ[١٢٢]:

مێرکل بە خۆشی تیورەکەی ئەریکسۆنەوە دەربارەی "بوژاندنەوەی مرۆڤ" بۆ ئەوە چووە کە کەلتوری سیاسی لەم توخمانەی خوارەوە پێکدێت:

أ. متمانەی کۆمەڵایەتی: رەنگە گومان لەوەدا نەبێت کە هەستکردنی مرۆ بە متمانە بەوانیتر وای لێدەکات توانای زیاتر بێت و زیاتر ئارەزوو بکات هاوکارییان بکات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بەشێوەیەك کە کۆمەڵگاو سیستمە سیاسییەکەشی بخاتە گەڕ. بەڵام هەستکردن بە گومان، ئەوە دیاردەیەکی نەخۆشییەو لێناگەڕێت تاك بەشداریی دەستەجەمی بکات. ئەم گومانە کۆمەڵایەتییە تەرزی راشکاوی خۆی هەیە:

رەنگە تەرزی خێزانی لە هەموویان راشکاوتربێت. چونکە بەشێوەیەکی گشتی لەو حاڵەتدا متمانە لەنێوان ئەندامانی خێزاندا دەبێت و هەستەکانی دژایەتی و بێمتمانەیی بەرەو هەموو بیانییەك دەبێت، وەك باشوری فەرەنساو باشوری ئیتالیاو هیندستان و بۆرما. هەروەها لەوانەیە متمانەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگای ناوخۆیی رابوەستێت بەوانەشەوە کە خاوەنی دەسەڵات و دەستڕۆیین. هەروەها تەرزێکی سێهەمی گومانیش هەیە کە لەسەر بناغەی رەچەڵەك یان ئایین یاخود زمان دامەزراوە. بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا قەیرانی متمانە لە نێوان سپییەکان و رەشەکاندا هەیە.

ب. هەستکردن بە سەربەخۆیی: ئەمە پایەی بنەڕەتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و مافە تاکانەییەکانە، لە هەرشوێنێك وەك کۆمەڵگاکانی خۆرئاوای ئەوروپا، هاوڵاتی لە رەفتاری دەنگدان و هەڵوێستە سیاسییەکانیدا سەربەخۆی دەبێت. لە

[١٢٢] Peter Merkle, op. cit. pp. ١٥٧ـ١٦٧.

هەرشوێنێکیش ئەوە بزر بێت وەك لە زۆرێك لە دەوڵەتە نوێیەکاندا هەیە، ئەوە مرۆ سەربەخۆ نابێت لە دیاریکردنی رەفتاری سیاسی خۆیدا، بەڵکو بە زۆریی شوێنی ئەو گروپە دەکەوێت خۆی بۆی دەگەڕێتەوە.

ج. هەستی دەسپێشخەریی: بایەخێکی سیاسی بەرچاوی خۆی هەیە. یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی بەشداریی جەماوەریی، وێڕای ئەوەی بەرەو تەقاندنەوەی شۆڕش دژی سیستمی گەندەڵ هانمان دەدات.

شایانی باسە ئەم هەستە پێویستی بەوەیە تاك باوەڕی بەخۆی هەبێت و خۆی بە بکەرێکی کاریگەر دابنێت.

د. هەستی بەردەوامبوون: ئەمە سودمەندە بۆ جیاکردنەوەی کەلتوری سیاسی چەقبەستوو کە پێشکەوتن رەتدەکاتەوە لە کەلتوری سیاسی دینامی کە خوازیاری پێشکەوتنە. چونکە یارمەتی گەشەکردن و کارکردنی بەهرەکان و داهێنانەکانی تاك دەدات لەگەڵ گەشەپێدانی توانستەکانی بۆداهێنان و ئەفراندن. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەیەکی سیاسی باڵدەکێشێت کە پێیوایە حکومەت چەند ئەرکێکی گەورەی لەئەستۆیەو پەیوەندییان بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لەبەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو. بەڵام بزربوونی دەبێتە هۆی لاوازیی یان دیارنەمانی بەهرەی داهێنان و ئەوەش بەشدارییەکات لە هاتنە دەرەوەی ئاڕاستەیەکی سیاسی کە حکومەت وەك دەزگایەك دەبینێت، ئەرکەکەی پاراستنی رەوشی ئێستایەو هیچی تر.

ه. هەستکردن بە شوناس: ئەمە یەکێکە لە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی کەلتوری سیاسی. شوناس دوو تەرزی هەیە: تاکی و گروپی.



هەستکردنی مرۆ بە شوناسی تایبەتی خۆی – واتە رەوشی کۆمەڵایەتی و رۆڵی شیاوی لە ژیان و سروشت و ئامانجی بوونی – وای لێدەکەن بتوانێت لەو قەیرانانە دەرباز ببێت کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام بزریی ئەو هەستە دەبێتە هۆی بێباکی مرۆڤ یان هانابردنی بۆ کردەوەی توندوتیژانە.

شوناسی گروپیش ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ئینتیما بۆ گەل و نیشتمانێکی دیاریکراو. هەندێجاریش چەسپاندنی ئەم شوناسە پێویستی بەدووبارەنوسینەوەی مێژووی نیشتمانی یان سەرلەنوێ لێکدانەوەی لە چوارچێوەی باوەڕێکی سیاسی یان ئاینیدا، هەیە. دەشێت لەتوێی ئەزمونەکانی پەروەردەکردنی دەستەجەمیی وەك جەنگەکان و شۆڕشەکانەوە هەستی لەوجۆرە لە دەرونی تاکەکاندا بخولقێنرێت.

٥. دیل گیلیت هیشنەرو کارۆل لیڤین[١٢٣]:

ئاماژە دەکەن بۆ سێ توخم کە کرۆکی کەلتوری سیاسی پێکدەهێنن:

١. ئاڕاستە بەرەو دەسەڵات:

دەسەڵات ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە لایەکەوە مافی فەرمانکردنی هەیەو لە لایەکی تریشەوە مافی گوێڕایەڵیکرانی هەیە. هیچ ناکۆکییەك نیە لەسەر ئەوەی کە هەموو حکومەتێك بۆی هەیە بڕێك هێزی مادی هەبێت کە یاریدەی بدات بۆ سەپاندنی گوێڕایەڵی. بەڵام دەسەڵات مەسەلەی بەزاندنێکی فیزیکی نیە. چونکە لەپاڵ بەکارهێنانی هێزدا یان ئاماژەکردن بۆ بەکارهێنانی هێزدا، لەپێناوی ناچارکردنی تاکەکان تا گوێڕایەڵ بن، مەسەلەیەکە چوارچێوەکەی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، حکومەتەکان هۆیەکانی

---

[١٢٣] Dell Gellette Hichner and Carol Levine, Comparative Government and Politics, New Jersey, Dadd Mead and Comp. Inc. ١٩٦٨. pp. ٣٢ـ٣٥.

کێشکردنیش بەکاردەهێنن وەك بەرژەوەندی تایبەتی، ئایین، دابونەریتەکان...هتد.

ئەو بنەمایانەی کە شەرعییەتی دەسەڵات پشتیان پێدەبەستێت هەمەجۆرن. لەوانەیە تاکەکان شەرعییەت بەدەت بە سەرکرایەتییەکی سیاسی کە رێز لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگا دەگرێت چ لەکاتی گەیشتنیدا بە دەسەڵات یان لەکاتی مومارەسەکردنیدا. هەروەها سیستمی سیاسی وەك گشت شەرعییەتی دەبێت ئەگەر سەرکردایەتییەکی مێژوویی (کارێزمایی) هەبێت کە بتوانێت بەو سیفەتە شەخسییە نائاساییانەوە کە هەیەتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەرمانڕەواییکراوان هەبێت (واتە بەهۆی ئەو بەهاو پرەنسیپو هزرانەوە کە دەیانخاتە روو). هەروەها لەوانەیە دەسەڵات لە دیدی هاوڵاتییاندا شەرعی بێت ئەگەر هۆیەکانی وەرگرتنی دەسەڵاتو رەفتارەکانی سروشتێکی ئەقڵانی یاساییان هەبێت، واتە لەگەڵ دەستوری دەوڵەتدا هارمۆنی بن.

ب. رێگاکانی بەرکارخستنی سیاسی:

شێوازەکانی گەیشتنی سەرکردەکان بە دەسەڵات لە توێی کاتو شوێنەوە جیاجیان، واتە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت، رەنگە لەناو هەمان کۆمەڵگاشدا لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە بگۆڕێت. لە مبارەیەوە، دەتوانین دوو تەرزی بەرکارخستنی سیاسی بناسینەوە، یەکێکیان ئەریستۆکراسییەو تێیدا خێزانێك یان هۆزێك یاخود گروپێکی ئاینی یا رەچەڵەکی دیاریکراو سەرکردایەتی دەکات، ئەویتریشیان دیموکراسییەو تێیدا گەیشتن بە دەسەڵات جێگای کێبڕکێی نێوان هەمووانە، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئینتیمای کۆمەڵایەتییان.

ج. ئاڕستەی تاك بەرەو سیاسەت:



لە هەندێك کۆمەڵگادا، نزمترین ئاستی رێکەوتن لەسەر پرەنسیپە سیاسییە سەرەکییەکان لە ئارادا نیە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی چالاکییە سیاسییەکان بە توندوتیژی ئەنجام بدرێن. بەڵام لە هەندێك کۆمەڵگای دیکەدا، ئاستێکی بەرز لە رەزامەندی لەو بەهاو ئامانجو پرەنسیپانەی کە کۆنترۆڵی گەمەی سیاسی دەکەنو سیاسەت دەکەن بە مەسەلەی دانوساندنو کێبڕکێی ئاشتییانە.

هەندێك کۆمەڵگا هەستکردنیان بە دڵسۆزیی نەتەوەییو بەرپرسیارێتی گشتی بەهێزە، چاوەڕێ دەکرێت زۆربەی تاکەکان لە پرۆسەی سیاسیدا رۆڵیان هەبێتو لە پێناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگادا بەشداریی بکەن. لە هەندێك کۆمەڵگای دیکەدا هەستی نەرێییو نامۆبوون باوە، ئەویش چونکە زۆرینەی تاکەکان هەستناکەن ئینتیمایان هەیە بۆ قەوارەی سیاسی نەتەوەیی یان بە بەرپرسیارێتی گشتی، بەڵکو بایەخدەدت بە بەرژەوەندییە تایبەتییە راستەوخۆکانیانو بەس.

لەوەی رابورد رووندەبێتەوە کە لێکۆڵەرانی ناوەرۆکی کەلتوری سیاسی لەنێوان خۆیاندا کۆك نین. لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تر ناواخنەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت، گەرچی هەندێك توخمی هاوبەش لەو زیادکردنانەدا هەیە کە باسکران، کە دیارترینیان دڵسۆزییو هەڵوێست لە دەسەڵاتو رووکردنە پرۆسەی سیاسییە. بۆیە هەندێك لەو توخمە کەلتورییانەی ئاماژەیان بۆ کرا، لە ناوجەرگەی کەلتوردان بە مانا گشتییەکەی، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە چەند زەحمەتە بە رەهایی رەهەندەکانی کەلتوری سیاسیو کەلتوری گشتی لەیەکتریی جیابکەینەوە.

دووهەم: زیادکردنە کردەییەکان:

١. گابريل ئەلمۆندو سيدنى ڤێربا[١٢٤]

ئەلمۆندو ڤێربا لە کتێبەکەياندا بە ناونيشانى "کەلتورى سياسى": ئاڕاستە سياسىو ديموکراسييەکان لە ناو پێنج وڵاتدا، شيکردنەوەيەکى بەراوردکار پێشکەشدەکەن بۆ کەلتورى سياسى ويلايەتە يەکگرتووەکانو بەريتانيان ئەڵمانياى خۆراواو ئيتالياو مەکسيك.

لە لێکۆڵينەوەکەياندا لە پێناسەيەکى کردەييەوە دەستيان پێکردووە کە بريتيە دابەشکردنى گشتى تەرزەکانى ئاڕاستەکانى تاکەکان رووەو مەبەستە سياسييەکان، کە بەراى ئەوان لە دوو توخم پێکهاتووە، ئەوانيش ئاڕاستە تاکانەکانو مەبەستە سياسييەکانن.

بۆ ئاڕاستەکان، جياکاريى لەنێوان چەند شتێکدا دەکەن:

– ئاڕاستى درکييانە: مەبەست لێى مەوداى ئەو زانيارييانەيە کە تاك دەربارەى مەبەستە سياسييەکان هەيەتى.

– ئاڕاستەى سۆزييانە: تاکەکان بەشێوەيەکى سۆزييانە بەرەوپيرى مەبەستە سياسييەکان دەچن.

– ئاڕاستەى هەڵسەنگاندن: تاکەکان مەبەستە سياسييەکان هەڵدەسەنگێنن پاشان حوکميان بەسەردا دەدەن.

مەبەستە سياسييەکانيشيان بەمشێوەيەى خوارەوە ديارىى کردووە:

– سيستمى سياسى وەك گشت.

– تێهاويشتەکانو ئەوەى پەيوەندى پێوەيان هەيە لە بونيادى پارتەکانو گروپەکانى بەرژەوەندىو ئامرازەکانى پەيوەندى.

[١٢٤] G. Almond and Si Verba, The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations, Boston, Little Brown and Comp. ١٩٦٥, pp ١ـ٣٠.



– دەرهاويشتەکانو ئەوەى پەيوەندى پێيانەوە هەيە وەك بونيادەکانى پەرلەمانو دەزگاى ئيداريىو دادگاکان.

– خودى تاکانە.

ئەلمۆندو ڤێربا لەڕێگاى پێکەوەکۆکردنەوەى هەرسێ ئاڕاستەکەو هەرچوار مەبەستە سياسييەکە، گەيشتنە دياريکردنى ناوەرۆکى کەلتورى سياسى لەم سێ رەهەندەى خوارەوەدا:

يەکەم: زانيارييەکانى تاکەکان دەربارەى سيستمى سياسييان بەشێوەيەکى گشتى، هەروەها دەربارەى دەوڵەتەکەيان لە رووى مێژوو و پێگەى جوگرافىو هێزو رەوشە دەستورييەکانى. هەروەها زانياريیان سەبارەت بە پارتەکانو گروپەکانى بەرژەوەندىو ئامرازەکانى پەيوەنديکردنى جەماوەريى، لەگەڵ دەزگا تەشريعييەکانو دەزگاى ئيداريىو دادگاکان. لەکۆتاييدا مەوداى زانينيان دەربارەى مافو ئەرکەکانى خۆيان.

دووهەم: هەستوسۆزى تاکەکان بەرەو سيستمى سياسى وەك گشت، ئەو هەستوسۆزانە لەنێوان نيشتمانپەروەريىو نامۆييدا دێنو دەچن، لەنێوان خۆشەويستىو رقدا، هەروەها هەستوسۆزيان بەرەو تێهاويشتەو دەرهاويشتەکانو بونيادە پێوەستەکان بە هەريەکەيانەوە، دواجار هەستوسۆزيان سەبارەت بە تواناى خۆيان بۆ کارکردنە سەر پرۆسەى سياسى.

سێهەم: هەڵسەنگاندنى سيستمى سياسى لەلايەن تاکەکانەوە لەو رووەوە ئايا ديموکراسييە يان ديکتاتۆرييە، سوسياليستە يا سەرمايەدارييە، هەروەها هەڵسەنگاندنى دەوڵەتەکەيان لەو رووەوە کە گەورەيە يان بچووکە، بەهێزە يان

**لاوازە. پاشان حوكمدانیانو راوبۆچوونیان دەربارەی تێهاویشتە یان دەرهاویشتەی سیستمی سیاسی، لە كۆتاییشدا هەڵسەنگاندنی رۆڵی خۆیان لە ژیانی سیاسیدا.**

**ئەلمۆندو ڤێربا گەیشتنە دیاریكردنی سێ تەرزی نمونەیی بۆ كەلتوری سیاسی، كە ئەمانەن:**

**أ. كەلتوری سیاسی ناوخۆ یان بەرتەسك: لەسایەی ئەم كەلتورەدا ئاڕاستەكانی تاكەكان بەرەو مەبەستە سیاسییەكان لە سفر نزیك دەبێتەوە، نمونەشی كەلتوری سیاسی باو لای كۆمەڵگا ئەفەریقییە عەشایەرییەكان. ئەو كۆمەڵگایانە رۆڵی سیاسی تایبەتمەند ناناسن، لەناویاندا رۆڵە سیاسییەكان ئاوێتەی رۆڵە ئابوریو ئاینییەكان دەبن، كە لە هەمانكاتیشدا مانای تێكەڵاوبوونی ئاڕاستە سیاسییەكانە بە ئاڕاستە كۆمەڵایەتییەكان بەشێوەیەكی گشتی.**

**ب. كەلتوری سیاسی رەعییەت: لە چوارچێوەی ئەم تەرزەی كەلتوری سیاسیدا، بە روونی ئاڕاستەی تاكەكان لە سیستمی سیاسی وەك گشتو لە دەرهاویشتەكانی دەردەكەوێت، لەكاتێكدا خەریكە بە نیسبەتی تێهاویشتەكانییەوەو بە نیسبەتی خودەوە وەك بەشدارێكی ئەرێ لە پرۆسەی سیاسیدا بزربێت. بەمجۆرە رەعییەت ئاگاداری دەسەڵاتی حكومران دەبن، ئاڕاستەیەكی سۆزییانەشیان دەربارەی هەیە (یان سەرسماییو خۆشەویستی یاخود رقو كینە)، هەروەها ئاڕاستەیەكی هەڵسەنگاندنیش (دانانی بە دەسەڵاتێكی شەرعی یان ناشەرعی). وەك چۆن هەمان ئەو ئاڕاستانە بە نیسبەتی دەرهاویشتە حكومییەكانەوە هەیە. بەڵام رەعییەت زانیاریی دەربارەی تێهاویشتەكانی سیستمی سیاسی نیە، دەربارەشی ئاڕاستەیەكی سۆزییانە یان ئاڕاستەیەكی هەڵسەنگاندنییانەی هەبێت. بەهەمانشێوە نازانێت مافەكانی كامانەنو لە ناخی خۆیدا هەستناكات توانای كاركردنە سەر ژیانی سیاسی**



**هەبێت، پێشیوایە رۆڵی ئەو ئەوەیە ملكەچو گوێڕایەڵی فەرمانەكانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا بێت. بەم مانایەش، پەیوەندی رەعییەت بە سیستمی سیاسییەوە پەیوەندی ملكەچییە، یەكەمیان لە لایەن دووهەمەوە كاری تێدەكرێتو ئەو كارناكاتە سەر دووهەم. كەلتوری رەعییەت لە كۆمەڵگا تۆتاڵیتارییە نوێیەكاندا بڵاوە.**

**ت. كەلتوری سیاسی بەشداریكەر: كەلتوری سیستمە دیموكراسییە هاوچەرخەكانە. ئاڕاستەكانی بەرەو مەبەستە سیاسییەكان روونو ئاشكران. هاوڵاتی ئاڕاستەی دركیو سۆزیو هەڵسەنگاندنی بەرەو سیستمی سیاسی بەشێوەیەكی گشتیو تێهاویشتەكانی هەیە. هەروەها درك بەوە دەكات كە رۆڵێكی سیاسییانەی ئەرێی هەیە. ئەمە لەگەڵ تێبینیكردنی ئەوەی كە دەشێت هەستوسۆزو حوكمەكانی سەبارەت بەو رۆڵە لەنێوان پەسەندكردنو رەتكردنەوەدا بێتو بچێت.**

**شایانی باسە بەرای ئەلمۆندو ڤێربا ئەم پۆڵاندنە گریمانەی جیابوونەوەیەكی رەها لەنێوان سێ تەرزەكەدا ناكات. چونكە زۆرجار كەلتوری رەعییەت چەند ئاڕاستەیەكی لۆكاڵی بەرەو بونیادە سەرەتاییەكان تێدایە وەك گروپە خزمایەتیو ئاینییەكان. هەروەها كەلتوری هاوبەش تەرزەكانی ئاڕاستەی لۆكاڵو رەعییەت لە ناواخنی خۆی وەدەرنانێت، چونكە ئەو تاكەی لەسایەی ئەو كەلتورەدا دەژی سەر چەندین كۆمەڵەی سەرەتاییەو پێوەستە بەرێزگرتن لە یاساوە. بەوەش كەلتورە سیاسییەكان، لە رووی كردەییەوە لەوە تێكەڵەیەكی بەرزونزمن لە هەرسێ ئاڕاستەكە: بەرتەسكو رەعییەتو بەشداریكەر.**

**كەواتە ئەوەیە ناواخنو سیما بنەڕەتییەكانی زیادكردنەكەی ئەلمۆندو ڤێربا. لەراستیدا ئەگەر بە وردی لەم زیادكردنە رابمێنین، دەبینین بڕێكی زۆر گشتگیریی**

تێدایە چونکە سێ ڕەهەندی سەرەکی بۆ کەلتوری سیاسی دیاریدەکات‌و بەدرێژیی باسی ئەو توخمانە دەکات کە لە هەر ڕەهەندێکیاندا هەیە. لەرووی مەیدانیشەوە تا ئاستێکی دیاریکراو گونجاوەو دەتوانین بیکەین بە ڕێنما لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە مەیدانییەکاندا دەربارەی کەلتوری سیاسی. بەڵام، لە هەمانکاتدا، لە ڕەخنەش ڕزگاری نابێت‌و دەتوانین دوو مەسەلەی لێبگرین:

یەکەم: ئەلمۆندو ڤێربا ڕاستی ئەو پەیوەندییە جەدەلییەیان ڕووننەکردۆتەوە کە لەنێوان سێ تەرزەکەی درکی‌و سۆزی‌و هەڵسەنگاندندا هەیە. گومان لەوەدا نیە کە ئەوانە لەنێوان خۆیاندا کارلێکدەکەن، هەریەکەیان کاردەکاتە سەر دوانەکەی ترو دەشکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە. هەستکردنی مرۆ بە نیشتمانپەروەریی لەسەرەتادا پێویستی بەوەیە کە نزمترین ئاستی زانین دەربارەی مێژووی وڵاتەکەی‌و جوگرافیاکەی‌و سیستمە ئابوری‌و سیاسییەکانی هەبێت. هەروەها حوکمدانی بەوەی دەوڵەتەکەی گەورەیە یان بچووکە، بەهێزە یان بێهێزە، پێویستی بە بوونی ئەو هەستەو ئەو زانینە هەیە، بە بارێکی تریشدا، لەوانەیە هەستکردنی تاك بە دڵبەندی نیشتمانی پاڵنەرێك بێت بۆ بۆ زانینی زیاتر دەربارەی ڕەوشە مێژوویی‌و جوگرافیایی‌و سیاسی‌و ئابورییەکانی وڵاتەکەی. هەروەها دەشێت باوەڕبوونی بە بەهێزیی دەوڵەتەکەی ببێتە هۆی فراوانبوونی زانینی دەربارەی بارودۆخەکەی‌و چەسپاندنی ئینتیمای نەتەوەیی.

دووهەم: ئەو دوو زانایە چوارچێوە میتۆدیەکەی خۆیانیان بەجۆرێك داڕشتووە کە بەسەر ئەو کۆمەڵگا دیموکراسییانەدا پیادە بن کە ئاستێکی بەرزی جیاکاریی بونیادی‌و تایبەتمەندێتی وەزیفییان هەیە.



بۆیە زەحمەتە بتوانرێت وەك خۆی بەسەر کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، کە تێیاندا بونیادەکان بەناویەکدا چوون‌و وەزیفەکانیش پێکدا ئاڵۆسکاون، پیادە بکرێت[١٢٥].

٢. زیادکردنی ئێمە[١٢٦]:

لەنامەی دکتۆراکەماندا بە ناونیشانی "کەلتوری سیاسی جوتیارە میسرییەکان" کە ئامانجەکەی پێوانی ئەو گۆڕانەیە کە لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا بەسەر ئەو کەلتورەدا هاتووە، پێناسەیەکی کردەییمان بۆ کەلتوری سیاسی وەرگرتووە کە دەڵێت بریتیە لە بەها سیاسییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا کە ئاڕاستەکان‌و هەستوسۆزەکان‌و ڕەفتارەکانی تاکەکان دیارییدەکەن، ئەویش لە چوارچێوەی پەیوەندییاندا بە سیستمی سیاسییەوە.

ئەو بەهایانە لەشەش جووتدا دیاریکراون کە هەرجوتێکیان لە دوو بەهای بەرامبەر پێکهاتووەو بەمشێوەیەی خوارەوە: ئازادی‌و زۆرەملێ، متمانەو گومان، بەرەنگاریی‌و سەرشۆڕکردن بۆ دەسەڵات، یەکسانی‌و پلەپلەیی، عەلمانییەت‌و ئاینێتی، دڵبەندی نەتەوەیی‌و دڵبەندی ناوچەیی.

بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بەهایانە بەشێوەیەکی ئەزمونی، گۆڕاون بۆ چەند پێودانگێك کە بتوانرێت پێوانە بکرێن‌و لە ڕووی چەندێتییەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

---

[١٢٥] دەربارەی بزریی جیاکاریی بونیادی‌و تایبەتمەندێتی وەزیفی، بڕوانە:
Lucian Pye, Politics, Personality and Nation Building, pp. ٢٥لج٢٦.

[١٢٦] کمال المنوفي، الثقافة السياسية للفلاحين المصريين، ص ٢٣-٢٩، ٢٩٧-٢٩٨، ٣١٤-٣١٥، ٣٢٤-٣٣٣، ٣٤٩-٣٥٠، ٣٥٧-٣٥٨.

١. ئازادیو زۆرەملێ:

أ. پلەی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی حکومەت، هۆیەکانی گوێڕایەڵی.

ب. پلەی هەستکردن بە توانای ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانو ڕووبەڕووبوونەوەیان بە قسەی هەق.

ج. مەودای مومارەسەکردنی خۆویسانەی ماڤی دەنگدان.

د. مەودای بوونی گیانی دەسپێشخەریی.

هـ. مەودای باوەڕبوون بە کەسانێتی دەسەڵات.

٢. متمانەو گومان:

أ. بیروڕا دەربارەی ئەوەی ئایا گومان پەیوەندییە مرۆییەکان بەڕێوە دەبات یان متمانەی ئاڵوگۆڕ.

ب. وردبوونەوە لە ڕەفتاری فەرمانبەرە حکومییەکان لەو ڕووەوە کە تا چەند لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هاوڵاتییان دەکەن.

ج. مەودای هانابردن بۆ ئامڕازە ڕەسمییەکان (وەك بنکەی پۆلیسو عومدەو دادگا) یان ناڕەسمی (ئەنجومەنی عورفی) لە چارەسەرکردنی ململانێکاندا.

د. ئەندێشەکردنی باشترین شێواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتدا: ئایا شێوازی فێڵو درۆیە، یان ڕاشکاوییو ڕاستگۆیی.

هـ. هەڵسەنگاندنی سیستەمو سیاسەتە کشتوکاڵییەکان لە گۆشەنیگای سودمەندی یەکەمەوە لێیان: ئایا جوتیارانن یان حکومەت.

٣. سەرشۆڕیو بەرەنگاریی:

أ. مەودای ئامادەبوون بۆ بەرەنگاریکردنی ئازاردران لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی حکومەتەوە.



ب.هەڵوێست لە زۆرداریی پیاوی ئیدارە.

ج. پلەی قبوڵکردنی توندوتیژی وەك شێوازێکی گونجاو بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی چەند سیاسەتێکی دیاریکراو یان گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکان.

٤. پلەپلەییو یەکسانی:

أ. پلەی قبوڵکردنی سامانو تەمەن وەك پێوەری لەپێشگیریی کۆمەڵایەتی.

ب. پلەی قایلبوون بە یەکسانی نێوان ژنو پیاو.

ج. مەودای نرخاندنی خوێندنو پیشە وەك مەحەکی جیاکاریی کۆمەڵایەتی.

٥. ئاینداریو عەلمانییەت:

أ. لێکدانەوەی نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان. ئایا لێکدانەوەیەکی ئەقڵانییە یان قەدەریی.

ب. مەودای ڕۆچوون بەناو ئێستاداو مەودای بیرکردنەوە لە ئایندە.

ج. تێڕوانین بۆ دابەشکردنی سامان. ئایا ئەو دابەشکردنە وابەستەی خواستی یەزدانییە یان بەستراوە بە ڕەنجدانو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە باوەکانەوە.

د. ئەندێشەکردنی هۆیەکانی بەزینو سەرکەوتنەکان: ئایا سروشتێکی قەدەرییانەی هەیە یان زانستییانە.

هـ. پلەی پەسەندکردنی جیاکاریی نێوان پەیوەندییە ئایینییەکانو پەیوەندییە دونیاییەکانو پەیوەندییە سیاسییەکان.

٦. دڵبەندی نیشتمانیو دڵبەندی ناوچەیی:

أ. مەودای هەستکردن بە هاوڵاتیبوونو شانازیی نەتەوەیی.

ب. مەودای پەسەندکردنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا.

پ. مەودای پەسەندکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی بەسەر بەرژەوەندی ناوچەییدا (واتە بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگا).

ج. مەودای هوشیاریی بەرامبەری چەشنەکانو هۆیەکانو شێوازەکانی چارەسەرکردنی گرفتە تایبەتییەکانو ناوچەییەکانو نیشتمانییەکان.

دەتوانین سێ سەرنج دەربارەی ئەم زیادکردنە دەربڕین:

یەکەم ئەو پێوەرانەی بۆ هەریەکێك لەو شەش ڕەهەندەی کەلتوری سیاسیدا دانراون گەرچی دوای بیرلێکردنەوەیەکی قووڵو گفتوگۆکردن لەگەڵ چەندین ئوستاددا، کریستاڵەو مشتومالکراون، بەڵام هێشتا گشتگیرو سەرتاپاگیر نین. چونکە دەتوانین پێوەری دیکەیان بۆ زیادبکەین. هەروەها دەتوانین هەریەکێکیان لاببەینو پێوەری دیکە بخەینە جێیان تا ئاسانتر بپێورێنو ئاماژەی زیاتریشیان تێدا بێت.

سەرنجی دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو شەش جووتەی بەهاکان زیاتر لەوەوە نزیکن کە بە مانا ڤێبەرییەکەی نمونەیەکی ئایدیاڵ پێکبهێنن. چونکە لە رووی واقیعییەوە زەحمەتە کۆمەڵگایەك هەبێت کەلتورە سیاسییەکەی توخمەکانی ئازادیو متمانەو بەرەنگارییو یەکسانیو دڵبەندی نیشتمانی پێکەوە تێدا بێت، هەروەها زەحمەتە کۆمەڵگایەکیش هەبێت هەموو توخمە بەرامبەرەکانی دیکەشی پێکەوە تێدابێت. مانای ئەوەش ئەوەیە بەردەوام رووبەرێك هەیە بۆ جیاوازیی کەلتوریی — لەوانەیە بەرین ببێتەوە یان تەسك ببێتەوە — کە پەیوەندی هەیە بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەك رەوشی پیشەییو ئاستی ئابوریو شوێنی نیشتەجێبوونو تەرزی پەروەردەکردن...هتد. بگرە دەتوانین ئەندێشەی پلەی جیاوازیی کەلتوریی لەسەر ئاستی هەمان توێژی کۆمەڵایەتیش بکەین.



سەرنجی سێهەمو کۆتاییش ئەوەیە کە جووتە بەهاییەکان بەتەواویی لەگەڵ واقیعدا ناسازێن. چونکە، بە کردەوە ناتوانین ئەندێشەی ئەوە بکەین کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایەك یان یەکێك لە بەشەکانی بەسەر هەردوو توخمی یەکسانیو پلەپلەییدا دابەشببن. لەپاڵ ئەوانەدا کە بەهای یەکسانی تێیاندا بڵاوە، هەروەها ئەوانەی باوەشیانکردووە بە پرەنسیپی پلەپلەییدا، دەشێت خەڵکانێکی تریش هەبن کە لە هەڵوێستێکدا یان زیاتردا هەرکامێکیان پەسەند بکات، گەرچی قەناعەتیشی بە یەکێکیان هەبێت.

لێرەوە بیرۆکەی پێوەستی لە بیرۆکەی دوانەیی نزیکترە بۆ وێناندنی واقیع. چونکە هەر رەهەندێك وێنای پێوەستییەك دەکات کە هەردوو جەمسەرەکەی ئەو دوو بەهایەن کە گرتونیەتە خۆی، تاکەکانیش پێبەپێی پێوەستییەکە دابەشدەبن، جا چ نزیکبوونەوە بێت یان دوورکەوتنەوە لە دوو بەهاکە.

باسی چوارەم

## گۆڕانی کەلتوری

کەلتوری سیاسی گشتی یان لقە کەلتوری سیاسی بەردەوام وەك خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێت، گەرچی زۆر لەسەر خۆش بێت. لەوانەیە ئەو گۆڕانە بەشێوەیەکی نەخشە بۆ نەکێشراو رووبدات، ئەویش لە ئەنجامی وەرچەرخانی بونیادی ئابوری – کۆمەڵایەتی، یان گۆڕانی سیستەمی سیاسیدا، یاخود رووداني تەیارکردنێکی کۆمەڵایەتی یان پێشوازیکردن لە ئاینێکی نوێ یا لە میانی جەنگ یان شۆڕشدا. لەوانەشە گۆڕانکارییەکە نەخشەبۆکێشراو بێت، ئەویش کاتێك دەستەبژێری فەرمانڕەوا چەند هەوڵێکی پەروەردەیی سەرفدەکات بە مەبەستی گۆڕینی سیستەمی سیاسی باو بە سیستەمێکی سیاسی نوێ.

دەتوانین باس لە بوونی دوو تەرزی گۆڕانی کەلتوری بکەین: تەرزێکی ئاڕاستەنەکراو، لەگەڵ تەرزێکی ئاڕاستەکراودا. لەخوارەوە بەجیا باسی هەریەکەیان دەکەین:

یەکەم: گۆڕانی کەلتوری ئاڕاستەنەکراو

رەنگە بەهاو هەستوسۆزو رەفتاری سیاسی تاکەکان دووچاری برێك لە گۆڕان بن، لەوانەیە گەورەبێت یان مامناوەندی، ئەویش لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١. وەرچەرخان لە بونیادی کۆمەڵایەتی – ئابورییدا:



لەناو وتەزا بنەڕەتییەکانی مارکسیزمدا هاتووە کە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کەلتورێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە مانای جیاوازیی چەمکەکان‌و باوەڕەکان‌و هزرەکان دەگەیەنێت، ئەویش لەگەڵ گوێزانەوەی مرۆڤایەتیدا لە تویێ پێنج قۆناغەکەوە: کۆمۆنە، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداریی، کۆمۆنیزم. لە هەر قۆناغێکدا، تەرزێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان هەیە کە چوارچێوەیەکی کەلتوریی دیاریکراو دێنێتە کایەوە تا پاساوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان بداتەوە.

دوور لە گفتوگۆکردنی ئەم وتەزایەو بەتایبەتی لە گۆشەی ئەوەیە کە ئایا بە تەنها گوێزانەوە لە تەرزێکی بەرهەمهێنانەوە بۆ تەرزێکی تر خۆبەخۆ گۆڕانی ریشەیی لە کەلتوریی باودا بەدیدێت، هێندە بەسە کە بڵێین گۆڕانی پەیوەندییە ئابوریی‌و چینایەتییەکان بە زەرورەت دەبنە هۆی گۆڕانی کەلتوری سیاسی تاکەکان. بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئەوروپای سەردەمی ناوەڕاستدا، دڵبەندی کۆیلەکانی زەوی بۆ ئاغای دەرەبەگ بوو، کە بەپێی یاسا ماف لێپێچینەوەو زیندانیکردنی ئەوانی هەبوو. لەگەڵ گوێزانەوەدا بۆ سیستەمی سەرمایەداریی کە هاوکاتی دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، تاك وردە وردە دڵبەندی خۆی بەرەو دەوڵەت وەرچەرخاند.

بەهەمانشێوە، گۆڕانی پەیوەندییە چینایەتییەکانیش لە هەر کۆمەڵگایەکدا بۆی هەیە ببێتە هۆی دیارنەمان یان دەرکەوتنی چەند چەمك‌و بۆچوونێکی دیاریکراو. لەهەر شوێنێك سیستەمێکی چینایەتی چەقبەستوو هەبێت، ئەوا جیاکردنەوە چینایەتییەکان تۆکمەو قاییم دەبن‌و دەرفەتەکانی جوڵەی کۆمەڵایەتی لەنێوان چینەکاندا نابێت یان کز دەبێت. باوەڕەکانی بەخشینی شەرعییەت بە رەوشە چینایەتییە باوەکان‌و ئەو شتانەش کە لەگەڵیداندا، لە بەرزی‌و نزمی نێوان ماف‌و ئەرکەکانەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر شتێکی وەها

روویدا کە پێکهاتەی چینایەتی لەق بکات‌و لە چەقبەستوویی دابەشبوونە چینایەتییەکان کەمبکاتەوەو دەرفەتی گوێزانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دابینکرد، ئەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە پرەنسیپی یەکسانی دزەبکاتە ناو جەستەی کەلتوری سیاسییەوەو ئیتر بە بناغەی جیاکاریی نێوان تاکەکان ببێت بە ئەداو لێوەشاوەیی، نەك پێبەخشین‌و خزمایەتی.

لەپاڵ ئەوەدا کە رابورد، تێبینیدەکرێت کە وەرچەرخانی کۆمەڵگا لە کشتوکاڵەوە بەرەو پیشەسازیی، گۆڕانکارییەك لە چەشنە کەلتورییەکاندا دروستدەکات بەهەموو ئەو بەهاو ئاراستەو هزرە سیاسییانەوە کە گرتونیەتە خۆی. زۆرجار تاك لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ئاراستەیەکی ناوچەییانەی دەبێت‌و زیاتر ملی بۆ دەسەڵات کەچە، زیاتر فەرمانڕەواییکرانی پێباشە، کەمتر هەستدەکات توانای هەیە جڵەوی هێزەکانی سروشت بگرێت. بەڵام تاکی ناو کۆمەڵگای پیشەسازیی، بەگشتی بەسەر جیهانی دەرەوەدا کراوەتەوەو باوەڕی بە داهێنان‌و لێوەشاوەیی هەیە وەك سەنگی مەحەکی جیاکاریی کۆمەڵایەتی‌و هەستکردن بە توانای بەکارهێنانی سروشت بۆ خزمەتی ئامانجەکانی‌و خۆئامادەکردن بۆ دژوەستانەوەی دەسەڵاتی زۆردارانە.

٢. گۆڕینی سیستمی سیاسی:

سیستمی فەرمانڕەوایی لەناو دیاریکەرەکانی کەلتوری سیاسیدا جێگەیەك داگیردەکات. سیستمی دەسەڵاتخواز، واتە ئەو سیستمەی تێیدا پرۆسەی دانی بڕیارەکان لە لوتکەی هەرەمی سیاسیدا گیردەخوات، کەش‌و هەوای ئازادی سیاسی لێ بزر دەبێت، ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن هیچ ئیحراجییەك نابینن لەبەکارهێنانی تۆقاندن دژی رەعیەتی خۆیان، ئەم ئیستمە بەشدارییدەکات لەبەرهەمهێنانی کەلتورێکی سیاسیدا کە پێکهێنەرەکانی لەدەوری رقلێبوونەوەی



دەسەڵات‌و ترسان لێی‌و بایەخنەدان بە هەموو شتێکی سیاسی، هەروەها بزریی گیانی دەسپێشخەریی‌و بڵاوبوونەوەی مەیلی تاکایەتی دەسورێتەوە. لێرەوە دەتوانین لەو سیستمی ستەمکارییەدا کە میسر بەدرێژایی مێژووە درێژەکەی بەخۆیەوە بینیوێتی، یەکێك لە هۆیە شاراوەکانی پشتەوەی سیفەتە نەرێکانی کەسێتی میسری بدۆزینەوە: پەرستن‌و بەرجەستەکردنی دەسەڵات لە کەسێتی فەرمانڕەوادا، نەبوونی دەسپێشخەریی‌و بێباکی‌و قەدەرییەت‌و لاوازیی یان نەبوونی هەستی پابەندبوون[١٢٧].

بەدیوەکەی تریشدا، دیموکراسی بەدابینکردنی کەش‌و هەوای ئازادی سیاسی‌و فرەڕایی‌و فرەئاڕاستەیی، بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر هەموو ئاستەکان، یارمەتی بوونی کەلتورێکی سیاسی دیموکراسی دەدات کە تێیدا تاکەکان هەستبکەن دەتوانن بێ ترس رەخنە لە هەموو بەرپرسێك بگرن، لەگەڵ باوەڕبوون بە زەرورەت‌و سوودی بەشداریکردنی سیاسی‌و پێکەوە هەڵکردنی هزری ئاڵوگۆڕو توانای کارکردنی دەستەجەمی لەرووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە.

زیاتریش رێیتێدەچێت کە گۆڕانکاریی لە سیستمی فەرمانڕەواییدا ببێتە هۆی روودانی هەندێك گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکی کەلتوری سیاسیدا، کاتێك کۆمەڵگا خۆراواییەکان سیستمی دیموکراسییان پەسەند کرد خاوەنی کەلتوری دیموکراسی نەبوون، بەڵام بەشدارییکردنی دیموکراسی بووە هۆی خوڵقاندنی کۆمەڵێك بەهاو ئاڕاستەو هەست‌و سۆزی گونجاو بۆ سیاسەتی دیموکراسی.

[١٢٧] د. كمال المنوفي، الديمقراطية و الثقافة السياسية للشعب المصري، الأهرام ١٩٧٨/٩/٢٢.

٣. تەیارکردنی کۆمەڵایەتی[١٢٨]:

دەشێت کەلتوری سیاسی وەکو ئەنجامێکی پرۆسەی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت، کە ئاماژە دەکات بۆ تێکشکاندنی تەرزەکانی پەروەردەکردن‌و زەمینەی بەها دێرینەکان لەگەڵ هێنانی تەرزی نوێی پەروەردەکردن‌و پەروەردەکردنی تاکەکان لەسەر بەهای نوێ.

تەیارکردنی کۆمەڵایەتی چەندین نیشانەکەری هەیە، لەوانە خوێندن، شارستانبوون‌و بەریەککەوتنی مرۆ لەگەڵ هۆیەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا. خوێندن وەك ئامێرێك وایە بۆ بڵاوکردنەوەی بەهای نوێ‌و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی هاوڵاتییان. ئەلمۆندو ڤێربا لە لێکۆڵینەوەکەیاندا دەربارەی "کەلتوری سیاسی لە پێنج وڵاتدا" گەیشتوونەتە ئەوەی ئەو کەسەی زیاتری خوێندبێت زیاتر هوشیارە بەرامبەر کاریگەریی حکومەت‌و زیاتر لە مەسەلە سیاسییەکان دەزانێت‌و ئامادەترە بۆ پەیوەندیکردن بە رێکخستنە سیاسییەکانەوەو گێڕانی رۆڵی ئەرێ لەناویاندا، مەیلیشی زیاترە لە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانیتردا[١٢٩].

[١٢٨] دەربارەی ماناو پێوەرەکانی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی بڕوانە:

Karl Deutch, Social Mobilization and Political Development, “American Political Science Review”, vol. IV September ١٩٦١, pp. ٤٩٣ـ٥١٤.

هەروەها دەربارەی پەیوەندیشی بە کەلتوری سیاسییەوە، بڕوانە:

Samule Huntington and George Demingues: Political Development, in: F. Greenstein and N. Polsby, eds. Handbook of Political Science, California, Wesley Pub. Comp. ١٩٧٥, vol. ٣. p. ٢٧.

[١٢٩] G. Almon and S. Verba, op. cit. pp. ٣١٥ـ٣٢١.



دەشێت شارستانبوون لەگەڵ مەودای بەرینبوونەوەی درککردنی کەس‌و زیادبوونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی‌و گەشەکردنی ئامادەیی بۆ بیرکردنەوەو رەفتاری ئەقڵانی دامەزراو لەسەر پێکەوە بەستنی هۆیەکان‌و ئامانجەکان، پێکەوە بێن.

هەروەها لەوانەیە بەریەککەوتنی مرۆ لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەرییدا ببێتە هۆی گۆڕینی دیدی دەربارەی وتەزای شوێن‌و زانین دەربارەی مەسەلە نیشتمانی‌و جیهانییەکان‌و هەستکردن بە خودو بەرپرسیارێتی گروپییانەو پێوەستبوون بە سیستەمی سیاسییەوە.

٥. پێشوازییکردن لە ئاینێکی نوێ:

لەوانەیە لە ساتی یەکەمدا باوەڕی ئاینی لەو رووەوەو کە پەیوەندی نیە بە بەهاکانی کەلتوری سیاسییەوە، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێك راست نیە. چونکە مەسەلەکە لەسەر سروشتی ئاینەکە راوەستاوە لە رووی خۆدانی لە لایەنە رۆحی‌و زەمانییەکانەوە پێکەوە. لێرەدا مەسەلەی جیاکردنەوەی ئیسلام لە مەسیحییەت‌و جووەکان دەردەکەوێت، چونکە ئیسلام نەك تەنها پەیوەندی مرۆ بە خوداکەیەوە دیاریدەکات، بەڵکو پەیوەندیشی بە غەیری خۆیەوە، فەرمانڕەواو فەرمانڕەواییکراو دیاریدەکات‌و بەوەش شایستەی ئەوە بووە کە وەها وەسفبکرێت کە دینیش‌و دونیاشە.

دەرکەوتنی ئیسلام لە نیمچەدورگەی عەرەبدا شۆڕشێکی لە بەهاو هزرە سیاسییە باوەکانی ئەوێدا بەرپا کرد. چەندین چەمکی نوێ سەریانهەڵدا کە پێشتر زانراو نەبوون، وەك دەوڵەت‌و نەتەوەو دەسەڵاتی ناوەندی. وایلێهات موسوڵمان وەك گوزارشتێکی ئاینی‌و سیاسی هەست بە ئینتیما بۆ دەوڵەت یان نەتەوە دەکات، دوای ئەوەی عەشرەت چەقی دڵبەندی ئەو بوو. پابەندبوونە

عەشایەرییەکان جێگای خۆیان بۆ کۆمەڵگایەکی ئیسلامی وەك گشت چۆڵکرد. ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی خەلیفە، جێگەی ملکەچبوون بۆ سەرەکعەشرەتی گرتەوە[١٣٠].

### ٥. شۆڕشەکان‌و جەنگەکان:

زۆرجار شۆڕشەکان‌و جەنگەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاریی لە ئاڕاستەو باوەڕەکان‌و هەستە سیاسییەکانی تاکەکاندا. شۆڕشی فەرەنسی یاریدەی چاندنی بەهاکانی ئازادی‌و یەکسانی دا لە ئەقڵی دەستەجەمیی فەرەنسییدا. بەهەمانشێوەش شۆڕشی روسیا لەساڵی ١٩١٧ دا لە لایەنێکییەوە شۆڕشێکی کەلتوریی بوو چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی بریتی بوو لە تێکشکاندنی بەها سوننەتییە بۆماوەکان لەسەردەمی قەیسەرییەوەو خوڵقاندنی هاوڵاتی سۆڤێتی نوێ‌و باوەڕدار بە پرەنسیپە مارکسییە لینینیەکان. بەهەمانشێوەش ئەو شۆڕشانەی لە دەوڵەتە داگیرکراوەکاندا دژی ئیمپریالیزم روویدا، رۆڵی گرنگیان هەبوو لە تیژکردنەوەی هەستی نەتەوەیی‌و تۆوکردنی بەهاکانی هاریکاریی‌و پێکەوە گردبوونەوە لە دەرونی خەڵکیدا. فرانز فانون لە زۆربەی نوسینەکانیدا ئەم راستییەی خستۆتە روو. لای ئەو تێکۆشانی چەکدرانەی گەلی داگیرکراو دژی هێزەکانی داگیرکەر کاریگەریی لەسەر هەردوو ئاستی هەمەکی‌و هەندەکی دەبێت. لە لایەکەوە چەند سیفەتێکی ئەرێ‌و خوڵقێنەر دەخاتە سەر کەسێتی گەل‌و تاکەکانی لە یەك بۆتەدا دەتوێنێتەوەو دەیانکات بە یەك گشت‌و هەستکردن بە مەسەلەی هاوبەش‌و چارەنوسی نیشتمانی‌و مێژووی دەستەجەمی لە دەرونیاندا دەچێنێت. لە لایەکی تریشەوە تاك ئازاد دەکات لە گرێی ناتەواویی‌و ترس‌و

[١٣٠] حول هذه المعاني، انظر: موريس فلوري، روبير مانتران، النظم السياسية في الدول العربية، القاهرة، إعداد مركز البحوث والمعلومات، مجلس الدفاع الوطني، د. ت.، ص ٣٩-٤٠.



هەستەکانی بێزاریی‌و نەرێیی‌و متمانەی بەخودی خۆی‌و رێزی بۆ خودی خۆی دەگێڕێتەوە[١٣١].

شەڕوشۆڕ دەبێتە هۆی هەموارکردن یان لەقکردن یان چەسپاندنی چەند بەهاوبۆچوونێکی دیاریکراو. پێش شەڕی تەموزی ١٩٦٧، وێنەی ئیسرائیل وادەهاتە بەرچاوی عەرەب کە دەوڵەتێکی لاوازەو دەتوانرێت بێ ماندووبوونێکی زۆر لە رووی سەربازییەوە ببەزێنرێت. ئیسرائیلییەکانیش پێیانوابوو عەرەب میللەتێکی نەزان‌و دواکەوتوون‌و ناتوانن پێشبکەون. شەڕی تەموز بووە هۆی لەقبوونی وێنەی ئیسرائیل لای عەرەب، بگرە تووشی نائومێدیش بوون لەوەی بتوانن لە رووی سەربازییەوە رووبەڕووی ببنەوە. هاوکات بۆچوونی ئیسرائیلییەکان لەمەڕ عەرەب زیاتر چەسپا. بەڵام لە شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ دا عەرەب تا ئاستێکی باش متمانەیان بەخۆیان پەیداکردەوە، ئەو ئەفسانانەش کە دوای شەڕی تەموز پڕوپاگەندەی ئیسرائیل بازاڕگەرمی بۆ کردبوون، ئەوانیش درزیان تێکەوت، بەتایبەتی ئەفسانەی "پەککەوتەیی بەردەوامی عەرەب"و ئەفسانەی "سەرکەوتوویی بەردەوام‌و یەکلاییکەرەوەی ئیسرائیل"[١٣٢].

### دووهەم: گۆڕانی کەلتوریی ئاڕاستەکراو

دەشێت ئەو گۆڕانانەی لەگەڵ گۆڕانی رەوشە کۆمەڵگاییەکاندا لە ئەنجامی شەڕو شۆڕەکاندا بەسەر کەلتوری سیاسیدا دێن، بەشێوەیەکی بەرچاو رووبدەن،

[١٣١] David Hanley, Frantz-Fanon, Revolutionary Nationalist. Political studies, vol. XXIV, No. ٢. June ١٩٧٦.

[١٣٢] أنظر بصورة عامة: السيد يسين، صورة الشخصية العربية لدى الإسرائيليين: عوامل النشأة وظروف التغير في ضوء حرب أكتوبر، دراسة في الجوانب الإجتماعية والسياسية، المركز القومي للبحوث الإجتماعية والجنائية بالإشتراك مع مركز الدراسات السياسية والإستراتيجية بالأهرام، ١٩٧٤، ص ٨٥-٩٦.

ئەویش لەتوێی هەوڵی چڕوپڕو بەرنامەڕێژو بەردەوامەوە کە ئەنجامەکەی نوێکردنەوەی سیستمی کەلتوریی باو بێت. ئەگەر پرۆسەی نوێکردنەوە ماوەیەکی درێژ بەردەوام ببێت، ئەوا پێشبینیدەکرێت مرۆڤێکی نوێ بێتە ئاراوە کە خاوەنی کۆمەڵێك سیفلەت بێت، گرنگترینیان: پەسەندکردنی گۆڕانی سیاسی، بایەخدان بەو مەسەلانەی دەوروژێن، چ لە ژینگەی راستەوخۆ یان دەرەوەیدا، پەسەندنەکردنی خۆبەخۆی رای ئەوانەی لە هەرەمی دەسەڵاتدا لەسەرووی خۆیەوەنو رەتنەکردنەوەی خۆبەخۆی رای ئەوانەی لەخوارخۆیەوەن، بەشداریکردن لە رێکخستنە سیاسییەکاندا، ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە بەرەو ئێستاو ئایندە، هەستکردن بە توانای کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی سروشت، باوەڕبوون بە یەکسانی، ئەقڵانییەت لە بیرکردنەوەو رەفتاری سیاسیدا، هوشیاری بەرامبەر پرۆسە حکومییەکانو مەیلی رێزگرتنی ئەوانیترو هەستکردن بە ئینتمیای نیشتمانی[١٣٣].

دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانو زۆربەی دەوڵەتە تازە سەربەخۆبووەکان وەك بەشێك لە ستراتیجی خولقاندنی کۆمەڵگی نوێو دیسان بیناکردنەوەی مرۆڤ دەستیانداوەتە گۆڕینی کەلتوری سیاسییە سوننەتییەکانیان، گومان لەوەدا نیە کە دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان – وەك حاڵەتی یەکێتی سۆڤێتو چینی میللیو کوبا – گۆڕانکارییەکی نەخشەبۆکێشراویان لە چوارچێوە کەلتورییەکانیاندا کردووە کە بووەتە هۆی درزبردنی سیستمی کەلتوری کۆنو دەرکەوتنی کەلتورێکی سیاسی نوێ، کە جەخت لەسەر گوێڕایەڵبوون بۆ فەرمانەکانی دەسەڵاتی سیاسی

[١٣٣] حدد اليكس اينكليس هذه الخصائص من واقع نتائج دراسات ميدانية عاة ٦٠٠٠ شاب اختيروا من ٦ دول. لمزيد من التفاصيل، راجع:
Alex Inkles, The Modernization of Man, in: Myron Winer, ed. Modrnization, N.Y. Basic Books, ١٩٦٦, pp. ١٤١-١٤٤.



دەکات لەگەڵ دەربڕینی پەرۆشی بۆ ملکەچبوون بۆی، هەروەها پیرۆزکردنی کارو گروپایەتیو هاوکاریو یەکسانیو ئەقڵانییەت لە بیرکردنەوەو رەفتاردا، لەگەڵ باوەڕبوون بە پێویستیو سوودی نەخشەدانان[١٣٤]. بەڵام دەوڵەتە تازە سەربەخۆبووەکان لەبواری نوێکردنەوەی کەلتوری سیاسیدا، زۆر کەمیان کردووە، ئەویش رەنگە بەهۆی سەرقاڵییانەوە بێت بە گەشەپێدانی مادی زیاتر لە گەشەپێدانی مینۆکیو هەروەها پێویستبوونی ماوەیەکی درێژو سەرمایەی زۆر بۆ وەرچەرخانی کەلتوری کە دابینکردنی زەحمەتە، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی مکومییو پەلەیی گرفتە ئابورییەکان[١٣٥].

گۆڕینی کەلتوریی ئاڕاستەکراو لەرێگای چەند دامەزراوەیەکەوە دێتە دی کە گرنگترینیان قوتابخانەو حیزبو ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو سوپایە. لەخوارەو گفتوگۆ لەسەر رۆڵی هەریەکێك لەوانە دەکەین لەبواری هەموارکردنی بەهاو ئاڕاستەکانو رەفتارەکانی تاکەکان.

یەکەم: قوتابخانە

دەشێت قوتابخانە بەشداریی بکات لە گۆڕینی سیستمی کەلتوریی سوننەتیدا، ئەویش لەتوێی رۆشنبیرکردنی سیاسیو سیستمی قوتابخانەوە. رۆشنبیرکردن لە رێگای خوێندنی چەند مادەیەکی دیاریکراوەوە دەبێت کە پڕن لە شتی کەلتوریی نوێ کە رژێمەکە بانگەشەیان بۆ دەکات. لە یەکێتی سۆڤێت، قوتابخانەکان چەند مادەیەکی دیاریکراو دەخوێنن – بنەماکانی زانینی سیاسی،

[١٣٤] David Apter, The Politics of Modernization, Chicago, University of Chicago Press, ١٩٦٤, p. ٣٠ and Richard Fagen. The Transformation of Political Culture in Cuba, Stanford, U. P. ١٩٦٩, pp. ١٤هج٥, ١٥٩.
[١٣٥] Samuel Huntington and Jorge, Dominguez, op. cit, pp. ١٢هج٣.

فەلسەفە، مێژوو، ئابوری سیاسی– بە مەبەستی پەروەردەکردنی باوەڕیانەو هوشیارکردنی سیاسییانەیان[١٣٦]. دوای شۆڕشی ٢٣ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٢ ش لە میسر سەرکردایەتی سیاسی قوتابخانەی کرد بە یەکێك لە کەناڵەکانی وەرچەرخاندنی بەهایی[١٣٧]. لەچوارچێوەی تێکۆشان بۆ ئەوەی بەهاکانی عەرەبایەتی بخرێتە ناو بەها بنەڕەتییەکانی کەلتوری سیاسیی میسرییەوە، سەرکردایەتی بەتەنگەوە بوو چەند مادەیەکی وەك مێژووو جوگرافیاو پەروەردەی نیشتمانی بخوێنرێت بەشێوەیەکی کە باس لەبوونی نیشتمانێکی عەرەبی بکەن لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە، لەگەڵ کارلێکی گەلەکانی بەبەردەوامیو بوونی پرەنسیپەکانی یەکێتی عەرەبو عەرەبێتی میسرو رۆڵی سەرکردایەتییانەی لە ناوچەکەدا.

سەبارەت بە سیستمی سیاسی، تێبینیدەکرێت کە هەتا مامۆستا باوەڕی بە بەهاکانی سیستمی سیاسی زیاتر بێت، باشتر دەتوانێت لە دەرونی خوێندکارەکاندا بیچێنێت، پێچەوانەکەشی راستە. هەروەها ئەگەر پەیوەندی مامۆستا بە خوێندکارەکانەوە سروشتێکی دەسەڵاتخوازانەی هەبوو، ئەوە پێشبینی دەکرێت هەستی نەرێیو بێباکی لایان قووڵ ببێتەوە. دەشێت پێچەوانەی ئەوە لە حاڵەتی دیموکراسیبوونی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکاردا، رووبدات. هەتا قوتابخانە خوێندکارەکانی هانبدات مومارەسەی

[١٣٦] Gayle Hollander, op. cit, pp. ١٢ـ١٣.

[١٣٧] وادیارە هەڵوێستی سەرکردایەتییە سیاسییەکانی ناو چەندین دەوڵەتی تازە سەربەخۆ بوو، ئاوای، بڕوانە:
James Coleman, ed. Education and Political Development, Nj. Princeton U. P. ١٩٦٥, p. ٢٢ and Robert Levine, Political Socialization and Cultural Change, in: Clifford Geertz, old Societies and New States, London, Free Press of Glencoe, ١٩٦٣, ٣٠١.



چالاکی کۆمەڵایەتیو کەلتورییو وەرزشیو رابواردن بکەن، زیاتر چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ئامادەیی بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسیو مەیلی کارکردن بە گیانی تیمەوە لایان زیاد بکاتو پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوە.

دووهەم: پارتی سیاسی

بە یەکێك لە گرنگترین میکانیزمەکانی نوێکردنەوەی کەلتوریی دادەنرێت. دەتوانێت لە رێگای بەرنامەکانی رۆشنبیرکردنی سیاسییەوە بەها نوێیەکان بخاتە دەرونی تاکەکانەوە زانیاری سیاسی زیاتریان پێبدات. هەروەها دەشتوانێت جەماوەر تەیار بکات بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی گەشەپێدان بە هەوڵی خۆیان کە جگە لە شوێنەوارە مادییەکانی، چەند شوێنەوارێکی مینۆکیشی دەبێت لەوێنەی تیژکردنەوەی گیانی دەسپێشخەرییو هیواداریی، هەروەها قایلکردنی جەماوەر بە سودی کاری هەرەوەزیو جەختکردن لەسەر ئینتیمایان بۆ سیستمی سیاسی[١٣٨].

وەلێ رۆڵی حیزب لە بواری گۆڕینی کەلتورییدا بەستراوە بەچەند فاکتەرێکەوە کە دیارترینیان ئایدیۆلۆجیاو رێکخستنی حیزبیو سەرکردایەتی کارێزماییە[١٣٩].

دەبێت حیزب ئایدیۆلۆجیایەکی ناپارێزکاری هەبێت "واتە ئایدیۆلۆجیایەك داوای گۆڕینێکی ریشەییانەی رەوشەکانی کۆمەڵگا بکات" بۆ ئەوەی بتوانێت کەلتورێکی سیاسی نوێ بخوڵقێنێت.

[١٣٨] Joseph La Palombara and Myron Weiner, eds. Political Parties, and Political Development, N. J. Princeton U. P. ١٩٦٦, pp. ٤٢٤ـ٤٢٧ and Jean Blundell, Comparing Political Systems, London, Weidenfeld and Nicolson, ١٩٧٢, p. ٦٣.

[١٣٩] Manfred Halpern, The Politics of Social Change in the Middle East and North Africa, N. J. Princeton U. P. ١٩٧٠, pp. ٢٨٧ـ٢٩٣.

لە لایەکی تریشەوە، هەتا ئۆرگانەکانی حیزب بگاتە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتو جەماوەری میللی بگرێتە خۆی، کادیرەکانی زیاتر لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە پابەند دەبنو ئامادە دەبن بۆ کاری دڵسۆزانەو خۆیان لە جەماوەر بەرزتر ناگرنو ئامادەن بۆ بەریەککەوتنی بەردەوام لەگەڵیداو پێیبدەنو لێیەوەربگرن، کارایی زیاتر دەبێت لە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی مرۆڤدا.

لەوەی رابورد، پێوەستبوونی حیزب بە سەرکردایەتییەکی کارێزماییەوە توانای زیاتر دەکات لە بەدیهێنانی پەرەسەندنی کەلتوریی خواستراودا. ئەو پێوەستییەش کاتێك دێتە دی کە سەرکردەی کارێزمایی حیزب بەکاربهێنێتو بەناوییەوە بدوێت. بەڵام لەبەرئەوەی پێوەستی کارێزمایی دوای چوونەدەرەوەی سەرکردە لە دەسەڵات یان دوای مردنی، دووچاری هەرەسهێنان یان لاوازیی دەبێت، پێویستە ئەدای رێکخستنییانەی حیزب بەشێوەیەکی گشتی لە پلەیەکی بەرزی کاراییدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتووانە بەردەوامیی بدات بە پەروەردەکردنی سیاسی.

### سێهەم: ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەریی

ئەو ئامرازانە رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هەموارکردنی بەهاو بۆچوونو ئاراستەکانی تاکەکاندا[١٤٠]. سیستمە کۆمۆنیستییەکان بەشێوەیەکی چڕ بەکاریدەهێنن بۆ خولقاندنی هاوڵاتی لەبار بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی. بۆ نمونە لە کۆمەڵگای سۆڤێتیدا، ئیستگەو تەلەفیزیۆن کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر منداڵان هەیە، بەرنامەکانی منداڵان لە تەلەفیزیۆن بە بایەخپێدانێکی زۆرەوە ئامادە دەکرێن بەشێوەیەك هەمان ئەو نامە سیاسییانە بگەیەنن کە لە قوتابخانە فێریان دەکەن. بەوەش رۆڵێکی پشتیوانی دەبینن. لەسایەی سانسۆری پارتی

[١٤٠] G. Almond and B. Powell, op. pp. ١٧٣الج١٧٦.



کۆمۆنیستدا، ئامرازەکانی راگەیاندن بەردەوامن لەسەر گێڕانی رۆڵی پەروەردەییان لەسەر دەنگدەران. لەوانەیە ئەوەی لەمبارەیەوە بایەخێکی تایبەتی پێدەدات ئەو خاسییەتانەیە کە هەیەتی: توانای گوێزانەوەی نامەی سیاسی بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی پەرتوبڵاوی ناو خاکی یەکێتی سۆڤێت، سانسۆری ناوەندی لەسەر مادەی میدیایی بەجۆرێك کە هەمان نامە بێ گۆڕانکاری بڵاوبکاتەوەو چەندین نمونەی رەفتاریی پێشکەشبکات کە بەشداریی دەکەن لە ئامادەکردنی هاوڵاتییاندا بۆ رۆڵی نوێی سوودمەند، پێشکەشکردنی زانیاری دەربارەی روداو و کەسێتییەکان بەشێوەیەك کە هێواش هێواش هاوڵاتی ئامادەبکات بۆ دروستکردنی وێنەیەکی دیاریکراوی وەها دەربارەی گەردونی سیاسی کە سیستمەکە خۆی دەیەوێت[١٤١].

لەو دەوڵەتانەدا کە تازە سەربەخۆ بوون، دەستەبژێرە فەرمانڕەواکان بایەخیانداوە بە پێشخستنی تۆڕێکی پەیوەندیکردنی جەماوەریی لە هەوڵیدا بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورێکی سیاسی نوێ. وەلێ دوو مەسەلە هەن کە شایستەی ئەوەن لێرەدا پەنجەیان بخەینە سەر. یەکەمیان ئەوەیە کە رادیۆ بەربڵاوترین ئامرازی میدیاییەو کاریگەرییشی زیاترە، چونکە هەرزانەو هەڵگرتنو کارپێکردنی ئاسانە، جگە لەوەی کە پێویست ناکات بیستەر خوێندنەوەو نوسین بزانێت تا گوێی لێبگرێت، بەتایبەتی لە لادێ بەهۆی بەربڵاویی نەخوێندەواریی و نزمی ئاستی گوزەرانو نەبوونی شەپۆلی کارەبایی و دابڕانی گوند لە هەندێك حاڵەتدا. بۆیە رۆڵی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی شەخسی لە گوێزانەوەی زانیاریی و رۆڵی سەرکردەکانی بیروڕا لە لێکدانەوەیدا زیاتر دەبێت[١٤٢].

[١٤١] Gayle Hollander, op. cit, p. ١٥الج٢٢.

[١٤٢] Lucian Pye, Aspects of Political Development, pp. ١٦٧الج١٧١.

**دووهەمیش، وێڕای باوەڕمان بە فەزڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هوشیاری سیاسیو کەمکردنەوەی هەستی گوندنشینان بە دابڕاویی، بەڵام دەبێت دان بە مامناوەندیبووونی ڕۆڵیدا بنێین لە هەموارکردنی پێکهاتەکانی کەلتوری سیاسی باودا هەتا ئێستا. چونکە لەپاڵ قەناعەتماندا بەوەی کە چەسپاویی ئەو پێکهاتە کەلتورییانە وادەکات هەموارکردنیان زەحمەت بێتو پێویستی بە کاتی درێژ هەبێت[١٤٣].**

**مادەی میدیایی هەمیشە لە خزمەتی گوزارشتی کەلتورییدا نیە، بەڵکو لەوانەیە هەندێجار لە بەرژەوەندی چەسپاندنی توخمەکانی کەلتوری سیاسی کۆندا بێت.**

**چوارەم: سوپا[١٤٤]**

**سەرکردایەتی زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆ بوون بایەخێکی تایبەتی دەدەن بە ڕۆڵی سوپا لە قووڵکردنەوەی هەستکردن بە ئینتیمای نیشتمانی لای ئەو سەربازانەی لە چەندین گروپی ئەتنیو زمانیو ئاینی جیاوازەوە هاتوون، سوپا ئەم ڕۆڵە یان بە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدا، واتە لە ڕێگای دادانی بەهاکانی خۆشەویستی نیشتمانو شانازیکردن بە ئینتیماوە بۆی، بەسەر سەربازەکاندا، یاخود بەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ، واتە لەڕێگای ئەو**

---

[١٤٣] د. جيهان رشتي، نظم الإتصال: الإعلام في الدول النامية، القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٧٢، ص ١٨٤.

[١٤٤] Charles Anderson, Fred ron der Mchden and Grawford Young, Lssues of Political Development N. J. Prentice Hall, Inc. ١٩٦٧, pp. ٧٧لج٧٩, ١٨٢.

– عدد من العلماء السوفيت، التركيب الطبقي للبلدان النامية، ترجمة داوود حيدو، مصطفي الدباس، دمشق، منشورات وزارة الثقافة، ١٩٧٤، ص ٤١٣–٤١٥.



**بەریەککەوتنەی ژیانی سەربازیی بۆ سەربازەکانی دابینەکات کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قورسگرتنی ئینتیما ناوچەییە تەسکەکانیان.**

**لەگەڵ ئەوەدا کە رابورد، خزمەتی سەربازیی چەمکەکانی هاوکارییو دەستەجەمیبوونو ئارەزووی گۆڕانو ئامادەیی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردن لە گۆشەنیگایەکی عەلمانییەوە لای سەرباز پێشدەخات.**

**ئەمانە دیارترین ئامرازی پەرەپێدانی کەلتوریین، بێشك سیستمە کەلتورییەکان تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینێکی بەرنامەڕێژی چوارچێوە کەلتورییە دێرینەکاندا. گەرچی ئەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆ بوون، یەکسەر دوای سەربەخۆیی دروشمی خوڵقاندنی مرۆڤی نوێیان هەڵکردووە، بەڵام پێشکەوتنێکی بەرچاویان لەوبارەیەوە بەدەستنەهێناوە، شایەتی ئەمەش بەردەوامیو باڵادەستی بەهاو ئاڕاستەو تەرزە کۆنەکانی ڕەفتارە لای چەندین کەرتی بەرینی هاوڵاتیانو بە تایبەتی لە ناوچە گوند نشینەکان.**

باسی پێنجەم

## میتۆدی لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسی

لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنی کەلتورە سیاسییەکان رووبەڕووی گەلێك نارەحەتی دەبێتەوە، هەندێکیان پەیوەندییان بە چەمکی کەلتور خۆیەوە هەیە لەو رووەوە کە تازەیەو پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، هەروەها فرەیی پێکهێنەرەکانی و بەناویەکداچوونی لەگەڵ پێکهێنەرەکانی کەلتوری گشتی و جیاوازی ماناکانی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە. هەندێکی تر لە نارەحەتییەکان پەیوەندییان بە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانەوە هەیە. هەندێجار بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بەهاو ئاراستەو راوبۆچوونە سیاسییەکان قەدەغەیە وەك لە سیستمە تۆتالیتارو دەسەڵاتخوازەکاندا روودەدات. هەندێجاری تریش کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە زەحمەتە چونکە بە زەحمەت دەخرێنە ژێر پێوانەو هەڵسەنگاندنەوە.

وێڕای هەموو ئەو نارەحەتییانە، کەلتوری سیاسی بووە بە جێگای لێکۆڵینەوەی ئەوانەی لە زانستی سیاسیدا کاردەکەن. لەمبارەیەشەوە دەتوانین باس لە دوو حاڵەت بکەین:

١. حاڵەتی لێکۆڵینەوەی کەلتور لە ساتێکی دیاریکراودا: لێرەدا ئامانجی لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەیە لە هەموو یان هەندێك لە توخمەکانی کەلتوری سیاسی لە کۆمەڵگایەك یان زیاتردا، لە ساتێکی دیاریکراودا. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە سروشتێکی ستاتیکی هەیەو سەرقاڵی دەرخستنی ئەوەیە کە هەیە.



٢. حاڵەتی لێکۆڵینەوەی گۆڕان لە کەلتوری سیاسیدا: لێرەدا ئامانجی لێکۆڵەر پێوانی ئەو گۆڕانەیە کە دەشێت لە کۆمەڵگایەکدا یان زیاتر، بەشێك یان هەموو توخمەکانی کەلتوری سیاسی گرتبێتەوە. شتێکی شاراوە نیە کە ئەم پێوانەیە کارێکی ئاسان نیە، بە گشتی دوو ستراتیج هەیە بۆ دۆزینەوەی پلەی گۆڕانی سیاسی:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی بەدوای یەکداهاتوو واتە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا لە دوو ماوەدا کە کاتێك لە نێوانیاندا هەیەو بواری روودانی گۆڕانی داوە. بۆ نمونە لەکاتێکی دیاریکراودا راپرسی لەگەڵ نمونەیەکی هەڵبژاردەی تاکەکاندا دەکرێت، پاشان دوای ماوەیەك هەمان راپرسی دووبارە دەکرێتەوە لەگەڵ هەمان ئەوتاکانەدا، ئەوانەی بەردەست دەکەون لەگەڵ جێگرتنەوەی ئەوانەی بەردەست ناکەون بە خەڵکانی تر، بە مەرجێك هاوشێوەیی لە خاسییەتەکانیاندا هەبێت.

دووهەم: بەراوردکردن لەنێوان وەڵامدانەوەکانی چەند گروپێك لە تاکەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەندا. چ ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی وەستان یان گۆڕان، چەند شێوازێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن کە دەتوانین بیانکەین بە دوو گروپەوە:

یەکەم: شێوازە ئۆفیسییەکان[١٤٥]: لێرەدا لێکۆڵینەوەکە لەتوێی ئەو نوسینانەوە دەکرێت کە لەبەردەستدان و دەچنە ناو چوارچێوەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە: مێژوو، کۆمەڵناسی، سیاسەت، ئەنترۆپۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا. هەروەها لە توێی

[١٤٥] يراجع بشكل عام: G. Almond and B. Powell. Op. cit, p. ٥١ وحول الأدب الشعبي في التعرف على ثقافة الشعوب، أنظر: د. عبدالحميد يونس، الأدب الشعبي، جامعة القاهرة، ١٩٦٠، احمد رشدي صالح، الفنون الشعبية، القاهرة، دار القلم، ١٩٦١، ص ٣٢-٧٢، د. محمد الجوهري، الفولكلور و دراسات علم الإجتماع الريفي، في: محمد الجوهري و آخرين، مرجع سابق، ص ٣٧٨-٣٨١.

ئەدەبی میللیشەوە بەشێوە جیاجیاکانیەوە دەکرێت: پەندی پێشینان، گۆرانی میللی، مەقام، ئەفسانەو حیکایەتی میللی، سرودو درودو ستایشە[146] ئاینییەکان. جێگەی باسە فۆلکلۆرناسەکان ئەدەبی میللی بە کورتترین و دروسترین رێگا بۆ تێگەیشتنی سیما کەلتورییە سیاسییەکانی گەلان دادەنێن، چونکە دێرینترین بەشی کەلتورەکانیانەو لە هەمووشیان باشتر کاریگەریی لەسەر دەرون و رۆحی تاکەکان هەیە.

دووهەم: شێوازە ئەزموونییەکان: لێرەدا دەتوانین ئەم شێوازانەی خوارەوە جیابکەینەوە:

١. رووماڵکردن: بیرۆکەی ئەمە لەسەر بناغەی کۆکردنەوەی زانیاری لە رێگای راپرسییەوە دامەزراوە کە بەسەر نمونەیەکدا پیادە دەکرێت کە گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگایە بکات کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەلمۆندو ڤێربا لە لێکۆڵینەوەکەیاندا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم شێوازەیان بەکارهێناوەو راپرسییەکیان لەگەڵ ١٠٠٠ کەسدا کردووە کە لەو پێنج دەوڵەتەدا هەڵبژێردرابوون کە کردبوویانن بە کایەی لێکۆڵینەوەکەیان. دیارە بەکارهێنانی ئەم شێوازە ناڕەحەتی تێدایەو پەیوەندی بە داڕشتنی پرسیارەکان و دیاریکردنی قەبارەو خاسییەتەکانی نمونەکە، مەودای گونجاویی ئامرازی پێوانەکردنی ئەوەی داواکراوە. بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسیدا چەند لایەنێکی چاکیشی هەیە. چونکە ئەو زانیارییانەی بەم رێگایە کۆدەکرێنەوە وردن، جدیین، وێڕای ئەوەی کە بواریشمان دەدەن لە رووی چییەتی و مەودای سەقامگیری و پلەی گۆڕانییەوە لە ناواخنی کەلتور تێبگەین.

٢. شیکردنەوەی ناوەڕۆك: ریچارد ڤاگن پشتی بەم شێوازە بەستووە بۆ لێکۆڵینەوەی گۆڕان لە کەلتوری سیاسی گەلی کۆریادا، چونکە دوای گەیشتنی

[146] Dennis Cavanaugh, op. cit. pp. ٤٩ج٢.



کاسترۆ بە کورسی دەسەڵات، ئیتر مەحاڵ بوو بتوانێت شێوازی رووماڵکردن بەکاربهێنێت. ڤاگن کەوتە لێکۆڵینەوەی بەرنامەکانی شۆڕش کە دەیانەویست هاولاتی نوێی کوبایی دروستبکەن، بە تایبەتیش بەرنامەی لیژنەکانی داکۆکیکردن لە شۆڕش و بەرنامەکانی "قوتابخانەکانی رۆشنبیرکردنی شۆڕشگێڕانە."

ئەگەر کتێب و ئاخاوتن لەسەر ئاستی دەستەبژێری سیاسی لەبەردەستدا بوو، ئیتر شیکردنەوەی ناوەڕۆك ئامرازێکی گونجاو بۆ کەشفکردنی سیستمی بەها تایبەتییەکانی سەرکردەکان. بێشك ئەم شێوازەش خۆی شێوازە سوننەتییەکەی پێ باشترە کە لەسەر بناغەی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پێشینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامانی دەستەبژێری سیاسی و دۆزینەوەی بەهاکانیان بەهۆی ئەوەوە.

٣. دیمانەکردنی قووڵ و تۆکمە: ئەم ئامرازە وا دەخوازێت قەبارەی نمونەی وەرگیراو بچووك بێت: رۆبێرت لانی بەکاریهێناوە بۆ دیمانەکردن لەگەڵ ١٦ کەسی شاری نیوهێڤنی ئەمەریکیدا، بەمەبەستی زانینی باوەڕی سیاسی ئەمەریکاییەکان. هەروەها لوسیان پای لە لێکۆڵینەوەی دەستەبژێرە سیاسییە بۆرماییەکاندا هانای بۆ بردووە.

لەبەرئەوەی نمونەکە بچووکە، لەوانەیە بەشێوەیەکی دروست وێنای ئەو کۆمەڵگایە نەکات کە لێی دەکۆڵرێتەوە، بۆیە باشتر وایە لە حاڵەتی گروپە بچووکەکاندا (ئەندامانی وەزارەتێك یان مەکتەبی سیاسی) دیمانەی قووڵ بکرێت.

٤. شێوازەکانی دانەپاڵ: سوودی هەیە بۆ ناسینەوەی ئاڕاستە سیاسییەکانی تاکەکان و منداڵان یان لاوان یاخود ئەو توخمانەی هوشیاری سیالسییان نزمە. لێرەدا رەنگە پرسیارەکە کەمتر کریستاڵە کرابێت یان داڕشتنەکەی بەتەواویی کامڵ نەبێت. گرینستین تەکنیکی دانەپاڵی بەکارهێناوە بۆ زانینی ئاڕاستەی منداڵانی ئەمەریکا بەرەو سیستمی سیاسی. بۆ نمونەزانینی تێڕوانینان بەرەو

سەرکردە سیاسییەکان، ئەو داوای لێکردن چەند دەستەواژەیەك بنوسن دەربارەی سەرکۆمار لەکاتێکدا سەرپێچی یاسای کردووەو پۆلیسی رێگاوبان گرتوویەتی.

٥. تێبینیکردن بە بەشدارییکردن: لێرەدا لێکۆڵەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەشداریی دەکات لە ژیانی ئەو خەڵکانەدا کە لێیاندەکۆڵێتەوە. بە تایبەتی لەوەدا کە پەیوەندی هەیە بە چالاکی سیاسی ئەوانەوە (هەڵبژاردنە گشتییەکان، جوڵانەوەکانی رەتکردنەوە چ ئەگەر شێوەی خۆپیشاندان یان مانگرتن...هتد وەربگرێت) هەروەها شێوازەکانی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەزگا حکومییەکان‌و دامەزراوە سیاسییەکاندا.

دوای ئەم رانانەی شێوازو ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی کەلتوری سیاسی، حەزدەکەین ئاماژە بۆ دوو مەسەلە بکەین.

یەکەم: بەکارهێنانی ئامرازێك بەپێی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەو سروشتی ئەو کۆمەڵگایە دیاریدەکرێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، هەروەها قەبارەی توانا داراییە تەرخانکراوەکان بۆ لێکۆڵینەوەو ماوەی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانیشی کاریگەرییان لە هەڵبژاردنی ئامرازەکاندا هەیە.

دووهەم: هیچ کێشە نیە ئەگەر لێکۆڵەر زیاتر لە ئامرازێك پێکەوە کۆبکاتەوە بە مەبەستی وردتربوون، ئەگەر بارودۆخ‌و تواناکانی لێکۆڵینەوەکە رێی پێبدات.

لە کۆتایی باسکردنی کەلتوری سیاسیدا، چەند سەرنجێکمان ماوە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بابەتی کەلتوری سیاسی سروشتێکی تیوران هەیەو کەمیان مەیدانیین. بگرە هەموو لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان – جگە لە ژمارەیەکی دیاریکراویان– کۆمەڵگا دیموکراسییە خۆراواییەکانیان کردووە بە بواری کارکردنیان، لە هەردوو رووی جوگرافی‌و مرۆییەوە. رەنگە ئەمەش وامان لێبکات ناچاربین بایەخێکی زیاتر بدەین بە لێکۆڵینەوەی مەیدانییانە لەو کۆمەڵگایانەدا کە سیستمی سیاسی جیاجیایان هەیە. ئەنجامکەکانی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە



بۆیان هەیە بەشداریکردنە تیورەکانی ئەم بوارە دەوڵەمەند بکەن‌و مەودای دروستی گریمانەکانیان بخەنە روو، وێرای پێشکەشکردنی هاندەر بۆ پێداچوونەوەی ئەو چوارچێوە هزرییانەی لەمبارەیەوە پێشکەشکراون کە لایەنگیریی بەهاکانی کەلتوری سیاسی دیموکراسیە خۆراواییەکان دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە، چەند بابەتێك هەن کە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی مکومانەی زیاتر هەیە، رەنگە گرنگترینیان: مەودای پشتبەستن بە کەلتوری سیاسی بێت وەك سەنگی مەحەکی جیاکاریی نێوان سیستمە سیاسییەکان، بە تەنها یان لەگەڵ مەحەکی دیکەدا، هەروەها پەیوەندی کەلتوری سیاسی بە دیاردەی سەقامگیریی‌و ناسەقامگیری سیاسییەوە، لەگەڵ مەودای ئاخاوتن دەربارەی کەلتورێکی سیاسی نێودەوڵەتی کە سنورە نەتەوەییەکان ببەزێنێت، لەگەڵ پێگەی رەسەنایەتی‌و هاوچەرخێتی لە مەسەلەی گۆڕانی کەلتورییدا، هەروەها سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕانی مادی‌و گۆڕانی هزری.

## نەسكى دەهەم

# نموونەی دیموكراسی هەرەوەزی

## Consociational Democracy Model

## ڕێخۆشکردن

فەیلەسوفان‌و زانایانی سیاسەت بایەخێکی تایبەتییدا داوە بە سیستمی دیموکراسی – لەرووی پێداویستییەکانی‌و چەشنەکەی‌و سەقامگیرییەوە. لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکان خۆی داوە لە فاکتەرە کۆمەڵگاییە گونجاوەکان بۆ دامەزراندن‌و بەردەوامبوونی دیموکراسی لە نمونەی –بەرزیی ئاوەندی داهاتی تاك، فراوانبوونی خوێندن، بەرزبوونەوەی تێکڕاکانی شارستانبوون، جیریی بونیادی چینایەتی، باڵادەستی کەلتوری سیاسی هاوبەش. لێکۆڵینەوەش لە چەشنەکەی خوویداوەتە مافەکانی تاکەکان‌و پێکارەکانی نواندنی سیاسی‌و چاودێریکردنی حکومەت. لێکۆڵینەوەی سەقامگیرییش دەستییردووە بۆ توانای سیستمی سیاسی بۆ مانەوە لە توێی کارایی ئەدایەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفتانەدا کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەگەڵ خۆسازاندن لەگەڵ ڕەوشە گۆڕاوەکاندا.

وەلێ شەپۆلێکی بەرچاوی ئەدەبی دیموکراسی خۆی سەرقاڵکردووە بە لێکۆڵینەوەی ئەزمونی سیاسی دەوڵەتە بچووکەکانەوەو بە تایبەت لە ئەوروپا (هۆڵەندا، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا) ئەوانەی بونیادێکی کۆمەڵایەتی فرەیان هەیە چونکە کۆمەڵگاکەیان زیاتر لە گروپێك دەگرێتە خۆی لە کەرووی ئاینی یان زمانی یان چینایەتی ...هتد ەوە جیاجیان. گەرچی ئەم فرەییە کۆمەڵایەتییە بۆی هەیە ببێتە مایەی کردەوەکانی ناڕەزایی‌و توندوتیژیی دەستەجەمی‌و تاکانە وەك یەك، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی ناویان هات، سەقامگیرییەکی سیاسی بەرچاویان هەیە. ژمارەیەك لە زانایانی سیاسەت خوویانداوەتە لێکۆڵینەوەی ئەم گرفتە – لەپێشەنگیاندا ئارینـد لیگفارت – هەوڵدەدەن ئەو سیفەتە دیموکراسییانە



دیاریبکەن کە لەگەڵ واقیعی دەوڵەتە فرەییەکاندا دەسازێت‌و زامنی سەقامگیریی‌و پێشکەوتنیان بۆ دەکەن. ئەوانە گەیشتونەتە ئەوەی کە سەرچاوەی سەقامگیریی، وێڕای دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، لەوەدایە کە سیستمێکی فەرمانڕەواییان هەڵبژاردووە کە ناویاننـاوە "دیموکراسی تایفی – Consocitional democracy"[147]. کرۆکی ئەم نمونەیەش ئەوەیە کە مەیلەکانی ململانێ کە ڕەگیان لە بونیادی کۆمەڵگای فرەییدا داکوتاوە. لەبەرامبەریدا چەند مەیلێکی هاریکاریی هەن لەسەر ئاستی سەرکردەکانی ئەو گروپانەی کۆمەڵگاکە پێکدەهێنن. ڕەفتاری هاریکارییانەی دەستەبژێریش بۆی هەیە جڵەوی توندوتیژی بنکەی جەماوەریی بگرێت‌و سەقامگیریی سیاسی بهێنێتە دی.

لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە، ئەم نمونەیە پانتاییەکی لە ئەدەبی سیاسی بەراوردکار بە زمانی ئینگلیزی داگیرکردووە، ئەویش ئەو ساڵەیە کە تێیدا لیگفارت نوسینەکانی خۆی لەمبارەیەوە بڵاوکردەوە – بەڵام هێشتاکە بە ئەدەبی سیاسی بە زمانی عەرەبی نوسراو نامۆیە. گرنگی باسکردنی لە نەسکێکی سەربەخۆدا لێرەدایە، کە تێیدا هەوڵێستی پۆلێنکارییەکانی سیستمە سیاسییەکان لە دیموکراسییە بچووکەکان روونبکرێتەوە، لەگەڵ پایەکان‌و پێداویستییەکانی دیموکراسی هەروەزیدا، پاشان دەستبەرێت بۆ هەندێك لە پیادەکارییە واقیعییەکانی‌و دواجاریش بگوێزرێتەوە بۆ خستەڕووی ڕەخنەی دژەکانی‌و وەڵامی لایەنگرەکانی.

[147] چەند زاراوەیەکی هاوواتای دیموکراسی هەروەزی لەئارادایە کە بەکارهاتوون بۆ وەسفکردنی پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگا هەمەچەشنەکاندا، وەك دیموکراسی ڕێکەوتنی Concordant Democracy و دیموکراسی پەیمانیی Contractarian Democracy .

باسی یەکەم

## پێگەی دیموکراسی فرەیی لە پۆلێنکارییەکانی سیستمە سیاسییەکاندا

زانایانی سیاسەت لە پڕۆژەکانی پۆلێنکردنی سیستمە سیاسییەکاندا، جێگایەکیان بۆ سیستمی دیموکراسی تەرخانکردووە. بۆ نمونە، فرێد ریگز جیاوازی دەکات لە نێوان کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا. ئەمەی دوابیان بەپێی دابەشبوونی هێزی سیاسییەوە دابەش دەبێت بۆ دوو چەشن: دیموکراسی و دیکتاتۆری[١٤٨]. دەیڤید ئەپتەر بەپێی پلەپلەیی و چەشنی بەها باوەکان باس لە چوار جۆرە سیستمی سیاسی دەکات، یەکێکیان سیستمی پێکەوە سازانە کە دیموکراسی بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئەو سیستمە دادەنرێت. دیموکراسی سیستمێکی پێکەوەسازاندنی فەرمانڕەواییکردنە. بەڵام مەرج نیە هەموو سیستمە سازاوەکان دیموکراسی بن. ئایزنشادێت، سیستمی دیموکراسی لەناو سیستمە سیاسییە نوێیەکاندا دادەنێت. مۆریس جانوێز باس لە پێنج کۆمەڵە لە سیستمە سیاسییەکان دەکات، یەکێکیان دیموکراسییە کێبڕکێی و نیمچە کێبڕکێیەکانە. ئیدوارد شیڵز جیاوازی دەکات لەنێوان ئۆلیگارکییەکان و دیموکراسییەکاندا، دیموکراسییەکانیش دابەشدەکات بۆ دیموکراسی سیاسی و دیموکراسی ویسایەت. بەڵام ئەو دیموکراسی ویسایەت بە

---

[١٤٨] Fred Riggs, Agrarian and Industrial: Toward a Typology of Comparative Administration" In William Sniffing, ed. Toward the Comparative Study of Public Administration, Bloomington, Indiana University Press, ١٩٥٩, pp. ٢٧ج٣٠.



تەرزێکی بەرچاوی دیموکراسی دانانێت، بەڵکو پێیوایە سیستمێکە بەرەو دیموکراسی مل دەنێت[١٤٩].

ئەو پۆلێنکردنانەی باسکران، هەموویان دیموکراسییەکانیان لە یەك گروپدا داناوە، بی ئەوەی ئەندێشەی ئەوە بکەن کە چەند لقێکی لێدەبێتەوە. بەڵام دوو حاڵەتی ئاوارتە هەیە کە شایانی ئەوەن باسبکرێن:

یەکەم: گابریل ئەلمۆند پۆلاندنێکی خستۆتە روو، تێیدا چوار جۆرە سیستمی سیاسی لە یەکتریی جیاکردۆتەوە: ئەنگلۆ ئەمەریکی، کیشوەر ئەورپایی، پێش پیشەسازی، تۆتالیتاریزم. هەردوو جۆری یەکەم و دووهەم دیموکراسیین و جیاکاریی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ پلەی سازانی کەلتوری و جیایی بونیادی. سیستمی ئەنگلۆ ئەمەریکییەکان بە سازانی کەلتوری سیاسی و دەرکەوتوویی بونیادە سیاسییەکانیان دەناسرێنەوە، وەك هەردوو سیستمی بەریتانی و ئەمەریکی. بەڵام سیستمەکانی کیشوەری ئەوروپا، وەك ئەڵمانیای سەردەمی ڤایمارو فەرەنسا لەسایەی هەردوو کۆماری سێهەم و چوارەمداو ئیتالیا دوای جەنگی دووهەمی جیهان، بەوە دەناسرێنەوە کە کەلتوری سیاسییان پەرت و بڵاوەو بونیادە سیاسییەکانیان فرەن و پێوەستن بە لقە کەلتورەکانەوە[١٥٠].

---

[١٤٩] Aren Lijphart, "Typologies of Democratic Systems," Comparative Political Studies, Vol. XI, No. ١ April ١٩٩٦, p. ٤.

[١٥٠] ئەلمۆند ئەم بیرۆکەیەی لە وتارێکدا خستۆتە روو کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا بڵاوی کردۆتەوەو لە چەندین نوسینی دیکەیدا گەڕاوەتەوە سەری، بۆ نمونە:
Gabriel Almond, Political Development: Essays in Heuristic Theory, Boston, Little Brown, and Comp, ١٩٧٠, pp ٣٧ج٤٩.

ئاوارتەی دووهەمیش پەیوەندی هەیە بەو پۆلاندنە سوننەتییەوە کە لەسەر بناغەی ژمارەی ئەو پارتانەی هەن، بۆ سیستمە سیاسییەکان کراوە. لێرەدا لە چوارچێوەی سیستمە دیموکراسییەکاندا، جیاکاریی دەکرێت لە نێوان سیستمی دوو حیزبی و سیستمی فرەحیزبیدا، بەو حسێبەی کە سروشتی سیستمی حیزبی چەند ئاکامێکی دوورمەودای لە پرۆسەی دەنگدان و دروستکردنی بڕیار هەیە[١٥١]. زۆرجار زانایانی سیاسەت پۆلاندنەکانی سیستمە سیاسییەکانیان بەستۆتەوە بە سەقامگیریی سیاسییەوە. ئەوەتا لای مۆریس دۆڤێرجێ سیستمی دوو حیزبی لە سیستمی فرەحیزبی سەقامگیرترە، چونکە دوالیزمی حیزبی، بە پێچەوانەی فرەحیزبییەوە دەگاتە چەند زۆرینەیەکی دیاریکراو و بەرپرسیارێتییەکی حیزبییانەی روون، وێڕای جووتبوونیشی لەگەڵ سروشتی شتەکاندا، چونکە رای گشتی بەشێوەیەکی گشتی وا راهاتووە لە نێوان دوو سەربازگەی گەورەی کێبڕکێکەردا دابەشبووبێت[١٥٢]. بەهەمانشێوە ئەلمۆندیش وتویەتی تەرزی ئەنگلۆ-ئەمەریکی سەقامگیرە، لەکاتێکدا کە تەرزی کیشوەر ئەوروپی وا نیە. لە بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکان، سنوری راشکاو لەنێوان بەشە جیاجیاکانی سیستمی سیاسیدا هەیە بەپێچەوانەی رەوشی فەرەنساو ئیتالیاوە کە لەوێ پارتەکان و گروپەکانی فشارو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەسەر ئاستە کاسۆلیکی و سوسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان باوەش دەکەن بە یەکتریدا. لە هەمانکاتیشدا، سازان بەسەر بونیادی کەلتوریی بەریتانیاو ئەمەریکیدا زاڵە، چونکە هاوڵاتییان سەر بە چەندین دامەزراوەی رەسمی و نارەسمیین، بۆیە چەند فشارێکی ناکەرتی دروستدەبێت کە جۆرێک میانڕۆیی دەسەپێنێت بەسەر ئاراستەکانیاندا بەجۆرێک کە خزمەتی سەقامگیریی سیاسی بکات. بەڵام لە

[١٥١] Arend Lijphart, op. cit. pp. ٥-٨.

[١٥٢] Maurice Duverger, Political Parties, trans by Barbara and Robert, North, London, Methuen, ١٩٥٩, p. ٣٩٣



کیشوەری ئەوروپا کەلتوری سیاسی دابەشدەبێت چونکە کۆمەڵگا خۆی دابەشبووە بۆ چەند کەرتێك کە هەریەکەیان لە رووی ئەندامێتی و دڵسۆزییەوە سەربەخۆیی و خودێتی خۆیانیان هەیە، بەوەش جێگای فشارە ناکەرتییەکان نابێتەوە کە سەقامگیریی و میانڕۆیی دەسەپێنن[١٥٣].

هەرچۆنێك بێت، ئەو پۆلێنکارییانەی سەرەوە بۆ دیموکراسییەکان هەڵوێستێکی روونیان لە دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکان و هۆڵەندەو سویسرەو نەمسا وەرنەگرتووە. ئەلمۆند لە پرۆژە پۆلێنییەکەیدا ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە سیستمە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە نێوان تەرزی کیشوەریی و تەرزی ئەنگلۆ-ئەمەریکیدان، چونکە تێکەڵەیەك لە سیماکانی هەردوکیانیان تێدایە. بەڵام لە قۆناغێکی دواتردا وتی، ئەو سیستمانە لە هەردوو تەرزەکە جیاوازن، چونکە لە لایەکەوە بەپێچەوانەی تەرزی ئەنگلۆ-ئەمەریکییەوە فرەحیزبی پێڕەو دەکەن، فرەحیزبییەکەشیان پێچەوانەی فرەحیزبی ئەوروپای کیشوەرییەوە، کاراو چالاکن. لە لایەکی تریشەوە وەك سیستمە ئەنگلۆ ئەمەریکییەکان و بەپێچەوانەی سیستمە کیشوەرییەکانەوە، کەلتورێکی سیاسی سازاویان هەیە[١٥٤].

راستە دەوڵەتە ئەوروپییە بچووکەکان جگە لە نەمسا، سیستمی فرەحیزبی پێڕەو دەکەن، وەلێ بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەلمۆندەوە، خاوەنی سازانی کەلتوریی نین بە بەڵگەی بوونی چەندین لقە کەلتوری کاسۆلیك و سوسیالیست و لیبراڵ لە هەریەکە لە بەلجیکاو لۆکسیمبۆرگ و نەمساو هۆڵەندەدا. لەوێ پەرتوبڵاویی کەلتوریی لە هی ئەوروپای کیشوەریی زیاترە، لەسەر ئاستی هەر

[١٥٣] G. Almond and B. Powell, Comparative Politics, A Developmental Approach, Boston, Little Brown and Comp. ١٩٦٦, pp. ٢٦٣-٢٦٥.

[١٥٤] Alijphart op. cit, ١٦.

لقە کەلتورێکیش تۆڕێکی بەهێزی دامەزراوەکان و ئامڕازەکانی پەیوەندی بەناویەکداچووی هەیە. لەم حاڵەتەدا چاوەڕێی ئەوە دەکرا کە بەدەست ناسەقامگیریی سیاسییەوە بناڵێنن. بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە کە ئەوانە خاوەنی سیستمگەلێکی سیاسی دیموکراسی وەهان کە سەقامگیریی و کارایی پێکەوە کۆدەکەنەوە[١٥٥]. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رەچاوکردنی تەرزی دیموکراسی هەروەزی، کە لایەنگیرانی بە کێبڕکێی وتەزا باوەکان دەیبینن – کە لە بنەڕەتدا لە ئەزمونە بەریتانی و ئەمەریکییەکانەوە – دەربارەی پێداویستییەکانی فەرمانڕەوایی دیموکراسییانەی سەقامگیرو کارا، هەڵگۆزراون.

---

[١٥٥] Ibid, p. ١٧.

باسی دووهەم

## پایەكانی دیموكراسی هەرەوەزی

لای لیكفهارت دیموكراسی هەرەوەزی لە دەوڵەتە ئەوروپاییە بچووكەكاندا، چوار پایەی هەیە: هاوپەیمانێتی گەورە، ڤیتۆی ئالوگۆڕ، هاوڕێژەیی، سەربەخۆیی كەرتی. لەخوارەوە باس لە هەریەكێكیان بە جیا دەكەین[156].

**یەكەم: هاوپەیمانێتی گەورە**

لە سایەی دیموكراسی هەرەوەزییدا، سەركردەی هەموو كەرتەكان هاوكاریی دەكەن لە پێناوی فەرمانڕەواییكردنی كۆمەڵگادا بە پێكهێنانی هاوپەیمانێتییەكی گەورە كە هەموویان بگرێتەوە، ئەم هاوپەیمانێتییە كێبڕكێی ئەو ڕێسایە دەكات كە دەڵێت لە سیستمی پەرلەمانیدا، سەركردەكان لە نێوان حكومەتی زۆرینەو ئۆپۆزیسیۆندا دابەشدەبن.

ئەگەر پرەنسیپی قەبارەی بەڵگەنەویستەكانی تیوری كێبڕكێكان ڕەچاو بكەین، ئەوا بایەخی هاوپەیمانێتی گەورەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. چونكە بەپێی ئەو پرەنسیپە تاكەكان مەیلیان لە پێكهێنانی هاوپەیمانێتی بچووكە مادام یەكتریی دەناسن و پێیانوایە كێبڕكێكە بێسەمەر دەبێت و هیچ بەهیچ ناكەن. لەبەرامبەریشدا ئەو تاكانەی یەكتریی ناناسن، پێیانوایە كێبڕكێكە بێسەمەر بێت، بەڵكو داهاتێكی هاوبەشی هەیە. بەوەش سەركەوتوو دەبن لە پێكهێنانی

[156] Lijphart, Democracy in Plural societies: A Comparative Exploration, New Haven, Yale University Press, ١٩٨٠, pp. ٢٥ع٤٤.



هاوپەیمانێتی گەورەدا، لەبەرئەوەی مەترسییە سیاسییەكان لە كۆمەڵگای فرەییدا زۆر زۆرن. داڕشتەی هاوپەیمانێتی گەورە زیاتر بۆی دەگونجێت لە داڕشتەی فەرمانڕەوایی — ئۆپۆزیسیۆن، چونكە بەپێی داڕشتەی یەكەم سیاسەت بۆ هەموو لایەنەكان سودمەندە، بەڵام بەپێی داڕشتەی دووهەم كێبڕكێیەكی بێسەمەرە.

هەروەها بایەخی هاوپەیمانێتی لەوكاتەشدا دەردەكەوێت كە دەیخەینە ناو ڕەوتی پرەنسیپەكانی دیموكراسییەوە تایبەت بە ڕەزامەندی گشتیو زۆرینە. ڕەزامەندی (ڕێكەوتنی هەموو هاوڵاتییان) لە زۆرینە دیموكراسیترە، ڕێسای زۆرینە بەشێوەیەكی باش كاردەكات ئەگەر بۆشایی نێوان دیدی زۆرینەو دیدی كەمینە تەسككرایەوە. لە كۆمەڵگای فرەییدا كە سیستمی سیاسی چەند گروپێكی سەربەخۆو بەگژیەكداچوو دەگرێتە خۆی، وەها سەیری هەر بڕیارێك دەكرێت كە مەترسی تێدایە، بەوەش ڕێسای زۆرینە دەبێتە هۆی قوڕت خستنە بەر یەكێتیو سەربەخۆیی سیستمەكە. ئەگەر كۆمەڵگاكان سازاو بوون، ئەوا ڕەنگە بەشێوەیەكی كاتی هانا ببەنە بەر هاوپەیمانێتی گەورە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێكی ناوەكی یان دەرەكی كە شتێكی لۆجیكییانەیە كۆمەڵگا فرەییەكان هەمیشە — كە بەسروشتی خۆیان كۆمەڵگای قەیرانن— ئەو داڕشتەیە هەڵبگرنەوە بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیاسی. زیاد لەوەی ڕابورد، هاوپەیمانێتی گەورە، بەو بەوەی بەشداریكردنی فەرمانڕەوایی تێدایە، هاندەرێكی بەهێزە بۆ میانڕەوێتیو پێكەوەسازان، ئەوە هەتا نزمترین ئاست مەترسی ئەوەی لایەنێك دووچاری فریودانی لایەنەكانی دیكە ببێت كەم دەكاتەوەو ئاسایشی سیاسی بۆ هەموویان فەراهەم دەكات.

هاوپەیمانێتی گەورە یەك شێوەی دامەزرێنەری نیە، لەوانیە لە ڕووی دامەزراوەییەوە چوارچێوەی ئەنجومەنی جێبەجێكردنی وەك ئەنجومەنی فیدراڵی سویسری وەربگرێت، كە حەوت ئەندامی هەیەو نوێنەری پارتە سەرەكییەكانن،

هەروەهاش زمانەکانو ناوچە جیاجیاکان. لەوانەش نەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بەڵکو لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی پێك بهێنێت کە مومارەسەی دەستڕۆییەکی یەکلاییکەرەوە دەکات وەك ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی هۆڵەندی. سروشتی سیستم لەو رووەوە کە پەرلەمانی/ سەرۆکایەتی یان پادشایەتی/ کۆمارییە، کاردەکاتە سەر پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی گەورە.

سیستمی سەرۆکایەتی کە بەرجەستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە یەك کەسدا، کەمتر بەکەڵکی دیموکراسی هەروەزی دێت لەچاو سیستمی پەرلەمانیدا کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەیەو بواردەدات کەرتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا نوێنەرایەتی بکرێن. وەلێ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە سیستمی سەرۆکایەتی لەسەری دامەزراوە یارمەتی دامەزرانو بەردەوامبوونی ئەو چەشنە دیموکراسییە دەدات. سیستمی سیاسی سویسرا ئەم پرەنسیپەی هەڵگرتۆتەوە و پەرلەمان ناتوانێت ئەنجومەنی فیدراڵی هەڵبوەشێنێتەوە، گەرچی خۆی حەوت ئەندامەکەی دیاری دەکات کە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە. رۆبێرت دال پێیوایە کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هانی ستراتیجە هاوکارییەکان دەدات، چونکە لە جیایی ئۆپۆزیسیۆنو دەرفەتی کێبڕکێی زۆر لەنێوانیانداو لەگەڵ حکومەتدا کەمدەکاتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، پادشایەتی هێمای یەکێتی نیشتمانییە، بەوشە مەیلە جوداخوازییەکان لای گروپەکانی کۆمەڵگای فرەیی. هەروەها زامنی بوونی سەرۆکێکی بێلایەنیش بۆ دەوڵەت دەکات، واتە سەر بەهیچ حیزبێك نیە. ئەم وەزیفە ئاوێتەیەی پادشایەتی لە هۆڵەنداو بەلجیکا تا ئاستێکی زۆر هاتۆتە دی. وێڕای بزریی سیستمی پادشایی لە نەمساو سویسرا، وەلێ چەند



میکانیزمێکیان پێشخستووە کە زامنی بێلایەنی دەوڵەت دەکەن. چونکە لەماوەی هاوپەیمانێتی گەورەدا لە نەمسا (١٩٤٥-١٩٦٦) کەسێکی سوسیالیست سەرۆکایەتی گرتە دەست، بەڵام کاسۆلیکێك راوێژکار بووز لە سویسرا، ئەندامانی ئەنجومەی فیدراڵی بەنۆرە سەرۆکایەتی دەوڵەت دەکەن.

دووهەم: ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ

کەمینە لەتوێی بەشداریکردنیەوە لە هاوپەیمانێتی گەورەدا بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت گۆشەنیگای خۆی بخاتە روو و داکۆکیش لە بەرژەوەندییەکانی بکات، وەلێ مادام بڕیارەکان بەپێی رێسای زۆرینە دەدرێن، بەشداریکردن زامنی پارێزراویی سیاسی تەواو بۆ بەرژەوەندییەکانی ناکات. لێرەوەیە دیموکراسی هەروەزی پرەنسیپی ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ هەڵدەگرێتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کەمینە.

راستە ڤیتۆ مەسەلەی باڵکێشانی کەمینە دەوروژێنێتو ئەوەش کاریگەریی نەرێی لەسەر هاوکاریی دەستەبژێرییانەی ناو هاوپەیمانێتییە گەورەکە، هەیە. بەڵام ئەو مەترسییە لەبەر چەند هۆیەك راستەقینە نیە. ڤیتۆ مافێکی بڕیارلەسەردراوی هەموو گروپە نوێنەرایەتیکراوەکانی ناو هاوپەیمانێتیەکەیە، بەوەش دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی لەلایەنی یەك گروپەوە شتێکی دوورە، لەترسی ئەوەی ئەگەر گروپەکانی تریش خەریکی بەکارهێنانی بن ئەوا زیان بە بەرژەوەندی ئەو دەگەیەنن. هەروەها هەرئەوەندەی ڤیتۆ وەك چەکێکی شیاو لەبەرچاودا بێت، ئەوە هەستێك بە بوونی ئاسایش دەخوڵقێنێت کە وادەکات بەکارهێنانی شیاو نەبێت. زیادە لەوەش، هەموو گروپێك درك بە مەترسی ئەو راوەستانو چەقبەستنە دەکات کە لە مەسەلەی زۆربەکارهێنانی ڤیتۆدا هەیە،

بۆیە بۆ ئەوەی خۆی لەوە لابدات لە پێناوی بەرژوەندیو ئاسایشی هەمواندا کاردەکات.

لەوانەیە ماڤ ڤیتۆ نارەسمی بێت وەك لە هۆڵەنداو سویسرا هەیە، لەوانەشە رەسمی بێت وەك نەمسای ماوەی هاوپەیمانێتی گەورە. لە بەلجیکاش ماڤ ڤیتۆ پرەنسیپێکی نارەسمی بووە لە پەیوەندییەکانی نێوان گروپە کاسۆلیکیو سوسیالیستیو لیبراڵییەکاندا، بەڵام هەموارکردنێکی دەستوری کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا سەبارەت بە بەرژوەندییە کەلتوریو پەروەردەییەکانی گروپە زمانییەکان دەرچوو، دانی پێدا نا.

سێهەم: هاوڕێژەیی

مەبەست لەوە دابەشکردنی وەزیفەکانی دەزگای ئیدارییو داهاتە داراییەکانە بەسەر کەرتە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بەپێی قورسایی ژمارەییان. دابەشکردنی رێژەیی بۆی هەیە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە زۆرێك لە گرفتەکانی سوککردنی ئەرکەکانی سەرشانی سیستمی سیاسی کەمبکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە، هاوڕێژەیی مانای نوێنەرایەتیکردنی هەموو کەرتەکان لە هاوپەیمانێتیداو کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بەپێی قورسایی ژمارەیی هەریەکەیان. وەلیٚ پێکهێنانی دەزگای دروستکردنی بڕیار بەپێی پرەنسیپی هاوڕێژەیی زامنی بەدیهاتنی کاریگەریی رێژەیی یان دەستڕۆیی ناکات، ئەگەر بڕیارەکە پەسەندکردن یان رەتکردنەوە قبووڵ بکات. لەم رەوشەدا ئەگەر کۆڕایی نەبێت، ئەوە براوەو دۆڕاو لەگۆڕی دەبێت. ئەم گرێکوێرەیە چارەسەری نیە بەڵام دوو شێواز هەیە بۆ خۆلادان لێی: یەکەمیان چارەسەرکردنی خێرای چەند مەسەلەیەك لەتوێی تەنازولکردن بۆ یەکتریی، دووهەمیش سەرپشککردنی سەرکردایەتی لوتکەی ئەو کەرتانەی هاوپەیمانێتی گەورە



پێکدەهێنن، لە دانی بڕیارە چارەنوسسازەکاندا. ئاشکراشە کە سپاردنی ئەرکی دانی بڕیارەکان بە گروپێکی بچووك لە سەرکردەکانی لوتکە، زامنی نهێنیبوونو جدیبوونی دانوساندن دەکاتو ئەگەری بەدیهاتنی شێوازی یەکەم تا ئەوپەڕی زیاد دەکات.

چوارەم: سەربەخۆیی کەرتیو فیدراڵی

ئەمە مانای ئەوەیە کە جگە لەو بڕیارانەی پەیوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە کە بایەخپێدانی هاوبەشیان هەیەو هەموو کەرتەکان لە دروستکردنیدا بەشداریی دەکەن، هەموو کەرتێك دەسەڵاتێکی کۆتایی بەسەر کاروباری تایبەتی خۆیدا هەیە. بۆی هەیە رێکخستنەکانی بەشێوەیەك بن کە لە کۆتاییدا سیفەتی فرەیی کۆمەڵگایان بۆ تەرخان بکات. فیدراڵیزم شێوەیەکی تایبەتی سەربەخۆیی کەرتی پێکدەهێنێت گەرچی لە دەوڵەتە نافرەییەکانیشدا پیادە دەکرێت. فیدراڵی لەگەڵ دیموکراسی هەرەوەزیدا لە بەخشینی سەربەخۆییدا بە ویلایەتەکان لە لایەكو نوێنەرایەتیکردنیشیان لە پەرلەمانی فیدراڵیدا لە لایەکی ترەوە، پێکدەگەن. دەشتوانرێت شێوازی فیدراڵی بەکاربهێنرێت بۆ دامەزراندنی دیموکراسی هەروەزی، ئەگەر دابەشبوونە کەرتییەکان لەگەڵ دابەشبوونە هەرێمییەکاندا گونجان بەواتای هەر گروپێك لە هەرێمێکی دیاریکراودا چڕببێتەوەو لە گروپەکانی دیکە جیابێت. بۆیە فیدراڵیزم پشتدەبەستێت بە پێوەری هەرێمایەتی لە رێکخستنی فەرمانڕەوایەتی لەسەر ئاستی خوارنەتەوەیی بەجۆرێکی وەها سەربەخۆیی کەرتی بهێنێتە دی. ئەگەر ئەو سازانە نەهاتە دی کە ئاماژەی بۆ کرا، واتە ئەگەر دابەشبوونەکان بەشێوەیەکی جوگرافی بەناو یەکدا نەچووبوون، ئەوە دەشێت لە رێگای کارکردن بە پرەنسیپی کەسییەوە فیدراڵیزم بهێنرێتە دی کە مانای ئەوەیە هەر تاکێك ئەو نەتەوەیە دیاریبکات کە بۆی دەگەڕێتەوە.

بەمجۆرە لەوانەیە فیدراڵیزم هەرێمایەتی بێت یان ناهەرێمایەتی. دیموکراسییە هەروەزییە ئەوروپاییەکان ئەم دوو تەرزەیان هەڵگرتۆتەوە. فیدراڵیزمی هەرێمی لە سویسرا پیادەکراوە، هەروەها لە بەلجیکا لە ساڵی ١٩٧٠ وە پیادەکراوە. فیدراڵیزمی کەسی لە هۆڵەنداو نەمسا پیادەکراوە، لە بەلجیکاش دەربارەی گروپە ئاینییەکان پێڕەکراوە، شایانی باسە کە نەمساش لە رووی رەسمییەوە کۆمارێکی فیدراڵە. بەڵام سەربەخۆیی کەرتی لە بنەڕەتدا سروشتێکی ناهەرێمایەتی هەیە.

باسی سێیەم

## پێداویستییەکانی دیموکراسی هەرەوەزی

لەوەی رابورد، روونبۆوە کە ئەم دیموکراسییە بریتیە لە بوونی یەکێتییەکی دەستەبژێریی، واتە هاوپەیمانێتییەکی گشتگیر کە سەرکردەی کەرتە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا بکرێتە خۆی. پێویستە ئەو سەرکردانە بۆ زامنکردنی بەردەوامیی و کارایی سیستمی سیاسی، چەند خاسییەتێکیان تێدابێت[157].

لە لایەکەوە پێویستە هوشیارییەکی تەواویان هەبێت بەرامبەری مەترسییەکانی فرەیی کۆمەلایەتی کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی، ئەم هوشیارییە لە قۆناغی دانانی رێساو مومارەسە دیموکراسییەکاندا زۆر گرنگە، بەجۆرێك کە گیرهارد لیمبرۆش پێیوایە کە دەستەبژێرەکان بەهۆی پەروەردە سیاسییەکانیانەوە دەیگوێزنەوە، بەوەش لەگەڵ تێپەرینی کاتدا توانای خۆڕاگریی و بەردەوامیی پەیدا دەکات.

لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئەندامانی دەستەبژێر بتوانن پابەند بن بە پاراستنی سیستمی سیاسیی و یەکێتی کۆمەڵگاوە. لیبسۆن دەڵێت "لە حاڵەتی بوونی دوو گروپدا کە هەریەکەیان نەیاری ئەویتریانە تا ئاسی ئەوەی بەتەواویی لێکجیادەبنەوەو هیچ پێوەستێك لەنێوانیاندا نابێت، ناتوانین دیموکراسی پیادە بکەین. راستە کە ئاستێکی بڵندی هاوکاریی پێویست نیە بۆ بوونی دیموکراسی هەرەوەزی، بەڵام پێویستە سەرکردەکان برێکی دیاریکراوی ئارەزووی کارکردنیان

[157] Ibid, pp. ٢٥-٢٦.



هەبێت بۆ کەمکردنەوەی یان پەکخستنی شەپۆلە جوداخوازییەکانی ناو کۆمەڵگا. بێ بوونی ئەو ئارەزووە، ناتوانین ئەندێشەی دامەزراندنی دیموکراسی بکەین.

هەروەها پێویستە سەرکردەکان بتوانن هێڵەکانی دابەشبوونی کۆمەلایەتی ببەزێننو لەسەر ئاستی دەستەبژێریی بەگیانی میانڕۆییەوە لەگەڵ یەکتریدا هاوکاریی بکەن. سوودی ئەم بەزاندنەش ئەوەیە لەمپەرەکانی بەردەمی لێکتێگەیشتنی ئالوگۆڕ نەهێڵرێت کە واقیعی دابەشبوونی کۆمەلایەتی دەیسەپێنێت، لەگەڵ دامەزراندنی چەشنێك لە کارلێککردنو هاریکاری کاریگەر لەناو کەرتەکانی کۆمەڵگادا، ئەگەر نەتوانرا لەسەر ئاستی جەماوەرو دەستەبژێر، لە دابەشبوونەکانو دوژمنایەتییە ئالوگۆڕەکان دەرباز بن، ئەوە گومانی تێدا نیە کە هەموو هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیموکراسی نوشوستی دەهێنێت.

لەپاڵ ئەوەدا کە رابورد، پێویستە دەستەبژێر بتوانێت چەند ئامادەکارییەکی دامەزراوەیی و چەند رێسایەك پێشبخات کە بتوانن بەرژەوەندییەکانی نێوان کەرتەکانی کۆمەڵگا پێکەوە بگونجێنن. ئەم مەرجە قورسترینو گرنگترین مەرجە. چونکە زۆرێك لەو ئامادەکاریو رێسایانە شوێنەواری لاوەکی جێدەهێڵن. بۆ نمونە پرەنسیپی هاوڕێژەیی گرفتی دابەشکردنی داهاتەکانو دەرفەتە وەزیفییەکان لەنێوان کەرتەکانی کۆمەڵگادا چارەسەر دەکات، بەڵام لەوانەیە دانی ئەولەوییەت بە ئەندامێتی ناو گروپێکی دیاریکراو لەکاتی دامەزراندندا لە دەزگای خزمەتگوزاریی مەدەنیدا، زیان بە لێوەشاوەیی ئیداریی بگەیەنێت. هەروەها ڤیتۆی ئالوگۆڕیش، ئەگەر بە وریاییەکی زۆرەوە بەکارنەهێنرێت، ئەوە بۆی هەیە حاڵەتێکی ناسەقامگیریی و بەبەردبوون لە سیستمی سیاسیدا دروست بکات.

کەواتە ئەوە روونە کە ئاڕاستەکانی دەستەبژێرو ڕەفتاری هاریکارییان داوایەکی ناوەندییە بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی دیموکراسی هەرەوەزی، وەلێ هەندێ بارودۆخ یان فاکتەر هەن کە یاریدەی هاریکاریکردنی نێوان دەستەبژێر دەدەن، وەك: گۆشەگیریی کەرتی و هاوسەنگی فرەی هێزەکان، فرەحیزبی و هەڕەشەی دەرەکی.

یەکەم: گۆشەگیریی کەرتی

جابوونەوەی نێوان لقە کەلتورییەکان دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی کارلێکە ئاڵوگۆڕەکان و بەوەش کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گۆڕینی ناکۆکییە شاراوەکان بۆ دژایەتییەکی کردەیی. کرینس رایت دەڵێت "ڕەنگە ئایدیۆلۆجیای گروپە جیاجیاکانی ناو یەك کۆمەڵگا، بێ خوڵقاندنی کرژیی پێکەوە نەسازێن، مەترسی کرژییش ئەوکاتە دێتە پێشەوە کە گروپەکان لەنێوان خۆیاندا پەیوەندییەکی تۆکمەیان هەبێت".

وێڕای گرنگی بەتینبوونی پەیوەندی نێوان دەستەبژێرەکان، ئەگەر توانرا ململانێ لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەریی کەمبکرێتەوە، واتە ئەگەر ئەندامێتییە تێکئالاوەکان لە نزمترین ئاستیاندا بوون، ئەوا ئەگەری سەرکەوتنی کارلێکە هاریکارییەکانیان زیاتر دەبێت. لەگەڵ درشتبوونەوە هێڵەکانی دابەشبوونی کۆمەلایەتیدا، ئەگەری یەکانگیربوونی ناوخۆیی لەسەر ئاستی هەموو لقە کەلتورێك بەهێز دەبێت. ئەم یەکانگیرییە زامنی ئەوە دەکات کە سەرکردەکانی گروپەکە یارمەتی و دڵبەندی شوێنکەوتووانیان بەدەستبهێنن[١٥٨].

١٥٨ A Lijphart, Democracy in Plural Societies, pp. ٥٥الج١.



دووهەم: هاوسەنگی هێزە فرەکان

ئەم ڕەوشە زیاتر بۆ دیموکراسی فرەیی گونجاوە، نەك هاوسەنگی دووانەیی هێزەکانی یان ڕەوشی بالادەستی یەکێك لە کەرتەکان کە خاوەنی زۆرینەیەکی ڕاشکاوەو سەرکردەکانی زیاتر بەرەو کۆنترۆڵکردن ملدەنێن نەك هاوکاریکردن لەگەڵ سەرکردەکانی کەمینەی کێبڕکێکەریان. ئەگەر کۆمەڵ دوو کەرتی یەکسان لەقەبارەدا بگرێتە خۆ، ئەوا سەرکردەکانی هەردوولا هەوڵدەدەن زۆرینە بەدەستبهێنن و لە توێی کۆنترۆڵکردنەوەو نەك هاوکاریی، ئامانجەکان بهێننە دی.

بیرۆکەی هاوسەنگی فرەی هێزەکان لەسەر دوو تەوەرە دامەزراوە: هاوسەنگی نێوان کەرتەکان، پاشان بوونی سێ کەرت بەلایەنی کەمەوە، مانای ئەمەش سەروەریی کەمینەیە بەنیسبەتی هەر کەرتێکەوە. بێشك بوونی سێ یان چوار کەرت بۆ دیموکراسی فرەیی باشترە نەك بوونی ژمارەیەکی زۆرتری کەرتەکان، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە لە حاڵەتی یەکەمدا هاوکاریکردن ئاسانترە لە حاڵەتی دووهەم، هەر بەپێی هەمان لۆجیکیش دابەشبوونی دانی باشتر لە دابەشبوونی سیانی، بەلام بەزۆریی دوانەیی یان هاوسەنگییەکی فشەڵی هەیە، سیاسەتیش وەك گەمەیەك وایە کە ئەنجامەکەی سفر بێت[١٥٩].

سێهەم: فرەحیزبی

دابەشبوونە کۆمەلایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا، هەڵبژاردنی ئازاد دەکات بە ئامرازی وەگەڕخستنی سیاسی و پێوەست دەبێت بە سیستمی فرەحیزبییەوە چونکە حیزبەکان دەبن بە گوزارشتی سیاسی ڕێك و پێك بۆ ئەو دابەشبوونانە. هەر حیزبێك نوێنەری کەرتێکی دیاریکراوەو سەرکردەکانی لەوێوە هەڵدەبژێرێت و

١٥٩ Ibid.

له ئەندامێتی هاوپەیمانێتی گەورەدا بەشدارییان پێدەکات. بەڵام حیزبەکان بە تەنها وەزیفەی نوێنەرایەتیکردن ئەنجام نادەن، بەڵکو حکومەتەکانی ویلایەتەکان یان نوێنەرانی ویلایەتەکان لە بونیادی دەسەڵاتی ناوەندیدا بە هەردوو لقی یاسادانانو جێبەجێکردنەوە لەناو کۆمەڵگا فرەییە فیدراڵییەکاندا بەشدارییان دەکەن، یان لەبری ئەوان ئەنجامی دەدەن.

فرەحیزبیی میانڕۆ باشترین ڕەوشە بۆ کۆمەڵگای فرەیی. ئەم قسەیە تەحەدایەکی ئاشکرای تێدایە بۆ ئەو بۆچوونە باوەی دەڵێت سیستمی دووحیزبی لە سیستمی فرەحیزبیی باشترە. لەگەڵ پێڕەوەکەی جیۆڤانی سارتۆزیشدا دەسازێت دەربارەی بوونی دوو تەرز لە فرەحیزبی: میانڕۆ: (سێ یان چوار حیزب)، لەگەڵ زێدەڕۆ: (لانیکەم پێنج حیزب). یەکەمیان خۆراکی سەقامگیریی دیموکراسییانەیە، دووهەمیش هەڕەشەی ناسەقامگیریی و چەقبەستن لە سیستمی دیموکراسی دەکات[١٦٠].

چوارەم: هەڕەشەی دەرەکی

لەگەڵ باوەڕهێنان بەوەدا کە لە بنەڕەتدا واقیعی دابەشبوونە ناوەکییەکان سیستمی دیموکراسی هەروەزی دەسەپێنێت، بەڵام هەڕەشەی دەرەکیش ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە لە دامەزراندنی دیموکراسی یان پشتیوانیلێکردنیدا. لەم بارەیەوە دەوترێت کە بچووکی قەبارەی دەوڵەت –ئەگەر بە ژمارەی دانیشتوان بپێورێت– خزمەتی دامەزراندنو بەردەوامبوونی دیموکراسی هەروەزی دەکات. چونکە لە ئەنجامی بچووکی قەبارەکەیدا، دەستەبژێرەکان وای بۆ دەچن کە توانای دەوڵەتەکەیان لەخوار دەوڵەتانی دیکەی ناو سیستمی نێودەوڵەتییەوەیە.

١٦٠ Ibid, pp. ٦١-٦٥.



لەوانەیە ئەو ململانێیەی لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتییەوە دەکەوێتەوە، هانی دراوسێ بەهێزەکان بدات دەستبخەنە کاروباریانەوە. بۆیە پەنا دەبەنە بەر ستراتیجی هەروەزی بۆ ئەوەی نەهێڵن سیستمە سیاسییەکەیان دووچاری ئەو سنوربەزاندنە لەتوپەتکەرە ببێت. شایانی باسیشە کە سیستمەکە ئەو ستراتیجە بەشێوەیەکی کاتی هەڵناگرێتەوە، بەڵکو دەیکات بە تەرزێکی ئاسایی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ. وەک بڵێیت هەستکردنی دەوڵەتی بچووک بە هەڕەشەی دەوڵەتانی بەهێزترو گەورەتر، پاڵی پێوەدەنێت بۆ یەکانگیربوونو هاوکاریی ناوخۆیی. بۆیە لەم حاڵەتەدا شتێکی نامۆ نیە ئەگەر دەوڵەتە فرەییە ئەوروپاییەکان لە میانی قەیرانێکی نێودەوڵەتیدا یان ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەدا، تەرزی دیموکراسی کۆکبوونی هوشیارانە بگرنە بەر. بۆ ئەوەی مەترسی دەرەکی ئەو کاریگەرییە یەکخەرانەیەی هەبێت، پێویستە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگا بە مەترسییەکی هاوبەش لەقەڵەمی بدەن[١٦١].

کاتێک لەنێوان دەوڵەتە دراوسێکاندا، ململانێ ناوەکییەکان لەگەڵ ململانێ کەلتورییەکاندا دەگونجێن، ئیتر دەشێت ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ دووبارە بکرێنەوە. لەوانەیە ئەو ڕەوشە ببێتە هۆی بەزاندنێکی چەند سەرەی سنورەکانی سیستمی سیاسیو ئەوەش دەبێتە هۆی تەنینەوە ململانێ ناوخۆییەکان. دەشێت بە هەڵگرتنەوەی دیموکراسی فرەیی خۆ لەو مەترسییە ببوێردرێت، کە ماوەی نێوان دەستەبژێر ناوخۆییەکان کەمدەکاتەوە، لەکاتێکدا ماوەیان لەگەڵ دەستەبژێرە بەرامبەرەکانیاندا بەریندەکاتەوە[١٦٢].

١٦١ Gerhard Lehmgbuch, “Consociational Democracy in the International System” European Journal of Political Research, ٣, ١٩٧٥, pp. ٣٨١-٣٨٢.
١٦٢ Ibid, pp. ٣٨٢-٣٨٣.

لەوانەیە هەندێجار، لایەنە بەگژیەکداچووەکانی ناوخۆو دەرەوە وایان پێباشبێت هانا ببەنە بەر دابەشکردن بۆ ئەوەی رێ لە سەختبوونەوەی ململانێکان بگرن. وەلێ دابەشکردن چارەسەرێکی بەردەوام نیە، لەوانەیە بەکەڵکی چارەسەری ململانێ ناوەکییەکان نەیەت، جا چ بەهۆی بارودۆخە ئیکۆلۆجییەکانەوە بێت (بەناویەکداچوونی گروپە بەگژیەکداچووەکان) یان یەکێك لە لایەنەکان پێیوایە چارەسەرێکی سفر هیچ بەدەستەوەیە. لەوانەشە بەکەڵکی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکانیش نەیەت، یان لەبەرئەوەی یەکێك لە لایەنە دەرەکییەکان بە چارەسەرێکی سفر هیچ بەدەستەوەی دادەنێت یان بە گوێزانەوەیەکی بێپاساوی هێزی لەقەڵەمدەدات لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. بۆیە لەوانەیە دەستەبژێرە دەرەکییەکان ببینن خۆیان دەکوتن بەرەو دەستێوەردانو هەڵگرتنەوەی ستراتیجێکی هەرەوەزییانە بۆ چارەسەری ململانێی ناو کۆمەڵگای فرە بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیستەمی نێودەوڵەتی[١٦٣].

ئەگەر بوونی هەڕەشەی دەرەکی ببێتە هۆی هەڵگرتنەوەی دیموکراسی هەروەزی، ئەوە بزرییشی هەمان کاریگەریی هەیە. لە ساڵی ١٩١٣ دا هۆڵەندا ئەم شێوەیەی دیموکراسی پەسەند کرد چونکە هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکی نەبوو تا هەڕەشە لە بوونی بکات. بەمجۆرە دەشێت هانابردن بۆ دیموکراسی هەرەوەزی لە حاڵەتی جیاجیادا رووبدات: حاڵەتی زۆریی ئەرکە دەرەکییەکانی دەوڵەت، لەگەڵ حاڵەتی کەمی ئەو ئەرکانە. وەلێ ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو دیموکراسییە لە حاڵەتی دووهەمدا زیاترە لە یەکەم. دەشتوانرێت بە پێڕەویکردن لە سیاسەتی

[١٦٣] Ibid, pp. ٣٨٣-٣٨٤.



بێلایەنی قەبارەی ئەرکە دەرەکییەکان کەمبکرێتەوە، ئەو سیاسەتەش مانای ئەوەیە دەوڵەت لە بواری دەرەکیدا سیاسەتێکی چالاکی نەبێت[١٦٤].

باسی چوارەم

## دیموکراسی هەرەوەزی
## لێکۆڵینەوەی چەند حاڵەتێك

ئەم نمونە دیموکراسییە واقیعییەتو پێوانەیی لەیەك كاتدا پێکەوە کۆدەکاتەوە. چونکە بەکەڵکی لێکدانەوەی سەقامگیریی سیاسی ژمارەیەك لە دیموکراسییە ئەوروپاییە بچووکەکان دێت: سویسرا، هۆڵەندا، بەلجیکا، نەمسا، ئەو دەوڵەتانەی لە کۆتایی پەنجاکاندا گەیشتونەتە پێشخستنی نمونەیەکی گونجاو، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بە هەمان رێژە لەو چوار دەوڵەتەدا روویندەداوە، ئەویش بەهۆی بارودۆخی تایبەتی هەریەکێکیان. لە لایەکی تریشەوە، نمونەکە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ وڵاتە فرەییەکانی جیهانی سێهەم بەجۆرێك دەتوانرێت پێڕەویی لێبکرێت بۆ دەربازبوون لە مەترسییەکانی ناسەقامگیریی

[١٦٤] Ibid, ٣٨٥-٣٨٩.

لیگفارت جیاوزیکردووە لەنێوان کاریگەری راستەوخۆو کاریگەریی ناڕاستەوخۆی بچووکی قەبارەی دەوڵەت لە پەیوەندیدا بە دیموکراسی هەرەوەزییەوە. یەکەم لە چەسپاندنی گیانی هاوکاریو سازاندا وێنادەبێت چونکە ئەندامانی دەستەبژێر یەکتری دەناسنو هوشیارن بەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی دەوڵەتێکی دیکەی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتەکەیانی دەکات. کاریگەریی ناڕاستەوخۆش بەرەو سووککردنی ئەرکەکانی دروستکردنی بڕیارو ئاسانکردنی کاری فەرمانڕەوایی لەبەر رۆشنایی چەند گروپێکی کەم دەڕوات، ئەو گروپانەی پێویستە بەرژەوەندییەکانیان رەچاوبکەنو دووربکەونە لە ئیختیارە قورسەکانی ناو کایەی دەرەکی. بڕوانە:

A Lijphart, Democracy in Plural Societies, pp. ٦٥-٧٠.

سیاسی، شایانی باسە کە هەیانە پیادەی کردووەو تارادەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە: لوبنان، کۆلۆمبیا، قوبروس، نایجیریا، سورینام.

لە خوارەوە لێکۆڵینەوەی چوار حاڵەت پێشکەش دەکەین: سویسراو هۆڵەنداو لوبنان و کۆلۆمبیا، بە هیوای زانینی مەودای نزیکییان لە نمونەکەوە وەك پێشتر خستمانە روو، لەگەڵ مەودای پەرچبوونەوەی رەوشە تایبەتییەکانی هەریەکێکیان لەسەر پرۆسەی دیاریکردنی چوارچێوەکەی لە دامەزراوەدا.

## یەکەم: سویسرا

مەیلی هاریکاریی دەستەبژێرییانە رەگی قووڵی لە مێژووی سویسرادا هەیە. لای هانزداڵدەر نەریتە فرەییەکان و ئاشتی سیاسی لە سویسرا بە ماوەیەکی درێژ پێش پرۆسەی نوێکردنەوەی سیاسی یان بونیادنانی دەزگاکانی دەوڵەت کەوتووە، فەرمانڕەوایی رەهای بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەو فەرمانڕەواییەی دەسەڵات لە خاڵێکدا چڕدەکاتەوە، بەڵکو بڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی بەخۆیەوە دیوە[١٦٥]. تۆژەرێکی دی پێیوایە زۆربەی مەسەلەکانی سیاسەتی سویسری سروشتێکی هەرێمی یان تەنانەت ناوچەییشیان هەیەو کاری پرۆسەی سیاسیش لەم ئاستەدا برتیە لەبەرێوەبردنی کاروباری هاوڵاتییان بە شێوەیەك کە دادپەروەریی بهێنێتە دی. سویسرییەکان وا راهاتوون کە سیاسەت وەك

١٦٥ Hans Daalder, “On Bulding Consociational Nations: The Cases of Netherlands and Switzerland”, International Sicuak Hiyrbakm ٢٣, no. ٣, ١٩٧١, pp. ٣٦٧ج٣٦٨.



پرۆسەیەك ببینین ئەو بڕیارانە بەرهەمدەهێنێت کە هەموان پەسەندیان دەکەن و پابەند دەبن بە رێزلێگرتنیانەوە[١٦٦].

سویسرا دەکەوێتە ناو کۆمەڵگا فرەییەکانەوە، گەرچی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لەناویدا لە نەمساو بەلجیکاو هۆڵەندا کەمتر روونە . بەپێی یەکەمین لێکۆڵینەوەی رێکوپێك دەربارەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە سویسرا کە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی جنێڤ بە پشتبەستن بە داتاکانی رووماڵێکی نەتەوەیی بە وەرگرتنی سامپڵ لە ساڵی ١٩٧٢ دا ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە کێشە هەیە لەنێوان گروپە زمانی و ئاینی و چینایەتییەکاندا، نزیکەی ٣٠٪ ی ئەوانەی بە فەرەنسی دەدوێن، ١٦٪ ی ئەوانەی بە ئەڵمانی قسە دەکەن، خۆیان بە ئەندام دادەنێن، لە گروپە زمانییەکەی خۆیاندا، زیاتر لەوەی خۆیان بە ئەندامی هەرێمەکەیان یان دەوڵەتەکە وەك گشت دابنێن. هەروەها وێڕای نەبوونی پارتی زمانی، بەڵام هێشتا ئینتیمای زمانی کاردەکاتە سەر رەفتاری دەنگدانی هاوڵاتی، دەرکەوتووە کە ئەوانەی بە فەرەنسی دەدوێن، لەگەڵ لەجێگیرکردنی هەردوو گۆڕاوی ئایین و چیندا، زیاتر بەلای چەپدا مەیلیان هەیە لەچاو ئەوانەدا کە بەئەڵمانی دەدوێن. هەروەها روونیش بۆتەوە کە ئەو کاسۆلیکانەی بەردەوام دەچن بۆ کەنیسە، زیاتر مەیلیان لە لایەنگیریکردنی پارتی دیموکراتی مەسیحی هەیە، ئەوانەش کە بەشێوەیەکی رێکوپێك ناچن بۆ کەنیسە، لایەنی پارتی دیموکراتی ئازاد یان پارتی سوسیال دیموکرات یاخود پارتی گەلی سویسری دەگرن. هەروەها روونیش بۆتەوە کە ئینتیمای چینایەتی کاریگەریی هەیە، کارگەران بەزۆریی دەنگ دەدەن بە پارتی سوسیال دیموکرات. ئەم سێ دابەشبوونە باوەشیانکردووە بە یەکترییدا، گەرچی بایەخی رێژەیی هەموو

١٦٦ James Dunn, “Consociational Democracy and Language Conflict: A Comparison of the Belgian and Swiss Experiences” Comparative Political Studies, vol. ٥, No. ١, April ١٩٧٢, pp. ١٦الج٧.

**دابەشبوونێك‌و بونیادی باوەشبەیەكداكردن لە هەرێمەیێكەوە بۆ هەرێمێكی تر دەگۆڕێت، بەڵام كاریگەریی دابەشبوونەكان سەبارەت بە گەلێك مەسەلەی گرنگ لەسەر ئاستی هەرێم روونترە نەك لەسەر ئاستی نەتەوەیی[١٦٧].**

**وەلێ لێكۆڵینەوەكە لاوازیی پەیوەندی نێوان تاك‌و گروپە زمانی‌و ئاینییەكەی خۆی دەرخستووە، ئەمەش مانای كەمبوونەوەی توندی دابەشبوونی كۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. رەچاوكارییەكانی ئایین ئاینداریی ئینتیما حیزبییەكانی لاوان‌و بە تایبەتی كاسۆلیكەكان دیاریناكەن، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا كاریگەریی جیاوازییە زمانییەكان رونترو بەهێزتر بوو لەوەی ئێستا هەیە. بەڵام كاریگەریی ئینتیمای چینایەتی لەتوێی نەوەكانەوەو بەرامبەری هەموو ئەوانە جێگیر بووە.**

**شوناسی نەتەوەیی لای سویسریەكان گەشەی كردووەو چیتر سویسرا بە توندی بەسەر خۆیدا دابەشنەبووە، هێشتاش نەبووە بە كۆمەڵگایەكی وەك یەك، هەندێك ئەمە بە حاڵەتێكی پەراوێزییانەی دیموكراسی ئاشتەوایی هوشیارانە لە گۆشەنیگای فرەیی كۆمەڵایەتییەوە دادەنێن[١٦٨].**

**پێشتر وتمان دیموكراسی بەشێوەیەكی دامەزراوەیی لە ئەنجومەنی فیدراڵیدا بەرجەستە دەبێت، كە حەوت ئەندام دەگرێتە خۆی‌و نوێنەرایەتی چوار پارتە سەرەكییەكەی وڵات دەكەن، واتە دوو ئەندام بۆ هەریەكە لە پارتی دیموكراتی مەسیحی‌و دیموكراسی ئازادو سۆسیال دیموكرات‌و یەك ئەندام بۆ پارتی گەل.**

[١٦٧] Jeffrey Obler et. Al. “Decision-Making in Smaller Democracies: The Consociational Burden,” Sage Publications, Cooperative Political Series, vol. ٦, No. ١ـج٦٤, ١٩٧٧, pp. ١١ـج٢٢.
[١٦٨] Ibid, pp. ١٢ـج١٣.



**ئەم دابەشبوونە بەنزیكەیی لەگەڵ قورسایی دەنگدەرانی پارتەكاندا دەگونجێت. بۆ نمونە، ئەگەر یەكێك لە سێ حیزبەكەی یەكەم پاڵێوراوێكی فەرنسی زمانیان دامەزراند، دەبێت پاڵێوراوی دووهەمیان ئەڵمانی زمان بێت.**

**ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی ستراتیجی هاوكاری‌و سازان سیاسەتی گشتی دەوڵەت دادەنێن، ئامانجەكەی خۆبواردنە لە ململانێ‌و پاراستنی سەقامگیرییە. وەلێ پرۆسەی دروستكردنی بڕیار، گەرچی ستراتیجێكی هەرەوەزییانە بەڕێوەی دەبات، چەند سیمایەكی هەیە كە هی دیموكراسی هەروەزی نین، لەنێوان پارتە بەشدارەكانی ناو هاوپەیمانێی گەورەدا هیچ رێكەوتنێك لەسەر سیاسەتی گشتی وڵات نیە، هەر رێكەوتنێكی وەهاش رووبدات بەگشتی كاتی دەبێت. لە هەندێك حاڵەتدا كێشەی توند لە نێوان ئەنجومەن‌و پەرلەماندا روودەدات بەجۆرێك گەیشتن بە بڕیارێك مەحاڵ دەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا چەندین مەسەلەی سیاسەتی گشتی هەیە كە لە رێگای راپرسییەوە پەسەند دەكرێت كە ئەوە لەگەڵ شێوازی سازانی دەستەبژێرییانەدا بۆ دروستكردنی بڕیار ناگونجێت، چونكە لێرەدا زۆرینە رای خۆی بەسەر كەمینەدا دەسەپێنێت، چونكە لە بنەڕەتدا رەفتاری جەماوەری بەلاوە گرنگە نەك دەستەبژێر. هەندێك لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانەدا گەیشتونەتە ئەوەی سیستمی سیاسی ئێستای سویسرا بەشێوەیەكی پەراوێزیی سەر بە جیهانی دیموكراسی هەروەزییە، رەتكردنەوە یان بەدیهێنانێكی نمونەیی ئەو دیموكراسییە نیە، چونكە هەندێك لە خاسیەتەكانی تێدایەو خاوەنی هەندێك خاسیەتی تریشە كە بەهیچ جۆرێك پەیوەندییان پێوەی نیە[١٦٩].**

[١٦٩] Ibid, pp. ١٤ـج١٦.

ڕایەکی تر بۆ ئەوە دەچێت کە سیستمی ئێستای سویسرا لە دیموکراسی هەرەوەزی وەرچەرخاوە بەرەو دیموکراسی ناسیاسی کە ساردوسڕی ململانێی ئاینیو ئایدیۆلۆجی لە لایەکەوەو بوونی هاوپەیمانێی گەورە بۆ دروستکردنی بڕیار بەڵام لەژێر ئاستی نەتەوەییەوە لە لایەکی ترەوە پێکەوە کۆدەکاتەوە. لەگەڵ بەرینبوونەوەی قەبارەی چینی ناوەڕاستدا، جۆشی ململانێی ئایدیۆلۆجی لەناو کۆمەڵگادا دامرکایەوە.. کاتێك مەسەلەی باشکردنی ئاستی گوزەران بوو بە تەوەری ئیختیارە سیاسییەکان، ئیتر تیورەکانو هزرەکان ڕەونەقیان نەما، بەرنامەکانی حیزبەکان بەجۆرێك وەك یەکیان لێهات کە هاوڵاتی سویسری بە زەحمەت دەتوانێت لێکیان جیابکاتەوە. لە هەمانکاتیشدا، هەرێم بە یەکەی سەرەکی دروستکردنی بڕیار دادەنرێت، ئەنجومەنێکی گەورەش کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات کە پارتەکان بەپێی ڕێژەی دەنگەکانیان نوێنەرایەتی تێدا دەکەن[١٧٠].

## دووهەم: هۆڵەندا

نەریتەکانی فرەییو ئاشتەوایی سیاسی پانتاییەکی گەورەو گرنگی لە کەلتوری هۆڵەندیدا هەیە، لەویٚ چوار بارستەی گەورە لەسەر بنەمای ئاینیو چینایەتی دامەزراون: کاسۆلیكو کالڤینییەکانو سوسیالیستەکانو لیبراڵەکان. ئەو بارستانە تۆڕێك لە ڕێکخستنیان بۆ خۆیان دروستکردووە، کاریان کۆکردنەوەی لایەنگیرانو خزمەتکردنیشیانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی هەستی دابڕاویی لەنێوان بارستەکاندا لە لایەكو هەستکردن بە یەکانگیری لەناو بارستەکاندا لە لایەکی ترەوە[١٧١].

[١٧٠] James Dunn, op, cit, pp. ٢٨لج٣١.

[١٧١] Jeffrey Oblert al. op. cit. p. ٢٧.



لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، بیرۆکەی هاوپەیمانێتی گەورە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نەتەوەییدا چوارچێوەی گرتووە. ڕاستە ماوەی نێوان ١٩٤٥-١٩٦٧ لە بەشی زۆریدا چەندین هاوپەیمانێتی حکومی بەخۆیەوە بینیوە کە لەسەر پرەنسیپەکانی هاوکاریو سازان دامەزرابوون، بەڵام لەو ماوەیەدا ڕووینەداوە کە پارتەکان کە نوێنەری چوار لقە گەلتوورەکەن لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی گەورەدا بەشدارییان نەکردووە، هەیانبوو هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی وەردەگرت. بەوجۆرە هەموو وەزارەتەکان بریتی بوون لە هاوپەیمانێتی گۆڕاو لە ڕووی هێزە حیزبییە پێکهێنەرەکانیانەوە جگە لە حیزبی کاسۆلیك کە کۆلکەی هاوبەشی نێوانیان بووە. لەپاڵ ئەو هاوپەیمانێتییە ویزارییە گۆڕاوانەدا، ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی هەیە کە بە پەرلەمانێکی بەهێزو کاریگەر دادەنرێت[١٧٢].

بەهەرحاڵ، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵگای هۆڵەندی چەند گۆڕانکارییەکی بەخۆیەوە بینیوە کە کاریانکردۆتە سەر بونیادی لقە کەلتورەکانو چوارچێوەی پێکهێنەری دیموکراسی هەرەوەزی[١٧٣]. یەکەمینیان پەیوەندی بە لاوازیی هاوکاریی ناوخۆیی بارستەکانەوە هەیە، بەتایبەتی بارستەی کاسۆلیك، چونکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کاسۆلیکەکان، ئەوکاتە کەمینەیەکی لاواز بوون، چەندین دەزگای کۆمەڵایەتیو سیاسییان دامەزراند بۆ داکۆکیکردن لە شوناسو بەها کەلتورییەکانی خۆیان. بایەخی ئەم ستراتیجی داکۆکییکردنە دوای سەدەیەك دەرکەوت، واتە ئەوکاتەی ژمارەی کاسۆلیکەکان زیادی کردو لە حکومەتدا پۆستی باڵایان وەرگرت. بەڵام سەرەنجام کاسۆلیکەکان گومانیان لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی پەیداکردو پەیوەندییان بە دامەزراوەکانیانەوە کەوتە

[١٧٢] A Lijphart, Democracy in Plural Societies, pp. ٣٢لج٣٣.

[١٧٣] سەبارەت بە لایەنەکانی ئەم پەرەسەندننە بڕوانە: Jeffrey Obler et. Al. op. cit. pp. ٢٧لج٢٩

داخوران. شایەتی ئەمەش کەمبونەوەی ژمارەی ئەندامێتی یانە کۆمەڵایەتیو وەرزشییە کاسۆلیکەکانە، ئەوانەی لە بەرژەوەندی پارتی کاسۆلیکدا دەنگ دەدەن، گەرچی بەشێکیان لایەنی پارتی سوسیالیستی دەگرن، ژمارەکان ئاماژە دەکەن بۆ دابەزینی پشکی پارتی کاسۆلیك لە سەرجەمی دەنگەکان لە ٣١،٧٪ ەوە بۆ ١٧٪ لە نێوان سالآنی ١٩٦٣-١٩٧٢ دا، هەروەها دابەزینی رێژەی کاسۆلیکە لایەنگیرەکانی پارتەکە لە ٨٣،٥٪ ەوە بۆ ٣٨٪ لە هەمان ماوەدا.

دووهەمیشیان بریتیە لەسەرهەڵدانی چەندین پارتی بچووك کە کێبڕکێی ماڤی پارتە بچووکە سەرەکییەکان دەکەن لە مەسەلەی قۆرخکردنی دەسەڵاتدا، هەندێك لەو پارتانە بایەخدەدەن بە چەند مەسەلەو سیاسەتێکی دیاریکراو، هەشیانە بایەخدەدات بە بابەتی ریفۆرمکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی تا زیاتر وەڵامی داواکارییەکانی جەماوەر بداتەوە.

سێهەمو کۆتاییشیان ملنانی پارتی سوسیالیزمە بەرەو پێداگریی زیاتر لەبەر رۆشنایی پاشەکشەکردنی بایەخی سیاسی مەسەلە ئاینییەکاندا، لەگەڵ دەرکەوتنی مەسەلەی ململانێ لەنێوان کارگەرانو خاوەنکاراندا، هەروەها لەنێوان نەوەکاندا، چونکە دوای ئەوەی خۆشگوزەرانی ئابوری هاتە دی، کارگەران داوای کرێی زیاتریان دەکردو بەکارهێنانی چەکی مانگرتن زیادی کرد، فشاریان بۆ سەر سەرکردەکانی سەندیکا کارگەرییەکان زیادی کرد تا دانوسانیاندا لەگەڵ خاوەنکارەکاندا هەڵوێستی توندتر وەربگرن. ئیتر لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان کارگەران – خاوەنکاران وردە وردە کێبڕکێی سیاسی جێگەی هاریکاریی گرتەوە. لە هەمانکاتیشدا، ململانێ نەوەییەکان تەقینەوە وەك مانگرتنە خوێندکارییەکان بە تایبەتی لە زانکۆی ئەمستەردام بەرجەستەیان کرد "رەگەزە لاوە رادیکاڵەکان – یان چەپی نوێ– بەهاو تەرزەکانی دەسەڵاتی باوی ناو کۆمەڵگا رەتدەکاتەوە، لە



پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆشیدا بەلایەوە ئاساییە پەنا بباتە بەر یاخیبوونی مەدەنی: خۆپیشاندان: پەکخستنی خوێندن، داگیرکردنی بیناکانی زانکۆ، بەڵکو وای لێهات بوو بە ئەندامی پارتی سوسالیستو بەوەش هەڵوێستەکانی رەقتر بوون.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا، پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بوو بە کارێکی گران، ئیتر وەزارەتەکان تەمەنیان کورتتر بۆوەو پەرلەمان دابەشبوو بۆ پارتەکانی فەرمانڕەواییو پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئیتر دەنگی گفتوگۆ حیزبییەکان زیاتر بوو، نەوەیەکی نوێ لە سەرکردەکان سەریهەڵدا کە لە چاو سەرکردەکانی پەنجاکانو سەرەتاکانی شەستەکاندا کەمتر مەیلی لە سازانە.

## سێهەم: لوبنان

لوبنان ژمارەیەکی زۆر تایفەی ئاینی تێدایە کە هەموویان بە عەرەبی دەدوێن: مەسیحی، مارۆنی، موسوڵمانی سوننەو شیعەو ئارسۆدۆکسەکان کە پێکەوە نزیکەی ٨٠٪ ی گەلی لوبنان پێکدەهێنن. ئەوەی دەمێنێتەوە چەند تایفەیەکی بچووکترن کە یان موسوڵمانن یان مەسیحین. فرەیی کۆمەڵایەتی لە لوبنان گۆشەگیرییەکی کەرتییانەی هەیە، هەر تایفە قوتابخانەو دامەزراوەی کۆمەڵایەتیو یاسای باری کەسێتی (هاوسەرگیری، تەڵاق، میرات)و دادگای تایبەت بەخۆی هەیە. لەوانەیە رەگوڕیشەی بیرۆکەی سەربەخۆیی کەرتیی بگەڕێتەوەو بۆ سیستمی میللی عوسمانی، کە جۆرە لە ئۆتۆنۆمییەکی کاروباری ئاینیو کەلتوریی بۆ نەوەکانی گروپە ناموسوڵمانەکان دابینکردبوو. هەر گروپێك خۆی بە گەلێکی تایبەت دادەناو سەرکردەکەی بەو سیفەتە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ

دەوڵەتە بیانییەکاندا دەکرد، بگرە کۆنسوڵە بیانییەکانیش لەو گۆشە واقیعییەوە دەیانڕوانییە ئەو سەرکردەیە[١٧٤].

سیستمی سیاسی لوبنان بەپێی ئەم رەوشە لەسەر بناغەیەکی پێکەوەیی دامەزراوە، پەیمانی نەتەوەیی ساڵی ١٩٤٢ بەشێوەیەکی هەروەزییانە وەزارەتو پۆستەکانی لوتکەی دابەشکردووە: سەرکۆمار (مارۆنی)، سەرەکوەزیران (موسوڵمانی سوننە)، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران (موسوڵمانی شیعە)، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران (ئەرسۆدۆکس). وەزیرەکانیش بەپێی رێسای نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی تایفەکان دیاریدەکرێن، بێ گوێدانە گۆڕانی ژمارەو قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردنو ژمارەی گشتی نوێنەرەکان لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر، تێکڕای دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لە نێوان مەسیحییەکانو موسوڵمانەکاندا هەمیشە ٦ : ٥ بووە، پرەنسیپی تەرخانکردنی رێژەیی لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەزگای خزمەتگوزاریی مەدەنیشدا رەچاوکراوە.

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٥ پێکهێنانی پێنج هاوپەیمانێتی دەستەبژێری بەخۆیەوە بینیوە: یەکەم لە ٤٣-٥٢ (سەرۆك بەشارە خوری)، دووهەم ٥٢-٥٨ (سەرۆك کەمیل شەمعون)، سێهەم ٥٨-٦٤ (سەرۆك فوئاد شەهاب)، چوارەم ٦٤-٧٠ (سەرۆك شارل حلو)، پێنجەمیش ٧٠-٧٥ (سەرۆك سلێمان فرەنجی). راستە ئەم هاوپەیمانێتییانە بڕێکی باش کارابیان پیشانداوە، بەڵام هاوکاریی گرووپی دەستەبژێریی هەمیشە لەبار نەبووە، هەرکاتێك هەستیان کردبێت بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدان، بێ دوودڵی چوارچێوەی ململانێکەیان

---

[١٧٤] د. أنيس الصايغ، لبنان الطائفي، بيروت، دار الصراع الفكري، ص ١٠٤.



فراوانکردۆتەوەو بانگهێشتی لایەنی دەرەکییان کردووە تا بەشێوەی سەربازیی یان سیاسی دەستبخاتە کاریانەوە، وەك هەولێك بۆ بەزاندنی نەیارەکانیان. لە قەیرانی ٥٧-٥٨ دا ویلایەتە یەکگرتووەکانو سۆڤێتو میسرو سوریا هاتنە ناوەوە. لە قەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دا چەند دەوڵەتێکی زیاتر هاتن: ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل، سوریا، لیبیا، عێراق، میسرو یەکێتی سۆڤێت[١٧٥].

کەواتە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ژینگەی لوبنانی خواستویەتی سیستمی دیموکراسی هاریکاریی پێڕەو بکات. وەلێ رووبەڕووی گەلێك بارودۆخی دژوار بۆتەوە. قەیرانی ساڵی ١٩٧٥و دواتر ناتواناییو پەککەوتەیی ئەو سیستمەیان بەرجەستە کرد. هەمەچەشنی هەروەزییانە چەندین ئینتیمای هەروەزییانەی بەرهەمهێنا کە لەگەڵیدا هەستەکانی نیشتمانپەروەرێتی لوبنانی راستەقینە لەبەین چوو. دکتۆر ئێلی سالم دەڵێت "...هێشتا لوبنان تا ئاستێکی زۆر وڵاتێکی دواکەوتووە، سونبولە نیشتمانییەکانی لاوازن، سونبولە هەروەزییو ناوچەییەکانی بەهێزن، متمانەی بە فەرمانڕەوایی ناوەندی کەمە، بە سەرکردایەتی ناوچەیی بەهێزە.. لوبنان کۆمەڵە ئاینێکە، یان کۆمەڵە دەوڵەتۆکەیەو بە هاوسەنگیو بە لایەنە نەرێیەکانیان پێکەوە دەژین نەك بە دانپیانانو هیوای هاوبەشو ئامانجی نیشتمانیو کێبڕکێی ئایندە"[١٧٦].

---

[١٧٥] Hirair Dekmejian, “Consociational Democracy in Crisis, The Case of Lebanan” Comparative Politics, January ١٩٧٨, pp. ٢٥٣ـ٢٥٥.

[١٧٦] د. إيلي سالم، علم السياسة و نظرية الإنماء و التخلف، النظام السياسي الأفضل للإنماء في العالم الثالث، لبنان والدول العربية)، بيروت، منشورات عويدات) ١٩٧١، ص ١٤. وراجع في نفس الكتاب مقال جوزيف مغيزل بعنوان "النظام السياسي بين الهويات الفئوية الخاصة و الهوية الوطنية العامة، ص ١٠٥-١٠٦.

**لە لایەکی تریشەوە یەکانگیریی ناوخۆ لەسەر ئاستی تایفە لاواز بووەو ئەوەش بووەتە هۆی هەڵایسانی ململانێ لەناو کارتێلی دەستەبژێریدا. هەندێجار، ململانێی نێوان سەرکردەکانی تایفەیەك لەوە توندترە کە لەنێوان ئەوان‌و تایفەیەکی دیکەدا هەیە: خوری دژی شەمعون دژی فریجێ دژی ئەدە، سولح دژی کەرامی دژی سەلام، خەلیل دژی ئەسعەد دژی سەدر. هەموو تایفەیەك بەپێی چەند بنەمایەکی چینایەتی‌و عەشایەری‌و هەرێمایەتی دابەشدەبێت بەشێوەیەك کە هیچکام لە سەرکردە سیاسییەکانی ناتوانێت بەتەواویی نوێنەری هەموویان بێت، بەڵکو ململانێی ئاسۆیی لە نێوان سەرکردەکانی لوتکەدا لە ناو تایفەدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی ململانێی ستونی لە نێوان ئەوان‌و ئەو رەگەزانەدا کە چاویان بڕیوەتە سەرۆکایەتی[١٧٧].**

**لە لایەکی سێهەمیشەوە، سیستمەکە مرونەتی دامەزراوەیی تێدا نەبووە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە تێکڕاکانی تەرخانکردنی پۆستە سیاسی‌و ئیدارییەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٣٢ دانراون کە دەریخستووە تایفە مەسیحییەکان زۆرینەی گەلی لوبنانی پێکدەهێنن، بەڵام بە تێپەڕینی کات‌و لەبەر چەندین هۆی جیاجیا، مەسیحییەکان زۆرینە نەماون‌و موسوڵمانەکان جێکەیان گرتوونەتەوە، بەڵام ئەو تێکڕایانە وەك خۆیان ماونەتەوە بێ گۆڕان. لای هەندێك ئەم دەلاقەیە لەنێوان داڕشتەی دامەزراوەیی‌و واقیعی دیمۆگرافیدا، لەگەڵ چەند هۆیەکی دیکەدا بەرپرسن لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٥[١٧٨].**

**بەهەمانشێوە، بیرۆکەی یەکێتی نیشتمانی وەك ناوەندێك بۆ سیستمی لوبنانی جگە لەدابەشبوونی هەروەزی شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، پاشان ئەوە زۆر لەگەڵ واقیعیشدا ناتەبایە. دابەشبوونی چینایەتی توند لەوێ هەیە. کەمینەیەکی رەتێنەر هەیە کە دەوڵەمەندانی مارۆنییەکان‌و سوننەکان دەگرنەوە، لەبەرامبەریاندا زۆرینەیەکی رەتێنراو هەیە کە هەژاریی هاڕیونی، پیشەوەرو کارگەر هەیە، خاوەن کۆمپانیاو فەرمانبەریش هەیە[١٧٩]. ئەوەش پێوەستە بە بەرتەسکی بنکەی چینایەتی پرۆسەی بەرکارخستنی دەستەبژێر، گروپی دەستەبژێر چەند ئەندامێکی لەرووی ئابورییەوە دەرکەوتووی گرتۆتە خۆی، سامانی دەستەبژێرەکان لای سەرکردە سوننەتییەکان‌و پیاوانی پارەدارو کاوگوزار قەتیس ببوو، واتە چینی باڵاو توێژی باڵای سەر بەچینی ناوەڕاست. ململانێی چینایەتی رۆڵی خۆی هەبوو لەوەدا کە لەساڵی ١٩٧٥ دا کۆمەڵگای لوبنانی دوچاری بوو. چونکە ئەوەی روویدا، دەشێت بە مانایەك لەماناکان، بەشۆڕشی هەژاران دژی دەوڵەمەندان دابنرێت.**

**زیاد لەوەی رابورد، دەوترێت ژینگەی نێودەوڵەتی لەبار نەبووە بۆ دیموکراسی هەروەزی. ئیستمی هەرێمی عەرەبی سێ تەرزە ململانێی بەخۆیەوە بینیوە کە کاریگەرییان لەسەر سیستمی سیاسی لوبنانی هەبووە: ململانێ عەرەبی-عەرەبییەکان، ململانێی عەرەب-ئیسرائیل، جەنگی سارد. ئیتر کاریگەریی گەیشتە ئەوەی چەندین لایەنی دەرەکی چەند جارێك دەستبخەنە ناو**

[١٧٧] H. Dekmejian, op. cit. p. ٢٥٦.

[١٧٨] **لەوانە:** Ibid, p. ٢٥٤, A. Lijphart, Democracy in Plural Societies, p. ١٤٩.

[١٧٩] **کتێبی** (النظام السياسي الأفضل للإنماء في العالم الثالث) **ژمارەیەك وتاری تێدایە دەربارەی ناوەرۆکی ئابوری-کۆمەڵایەتی بۆ قەیرانی سیستمی لوبنانی:** د. جورج ديب، النظام السياسي والمواطن في لبنان – جورج حاوي، لبنان والنموذج الديمقراطي الماركسي –خليل أحمد، لبنان والنموذج الديمقراطي الإشتراكي.

**کاروباری لوبنانەوە. هەنێك بەشێك لە بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٥ و دواتردا لە لوبنان روویدا دەخەنە ئەستۆی  دەخەنە ئەستۆی ئەو ژینگەیە[١٨٠].**

**چوارەم: کۆلۆمبیا[١٨١]**

**بەپێچەوانەی بنەمای فرەیی سێ نمونەکەی پێشووەوە، لقە کەلتورەکانی کۆلۆمبیا لەسەر رەچەڵەك یان ئایین یاخود تەنانەت چینیش دانەمەزراون. ئەوانە چەند کەلتورێکن کە بەهۆی دوو پارتە مێژووییەکەوە سنوریان وەرگرتووە: لیبراڵو پارێزکار کە هەموو چینەکانو هەموو هەرێمەکەی دەوڵەتەکە دەگرنە خۆیان. ئینتیما حیزبییەکان رەگیان بەناو پەیوەندییە خێزانییەکانو دابونەریتە جێگیرەکاندا داکوتاوە، ئەگەر لە کەسێکی کۆلۆمبی بپرسرێت بۆچی پەیوەندی بەو یان ئەو حیزبەوە کردووە، وەڵامێك دەداتەوە کە پەیوەندییەکی بەتینی بە خێزانەکەیانەوە هەیە، وەك: باوکم لیبراڵ بوو یان پارێزکار بوو، من بە لیبراڵی یان پارێزکاریی لە دایکبووم، من لەناخما رقم لە پارتەکەی دیکەیە.**

**لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دابەشبوونە، کۆلۆمبیا لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا زیاتر لەجارێك دیموکراسی هەروەزی بەکارهێناوە، ئەگەر خۆمان ببەستینەوە بە ماوەی دوای ساڵی ١٩٤٥ ەوە، دەبینین ئەوە دووجار روویداوە: یەکەمیان چوار ساڵی خایاندووە (١٩٤٥–٤٩) ئەم ماوەیە بە ماوەیی یەکێتی نیشتمانی دەناسرێت. دووهەمیشیان شازدە ساڵ بەردەوام بووە (١٩٥٨–٧٤) بە ماوەی بەرەی نیشتمانی دەناسرێت. بەهۆی ململانێی نێوان لیبراڵەکانو**

[١٨٠] راجع دراسة دواد الصایغ عن "أزمة النظام السیاسي والعلاقات العربي" في الكتاب المذكور سلفا، و أنظر أیضا:
H. Dekmejian, op. cit. pp. ٢٥٨–٢٥٩, A. Lijphart, Democracy in Plural Societies, p. ١٥٤.

[١٨١] Robert Dix, “Consociational Democracy: The Case of Colombia” Comparative Politics, April ١٩٨٠, pp. ٣٠٣لج٣١٩.



**پارێزکارەکانەوە، حکومەتی یەکێتی نیشتمانی چەندجارێك گۆڕاوە، لە ساڵی ١٩٤٩ دا لەگەڵ تەقینەوەی نێوان هەردوو لایەنو سەرهەڵدانی شەڕی نیمچە ناوخۆ لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی لەناوبرد، حکومەتەکەش پووکایەوە. ئەم حاڵەتی ناسەقامگیرییە بەهانەی دایە دەستی سوپا تا دەستبگرێت بەسەر دەسەڵاتدا، ئیتر ژەنراڵ گۆستاڤ رۆجاس لە ١٢ ی حوزەیرانی ١٩٥٣ دا کودێتایەکی سەرکەوتووی ئەنجامدا. وێڕای ئەوەی فەرمانڕەواییکردنی رۆجاس تا رادەیەك هێمنی بۆ وڵات گەڕاندەوە، بەڵام ئەوەندە زۆردارو ستەمکار بوو کە سیاسەتمەدارە مەدەنییەکانی هەردوو پارتی لیبراڵو پارێزکاریشی بێزار کرد. ئیتر کەوتنە هاوکاریو کەنیسەو پیاوانی کارگوزارو ژمارەیەك سەرکردەی سوپاش پشتیوانییان لێکردن بۆ رماندنی سیستەمی سەربازیو دەسپێکردنی ئەزمونێکی نیشتمانی کە لە مێژووی کۆلۆمبیادا، بە درێژخایەنترینو کامڵترین ئەزمونی دیموکراسی ئاشتەوایی هوشیارانە دادەنرێت. بەپێی ئەو دەستورەی گەل لە راپرسی ١٩٥٧/١٢/١ دا رەزامەندی پێبەخشی، بڕیاردرا هەمووان پێوەستێن بە رێسای یەکسانی نێوان لیبراڵەکانو پارێزکارەکانەوە لە پۆستە ویزارییەکانو کورسییەکانی پەرلەمانو ئەنجومەنەکانی یاسادانانی هەرێمەکانو شارەوانییەکانو دادگای باڵاو هەموو پۆستەکانی بەڕێوەبردنی گشتیدا. هەروەها بڕیاریشدرا دەزگا هەڵبژێردراوەکان بڕیارەکانی خۆیان لەمەڕ مەسەلە بابەتییەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بدەن. هەردوو پارتەکە رێکەوتن لەسەرئەوەی کە سەرۆکایەتی کۆمار بەنۆرە بێت، ماوەی بەرەی نیشتمانیش بە شازدە ساڵ دیاریکرا..بەکۆتاییهاتنی ماوەی بەرە لە ساڵی ١٩٧٤ دا، کۆلۆمبیا گەڕایەوە بۆ سیستەمی کێبڕکێی تەواو.**

**بۆ لێکدانەوەی هۆیەکانی نوشوستیهێنانی نمونەی دیموکراسی هەروەزی لە قۆناغی یەکەمیداو سەرکەوتنی لەقۆناغی دووهەمیدا، سەرنجدەدەین کە واقیعی**

کۆلۆمبی لە گۆشەنیگای ڕەوشە لەبارەکانی ئەو دیموکراسییەوە وەك لیجفارت بۆی چووە، لەهەردوو قۆناغەکەدا تا رادەیەك یەك شت بووە. هاوسەنگییەکی دووسەرە هەبووە نەك فرەهێزی. هاوسەنگییە دووسەرەییەکە بڕێکی باشی گۆشەگیریی کەرتییانەی هەبووە، وەك بوونی یانەو سەندیکای پارێزکار یان لیبراڵی پوخت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا چەند ڕێکخستنێك هەبوو کە مۆرکێکی تێکەڵیان هەبوو بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەستەبژێردا وەك یانەو یەکێتییەکانی بەرژەوەندی. هەستکردنی نەتەوەیی، ئەگەر بەراوردبکرێت بە ئینتیمای ناوچەیی یان هەرێمی لاواز بوو. زیاد لەوەش نەریتەکانی هاریکارییکردنی دەستەبژێرییانە بۆ بونیاتنەرانی یەکێتی نیشتمانیو بەرەی نیشتمانی وەکو یەك لەبار بووە.

بۆیە لێکدانەوەی نوشوستیو سەرکەوتنی حاڵەتی کۆلۆمبیا پێویستی بە گەڕان هەیە بە دوای فاکتەری دیکەدا. ڕەنگە لە پێشەنگی ئەو فاکتەرانەدا ئارەزووی هێزە حیزبییەکان هەبێت بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە حوکمی سەربازیی ڕۆجاسو مومارەسەکانی توندوتیژی مەدەنی. هەروەها لەگەڵ بەرینبوونەوەی قەبارەی کەرتی پیشەسازیدا، ئیتر مەسەلە کۆمەڵایەتی – ئابورییەکان چوونە پێشەوەی مەسەلە کۆنینەکانەوە (پەیوەندی کەنیسە بە دەوڵەتەوە)، لەسەر ئاستی دەستەبژێر، یەکخستنی زیاتر لە بەرژەوەندی چینایەتیدا ڕوویدا. لەوانەیە ئەم گۆڕانە یەکلاییکەرەوە بووبێت لە پێکهێنانو بەرزەوامبونی بەرەی نیشتمانیدا. چونکە ململانێی بێسەمەر جێگەی چۆڵ کرد بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە پەرەپێدانی ئابوری نیشتمانیو چەسپاندنی ئیمتیازی دەوڵەمەندەکان. بەهەمانشێوە بەرەی نیشتمانی لایەنگیریی کەنیسەی کاسۆلیکیشی بەدەستهێنا، ئەوەش کاردانەوەیك بوو بەرامبەر داننانی ڕاپرسییەکەی ساڵی ١٩٥٧ بە کاسۆلیکدا وەك ئاینی دەوڵەتو پایەیەکی تەوەرەیی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا، پاشان لایەنگیریی هێزە چەکدارەکانیش بووە هۆی ئەوەی کحومەتی بەرە ڕێو



شوێنی نەرێ دژی پیاوانی سوپا نەگرێتە بەر، وەك بڵێی وەرچەرخان لە درککردنی دەستەبژێری کۆلۆمبیدا بەرەو سوودەکانی ڕەفتاری ئاشتەوایی لە قۆناغی یەکێتی نیشتمانییەوە بۆ قۆناغی بەرەی نیشتمانی، بە پلەیەکی باش ئەو نوشوستیو سەرکەوتنە لێکدەداتەوە کە لەماوەی هەردوو قۆناغەکەدا دیموکراسی پێیدا تێپەڕیوە. لە ساڵی ١٩٥٨ دا، پاڵنەرەکانی هاوپەیمانێتیکردن لەماوەی ٤٥-٤٩ زیاتر بوونو مەترسییەکانیش بە رادەیەکی بەرچاو کەمیانکرد.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ڕابورد دەربارەی هەرچوار حاڵەتە پراکتیکییەکە، ڕوونبۆوە کە فرەیی کۆمەڵایەتی مەرجە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی هەروەزی، گەرچی بناغەو ناواخنیشی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جیاواز بێت. هەروەها ڕوونیش بووەوە کە کارایی هاوپەیمانێتی گەورە –بەرجەستەکردنی دامەزراواییانەی دیموکراسی– لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیایە، لەوانەشە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە لەناو هەمان کۆمەڵگاشدا بگۆڕێت، ئەمەش بەستراوە بە تایبەتمەندێتی هەر کۆمەڵگایەكو هەلومەرجەکانی هەر سەردەمێکەوە.

باسی پێنجەم

## ديموكراسی هەروەزی لەنێوان رەخنەو داكۆكيدا

نەيارەكان دەڵێن ئەم شێوازە بەپێی پێويست ديموكراسی نيە، چونكە بوونی ئۆپۆزيسيۆنێكی كارا –وەك سيستمی بەريتانی– يەكێكە لە پايە بنەڕەتييەكانی ديموكراسی. زانراويشە كە سيستمی هاوپەيمانێتی گەورە يان ئەوەتا ئۆپۆزيسيۆنێكی بچووكی هەيە، ياخود پەرلەمانەكەی هيچ ئۆپۆزيسيۆنێكی رەسمی نيە[١٨٢]. بەلای لايەنگيرانی تيورەكەوە، ئەم قسەيە برێكی زۆر ناهەقی تێدايە، چونكە ئۆپۆزيسيۆنی سياسی بەهێز –گەرچی بشبێت بە سەنگی مەحەكی هەڵسەنگاندنی ئەدای سياسی كۆمەڵگا يەكشێوەكان – بۆ كۆمەڵگا فرەييەكان وا نيە. لەبەر رۆشنايی رەوش و حاڵەتە ناجۆرەكانی ئەمەی دواييياندا، ديموكراسی هەروەزی باشترە لە ديموكراسی خۆی: نەك لەبەرئەوەی ديموكراسی بريتيە لە بەردەوام دوورخستنەوەی كەمينە لە بەشدارييكردن، ئەمەش شتێكە لە سيستمی بەريتانيدا روودەدات، چونكە هەردوو پارتی كارگەران و پارێزگاران بەنۆرە فەرمانڕەواو ئۆپۆزيسيۆنن، ئەوەشی لەگەڵدابێت كە ئەو هاوپەيمانێتييە گەورەيە بەتەواوەتی ئۆپۆزيسيۆن دوورناخاتەوە، مادام پەرلەمان يان هەر دەزگايەكی تر هەيە كە هاوپەيمانێتی گەورە لەبەردەميدا لێپرسراوە، ئەوا دەشێت لايەنگيرانی هەر پارتێك رەخنە لە ئەندامانی هاوپەيمانێتی بگرن، بەسيفەتێكی پێكەوەيی بێت يان تاكانە[١٨٣].

---

[١٨٢] Brian Barry, The Convocational Model and Its Dangers" European Journal of Political Research" ٣, ١٩٧٣, pp. ٣٩٣ج٣٩٤.

[١٨٣] A. Lijphart, Democracy in Plural Societies, p. ٢٨.



لە لايەكی تريشەوە، نەيارانی ديموكراسی هەروەزی سەنگێكی ئەوتۆ بۆ ئازادیو يەكسانی دانانێن. ئەو گروپەی كە مرۆڤ ئينتيمای بۆی هەيە دەكەوێتە نێوان ئەو و كۆمەڵگاو حكومەتەوە لە ئاڕاستەكردنی ژيانيدا تا ئاستێكی زۆر، يەكسانی نێوان گروپەكان پێش يەكسانی نێوان تاكەكان دەكەوێت، بگرە سەربەخۆيی گروپەكان لەوانەيە ببێتە قۆرت لەبەردەمی بەديهێنانی يەكسانيدا لەسەر ئاستی كۆمەڵگا وەك گشت. لايەنگيران وەڵامی ئەم رەخنەيە دەدەنەوەو دەڵێن لەوانەيە لە كۆمەڵگای وەك يەكيشدا دەستەگەرێتی لە ئازاديدا روويدات، هەروەها مەرج نيە سەربەخۆيی گروپەكان ببێتە هۆی نايەكسانی[١٨٤].

نەياران پێيانوايە كە ديموكراسی هەروەزی لە ديكتاتۆريی بەدوور نيە، چونكە پێويستی بە كۆنترۆڵێكی دەستەبژێرييانەو ملكەچبوونی جەماوەر هەيە. چونكە زەحمەتە سەركردەكان دانوساندن لەگەڵ يەكتريدا بكەن بۆ گەيشتن بە چارەسەری رێكخەرانە، ئەگەر پايەيەكی سەركردايەتی زامنيان بۆ دەستەبەر نەبووبێت، لەگەڵ برێكی بەرچاوی ئازادی جووڵەو سەربەخۆيی كاركردندا. لايەنگيرانی نكوڵی دەكەن لەوەی گومانی ديكتاتۆرييەتی تێدا هەبێت، چونكە مەرج نيە كۆنترۆڵی دەستەبژێر داوای ملكەچی جەماوەر بكات. سەركردەكانی هەر گروپێك وەڵامی داواكانی تاكەكانی خۆيان دەدەنەوە بۆ ئەوەی وەك شوێنی متمانەيان بمێننەوە، هەروەها ئەو تاكانە لەسەر ئاستی گروپ بەشداريی دەكەن لە رێكخستنە خۆبەخشەكاندا[١٨٥].

---

[١٨٤] Ibid, pp. ٤٨ج٤٩.

[١٨٥] Ibid, pp. ٤٩ج٥٠.

هەروەها نەیارەکان رەخنەی ئەوە لە دیموکراسی هەروەزی دەگرن کە ناتوانێت سـەقامگیریی سیاسـی بهێنێتـە دیو بیپارێزێـت، لای ئـەوان خـاوەنی چـەند خاسییەتو خەسڵەتێکە کە دەبنە هۆی نەبوونی یەکلاییکردنەوەو کارایی. چونکە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەناو هاوپەیمانێتی گەورەدا هێواشە، ئەویش لە ئەنجامی فرەیی بۆچوونو نیگاکانەوە. هەروەها مافی نارەزایی دەربڕینی ئاڵوگۆڕ هەڕەشەی راوەستان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەکات، ئەوەش حاڵەتێك لە ناسەقامگیریی سیاسی دەخوڵقێنێت. هەروەها دابەشکردنی رێژەیی وەزیفەکان لە دەزگای خزمەتگوزاریی مەدەنیدا، رەنگە زیان بگەیەنێت بە توانستی ئیداریی چونکە ئەولەوییەت دەدات بە ئەندامێتی گروپەکە نەك بە لێهاتوویی تاکەکان، یارانی تیورەکە گومان دەخەنە بەر دروستی ئەو قسانە، چونکە لەسایەی دیموکراسی هەروەزیدا، دروستکردنی بڕیار لەسەر ئاستی نیشتمانی سووکتر دەبێت، بەوەش ئەگەر یەکلایینەکردنەوە کەمدەبێتەوە. هەروەها تەرخانکردنی رێژەییانەی بەهاکان لەکۆمەڵگادا ئامرازێکی لەبارو کاتپاشەکەوتکەرە..وێڕای ئەوەش، پێویستە کە دەربارەی کارایی دروستکردنی بڕیار دەکەین، مەودای کورتو مەودای درێژ لە یەکتریی جیابکەینەوە. چونکە لەوانەیە لە مەودای کورتدا ئەو سیستمی فەرمانڕەواییەی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن دامەزراوە یەکلاییکەرترو کاراتر بێت لە کۆمەڵگای فرەیی لەچاو دیموکراسی هەروەزیدا. بەڵام نرخەکەی چەسپاندنی هەستوسۆزی دوژمنایەتیو گومانە لای ئەو گروپانەی بەشداریی ناکەن لە فەرمانڕەوایەتیدا، بۆیە کارایی مەودای نزیك ئەگەری ئەوەی تیایە ببێتە هۆی ئەوەی لە مەودای دووردا رابوەستێت. بەپێچەوانەوە لەوانەیە دیموکراسی هەروەزی لە مەودای نزیکدا هێواش بێت، بەڵام لە مەودای دووردا دەرفەتی دۆزینەوەی تەرزێکی کارا بۆ دروستکردنی بڕیار زیاترە بەتایبەتی ئەگەر



سەرکردەکان بەشێوەیەکی دانایانەو میانڕۆیانە فێری بەکارهێنانی ڤیتۆی بەرامبەر بوون[١٨٦].

سەرباری ئەوەی رابورد، هەندێك رەخنەی ئەوە لە دیموکراسی هەروەزی دەگرن کە زێدەڕۆیی دەکات لەو رۆڵەدا کە دەستەبژێرەکان لە ململانێکەدا دەیگێڕن، لەگەڵ پشتگوێخستنی فاکتەری ئابوری (پشتگوێخستنی رێژەیی) وەك سەرچاوەیەك بۆ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی. ئەوە شتێکی زۆر زەحمەتە کە بزانین ئایا رەفتاری ئاشتەوایانەی دەستەبژێرییانە ئەنجامە یان هۆی ئەو هێورییەیەکە لەنێوان گروپە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها ئەگەر کێشەی نێوان گروپەکان تەشەنەی کردو بەرین بۆوە، ئیتر زەحمەتە ئاشتەوایی دەستەبژێرییانە بێتە دی. پاشان پلەی دادپەروەرێتی کاریگەریی هەیە لەسەر دابەشکردنی داهاتەکان لەسەر ئاستی ململانێی نێوانیان. بگرە رێکەوتنی دەستەبژێرییانەی بەردەوام بەهیچ جۆرێك رێگە لەوە ناگرێت کە ململانێی کۆمەڵایەتیو سیاسی خەست بتەقێتەوە. چونکە هەژارەکان وادەزانن ئەوە رێگایەکە بەرەو بەردەوامیدان بە رەوشە ئابوری–کۆمەڵایەتییە بێدادەکان، کە دواجار ئەوەش مانای تەنینەوەی قینی کۆمەڵایەتیو رووداني کردەوەی توندوتیژی دەگەیەنێت[١٨٧].

بێ ئەوەی نکوڵی لە ماقووڵی بەڵگەکانی یارانو نەیارانی دیموکراسی هەروەزی بکەین، پێویستە ئەم حاڵانەی خوارەوە تۆمار بکەین:

١. سیاسەتە سۆسیۆلۆجییەکان لە دەستبردنیاندا بۆ سەرچاوەکانی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگادا، تەرکیزیان کردۆتە سەر گۆڕاوە ژینگەییەکانی وەك

[١٨٦] Ibid, pp. ٥٠مج٢.

[١٨٧] Jeffery Obler et. Al. pp. ٤٠عج٢.

ئاستی پێشکەوتنی ئابوری، تێکڕای شارستانبوون، پلەی خوێندن و بێبەریبوونی ڕێژەیی. گومان لەوەشدا نیە کە تیوری دیموکراسی هەروەزی سەرنجی بۆ گۆڕاوێکی دیکە راکێشاوە، ئەویش تەرزی دروستکردنی بڕیارە. جەختیکردووە کە سەروەریی ستراتیجێکی هاریکاریی بۆ دروستکردنی بڕیار دەتوانێت کۆمەڵگا لە ناسەقامگیریی دووربخاتەوە. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی درککردنی دەستەبژێرەکاندا بە مەترسییەکانی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ئارەزووی پاراستنی تەواوکاریی و سەقامگیریی کۆمەڵگادابوونی ئەو ستراتیجەی لێکداوەتەوە. بەرای ئێمە ئەم لێکدانەوەیە ناتەواوە چونکە هیچ شتێك نالێت دەربارەی ئەو فاکتەرە راستەقینە یان رەسەنانەی وا لە دەستەبژێرەکان دەکەن درك بەو مەترسییانە بکەن و بەوەش لەناو کۆمەڵگایەکی فرەییدا هاوکاریی یەکتریی بکەن، بگرە لەناو هەمان کۆمەڵگاوە کردەوەکانی هاوکاری و ململانێیان لێبوەشێتەوە. رەنگە یەکێك لەو فاکتەرانە بریتی بێت لە دادپەروەریی دابەشکردنی سامان، تێکڕای جووڵەی کۆمەڵایەتی، ئەزمونەکانی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەتوێی دامەزراوە سەرەتایی و ناوەندییەکانەوە.

٢. وادیارە هزری دیموکراسی هەروەزی لە خولگەی ئەدەبیاتی دەستەبژێردا دەسوڕێتەوە، چونکە رەفتاری دەستەبژێر نەك جەماوەر بە گۆڕاوی یەکلاییکەرەوە لە بڕیاردان لەسەر کاروبارەکانی کۆمەڵگادا دادەنێن.

دوور لەو رەخنانەی بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی تیوری دەستەبژێر دەکرێن، لە بۆچوونی مندا ئەوە دروست نیە کە لە رۆڵی جەماوەر تا ئەو ئاستە کەمبکەینەوە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا. چونکە جەماوەر دەتوانێت لە توێی کەناڵ و رێوشوێنە یاساییەکانەوە سەرکردەکان بگۆڕێت. هەندێجاریش هانا دەباتە بەر توندوتیژی بۆ گۆڕینی ئابوری و سیاسەتی کۆمەڵگا.



رەنگە لەتوێی پەیوەندیکردن بە یەك رێکخستنی خۆبەخش یان دەزگای پەروەردەیی یان پیشەییەوە، جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانیدا دروست بێت کە بۆی هەیە گیانی هاوکاریی لەنێوان سەرکردەکاندا بەهێز بکات.

٣. دەشێت نمونەی دیموکراسی هەروەزی بە ئیختیارێکی دیموکراسی بۆ دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەم بەتایبەتی، دابنێین. رەنگە لەبەر بارودۆخ و رەوشە تایبەتییەکانیان ئەمەیان بۆ گەنجاوتربێت نەك تەرزی کلاسیکییانەی دیموکراسی خۆراوا کە لەسەر فەرمانڕەوایی زۆرینە و کەمینەی ئۆپۆزیسیۆن بەڕێوە دەچێت.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

| ز ناوی کتێب | نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|
| ١.خوان | ئەفلاتون | ١٩٩٩ |
| ٢. هەڵسەنگاندنی شێوازی دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | ٢٠٠٠ |
| ٣. ئاییندەی وەهم | فرۆید | ٢٠٠٠ |
| ٤. جیهانی میشیل فۆکۆ | فرانسوا دۆس و .. | ٢٠٠١ |
| ٥. دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنی | فالح عەبدولجەبار | ٢٠٠١ |
| ٦. ئایین و کەسێتی | دانیاڵ ڵ. پاڵس | ٢٠٠٢ |
| ٧. پۆزش | ئەفلاتون | ٢٠٠٢ |
| ٨. روناکبیر و دەسەلات | محەمەد ئەلشێخ | ٢٠٠٢ |
| ٩. پێکەنین و بیرچوونەوە | میلان کۆندێرا | ٢٠٠٣ |
| ١٠.فەلسەفەی خۆراوایی | ئینکارتا | ٢٠٠٣ |
| ١١.لێکدانەوەی خەونەکان | فرۆید | ٢٠٠٣ |
| ١٢.لەگەڵ ئەقڵی خۆراوایی | | |
| (لەگەڵ ئازاد بەرزنجی) | کۆمەڵێك دیمانە | ٢٠٠٤ |
| ١٣. ئیرهاب.. دیموکراسی.. (چەند وەرگێڕێك) | چۆمسکی | ٢٠٠٤ |
| ١٤. دەرونشیکاری‌و ئەوسیستمانەی | | |
| لێی جیابوونەتەوە | جەی ئێف دۆنسێل | ٢٠٠٥ |
| ١٥. تیرۆریزم | بروس هۆفمان | ٢٠٠٥ |
| ١٦. شارستانێتی‌و نیگەرانییەکانی | فرۆید | ٢٠٠٥ |
| ١٧. مافەکانی مرۆڤ لە ئیدارەی بەندیخانەکاندا | ئاندرۆ کۆیڵ | ٢٠٠٥ |
| ١٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی | | |
| (لەگەڵ پێشرەو حسێن) | ژان ژاك رۆسۆ | ٢٠٠٥ |
| ١٩. مرۆڤ و هێماکانی | کارل گۆستاڤ یۆنگ | ٢٠٠٥ |
| ٢٠. سیماکانی خورافە | | |
| لە بیری سیاسی عەرەبیدا | فالح عەبدولجەبار | ٢٠٠٥ |
| ٢١. زانستی سیاسی | چەند نوسەرێك | ٢٠٠٦ |
| ٢٢. حەوت تیوری دەربارەی ئایین | دانیال ڵ. پاڵس | ٢٠٠٧ |



## پرۆژەی تێکستە فەلسەفییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١. فایدۆن | ئەفلاتون | ٢٠٠٣ |
| ٢. گۆرگیاس | ئەفلاتون | ٢٠٠٤ |
| ٣. یوتیفرۆن، داکۆکی، کریتۆن | ئەفلاتون | ٢٠٠٤ |
| ٤. پرۆتاگۆراس و ئایۆن | ئەفلاتون | ٢٠٠٤ |
| ٥. ئەفلاتون | سێ نوسەر | ٢٠٠٥ |
| ٦. کراتیلۆس | ئەفلاتون | ٢٠٠٧ |